سەرگوزەشتەی ژیانی پێشەنگی ڕۆژهەڵات:

جەمال الدینی ئەفغانی

١٨٣٨ز/١٢٥٤ک -١٨٩٧ز/١٣١٤ک)

ئامادەکردن وکۆکردنەوەی:

محمد عەزیز لۆتەری .

_____

سەرگوزەشتەی ژیانی پێشەنگی ڕۆژهەڵات:

جەمال الدینی ئەفغانی (١٨٣٨ز/١٢٥٤ک -١٨٩٧ز/١٣١٤ک)

لەشازده دیداردا:-

: محمد عەزیز لۆتەری .

---

١-دیداری یەکەم:

کورتەیەک لەمێژووی ئەفغانستان.

بیست وچوار ساڵی سەرەتای ژیانی.

خوێندکارێکی خولیا بۆزانست لە خۆراسان وهیندستان وعیراق وحجازدا لەنێوان ساڵانی (١٨٣٩ز/١٢٥٤ک تاکو-١٨٦٢ز):

٢-دیداری دووەم:

شەش ساڵ سەرۆک وەزیرانێکی لێهاتوو.

(١٨٦٢ز-١٨٦٨ز)

٣-دیداری سێ یەم:

ڕیفۆرمخواز وچاکسازێکی ڕادیکالی.(١٨٦٩-١٨٧٩ز)

٤-دیداری چوارەم:

بیرمەندوفەیلەسوف ودانیشمەندێکی توێژەر

(١٨٧٩-١٨٨٢ز)

٥-دیداری پێنجەم:

بیرمەندوفەیلەسوف ودانیشمەندێکی توێژەر:

پوختەی دەروازەی سێ یەمی شاکاری ئەفغانی-الرد علی الدهریین-

٦-دیداری شەشەم:

ڕۆژنامەنووس وگەشتیارو دانوستانکارێکی بێ وڵات لەساڵانی :١٨٨٢-١٨٨٦ز.

٧-دیداری حەوتەم:

خەتیبی شۆڕشەکان ودانوستان کەرێکی شەختە شکێن.

لەساڵانی١٨٨٦-١٨٩٢زدا:

٨-دیداری هەشتەم:

ئەفغانی داهاتووخوێنەرەوەو پلاندانەرێکی دووربین وچاکسازێکی دینی ڕیشەیی

٩-دیداری نۆیەم:

کۆمەڵناس وهزرمەندێکی سیاسی:

١٠-دیداری دەیەم:

نوێکەرەوەو موجەدیدی ئیسلام لە سەدەی سێزدەهەم

(١٢٥٤ک-١٣٥٤)

وڕابەری بەژەهرشەهید وتیرۆرکراو ١٨٩٢-١٨٩٧ز.

١١-دیداری یازدەهەم:

موجاهیدی مەزنی ئیسلام:

جەمال الدینی ئەفغانی. دەقی گوتارێکی شێخ محمد غەزالی.(١٩١٧-١٩٩٦)

١٢-دیداری دوازدەهەم:

بەراوردێک لە نێوان

بێدارکەرەوەی ڕۆژهەڵات جمال الدینی ئەفغانی (1838- 1897)و

عبدالرحمانی ئیبن خەلدون (732ک، 1332ز/ 808ک، 1406ز)

دامەزرێنەری زانستە مرۆڤایەتیەکان.

دەقی توێژینەوەیەکی شێخ عبدالقادر مەغریبی

(1867- 1956ز)بەدەستکاریەوە.

١٣-دیداری سیانزە هەم:

هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی هاوسەنگ لەنێوان ئیبن خەلدونی پێشەنگی
هەڵسێنەرەوە ی هزروبیری ئیسلام دوای نسکۆی تەتەروخاچپەرستەکان و ئەفغانی
بوژێنەرەوی هزروبیری دوای نسکۆی ئیمپریالزمی نوێ.

١٤-دیداری چواردە هەم:

تیشک خستنە سەرجیهانبینی تێڕوانینی لۆژیکیانەی ئیبن خەلدون لەمقدەمەکەیدا وجیهانبینی تێڕوانینی کۆنکرێت ئاسای هزری ئەفغانی لە شاکاری بەرپەرچدانەوەی دەهریەکاندا.

دیداری پازدەهەم:

کەسایەتی جەمال الدینی ئەفغانی لەئاوێنەی گووتەو ئامۆژگاریە بەپێزەکانیەوە:

١٦--دیداری شازدە وکۆتایی:نرخاندن وهەڵسەنگاندنی ئایندەبینی و پێشبینەکانی ئەفغانی بۆ داهاتووی جیهان ومرۆڤایەتی:

---

ژیانی پێشەنگی ڕۆژهەڵات

جەمال الدینی ئەفغانی (١٨٣٨ز/١٢٥٤ک -١٨٩٧ز/١٣١٤ک) لەشازدە دیداردا:-

کۆکردنەوەوئامادەکردنی :

محمد عەزیز لۆتەری .

---

١-دیداری یەکەم:بیست وچوار ساڵی سەرەتای ژیانی.

خوێندکارێکی خولیا بۆزانست لە خۆراسان وهیندستان وعیراق وحجازدا لەنێوان ساڵانی (١٨٣٩ز/١٢٥٤ک تاکو-١٨٦٢ز):

٢-دیداری دووەم:شەش ساڵ سەرۆک وەزیرانێکی لێهاتوو.(١٨٦٢ز-١٨٦٨ز)

٣-دیداری سێ یەم:ڕیفۆرمخواز وچاکسازێکی ڕادیکالی.(١٨٦٩-١٨٧٩ز)

٤-دیداری چوارەم:

بیرمەندوفەیلەسوف ودانیشمەندێکی توێژەر(١٨٧٩-١٨٨٢ز)

٥-دیداری پێنجەم:

بیرمەندوفەیلەسوف ودانیشمەندێکی توێژەر:

پوختەی دەروازەی سێ یەمی شاکاری ئەفغانی-الرد علی الدهریین-

٦-دیداری شەشەم:

ڕۆژنامەنووس وگەشتیارودانوستانکارێکی بێ وڵات لەساڵانی :١٨٨٢-١٨٨٦ز.

٧-دیداری حەوتەم: خەتیبی شۆڕشەکان ودانوستان کەرێکی شەختە شکێن.

لەساڵانی١٨٨٦-١٨٩٢زدا:

٨-دیداری هەشتەم:ئەفغانی داهاتووخوێنەرەوەو پلاندانەرێکی دووربین وچاکسازێکی دینی ڕیشەیی

٩-دیداری نۆیەم:کۆمەڵناس وهزرمەندێکی سیاسی:

١٠-دیداری دەیەم: نوێکەرەوەو موجەدیدی ئیسلام لە سەدەی سێزدەهەم(١٢٥٤ک-١٣٥٤) وڕابەری بەژەهرشەهید وتیرۆرکراو ١٨٩٢-١٨٩٧ز.

١١-دیداری یازدەهەم:موجاهیدی مەزنی ئیسلام:

جەمال الدینی ئەفغانی. دەقی گوتارێکی شێخ محمد غەزالی.(١٩١٧-١٩٩٦)

١٢-دیداری دوازدەهەم:بەراوردێک لە نێوان

بێدارکەرەوەی ڕۆژهەڵات جمال الدینی ئەفغانی (1838- 1897)و عبدالرحمانی ئیبن خەلدون (732ک، 1332ز/ 808ک، 1406ز)دامەزرێنەری زانستە مرۆڤایەتیەکان.

دەقی توێژینەوەیەکی شێخ عبدالقادر مەغریبی

(1867- 1956ز)بەدەستکاریەوە.

١٣-دیداری سیانزە هەم:هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی هاوسەنگ لەنێوان ئیبن خەلدونی پێشەنگی هەڵسێنەرەوە ی هزروبیری ئیسلام دوای نسکۆی تەتەروخاچپەرستەکان و ئەفغانی بوژێنەرەوی هزروبیری دوای نسکۆی ئیمپریالزمی نوێ.

١٤-دیداری چواردە هەم:

تیشک خستنە سەرجیهانبینی تێڕوانینی لۆژیکیانەی ئیبن خەلدون لەمقدەمەکەیدا وجیهانبینی تێڕوانینی کۆنکرێت ئاسای هزری ئەفغانی لە شاکاری بەرپەرچدانەوەی دەهریەکاندا.

دیداری پازدەهەم:

کەسایەتی جەمال الدینی ئەفغانی لەئاوێنەی گووتەو ئامۆژگاریە بەپێزەکانیەوە:

١٥-دیداری شازدە وکۆتایی:نرخاندن وهەڵسەنگاندنی ئایندەبینی و پێشبینەکانی ئەفغانی بۆ داهاتووی جیهان ومرۆڤایەتی:

---

:دیداری یەکەم:

کورتەیەک لەسەر ناووڕەچەڵەک ومێژووی ئەفغانستان لەکتێبی (تتمة البيان في تاريخ الافغان)لەنوسینی جمال الدینی ئەفغانی:

لەبەشی یەکەمی ئەوکتێبە کەباسی ناوی ئەڤغانستان دەکا دەڵێ:

فارس بە ئەڤغان ناویان دەنێن،هۆکەشی دەگەڕێننەوەبۆئەوەی کە کاتێ «بخت نصر» بە دیلی گرتن هەردەنوزانەوەودەلاڵانەوە شین فغانیان دەکرد بۆیە فارسەکان ئەوناوەیان لێ ناون.

فارس بۆچوونێکی تریشیان هەیە کەدەڵێن باپیری شاول=تالوتی پاشای جولەکەکان ناوی ئەفغان بووە،ئەم ناوەیان لەباپیری تالوتەوەبۆماوەتەوە.

هەرفارسەکان پێشیان دەڵێن ئەوغان.

بەڵام هیندیەکان پێیان دەڵێن بەتان.

بەڵام تیرەکۆنەکانی ئەفغان وەک تیرەی کاملقیمنی لەقەندەهار وقازان ناوی خۆیان دەنێن پشتو یان پشتان.

دانیشتوانی خۆرست وکۆرم وباجور بەخۆیان دەڵێن پغتو،پغتان .

ئەفغانی پێی وایە کەئەم دەستەواژانە هەموو یەکن وهەرگەلەوناوچەی بەشێوەیەک دەری بڕیوە

وەزۆر شارو دێهات لە خوراسان وئەفغانستان بەناوی پشت وبغت هەن ،واویش وەک یای غفارسی وکوردیە لەئەفغانیدا کە بەیەکێک بڵێن لۆتەری دەڵێن لۆتەرو،بۆیە پشتو واوەکەی بەوئامانجە بەکارهاتووە.

ڕۆژهەڵات ناس ومێژووناسان قسەی جیاوازیان لەسەر ڕەچەڵەکی پشتۆنیەکان هەیە، هەندێکیان دەڵێن:

- ئەوقبتیانە بوون کە ئەسکەندەر لەمیسرەوە هێناونی .

-هەندێک دەڵێن منالّی بەنی ئیسرائیلن ودوی کەوتنی بابل هاتوونە ئەوشاخانە و زۆر ووشەی ئاشوری وکلدانی لەناوزمانەکەیان هەیە.

-هەندێک دەڵێن پاشماوەی خەزەریەکانن.

-هەندێک بەنەوەی زوحاکی هەخامەنشینیان دەزانن.

-هەندێکی تر بە ئەرمەنیان لەقەڵەم دەدەن.

ئەوان بەڕەچەڵەک هەرچیەک بن،بەڵام زمانی ئێستایان زمانێکی سامی نیە وزمانێکی ئێرانیە.

بەناوبانگترین تیرەکانی ئەفغانستان لەسەردەمی جمال الدین ئەم تیرانە بوون

«غلجائي سلێمان خێل» و«عبدل» و«كاكر» و«دربري» و«يوسفزائي» و«مهند» و«أفريدي» و«بنكش».....

لەناوگەورەکانی ئەفغان زۆرشانازی بە قەیس ناوێکەوە دەکەن کە پێش ئازادکرانی مەککە هاتۆتە خزمەت پێغەمبەر علیه السلام و پێغەمبەرعلیه السلام دوعای بۆکردوەوبە ئامری بانگی کردوە،ئەم قەیسە لەنەوەی تالوت بووەو ساڵی چل ی کۆچی مردوەوسێ کوڕی هەبووە، هەموو سەرکردەکانی ئەفغان شانازی بەوەوەدەکەن کەنەوەی ئەم قەیسەن وبوونی ناوی خەیبەریش ئەوەدەردەخاکەئەم گەلە زۆرشانازی بەجولەکەبوونی خۆیانەوەبکەن.....

کورتەیەک لە مێژووی ئەفغانستان:

ئەم وڵاتە کەوتۆتە ناوەڕاستی ئاسیاو وڕوانی بەیەک گەیشتنی ژیارەکانی هیند وئێران وقەفقاس وچین ومەنگۆلیا و ئەنادۆڵ وڕوسیایە بۆیە بەدڵی ئاسیا ناسراوە.

هەروەهاجێگایەکی شاخاوی وبەداروبار وپڕ ئەشکەوت وپەناگەیە بۆ حەوانەوەی مرۆڤ وئاژەڵەکان.

هەرچەندە شوێناوارناسان دەڵێن ئەم ژینگەیە لە پەنجاهەزارساڵەوە ئاوەدان وبەجولە بووەو لە ٣٠سی هەزار پ ز مرۆڤی لێ نیشتەجێ بووە، بەڵام کەباسی ژیاروشارستانی دەکەن دەڵێن کە کۆمەڵێک ئاری لە دۆڵی سند هاتوون لە٣سێ هەزار پ ز ولەنزیک قەندەهار نیشتە جێ بوون.

دەسەڵاتی یەکەم:

کەواتە ئەم ناوچە درێژەی دەوڵەتی سند بووە کە بەشێک لەپاکستان و ئەفغانستانی لەخۆگرتووە لە نێوان ساڵانی (3300-1300 پ ز.

شاری بەلخ =باکتریا لەنێوان ساڵانی 2200 و 1700 پ ز بازاڕێکی چالاک بووە.

لەنێوان ساڵانی ( 1500 - 535 پ ز)

دەوڵەتی دووەم:

شانشینی قەندەهار دروست بووە کەدۆڵی سوات وقەندەهاروپیشاوەر تاکوبامیان و کابولی گرتۆتەوەولەکاتی هاتنی سوپای گریکەکان ئەم شانشینە ناوی هاتووەو

سەرکردەکانیان هاوپەیمەیمانیان لەگەڵ سوپای یۆنانی کردوە وەدگوترێ کەئەم شانشینە مەجوسی بوون.

دەوڵەتی سێیەم:

شانشینی ڕاجوری بوزی لەنێوان ساڵانی 1200 - 300 پ ز دابووەو ئەم شانشینە دژایەتی هێرشەکەی ئەسکەندەریان کردوە.

دەوڵەتی چوارەم :میدیەکان:

مێژووناسان زۆردڵنیانین لە ئەوماوەی کە میدیەکان بەشێک لە خاکی ئەفغانستانیان لەژێردەست بووبێ.

پاکتیان کەناوی پشتۆ لەم ویلایەتەوە هاتووە تاباکتریا =بەلخ لەساڵی

دەوڵەتی پێنجەم :ئەخمینیە یەکەمینەکان:

500 پ ز مەڵبەندی ئەخمینیەکان بوون .

لەسەردەمی داریۆس هوە ئەفغانستان چەند ئوستان =ساتراپ ێکی ئەخمینیەکان بوو.

لەسەردەمی ئەخمینیەکاندا بە ئوستانەکانی ئێستای ئێران دەگوترا پرثیا وبە ئوستانەکانی ئێستای ئەفغان دەگوترا ئاراخوس یان ئاراشوت وپاکتیا ،پێدەچێ ناوی پشتۆ لەوناوانەوە هاتبێ.

دەوڵەتی شەشەم :ئیمپراتۆری ئەسکەندەری گریکی و دەوڵەتی سلوقی گریکی لەساڵی

330 پ ز چەندین شار بەناوی ئەسکەندەر لەئەفغانستان دروست کراون لەوانە:

-ئەسکەندەریەی ئاریۆس=هیرات.

-ئەسکەندەریەی قۆقاس=بورج عبدالله نزیک باگرام.

-ئەسکەندەریەی قەندەهار لە ترنەک

-ئەسکەندەریەی ئیسکاتی= کۆجند

۷-بەدرێژایی ئەوماوە چەند ویلایەتێکی ئەفغانستان وەک غەزنەو سەمنگان بەدەستی بوزیەکانەوە مانەوەو ئیمپراتۆری ئەشوکالەودیوڕوبارەوە فەرمانڕەوایی دەکردن.

"

بەدرێژایی سەدەکانی(. 250 پ ز تاکو. - 565 زاینی)ئەفغانستان لەنێوان - بەلخ=باکیریای سەربەیۆنان و ئیمپراتوریەکانی بوزیەکانی چین دابەش بووبوو.

۸-ساسانیەنیەکان 224 زاینی تاکو370 زاینی.

کە ئێران وزۆرێک لەپاکستان وئەفغانستان لەدەستی ساسانیەکاندابوو.

۹-چەند خێڵێکی باکوری بەناوەکانی کیداریەکان وهەفتالیەکان وهۆنەکان ونیزاکەکان لەساڵی 370 زاینی دەستیان بەسەر بەڵخ دا گرت وحوکمی ئەفغانستانیان کرد،ئەمانە بووزی بوون.

ئەفغانستان لەچاخەکانی ناوەڕاستدا (565زاینی تاکو - 1504 زاینی)

ئیسلام هات وناوی ئاریاناى گۆڕی بۆ خۆراسان واتە ڕۆژهەڵات، لەم ڕۆژهەڵاتەوە چەندین پیاوی مەزن ولێهاتوو وەک

ئیبن سینا وخوارزمي وعمر خیام و فارابي وجلال الدینی بەلخي و ئەبو حنیفەی نوعمان و شقیقی بلخي وئیمامی بوخاري و ترمذي و موسلم وسلطان محمودی غزنوي وغیاث الدینی غوري هەڵکەوتن، باوکی ئەبوحەنیفە خەڵکی کابول بوو.

۱۰-دەوڵەتی دەیەم :ئازادی ئیسلامی لەساڵی 642 زاینی گەیشتە ئەو وڵاتە،سەرەتا ئیسلام گەیشتە شاری هەرات،

سەرەتا بنەماڵەی سەفاریەکان لەو ناوچە ئیسلامیان بڵاودەکرداوە، دامەزرێنەری ئەم بنەماڵە یەعقوبی کوڕی لەیسی فارسی بوو،لە ساڵی 870زاینی زارانجی کردە پایتەخت.

۱۱-لەدوای سەفاریەکان غەزنەویەکان هاتن کەبە سەبەکتەکین ناسراون وزۆرلەشارەکانی ئەفغانستان وهندستانیان ئازاد کرد,دامەزرێنەری ئەم بنەماڵە محمودی غەزنەوی لەساڵی997زاینی تاکو -1030زاینی فەرمانڕەوابوو.

۱۲-پاش غەزنەویەکان غۆریەکان لە1148زاینی هاتن وبوونە فەرمانڕەوای خۆراسان.

١٣-تەتەرەکان لەساڵی 1219 بەسەرۆکایەتی جەنگیز خان دەستیان بەسەرئەوناوچەداگرت.

١٤-تەیموریەکان بەسەرۆکایەتی تەیمورلەنگ ئێلخانی مەغۆلی ئەفغانیان حوکم دەکرد لە ساڵی

1381زاینی تاکو1500زاینی حوکمی ئەوناوچە بەدەستی تەیموریەکان بوو.

١٥- لەساڵی1500زاینی تاکو 1704زاینی سەفەویە ئێرانیەکان فەرمانڕەوای زۆرینەی ئەفغانستان بوون.

١٦-لە ساڵی 1709زاینی تاکو1738زاینی هۆتکە پشتۆنیەکان میرنشێنێکی بەهێزیان دامەزراند و ئیمپراتۆری سەفەویان بەهاوپەیمانی لەگەڵ میرنشینی بابانی کوردی ڕوخاند.

١٧-ئەفشاریەکان بە سەرۆکایەتی نادرشا لە ساڵی

1738تاکو ساڵی1747زاینی دەستیان بەسەر ئەفغانستان وخۆراساندا‌گرت.

١٨-خێڵی ئەبدالی دەڕانی پشتۆنی ئەحمەدخانیان کردە پاشاولە ساڵی 1747زاینی تاکو1837زاینی ئەفغانستان وپاکستان وبەشێک لەهیند لەژێردەستیان بوو.

١٩-بنەماڵەی بەرکزای 1826تاکو-1978زاینی.

ئەمیر دوست محمد خان (1793-1863) بنەماڵەی بەرکزای دامەزراند ،محمد دۆست لەسەرەتای دەسەڵات تاکۆتایی لەگەڵ بەریتانیەکان ناکۆک بوو ،وەلەسەردەمی ئەوو کوڕەکەی دا سەید جمال الدین وباوکی پۆستیان لەئەفغانستان پێدرا، بەڵام دوای هاتنی شێرعلی کوڕی دۆست محمد خان لە ئەفغانستان( 1863 تاکو 1879زاینی ئینگلیز دەسەڵاتیان هەبوو

پاشان میر عبدالرحمن ی برازای شێرعلی سنوری بۆ دەسەڵاتی بەریتانیەکان دانا کەلە1879-1900فەرمانڕەوابوو،پاش ئەو حبیب الله 1900-1919 لە وماوەدا سێ جەنگ لەنێوان بەریتانیاوئەفغانستان ڕوویان دا.

جەنگی یەکەم لە(1839-1842)سەردەمی باوکی جمال الدین والی ئوستانێک بوو.

جەنگی دووەم (1878-1880)کۆتایی دەسەڵاتی شێرعلی وسەرەتای حوکمی عبدالرحمانی برازای.

جەنگی سێیەم لەمایس تاکوئابی 1919)کە حبیب الله پاشای ئەفغانستان تیرۆرکرا.

پاشان ئەمان الله خان کوڕی حبیب الله لە1919-1929پاشای ئەفغانستان بوو.

نادر خانی ئامۆزای ئەمان الله خان لەساڵی1929-1933پاشای ئەفغانستان بوو،پاشان کوڕەکەی محمد زاهیر شا1933-1973پاشای ئەفغانستان بوو، دواتر محمد داودی زاوای زاهیرشا کە وەزیری بەرگری بوو کودەتای بەسەر خەزوریداکردو تا1979 سەرکۆ کۆماری ئەفغانستان بوو .

٢٠-سەردەمی داگیرکرانی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەت وحوکمی شیوعی لە1979-1992 کە حافز ئەمین و بابراک کارمل ونجیب الله سەرۆک بوون

٢١-حکومەتی شوڕای موجاهیدین ودواتریش سەردەمی یەکەمی تالیبان ١٩٩٢-٢٠٠١زاینی کە موجەدیدی وڕەبانی و ملا عومەر ی تالیبان سەرۆک بوون.

٢٢-سەردەمی فەرمانڕوایی ئیساف وهێزە نێودوڵەتیەکان٢٠٠١-٢٠٢١لەحامید کەرازای تائەشرەف غەنی.

٢٣-گەڕانەوەی دەسەڵاتی تالیبان بۆ ئەفغانستان لە٢٠٢١تاکوئێستاش بەردەوامە.

بیست وچوار ساڵی سەرەتای ژیانی:

خوێندکارێکی خولیا بۆزانست لە خۆراسان وهیندستان وعیراق وحجازدا لەنێوان ساڵانی (١٨٣٩ز/١٢٥٤ک تاکو-١٨٦٢ز):

ناوی محمدجمال الدین کوڕی سەفدڕکوڕی علی کوڕی میر رازی الدین محمدکوڕی میرزین الدینی قازی کوڕی میرزەهیر الدین تائەم شەجەرەیە دەگەیەننە حوسێنی کوڕی فاتیمەوعلی رضي الله عنهم ودەشڵێن سید علی ترمزی ناوێک کە فەرمودەناسە لەم شەجەرەدایە، جاکە مەبەستیان ئیمامی ترمزی بێ ئەوەناوی علی نیەو عیسی یە، وەنەشگوتراوە کەئەو بەڕەچەڵەک عەرەب بێ-

جمال الدین لەدێ ی ئەسعد ئاوا کەسەربەهەرێمی کەنەری ئەفغانستانەوئەوهەرێمەش سەربەکابولە سێ ڕۆژەڕێ ی لێ دوورە،لەساڵی 1254ک/1838ز،لە دایک بووە،لەساڵی ١٨٤٦دا لەتەمەنی هەشت ساڵی دا ماڵیان هاتۆتە کابول وباوکی مامۆستابووەو یەکێک بووە لە دەست ڕۆیشتوو ودەسەڵات دارو ئەمیرەکان.

دۆست محمدخان کەدووجار فەرمانڕەوایی ئەفغانستانی بەدەستەوەگرتووە، سەردەمی یەکەم لە نێوان ساڵانی: 1826-1839ز ولە سەردەمی دووەم لەنێوان ساڵانی : 1845-1863ز

دۆست محمد لەسەرەتای دەسەڵاتگرتنەوەی دووەم دا لەساڵی ١٨٤٥ز باوکی ئەفغانی کردە والی ئوستانی کەنەر ،ئەو پێش ئەوەی ببێتەوالی ڕیش سپی شارەدێی ئەسعەد ئاباد بوو کە سەربە ویلایەتی کەنەرە.

دۆست محمد خان ئەم دەسەڵاتەی لەباوکی ئەفغانی ستاندەوەوکردیە مامۆستالەکابول دا تا لەژێر چاودێری خۆی دابێ ،بەڵام دواتر لەبڕیارەکەی پەشیمان بۆوە..

لەساڵی 1264ک/1848ز باوکی خۆی چوە خوێندنگای قەزوین وجەمال الدینیش لەوێ دەستی بەخوێندن کرد،پاش دوو ساڵ چوە تاران لەساڵی 1266ک/1849ز دابوە خوێندکاری أقاسید صادق ,پاشان لەگەڵ باوکی سەردانی نەجەفی کرد ولەوێ چوارساڵ مایەوە ولەوێ زانستە ئیسلامیەکانی خوێند.

لەتەمەنی هەژدەساڵی دا چوەهندستان وساڵ ونیوێک لەوێ مایەوە،زانستە بیرکاریەکانی لەوێ خوێند، دوای ئەوە لەهندەوە چوە حجازو لە ساڵی 1273ک/ 1857ز وفەرزی حەجی بەجێ هێنا.

ئەم پیاوە پەیڕەوی مەزهەبی حەنەفی و حەزی لە سۆفیگەری یە ولەمەزهەب لاسایی کەرەوەموقەلید نیە، پابەندە بە بنچینەکانی مەزهەبی سونەت بووە.

ئەمە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی ئەفغانیە لای محمد عبدە.

بەڵام هەندێک کەسی تر دەڵێن کە ئەم پیاوە لە ڕاستیدا نەئەفغانیە ونە حەنەفیە ونە پەیڕەوی سوننەیە، بەڵکو لەگەڕەکی سەییدان لە شارۆچکەی ئەسەدئاوای سەربەشاری هەمەدان کە ناوچەیەکە لە نێوان کرمانشاو هەمەدان لە دایک بووەوئەم پیاوە بەڕەچەڵەک لوڕیەولوڕیش تیرەیەکی کوردن وشیعە مەزهەبن، دەرەوەی ئەم پیاوە ئیسلامێکی نامەزهەبی یە ،بۆیە ئەو فکرەی سونی وبنچینەی شیعی کۆ کردۆتەوەو داوای نزیک خستنەوەی مەزهەبەکانی کردوە، کاربەدەستانی ناوچەکەش ویستویانە سوود لەو بیرۆکەی نزیک بوونەوەی مەزهەبی شیعەوسونە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکاری ڕۆژئاوا ببینن.

بەڵام ئەم بۆچوونە قسەی ناحەزو دەمارگیرودوژمنانیەتی وزۆر دوورە لەڕاستیەوە،سەید محمد جمال الدین بە بنەچە لەنەوەی ئیمامی حوسەینە و وەک بنەماڵەکانی شەریفەکان زۆڵم وستەمی دەسەڵات دارانی ئەمەوی وعەباسی وعوسمانی لە وەچەکانی فاتیمە وای کردوە کە بنەماڵەی ئەویش وەک بنەماڵەکانی

تر بۆدەیان سەدە لە حجاز دوورکەونەوەو پەنا بۆ وڵاتی غەریبی ببەن تاکو بمێننەوە، داوای نزیک خستنەوەی شیعەوسونەش پێویستیەکی مێژوویی ،لەفەرموودەدا حەسەنی کوڕی علی بۆیە بەسەید دانراوە چونکە شیعەوسوننە لێکتر نزیک دەکاتەوە ،ئەم کارە کاری هەموو دڵسۆزێکی پەیامی ئیسلامە تائەم پەیامە لەسەرزەوی مابێ، هیچ کات دووبەرەکی شیعەوسوننە خزمەتی بەدین وڕەوشت و کۆمەڵگا نەکردوە هەربۆیەش سەید جمال الدین لەم بارەوە دەڵێ:( من ئەوەناخوازم کە هەموو ئوممەتی ئیسلامی لەچوارچێوەی یەک دەوڵەت دابن وبەک کەس حوکمڕانیان بێ، بەڵام ئومێدی ئەوەم هەیە کە وایان لێ بکەم سوڵتانی هەموویان قورئان بێ، ئاڕاستەی یەکێتیەکەیان یەک بوونی دینەکەیان بێ، ،ئێستاکاتی پێک هاتنە،ئەوەتاڕۆژگار دڵخۆشیتان دەداتەوە بەوەی هەڵی پێک هاتنتان دێنێتە پێش ،ئەو هەڵانە غەنیمەت ودەستکەوتی گەورەن بۆ ئێوە ،دەئێوەش لەدەستی خۆتانی مەدەن ، گریان وشین و واوەیلا ،مردوان زیندوو ناکاتەوە، خەفەت وئەسەف وخەمباری وپرسەوحەسرەت هەڵەکانی مێژوو ڕاست ناکاتەوە، خەم وخەفەت وماتەم باری مەینەت وپشێویەکان لانابا،، کارکردن کلیلی سەرکەوتنە،ڕاستگۆیی ودڵسۆزی پەیژەی سەرفرازیە،بەڵکو ئەمیروپاشاو کاربەدەستانی مسوڵمانان لەم ڕۆدا پەند لە چارەنوسی خراپی ڕابردوان بەهۆی دووبەرەکیان وەرگرن، پێش ئەوەی ئەم دووبەرەکیە سەری ئەمانیش بخوا وەک چۆن سەری خەڵکانی پێش ئەوانی خوارد)..

دیداری دووەم:شەش ساڵ سەرۆک وەزیرانێکی لێهاتوو.(١٨٦٢ز-١٨٦٨ز)

پاش ئەوەی ئەفغانی لە حەج گەڕایەوە وڵاتەکەی ،چوەناو یەکەم ئەزموونی کرداری وگشتگیری گەورە لە ژیانی دا، دالەو کاتە تەمەنی٢٤ ساڵ بوو

یەکەم تاقیکردنەوەی سیاسی وحوکمڕانی پێشوازی لێ کرد،ئەمەش کاتێ محمد عەزیم خان بوە پاشای ئەفغانستان لەساڵی 1862 و ئەفغانی کردە سەرۆک وەزیرەکانی شانشینەکەی، بەڵام بە هۆی دەست تێوەردانەکانی بەریتانیا جەنگی ناوخۆ هەڵگیرساو شێر عەلی برای محمد عەزم بە هاوکاری ئینگلیز کابولی گرت لەساڵی 1868 و محمد عەزیم خان دوورخرایەوە بۆ ئێران وئەفغانی سەرۆک وەزیرانیش دوورخرایەوە بۆ هندستان و لە هیندستانیش ئینگلیزەکان ماڵەکەیان بە پاسەوانی توند گەمارۆدا، 1285ک/1868زدا، دەسەڵات داران وحکومەتی خۆجێ یی هندستان زۆربەگەرمی پێشوازی لێ کرد،بەڵام نەی هێشت زۆربمێنێتەوە ،چونکە لەوەدەترسان پەتاکەی ئەفغانستان لە هندستانیش دووبارە ببێتەوە، دەسەڵات دارانی هندستان ئاگاداری ڕوداوەکانی ئەفغانستان بوون وڕۆڵی جەمال الدینیان لەو ڕوداوانە دەزانی بۆیە چەندین سیخوڕو پاسەوانیان لە دەوری ئەو خانوەدانابوو

کەبۆمانەوەی ئەفغانیان تەرخان کردبوو و پاسەوانەکان هەر کەسێک سەردانی ئەفغانی بکردایە لێپێچینەوەو پشکنینی وردیان بۆدەکرد،

بەڵام خەڵکانێکی زۆر لەجەماوەر سەردانی ئەفغانیان کرد،هەربۆیەش دەسەڵات داران هەستیان بەمەترسی کردوداوایان لێ کرد کە ئەفغانی بەزووترین کات وڵات بەجێ بێڵێ، سەیدیش وڵامی دانەوە کە:

(من بۆ ئەوە نەهاتووم تا لەهندستان دەسەڵات داران بترسێنم،نەئەوهێزەشم هەیەکەئەم کارەبکەم وشۆڕش هەڵگیرسێنم ،خۆمن هیچ ڕەخنەم لەکارەکانی حکومەت نەگرتووە، ئایا حکومەت لە گەشتیارێک دەترسێ کەبە وڵاتەکەی دا تێپەڕبێ؟ حکومەت لەو سەردانکەرانە دەترسێ کە سەردانم دەکەن ،خۆئەوانیش لەمن دەستەوستان ترن،بەڵام ئەم ترسە دەیسەلمێنێ کەحکومەتیش زۆر دەستەوستان وبچوک وبێ هەژموونە.

دەبینن کە دادگەری وئاسایشی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا حوکم ناکەن وهیچ ڕۆڵیان نیە،بەڕاستی لەم وڵاتە حکومەت لە گەل وملەت بێ دەسەڵات ترو دەستەوستان تڕە.)

هەروەها ئەم گوتارەی بۆ جەماوەردا:

(ئەی خەڵکینە سوێند دەخۆم بە حەق وعەدالەت کە ژمارەی پیاوانی حکومەت ناگاتە دەهەزارکەس ،بەڵام ئێوە سەدان ملیۆنانن،ئەگەر هەریەکێک لە ئێوە هێندەی مێشولەو پێشکەیەک کاریگەربێ،بە ویزە ویزتان گوێکانی دەسەڵات دارانتان کاس دەکرد،ئەگەرئێوەی سەدان ملیۆنی هندی ،مەسخ بونایە سەرشێوەی کیسەڵ وگەمارۆی دوورگەی بەریتانیای مەزنتان بدایە ،هەموتان دادەماڵی بۆ ژێردەریاوبە ئازادی وسەربەستی دەگەڕانەوە هندستان)

پاش ئەم ڕووداوانە ئەفغانی تەنیامانگێک لە هندستان مایەوە سواری کەشتیەک کراو لەهندستانەوە دوورخرایەوە بۆ میسرولەساڵی

1869گەیشتە قاهیرەو چل ڕۆژیش لە میسر مایەوە.

بۆمان هەیە بپرسین کە محمد جمال الدین ئەفغانی ومحمدعەزیم لەم شەش ساڵەدا چ هەنگاوێکیان ناوەو چ چاکسازیەکیان کردوە ،وا دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانیاودەوڵەتە خۆ جێ یەکانی هندستان ومیسریش لێ ی ئاگاداربوون، هەرچەند وڵامی ئەم پرسیارەم لە مێژوو دەست نەکەوت، بەڵام لە کەسایەتی وبیروبۆچوونەکانی ئەفغانی بەدرێژایی بیست وپێنج ساڵی گەشتیاری وئاوارەیی ئەفغانی لەنێوان هندستان و ئێران وئەستەمبوول وشام وحجازومیسروعیراق وڕوسیاوپاریس ولەندەن ئەم ترسەی داگیرکەران ودەوڵەتە کۆنەپەرستەکان باش

تێ دەگەین کەبەڕاستی ئەم پیاوە دینەمۆی جوڵێنەرو وروژێنەری هەموو ڕوداوەکانی ناوچەکە بووە.

، ئەم ڕوداوانەی کەلە ئەفغانستان ڕویان داو ئەو گوتارەبوێروئاگرینانەی هندستان وایانکرد کەجەماوەری تینوو بۆ کاریزمایەکی بوێرو ئازا لەهەموو پانتایی دەوڵەتی عوسمانی دا هۆگری کەسایەتی جمال الدین ئەفغانی بن، ئەمەش وای کرد کە سوڵتان عبدالعزیزی عوسمانی بانگی بکاتە ئەستەمبوڵ وپۆستی باڵای پێ ببەخشێ،

کەلەسەرداوای سوڵتان لەساڵی 1870 دێتە ئەستەمبوڵ وسەدری ئەعزەم عالی پاشا دەیکاتە ئەندامی ئەنجومەنی مەعارف وخوێندنی باڵا، بەڵام شێخ الاسلام حسن فەهمی دیارە لەبەر هەرهۆیەک بێ بڕیاری ئەوەدا کە نەهێڵێ لە ئەستەمبوڵ بمێنێتەوە، بۆیە تۆمەتی ئیلحادی دەداتە پاڵ وبە پێش نوێژانی مزگەوت وگوتاربێژەکان دا بڵاوی دەکاتەوە کەباسی ئەوەبکەن کە لەگوتارەکانیان کە سەید مولحیدەو پێ ی وایە پێغەمبەرایەتی هونەرە، چونکە سەیدجمال الدین لە یەکێ لە گوتارەکانی دا گوتبووی:

(پەیکەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاش بونەوەرێکی زیندەوەو ئەویش بێ ڕوح نیە، بۆیە ڕوحی ئەم پەیکەرە یان مەلەکەیەکی پێغەمبەرایەتیە، یان مەلەکەیەکی فەلسەفیە، ،بەڵام مەلەکەی پێغەمبەرایەتی پاداشتێکە لە الله وە، بەڵام هی دووەمیان کە مەلەکەی فەلسەفیە بەبیرکردنەوەو توێژینەوە دەست دەکەوێ، ) ئەم گووتە بووە مانشێتی ڕۆژنامەوگووتەی دانیشتنەکانی حوجرەکان وهەندێ پشتگیرو هەندێ دژی بوون،هەڵبەت ئەم گوتەی سەید هیچ بەریەک کەوتنێکی لەگەڵ هیچ دەقێک تێدانیە ،میللەتان وئوممەتان وەک کەسەکان ڕوحیان هەیە، ئەوانەی دینی ئاسمانیان هەیە وەک جولەکەو مەسیحی سابیئی ومەجوسی وئیسلام دینەکانیان وشەریعەتەکانیان ڕوحیانن ،ئەوکۆمەڵگایانەی کەبە فەلسەفەو ڕۆشنبیریەکان بەڕێوەچوون وەک یۆنان ورۆمان وچین وهند، ئەو ڕۆشنبیریانە ڕوحی ئەو کۆمەڵگایانانەن، خۆ ئیبن خلدون وئیبن مسکویە و ئیبن حوقل وزۆر بیرمەندی تر زۆریان لەمە زیاتر گووتوە، وەک ئیبن خلدون لە پێناسەی خەون کە بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی، ئەم بەشەش لای هەموو بڕواداران هەیە بەبێ جیاوازی

ئەم بۆچوونەی ئیبن خەلدوون ،ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە هەموو ئەوانەی دەتوانن بەڕێگەی تەزکیەو ڕیازەی دەروونی وڕام کردن وسەرکەوتن بەسەر لەمپەری هەستەکان دا بەدەست بێنن وخەونەکانیان لە هەستەکان دابڕنن وبیانکەنە هەواڵێکی ڕوحی ، وەک ئەوەیە بتوانن بگەنە بەشێک لە وەحی وپایەی پەیام بەری وساتە لەمحەو چاوتروکانە کانی پەی بردنی ڕوحیان بۆ جیهانی پەنهان وشاراوە

بکەنە دیاردەیەکی ڕۆژانەو هەموو ڕۆژێ چەندین جار وەحیان بۆبێ و حجابیان لەسەر چاو لاچێ ،بەمەش دەتوانن بگەنە پلەی پێغەمبەران ،ئەم بابەتە لای هەندێک لە قوتبەکانی ئەهلی تەزکیە وعرفان وهەندێک لە فەیلەسوف و عەقڵانیەکانیش باس کراوە،،

بەڵام ئەم بابەتە نەک کەم وکوڕی نیە بۆ پێغەمبەران، بەڵکو واقعی مێژووی دوورودرێژی مرۆڤایەتی شایەتی ئەوەیان بۆدەدا ،کە ئەگەر مەقامی پێغەمبەرێتی موکتەسەب بێ، ئەوەهەزاران ساڵە ئەو پەیام بەرانە سەلماندویانە کە ئەو جوهدو کۆشش و پەرستش و خۆپاک کردنەوەی ئەوان کردوایە ،تائێستا هیچ عارف و سۆفی و قوتبێک بە وهەموو هەوڵ کۆششەیان بەڵام تائێستا کەس پێ یان نەگەیشتووە،بۆیەش کەس شایانی ئەو مقام وپایەی ئەوان نەبوەو نەگەیشتۆتێ..

سەبارەت بەوەی پێغەمبەرێتی هونەرە، ئەو تۆمەتە هەمان تۆمەتە کە لیژنەی فەتوای سعودیە وکەسانی وەک عبدالله دەوێش لە کتێبی گومڕایی لە ژێر سایە دا کە مەبەستیان تەفسیرەکەی سیدقوتب بوو ،ئەوانیش سەید قوتبیان بەهەمان تۆمەت کافر کردبوو کە پێ ی وایە ئایەتەکانی قورئان نەغمەو ئاوازو مۆسیقاو سمفۆنیاو هونەری تێدایە .

هەروالەوماوەی کە ئەفغانی لە ئەستەمبوڵ بوو کێشەی زەیدەکانی یەمەن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی گەیشتبوە ترۆپکەو سیاسەتمەدارو وزیرەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەراسان کردبوو، ئەفغانی داوای لەسەرۆک وەزیران کرد کە چارەسەری ئەم کارە بە ئەو بسپێرن ،بەڵام وەزیرەکان کەخۆیان لەو کێشە سەرکەوتوو نەبوون ترسان لەوەی کە ئەفغانی لەچارەی ئەوکێشە سەرکەوتوو بێ هەژموونی زیاتردەبێ بۆیە ڕەتیان کردەوە کەڕای سپێرن بۆ چارەسەری ئەوقەیرانە.

ئەفغانی گوتارەکانی لە مزگەوتی گەورەی فاتح پێشکەش دەکرد، لە ئەستەمبوڵ دا کارەکە گەیشتە قۆناغێکی مەترسی دار،بۆیە سەدری ئەعزەم ناچاربوو داوا لەسەید جەمال الدین بکا کە سوڵتان حەزدەکا کە ئەفغانی ئەستەمبوڵ بەجێ بێڵێ، بۆیە جمال الدین لەساڵی 1286ک/لە ٢٣-ی مارسی ساڵی 1871ز ڕووی لە میسرکرد، هەرلەم ماوەشدا کە ڕیازپاشای سەرۆک وەزیرانی میسری دیبوو وریاز داوای لێ کردبوو کەبێتە میسر ولەوێ بمێنێتەوەونەگەڕێتەوە هندستان، حکومەتی میسر خانوێکی لە خان الخلیلی بۆ ئەفغانی تەرخان کردو دە جونەیهی مانگانەی بۆ بڕیەوە و بەم ژیانە کەمەو لەم خانوە دا پرۆژەی چاکسازی و بێدارکردنەوەی ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد.

دیداری سێ یەم:ڕیفۆرمخواز وچاکسازێکی ڕادیکالی.

لەدیداری پێشوو گوتمان ئەفغانی لە ٢٣-ی مارسی ساڵی 1871زبۆجاری دووەم هاتە میسر،لەوکاتە تەمەنی ٣٣ساڵ بوو،هاتە ناو ئەونەتەوەی کە هەرلەمنداڵیەوە لە زمانەکەیان شارەزابوو،لەمیسر ئاڵقەیەکی تری بەپێتی لە ژیانی کورت وپڕ مەینەتی دەست پێ کرد، ئەگەر ٢٤ساڵی یەکەمی خەریکی فێربوون وخوێندن وئەم شارو ئەو وڵات کردن بووبێ بەهۆی کێشەکانی باوکی لەگەڵ دەسەڵات دارانی وڵاتەکەی ،ئەوە قۆناغی ٢٤-٣٣ساڵی قۆناغی سەرۆک وەزیرانی وئاوێتەی بۆچوون بەکردەوەو چاکسازی مەیدانی بوو،بەڵام وادیارە لەوئەزموونە هەستی بەوەکردوە کە قۆناغی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن پێویستی بەکادرو کارمەندو ئەندازیارو سەرکێشی لێوەشاوەوکارامەو ڕۆشنبیروشارەزاهەیە کە ئەوکاتە نەیبوە،لەو مانەوەکەمەی هندستان وئەستەمبوولّی زیاتر کەسایەتیەکانی ناوچین وتوێژەکانی ناسین ،توانی وەک گوتاربێژوو ونوسەرو وانەبێژەرێک خەریکی پڕکردنەوەی ئەو بوارەبێ کەلەسەرۆک وەزیرانیەکەی زانیبووی کە کێشەی ئوممەت نەبوونی کەسانی چاوساغە، بەڵام لەمیسر کە قۆناغێکی بەپێتە لەژیانی ئەفغانی داو لە هەموو قۆناغەکانی تری بەبەرهەم تربوو ئەوەبوو کە زانی تەنیا ڕۆشنبیرکردن وئاڕاستەکردن بەس نیە،بۆیە لە میسر یەکەم پارتی نیشتمان پەروەری دروست کرد، ئەفغانی دەیزانی کە حزب سەرەتابیروبۆچوونە لەبیروهۆشی کاریزمایەکدا، ئەو بیروهۆشە کە بتەوێ بیخەیە چوارچێوەی توێژوپارتێک دەبێ سەکۆو مینبەرو خوێندنگایەکت هەبێ وکۆمەڵێک کەسانی کاراوهەڵسوڕاو شەوو ڕۆژ لەدەورەت بن، وەبۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە لە ئەم دەستە کەمەوە بەجەماوەربکەی دەبێ دوو میکانیزمی ڕاگەیاندن وڕێکخستنت هەبێ .

وتارە بەناوبانگەکەی کە بەگوێ ی میسریەکانی دادا بوە ڕوحی زیندوو کەرەوەی میسرو لەناودڵ ودەروون وهەناوی هەموو میسریەکدا دەنگی دایەوە:

[ "ئێوە ئەی دانیشتوانی میسر ،دیارە کە فرچکتان بەکۆیلایەتیەوە گرتوەو لەکۆشی ستەم دا گۆش کراون وچەندین سەدەتان بەسەرداتێ پەڕیوەوئێوەلەژێری نیری ئەوسەرۆکە ستەم کارانە دان ومەینەتی داگیرکەرانی چاوچنۆک دەچێژن،

ئەم فەرمانڕەوایە بەکرێ گیراوانە جۆرەهاستەم وزۆرتان لێ دەکەن، وەچەندین چەشنی سەرشۆڕی وسوکایەتیتان پێ دەکەن،کەچی ئێوەش هەربێ دەنگ وڕازین،ئەوە بژێوی ژیان وپایەداری ئێوەو سەروەری وئاوی ڕووی ئێوەو عارەقی نێوچەوان وخوێنی دەمارەکانتانە وەک جۆگەلە لەبەری دەڕواو وەک شیر لێتان دەدۆشرێ ووەک ئاژەڵ بە قامچی و گۆچان لێتان دەخوڕن، کەچی ئێوە هەر پشت لە چارەنوسی ڕاپەڕینی خۆتان هەڵدەکەن!!؟؟

ئەگەرلەناودەمارەکانتان دا خوێن هەبێ کە خڕۆکەی زیندوو ی
تێدابێ،لەلەناوماێشکتان داهەست وهۆشێک هەبێ غیرەت وجوامێری بوروژێنێ،
بەم هەموو سەرشۆڕی وژێردەستی یە ڕازی نەدەبوون،ئەوەندە ئارامتان نەدەگرت
کەهەرلەڕۆژانی پاشاوعەزیزەکانی شوانکارە تا دەستی پاشاکانی یۆنان وڕۆمان
وفارس وعەرەب وکوردو مەمالیکەکان وعەلەوییەکان وفەڕەنسیەکان دەستی
دەستیتان پێ بکەن وپێستتان لەلاشە داماڵن، ئێوەش وەک تاوێرە بەردێکی فڕێ
دراولە بیابان نەهەستتان هەیەو نەدەنگ ،سەیری ئەهرامەکانی میسربکەن،سەیری
پەیکەرەکانی مەمفیس وشوێنەوارەکانی تیبەو دیمەنەکانی سیوە وقەڵاکانی دومیات
بکەن، هەموویان چیرۆکی خۆڕاگری و سەروەری وئازایەتی باپیرانتان بۆ
دەگێڕنەوە.دەهەستن لەوبێ ئاگاییەتان،دەبێداربینەوە لەو سەرخۆشیەتان ،دەترس
بخەنە ناودڵ ودەروونی زۆردارو ستەمکارانتان،هەروەک چۆن سینگی
زەویەکانتان شەق دەکەن ،دەسنگی وانیش لەت بکەن،دەهەروەک گەل ومیللەتانی
دیکە بە ئازادی وبەختیاری بژین، یان بە پاداشتی شەهادەتەوەبمرن ]

ئەفغانی کەلەمەوپێش دژی حزبایەتی و پارت دامەزراندن بوو ،بەڵام کە بینی
بزوتنەوە چاکسازیەکەی جومگەکانی بەجۆڵەناکەون تەنیا بە ئامۆژگاری
پاشاوسوڵتان وجەماوەرو کاریزماکان، دەبێ هەموو ڕێبازەکان بۆ بێدارکردنەوەی
جەماوەر بگیردرێنە بەر، کە کاریگەرترین هۆکاریش دامەزراندنی پارتەکانە
کەبەهۆی ئەم پارتانە سنورێک هەم بۆ تاکڕەوی ودکتاتۆری سوڵتان
وفەرمانڕەواکانی مسوڵمان دادەنرێ و هەم دژایەتی ئیستعماری دەرەکیشی پێ
دەکرێ.

ئەفغانی بۆ ئەمە هات یەکەم پارتی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵات بەناوی پارتی نیشتمانی
ئازادی بەنهێنی دامەزراندکە (میسر بۆ میسریەکانە)دروشمەکەی بوو، کە
مەبەستی ئەوەبوو میسریەکان لە پاشکۆیەتی وحوکمی تاکڕەوی وهەژمونی بیانی
ڕزگاربکا،وەچەند ڕۆژنامە وبڵاوکراوەی وەک ڕۆژنامەی ئاوێنەی ڕۆژهەڵاتی
بەناڕاستەوخۆ بەناوی بزاڤی نوێکردنەوەی چاکسازی دەردەکرد.

ئەفغانی کە دەیزانی پارت بێ ڕێکخستن وڕاگەیاندن نابێ،ئەوبودجەشی نەبوو کە
ئەم دووانە لەنوێ دامەزرێنێ ،بۆیە هەرلەو ڕۆژنامەوبڵاوکراوانەی هەبوون ولە
ڕۆڵ و خوێندکارانی ئەزهەر سودی وەرگرت وئەوتەنیا هێڵە گشتیەکانی پێ دەدان
وئاڕاستەی دەکردن،لەم چوار چێوەش دابوو کاتێ دەیبینی مەحفەلی ماسۆنی
ئێرلەندی بەریتانی دروشمی برایەتی وئازادی وسەربەستیان بەرز کردۆتەوە کە
دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بوون وکۆمەڵێکی زۆری ڕۆشنبیرونوسەرانی
لەهەموو نەتەوەو چین ودین ومەزهەب ونەتەوەکان لێ کۆ بۆتەوە ویستی ئەمانیش
بۆ ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی پارتی نیشتمانی بەکاربێنێ،بەڵام کاتێ بینی ئەمانە
بەبەرژەوەندیەکانی ئیستعمارورداگیرکەرانەوە گرێ دراون وئەو دروشمانە دزراون

وساختەن وتەنیا دروشمی بێ ناوەرۆکن، وەگوتیان ئەوان تێکەڵاوی سیاسەت نابن، ئەفغانی کە بە شێوازی گوتارو دایەلۆک زۆربەی ئەندامانی ئەو مەحفەلەی لە خەوی بێ ئاگایی وهەڵخەڵەتان وچاوبەستەکی و هەڵ خەڵەتاندن بێدار کردەوە و ویژدانی ڕاچڵەکاندن وپێ ی گوتن:

[ئەوەی کە وای لێ کردم کە حەزم لەنزیک بونەوەبێ لێتان ناوەکەتان-بنیاتی ئازادی=ماسۆن- کە ناوێکی گەورەومەترسی دارە،وەدروشمەکانتان-ئازادی ویەکسانی وبرایەتی- بەڵام پێشبینیم دەکرد لەمیسر هەموو شتێکی سەرسوڕمێن ببینم ،بەڵام چاوەڕێ ی ئەوەنەبووم کە ببینم ئەوانەی خۆیان ناوناوە ماسۆنی ئەوەندە ترسنۆک بن، جاکە ماسۆنیەت دەست لەکاروباری سیاسەتی جیهان وەرنەدا کە بنیاتی سەربەستی وئازادی لەوێ وە دروست دەکرێ وتەخت وتاراجی ستەم کاران لەوێوە دەڕوخێنرێ ،ئەوە هەرگیز ئەو دەستانەی ئازادی خوازان گورزهەڵناگرێ وئەو بیناو بنیاتەی باسی دەکەن هەرگیز گۆشەیەک لەم جیهانە پڕ ناکاتەوە]

بۆیە کاتێ چوە ناومەحفەلەکە بەتەنیاچوو بەڵام کاتێ مەحفەلی ماسۆنیەتی بەجێ هێشت نیوەی مەحفەلەکە لەگەڵی دەرچوون و ئینشیقاق و پەرت بوونێک لە مەحفەلەکە ڕووی دا، ئەمە خۆی لەخۆی دا هەڵگەڕانەوەو کودەتاو شۆڕشێکی سەرکەوتوو بوو بەسەر ئەو ڕۆتین وبارودۆخە ڕۆتینی ودەق بەستوەی کەهەیە.

ئەفغانی مەحفەلێکی سەربەخۆی دامەزراند بەناوی محفلی ئەستێرەی ڕۆژهەڵات لەساڵی(1395هـ=1878م خۆی سەرۆکی یانەکەبوو،لەناومەحفەلەکەی دا بۆهەر وەزارەتێکی حوکمەت بەشێک وشارەزایەکی دیاری کردبوو،

بەم کەسانە ی کەلە مەحفەلەکە جیای کردنەوە تاکو هەست بەبەتاڵی نەکەن ونەچنەوە ناو مەحفەلە کۆنەکەوە ،وەلەم مەحفەلە سەربەخۆیەدا یاریەکی سیاسی کارامەی دەکرد،کەدەیبینی بەریتانیەکان چاوچنۆکن و چاویان بڕیوەتە وڵاتە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەم لەگەڵ هاوبڕکێ فەڕەنسیەکانیان ڕێک کەوتنی دەکرد، هەموو ئەمانەی گوتم ڕێک لەگەڵ سیاسەتی شەرعی پێغەمبەردا علیه السلام دێتەوە وهەرچەندە ڕەخنە گران بەم هۆیانە ئەفغانیان مولحید کردوە بەڵام کە گوایە بەکارهێنانی ماسۆنیەت و مەحفەل و دروشمەکانیان ئیلحادە.

بۆ ئەمە دەڵێم شۆڕشی فەڕەنسی کە بەهۆی نوسراوەکانی ڕۆسۆومۆنتسکۆو ڤۆڵتێر دروست بوو ،وەئەوەی ئەو نوسەرو ڕوناکبیرانەی لە سەردەمی ڕێنیسانس

وچاکسازی دینی دروست کرد بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری وفەلسەفەی ئیسلامی بوو نەک یۆنانی ،چونکە فەیلەسوفانی یۆنان باوەڕیان بەیەکسانی لەنێوان کۆیلەو بەگ دا نیەو لەناو هەموو فەلسەفەی ئەفلاتون وئەرستۆ یەکسانی بەو شێوەی شۆڕشی فەڕەنسی داوای دەکرد بوونی نیە، کەواتە ئەم بەڕێزانە هەتیوو بێ نەوا فڕێ دراوەکانی ئیبن ڕشدوغەزالی وئیبن خلدونن ومسوڵمانانی دەق بەستو وەک چۆن مامۆستاکانیان بە زەندیق دەزانن ئەم ڤۆڵتیرومۆنتسکۆوڕۆسۆیەشیان داون بەجولەکەوماسۆنیەت وبۆخۆشیان بوونە کلک وپاشکۆو چڵپاوخۆری ئیمپریالیزم وسەرمایەداری جیهانی،،

بەڵێ من بەهاو دروشمەکانی شۆڕشی ڕێنسانس وشۆڕشی فەڕەنسی وشۆڕشی ئەزمونگەری بەریتانیش بەشوێنەوارو کاریگەری بیری ڕۆشنگەری وڕوناکبیری فەلسەفەی ئیسلامی دەزانم وسود وەرگرتن و بەکارهێنانیشی بە شانازی دەزانم ، ئەوە کاری دەروون بەزیوو ووڕە ڕوخاوەکانە کە هەمیشە خەریکی پەنگ خواردنەوەو دەق بەستووی و تەکفیرکردنن، هەرخۆشیان بەمە گەورەترین خزمەتیان بە داگیرکەران وئیستعماروقورغکاران کردوەوگەورەترین گورزیان لە بزاڤە شۆڕشگێڕی ونیشتمانی وئازادی خوازەکان وەشاندوە، ئێمە کەبە دەقەکانی بەڵگەنامەکان بۆمان ڕوون وئاشکرایە کە هەندێ فەلسەفە وڕۆشنبیری ودین لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی وئاپارتاید بنیات نراون وکاری بۆ دەکەن وخوێنی بۆدەڕێژن وتقوس وپەرستش ودابەش بوونە کۆمەڵایەتی وپەیکەری چینایەتیان ڕەنگ دانەوەی ڕەگەز پەرستین و کەسان وڕەگەزوبنەماڵەیەک بە کوڕو هەڵبژاردەی خوادەزانن وهەموو ئەوانی تر بەئاژەڵ وخزمەتکارونۆکەروکەنیزەو غەویم وجڕو جانەوەر دەزانن ،ئەمە بیروباوەڕی یەهودیەکان وبەرهەمیە هندۆسەکان وفاشی ونازی و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و شیعەکان ویەزیدیەکانە ، وەزۆر ڕژێمی تریش هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن ،تەنانەت هەندێ جاران ڕەوتی نەتەوایەتی وناسیۆنالیستیش دەچنە ئەو قاڵبە ڕەگەز پەرستیەوە ،بۆیە کە ئەگەر ئەوانەی دەڵێن ماسۆنین یان لیبرالین، یان هۆمانیستی و دیموکراسین وباوەڕیان بە بنەمای یەکسانی مرۆڤایەتی هەیە ،کەئەم بانگەشە ڕاست بێ ،ئەوە ئەم ڕەوتانە لەو دین ومەزهەب وئاینزایانە بەرین وهەرگیز سەربەوان نین ، بەڵێ لەسەرمانە نەهێڵین ستەم لەو کەمینانە بکرێ، بەڵام نابێ چارەنوسی خودی خۆشیان بدەینە دەست ،چونکە لەناوکۆمەڵگاکانیان چینێک بەخوداو چینێک بەکۆیلە دەزانن..

ئەفغانی کەدیتی کە جێنشینی خدێوی میسر لەوانەبوو کەبە ئەفغانی سەرسام بوون ولە وانەکانی بەشدارەبوو ،وەخدێوی ئیسماعیل ئاڵقەلەگوێ وگوێ لەمستی ئیستعمارو داگیرکاران بوو کەهەموو خێروبێری میسری پێشکەش بە ئەوان کرد،بۆیە هەموو ڕێبازێکی بەکارهێنا بۆ وروژاندنی جەماوەر دژی خدێوی

ئیسماعیل ،وە دیداری لەگەڵ شەریف پاشای سەرۆک وەزیران تا بە خدێوی بڵێ جەماوەر دەیەوێ دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێ، لەمەدائەفغانی ئارەزووی ئەستەمبوڵ وسوڵتان عبدالحمیدیشی بەدەست هێنابوو بۆیە سوڵتان لە بەرواری 1879/6/26،دا خدێوی ئیسماعیلی لێ خست.

سوڵتان لەبیرەوەریەکانی دا باسی کردوەکە کە لەوەدا لەگەڵ ئەفغانی هەماهەنگ ویەک ڕابوون،چونکە دەم زانی کە خدێوی ئیسماعیل بەهۆی ئەو قەرزە زۆرانەی لەوڵاتانی دەرەوەی کرد میسری کردە بارمتەی بێگانان، هەروەک من بەدرێژایی سەردەمی فەرمانڕەواییم بە دەست شۆینەواری قەرزەکانی مامم گیرۆدەبووم.

. بۆیە شۆڕشی دوەمی ئەفغانی لەمیسر بریتی بوو لە دانانی خدێوی تەفیق لە جێ ی باوکی بە خدێوی میسر، توفیق کەسەرەتا وای دیاردەخست باوەڕی بە ڕاوێژو ئازادی یەکان وچاکسازی ودژایەتی هەژموونی ئەوروپی هەیە ،بۆیە ئەفغانی دانانی توفیقی بەبەشێک لە بزاڤی چاکسازی داناو پارتی ئازادی نیشتمانی زۆربە خوێنگەرمی پشتگیری لە خدێوی توفیق کرد.

وە ئەم مەحفەلە سەربەخۆیەی ئەفغانی دای مەزراند ژمارەی ئەندامەکانی ٣٠٠ کەسی لێوەشاوەو کارامەی تێپەڕاند ولەچەندین بەشی گرنگ پێک هاتبوو ،کەلەوبەشانەدا نەخشەی داهاتووی میسرو پارتی ئازادی نیشتمانی دەکێشراو لەم منداڵدانەوە چەندین کاریزماوسەرکردەی لێوەشاوەوئەستێرەی درەوشاوەی پێشکەش بە میسرو ڕۆژهەڵات کردکە دوای ماوەیەکی کورت سەرکردایەتی شۆڕشی ئەحمد عەرابیان کرد ، کەلەبەناوبانگەکانیان لە نەوەی یەکەم: أحمد عرابي ومحمود سامي البارودي وعبد السلام المويلحي وإبراهيم المويلحي ومحمد عبده وإبراهيم اللقاني وعلي مظهر و زرقاني شاعير وسليم نقاش وأديب إسحق وعبد الله النديم زۆرێکی تریش بوون.

وەبۆ نەوەی دوای ئەوانیش :محمد ڕشید رەزاو سعدزغلول ومستەفاکامل وعباس عقادومستەفا ڕافعی و زۆرێکی تر لە نوسەرو بیرمەندەکانی میسرودەرەوەی میسر هەڵکەوتن.

لە وەچەی سێ یەم کاتێ هەموو شۆڕش وهەوڵەکان بە نەفی ودوورخستنەوەو سێدارەو زیندان وڵام درانەوە ،ئەم ڕەوتە لێک ترازانی فکری زۆری تێدا دەرکەوت ،دەبینی کە حسن بەننناو سەواف وسید قوتب وزینب غەزالی ،باڵێکی ئەم چاکسازیە بوون، بەڵام دەبێ لەبیریشمان بێ کە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادکە عبدالناسر یەکێک بوولەوان دیاردەیەکی تری چاکسازی ئەفغانی بوو ،هەروەها تەهاحسین وهەیکەل و مەنفەلوتی و لوتفی سید وقاسم ئەمینیش یش هەر درێژە ی ئەم ڕەوتەن وجۆگەیەکن لە جۆگەلەکانی خوێندنگای ئەفغانی ،تەنانەت ئەنساری

سونەی محمدی وهەراس و کەسایەتیە ئەسەریەکانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جۆگەیەکی تری خوێندنگای ئەفغانین،

ۆرشی گەورەی شەریفی مەکە کە میراتگرانی ئەفغانی لە میسرەوە محب الدین الختیبیان ناردە لای شریف حسین تا ڕێنمایی کاری بێ ، تەنانەت نەجدیەکان وڕەوتی وەهابی لە دەوڵەتی سێ یەم سعودیەدا لەوەهابیەت خاڵی کراوەو هەڵگری زۆرێک لە تێڕوانینەکانی ئەفغانیە بەڵام لە قاڵبێکی هەڵپەرستی وبەرژەوەندی پەرستی دا،تەنانەت مدحت پاشای ناسراو بەچاکسازی لەناودەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان عبدالحمید یەکێک بوو لەوانەی دەیەویست بە هەڵگەڕاوەیی سود لەبۆچونەکانی ئەفغانی ببینێ،مدحت پاشا دەیگووت:

[ئەوەتا بێدارکردنەوەکەی دەرەنجامی هەیەو قاهیرە بۆتە کێبەرکێ کەری ئەستانە ،

من حەزم لە لابردنی هەموو جیاوازیەکانە لەنێوان زمان ودینەکان،بۆ دەبێ جولەکەو یۆنان وبوڵغاریەکان لە مافە مێژوویەکانیان بێ بەش کەین؟ جیاوازی چیە لەنێوان جولەکەومەسیحی وئیسلام؟بۆ دەبێ مسوڵمان لە جگەلە مسوڵمان بەباشتربزانین؟من لەوانەم کە هەمان تێڕوانینی ئەفغانیم هەیە کە پێغەمبەرایەتی هونەرە ،هەروەک چۆن بۆت هەیە ببیە موجتەهیدێک وەک ئەبوحەنیفە، یان فەیلەسوفێک وەک ئەرستۆ، یان پسپۆرێک وەک ئیبن خلدون، یان دامەزرێنەری دینێک وەک زەردەشت وبوزا، هەرواش دەتوانی ببیە یەکێ لە پێغەمبەران ،ناو و سیفەتەکان بۆ خوداوەندەکەت هەڵبژێری،بەهەشتێکیش دانێ ی بۆ ئەوانەی دەبنە هاوکارت لە بڵاوکردنەوەی دا،بەمەش خزمەتی زمان ونەتەوەکەت بکەی و گەل ونەتەوەکانی تر بەناوی خواوە ژێربارببەی.

ئەی نابینن ئەوەی کە لۆتەرو کالڤن وئەبوحەنیفە وگەیلانی ونەقشبەندی زیادیان کردوە لە دین و پەرستش وڕێ وشوێن و ڕێساکان ،زۆر زیاترە لەوەی پێغەمبەرەکانیان کردویانە؟؟ئەمانە هیچیان لە پایەی پێغەمبەران کەمترنیە وتەنیا ناویان پێغەمبەرنیە.

هەربۆیە محمد عبدەی شاگردی ئەفغانی دەڵێ:مامۆستاکەم ژیانێکی پێدام کەبتوانم بەشداری وهاوبەشی محمدو ئیبراهیم پێغەمبەربکەم ،ئەمە لە کاتێکدا باوک ودایکی ڕاستەقینەم تەنیا ژیانێکیان پێدام کە بەشداری براکانم بکەم لەم ژیانە ..]

هەموویان لەکانیاوی ئەفغانی ئەوەیان هەڵێنجا کەلەگەڵ بیربۆچوون وتێگەیشتن وتێڕوانینەکانیان دەگونجێ، ڕاستەکان ، چەپەکان، نەتەوەییەکان، سەلەفیەکان،،ڕۆشنبیرەکان،، لایەنگرانی مافی کەمینەونەتەوەو دینەکان و مافی کرێکارو ژنان،،شۆڕش گێڕەکان،،دژەکانی شۆڕش ،،شۆڕش وسەرهەڵدانەکانی

سەنوسی و کاندهلوی و علی جناح و مەودودی ونەورەسی و بزاڤەکانی شیعە لە لوبنان وئێران وعیراق ویەمەن و تەنانەت تائەم ساڵانەی جیهادی ئەفغانستان وشوێنەکانی تریش ، هەموو یان بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری چاکسازی ئەفغانیان لەسەربوە جادان بنێن یان نا، تەنانەت ڕەوتە ئەدەبی وتەفسیری وڕۆشنبیریەکانیش خاڵی نەبوون لەوکاریگەریە.

یەکێ لەسەلەفیەکان لە یەکێ لە گوتارەکانی ڕەخنە لە ئەفغانی دەگرێ کە ئەو پێ ی وابووە کە تەفسیری ئایەتی وتری الارض بارزة...واتە ئەوکاتەی گۆی زەوی لە ڕێڕەوەکەی دترازێ و لە کۆمەڵەی خۆر دەردەکەوێ وئەوکاتە کەس نازانێ سەروخواروڕۆژئاواوڕۆژهەڵات لە کوێ یە..

جمال الدین ئەفغانی لە پێش ئەمین خولی باسی ئەوەی کردوە کە دەسەڵاتی عروبەوزمان ونەتەوە لە دەسەڵات دین وڕوحانیەت وبیروباوەڕ بەهێزترە ،کاتێ روشدی پاشای سەدر ئەعزەمی عوسمانی کتێبێک دەنوسێ وتیایدا باس لەوهەموو تەمەنە درێژو ئەو هەموو ویلایەت و وڵاتە دەکا کەعوسمانیەکان گرتویانە وپاشان بەراوردی دەکا بە ئەندەلوس کە عەرەب چەند سەدەیەک دەستیان بەسەرداگرت ولە بەراوردەکەی دابۆی دەردەکەوێ کە ئەو شوێنەوارانەی عەرەب لەو وڵاتانە بە جێ یان هێشتوە لەو وڵاتانە زۆر زیاترە لەو وڵاتانەی کە عوسمانیەکان دەستیان بەسەردا گرتوون .

لێرەدا جمال الدین وڵامی ئەم کتێبەی ڕوشدی بەوەدەداتەوە کە :دەسەڵاتی عروبەوعەرەبایەتی بەهێزترە لە دەسەڵاتی بیروباوەڕی ڕوحی،ئەوەتا مەسیحی ومسوڵمان وجولەکە لە شام وعیراق ومیسر دادەژین وپێش هەموو شتێک هەریەکەیان عەرەبایەتی خۆی دەپارێزێ ودەڵێ من عەرەبیم ،چونکە هیچ گەلێک کۆڕاوکۆبونەوەیان بۆ دروست نابێ کە زمانێکیان نەبێ کۆیان کاتەوە، وەئەوگەلەش کە زمانەکەی خۆیان وێژەو ئەدەبێکیان نەبێ ،ئەوە وەک ئەوە وایە هەربێ زمان بن، وەهیچ گەلێک نابنە خاوەن سەروەری تا مێژووەکەیان کۆنەکەنەوەو نەی پارێزن .

بەڵام هەر ئەفغانی لەو وڵامەدا هۆگری بوون بە زمانی عەرەبی وەک دیاردەیەکی دینی سەیردەکاودەڵێ کە سوڵتان محمدی فاتح کەلە١٤٩٠حوکمی دەکرد وسوڵتان یاوزسەلیمی عوسمانی کە لە ١٥٢٠حوکمی دەکرد یەکەمیان قوستەنتینیەی گرت ودوەمیان لەمرج دابق وچاڵ دیران دا لەعیراق تامیسری گرت هەردووکیان ویستویانە سوڵتان نشینی عوسمانی بکەنە سوڵتان نشینێکی عەرەبی .

لەگوتەیەکی تردا ئەفغانی دەڵێ:چەندین نەتەوەمان دی کە کەوتونە ژێردەستی داگیرکەران ونەتەوەی دیکە بۆماوەیەکی درێژحوکمیان کردوون ،بەڵام ئەم ژێردەستانە لەم ژێردەستیە زمانی خۆیان پاراستوە و چاوەڕێ ی هەڵێکیان کردوە

وهەرکەهەڵیان بۆڕەخساوە دوای چەندین سەدە هەڵساونەو بوژاونەوە، خۆکەئەمانە زمانەکەیان نەپاراستایە مێژوو وسەروەریە وبوونیشیان لە دەست دەدا.

جمال الدین ئەفغانی لە بەڵگەنامەکانی مژدەدەرو سیاسەت مەدارانی ئەوروپادا:

(لورد کرومر) ی ڕاوێژکاری دارایی بەریتانیا لە میسر نامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی بەریتانیا کردوەوتیای دا نوسیویەتی: چالاکیەبازرگانیەکانی بەریتانیا لە میسر بەڕێژەی 35% دابەزیوە، هەروەها کارمەندە میسریەکان هاوکاری بەڕێوەبەری خۆجێ ی بەریتانیا ناکەن ،وەکاری مژدەدەرەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە، هەوڵی 35 ساڵ بەفیڕۆ چوو، ئەگەر پارتی نیشتمانی ساڵێکی تر بەم شێوە بەردەوام بێ و هەژموونی جمال الدین ئەفغانی هەربەوشێوەبەرزبێ لە ڕۆژئاوای ئاسیاو باکوری ئەفریقیا وئەویش بە هێمنی لە میسر ژیان بەسەربەرێ، ئەوەنەک هەر بازرگانی وسیاسەتی بەریتانیا لەئەفریقیا لەناودەچێ، بەڵکو سەروەری هەموو دەوڵەتانی ئەوروپی لەوناوچە دەکەوێتە مەترسیەوە بەهۆی بوونی ئەو پارتە نامۆیەیکەڕۆژبەڕۆژپەرە دەستێنێ ولەمەولا بوونێکی مێژوویی تۆماردەکاوشوێنەواری لەسەر نێوچاوانی جیهان بەجێ دێڵێ، ،ئە م پارتە بۆتە لەمپەرێک لەبەردەم پێشکەوتنمان بەشێوەیەکی سەرسوڕمێن، بۆیە دەبێ بەزووترین کات حکومەتی بەریتانیا دەست پێشخەری بکا بۆ پەرت کردنی ئەندامەکانی ئەم پارتە بەزووترین کات]

یەکێکی تر لە کاربەدەستانی بەریتانیا دەڵێ:[ئەم پارتی نیشتمانیە باشترین بەڵگەی سەر سام کەرە بۆ بیرۆ هۆشی عەرەبەکان کە چۆن پێش ١٣سەدە بەرلەئەمڕۆ توانیویانە بەسێ یەکی سەدەیەک واتە٣٣ساڵ دا یەک لەسەر سێ ی جێهان بگرن]

هەروەها یەکێک لە مژدەدەرەکان بۆکۆمەڵگای کەنیسەکانی سانت بۆل لە لەندەن نوسیویەتی:

سەرسامترین ڕوداو لە ئەمڕۆدا ئەوەیە کە حەوت سەدملیۆن لە پەیڕەوانی ئینجیل لەگەڵ ئەو هەموو تواناو زانستەی بە سروشتی مرۆڤ هەیانە لەبەرامبەر چل دەرویشی پەیڕەوی سۆفیەکی ئێرانی دەستەوستانن]

لە ژێر کاریگەری ئەو هەڕەشانە وئاگادار کردنەوانە و بەکاریگەری بەریتانیەکانن لەسەر خدێوی تۆفیق کە پارتی نیشتمانی وئەفغانی مەترسین بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەکەی ،بۆیە ئەفغانی لە

24 ی ئاب لەساڵی 1879 لەمیسر نەفی کراو دوور خرایەوە بۆ هندستان .

–

دیداری چوارەم:

بیرمەندوفەیلەسوف ودانیشمەندێکی تۆێژەر.

لەدیداری پێشوو گوتمان کە جەمال الدین ئەفغانی لە24 ی ئاب لەساڵی 1879 لەمیسر نەفی کراو دوور خرایەوە بۆ هندستان .

لەهندستان بە شێوەیەکی کارا لەژیانی هزری ئەو وڵاتە وجیهاندا بەشداری کرد،وەک کۆست کەوتویەکی دەرکراودەست لە ئەژنۆ دانەنیشت ،جارێ پێش هەموو کەس ڕووبەڕووی ئەو قادیانی و لاڕێ بوو و لادەرانە بۆوە کە بەریتانیا دەیویست لەناو ئیسلام دا بیانچێنێ، ئەمانە بەناوی خوێندنەوەی نوێ ی دەقەکان ومۆدێرن کردنی تێڕوانینەکان وتازەگەری بۆ دیاردەکانی گەردوون خەریکی تێکدان بوون، بەرهەڵستی ئەفغانی بۆ ئەمانە هەموو ئەوکەسانە بێ ئومێد دەکا کەگومانی خراپیان بە جمال الدینی ئەفغانی هەیە، ئەگەر ئەفغانی دەست نێژی دوژمنانی ئیسلام بوایە بە کتێبی -الرد علی الدهریین=بەرپەرچ دانەوەی دەهریەکان- بەشداری ئەم جەنگەی نەدەکرد.

پوختەو هێڵە گشتیەکانی ئەفغانی لەم کتێبەدا:

بەریتانیەکان دەیانەویست بەو بیردۆزو بۆچوونانەی کە کۆمەڵگای ئەوروپی پێ یە وە خەریکە بکەنە هۆکارێک بۆ لێک هەڵوەشاندنی کۆمەڵگای هندی و بەهۆی تێکشاندنی بیروباوەڕەکەیان ئەو یەکگرتنە تۆکمە کۆمەڵایەتیەیان نەهێڵن.

بۆئەم مەبەستەش زانکۆی عەلیکرەیان کردەوەو بەهەموشێوەیەک پشتگیریان دەکردوو بیردۆزەی هەڵبژاردنی سروشتی ونشیریان تێدا فێری خوێندکارەکان دەکرد،مەبەستیشیان لەمە داڕنینی بەهای پیرۆزی و یەقینی بوو لە بنەماکانی دین، جاکاتێ ئیماندار گومانی لە دینەکەی بۆدروست بوو دڵەڕاوکێ ودووددڵی وگومان وادەکەن کەسەرخانی پەیوەندیەکۆمەڵایەتی خووڕەوشتەکانیشی دابڕوخێ وبەمەش بەریتانیەکان دەتوانن بە سەریان دازاڵ بن وچۆنیان بوێ بەوشێوە بەکاریان بێنن.

لەو سەردەمەدا محمد واسل بەناوی مسوڵمانانی هندستان دێتە لای ئەفغانی وئەم بابەتەی لا دەوروژێنێ، ئەفغانیش لە وڵامی پرسیارەکانی واسڵ ئەم کتێبە دادەنێ .

ئەم کتێبە لە دووبەش پێک دێ، بەشی یەکەم لە پێنج دەروازە پێک دێ.

دەروازەی یەکەم باسی مێژوو و حاڵی ڕەوتی نوشەیری دەکاوجەخت لەسەرئەوەدەکا کە مەزهەبی نوشەیری لە بنچینەدا کۆنەو لەدایک بووی سەردەمی

ژیاری گریکەکانە ولە سەدەی سێ وچواری پێش زاین سەری هەڵداوە،بەڵام لەسەردەمی سەدەی هەژدەونۆزدە کاراکراوەتەوە بەهۆی ئەوگۆڕانکاریانەی کەلە کۆمەڵگاکاندا ڕویان دا،کاتێک مرۆڤ بڕیاری دا خۆی وەک مەڵبەند وتاکە بونەوەری عاقڵ وزانا دانابێنێ و لەدەرەوەی خۆی هەر بونەوەرو زاناو ڕێکخەرێکی بۆ ئەم بونەوەرەو بۆ مرۆڤ ڕەت کردەوە، ئەفغانی لەم بەشە پێ ی وایە کە کێشەی سەرەکی دەهریەکان ئەوەیە کە ئەوان خوێندنەوەکەیان بەخوێندنەوەیەکی زانستی بۆ بونەوەر دەزانن، بەڵام لە ڕاستی دا ئەوان خوێندنەوەیەکی زانستی نین وئەم پانتۆڵەی کەبەناوی خوێندنەوەی زانستی بۆ دیاردەوبونەوەران تەنیا چەواشەکاریە، بۆیە ئەفغانی لێرە بەراوردێک لە نێوان نوشەیریەکان ودین داری دا دەکا،ئەودەڵێ:[دین مایەی پایەداری ئوممەتانە وسەرفرازبونیان وبەختەوەریان بەهۆی دینەوەیە،بەڵام نوشیریەکان ڤایرۆس ومیکرۆبی بەدکارین]کەواتە لەم بەراوردە دەردەکەوێ کە نوشەیریەکانیش دینێکی چەواشەکارین وزانست نین، ئەفغانی پێ ی وایە دەهریەکان دینن ،نەک زانست ،چونکە زانستە سروشتی مرۆڤایەتیەکان ئەم جۆرە خوێندنەوانە گەڵاڵە ناکەن وبگرە ڕەتیشی دەکەنەوە،ئەفغانی پێ ی وایە کە تیۆری پەرەسەندن ئەوکاتە دەرکەوت لەچوارچێوەیەکی دینی وفەلسەفی کە بۆچوونی فەلسەفەو ڕەوتی ناسین ودان نان بە بەدیهێنەرو دروستکارێک لەلایەن فەیلەسوفە موتەئەلیهەکانی یۆنان بەرگری لێ دەکراو لە ترۆپکە دابوو،کەواتە ئەم تیۆری پەرەسەندنە شتێکی نوێ نیە و لەهەزاران ساڵەوە ئەم دوو ڕەوتە وبۆچوونە لەدژی یەک ڕاوەستاون و هەرجارەی بەناوێک نوێ دەبنەوە، کە ناوەرۆکی مل ملانێکە هەمان ناوەرۆکە،ئەگەرچی ناونیشانەکان دەگۆڕێن.

ئەفغانی ئەم ڕەوتە دابەش دەکا بۆ چوارئاڕاستە،

-ئاڕاستەیەکیان پێ یان وایە کە پێک هاتە زەمینی وئاسمانیەکان ولەدایک بوە نوێ کان هەموویان بە ڕێکەوت ڕوودەدەن وئەم بوونەوەرە پڕ وردەکاری و ڕێکخراوانە هەموو بە ڕێکەوت هاتوون، ئەمەش وەک سەید دەڵێ جگەلە خۆگێل کردن هیچی ترنیەو پارەسەنگ دانی ڕێکەوت هیچ بەڵگەیەکی زانستی وعەقڵی پشتگیری ناکا.

-ئاڕاستەیەکی تر دەڵێن کە زەوی وئاسمان وئەستێرەکان بێ سەرەتان وهەمیشە هەبوون وکاتێکیان بەسەردانەهاتووە کەنەبووبن، ئەوان دەڵێن کەهەرتوێک پەیکەرو وبۆماوەی جۆرەکەی خۆی هەڵ دەگرێ وئەم زنجیرەڕوەک وزیندەوەرانە بێ سەرەتان، وەهەروەها کۆتاییشیان نیە وبۆهەتاهەتایە بەردەوام لە زۆربوون دان، ئەوەی کە بۆچوونی ئەو ڕەوتەش بەتاڵ دەکاتەوە کە دەبینرێ لەم گۆڕەپانە دیاری کراوو وسنورداراە سەرەتادارو کۆتایی داراە ئەوان باسی زنجیرەی بێ

سەرەتاوبێ کۆتایی دەکەن،چونکە بێ سەرەتاوکۆتایی لەناوقاڵبی سەرەتاداروکۆتایی هاتووجێ ی نابێتەوە .

- ئاڕاستەی سێ یەم دەڵێن کە زنجیرەی ڕوەک وزیندەوەران لەڕووی جۆرەکانیان بێ سەرەتاو ئەزەلین، هەروا ئەستێرەو تەنەکانی ئاسمانیش بێ سەرەتاو ئەزەلین، بەڵام ئەوی لەمەودوا لەوانەوە دەرکەوتووەو زاوزێ و گەشەی کردوە ئەوە دیارە سەرەتایەکی هەیە، کەواتە هەرجۆرێک قالب وچوارچێوەیەکی بێ سەرەتای هەیەو لەو چوارچێوە بوونەوەرەکان گەشەدەکەن وپەرە دەستێنن، ئەوەی ئەمەش ڕەت دەکاتەوە کە دەبینین لە زۆر زنجیرەو چوارچێوەی ناتەواو چەشنێکی تەواو کامڵ دەردەکەوێ و لە جۆرو بونەوەری تەواو پێک هاتەی زۆر ناتەواوو شێواو بەدی دێ.

- ئاڕاستەی چوارەم دەڵێن کە جۆرەکانی ڕوەک وزیندەوەران هەریەکەی بەچەند قۆناغدا تێپەڕیون وچەندین بازدان وشێوازی جیاجیایان لە چاخە دووروودرێژەکاندا بە خۆوە بینیوە، هەتا گەیشتوونە ئەم دیمەنانەی ئێستا دەیانبینین ،وەدەڵێن مرۆڤ لەسەردەمێکدا وەک بەراز هەموو لەشی توک و موبووە، وە قۆناغ بە قۆناغ لە گۆڕانکاری دابووە هەتاگەیشتوتە ئەم شێوە جوان وڕێکەی ئێستا هەیەتی، سەید دەڵێ ئەم بۆچوونەشیان هەر قەبڵاندنەو هیچ بەڵگەیەک پشتگیری لێ ناکاوساغ نەبۆتەوە کە تێپەڕینی کات هۆکارە بۆ گۆڕانی چەشنەکان وپەرەسەندنیان.

پاشان سەید دەڵێ:ئاڕاستەی دووەم وسێ یەم کە باوەڕیان بە ئەزەلیەتی هەندێ لە بونەوەران هەبوو پاشەکشەیان کردوەو بەزانستی چینەکانی زەوی وجیۆلۆجیا ئەم بۆ چونەیان بەدرۆ کەوتەوە بەبنەمای زانستی،بەڵام لەدوای پەشیمان بونەوەیان بوونە دوو دەستە:

-دەستەیەکیان دەڵێن کە تۆوەکانی ڕوەکەکان وتۆوی جانەوەرەکان لەوکاتە دەرکەوتوون کە زەوی لە بڵێسەیەکی ئاگرینەوە بەرەو ساردبوونەوە ڕۆیشتووە ،لەوساتەوەختە ئەم تۆوانەی ڕوەکەکان و زیندەوەران پێک هاتن و لەوسەردەمەوە هەرئەوانەن کە زاووزێ یان کردوە و هیچ جۆری تر دەرنەکەوتووە.

-دەستەیەکی دیکەیان دەڵێن ،نەخێر جۆرو چەشنەکانی زیندەوەران وڕوەکەکان لەوکاتەوە تائێستاش وبۆ داهاتووش ناوەناوە جۆری نوێ یان لێ دەردەکەوێ ،بەتایبەت لەهێڵی یەکسانی کە پلەی گەرمی بەرزەو بارودۆخ لەبارە بۆ دەرکەوتنی ئەو جۆرانە.

ئەفغانی پێ ی وایە کە ئەم دووەستە هیچیان دەرکیان بە هۆکاری زیندەگی ئەو تۆم و ڤایرۆس وبەکتریاو ومیکرۆبە ڕوەکی و زیندەوەریانە نەکردوە، بەتایبەتیش کە بۆیان ڕوون بۆتەوە کە ژیان وزیندەگی لە بەکتریا سادەکان کاراوچالاکە،پێکەوە نوسان و یەکگرتنیان پێک هاتووە،وا پێویست دەکا لەوقۆناغە و چەشن وپێک هاتەیان دەپارێزێ،هێزی کێشندە ئەوپاڵنەرەیە کەبەشە نائۆرگانیەکان دەکێشێ و وادەکائەم بەشە نائۆرگانیانە بە بژێوی پێ دان زیندوو بن، جاکاتێ دیاردەی ژیان وزیندەگی لەم ناوەندە بێ هێزولاوازبوو دەبێتە هۆی لاوازی کارابوونی کێش کرانی ئەم تەنۆلکە مردوانە،وەکاتێ بەیەکجاری زیندگی وژیانی تێدا نەما ئەم ،یەکە زیندوە سادەیە بەرەو شی بوونەوەو لێک هەڵوەشان دەچێ وەک بۆ خۆمان لە دوای مردنی زیندەکان و وشک بوون و هەڵ قەنانی درەختەکان دەرکی پێ دەکەین کە لاشەکان شی دەبنەوەوپرت پرت دەبن.

هەندێک پێ یان وایە کە ئەم پێک هاتەو بەکتریاو ڤایرۆس وتۆمانە هەبوون کاتێ خۆرو زەوی لێک جیابوونەوە،ئەوەش گومانێکی سەرسام کەرە،لەگەڵ ئەوبۆچوونەیان ناگونجێ کە دەڵێن زەمین لەکاتی جیابوونەوەی بڵێسەیەکی ئاگرین بوو،ئەی چۆن ئەم تۆم وبەکتریاوڤایرۆسانە نەسوتان و لەم ئاگرە بەتین و داگیرساوەدا لەناونەچوون؟؟

وەهەربەم تیۆریە کە دەڵێن یەکەم جار زەوی وهەسارەکان کەلە خۆر جیابوونەوە بڵێسەو گڕ بوون، قورئانیش باس لەوەدەکا کە جنەکان لە بڵێسە ئاگر دروست کراون ،ئەوە دیاردەخا کە زەمین چۆڵ نەبوەوبەبونەوەرە بڵێسەکانی جن وپەریەکان ئاوەدان بووە کە زانیاریەکی ئەوتۆمان نیە لەبارەیانەوە.

بەریەک کەوتنی دووەمی بۆچوونەکانیان ئەوەیە کە ئەم بەکتریاو ڤایرۆس و تۆمانە لە ئەوپەڕی ناتەواویانەوە پەرەیان سەندوە تاگەیشتوونە ترۆپکەی تەواوی و لەئەوپەڕی سادەیی ویەک خانەیی ونەزانی یەوە گۆڕاون بۆ ئەوپەڕی ئاڵۆزی وبەیەکداچوویی ونەخشاوی وجوانی و لێزانی ودانایی .

لەمەشدا ئەمانە بوونە دوو بەش:

-هەندێکیان دەڵێن کە هەریەک لەوجۆروچەشنانە بەکتریایەکی تایبەتی هەیە وهەربەکتریاوتۆمێکیش سروشتێکی تایبەتی هەیە کە وەک خولیاوایە لای کە هۆگری ئەوجۆرە جوڵانە دەبێ کەدەگونجێ لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی زیندەگی دا، وەئەو بەشەنائۆرگانیانە بۆخۆی کێش دەکا کەلەگەڵی بگونجێ تابێتە خۆراکی ڕۆژانەی وبیکاتە جل وبەرگێکی چەشنەکەی، ئەم چۆنێتیەش وەک سەید ئەڵێ -بەوشیکارە کیمیاییە ڕەت ئەکرێتەوە کەدەڵێ: جیاوازی هەیە لە نێوان دڵۆپە مەنی مرۆڤ و گاو گوێ درێژ،بەڵام لە بونەوەرە سەرەتاکان خانەو دڵۆپە کان هاوشێوەن،باشە چی ئەم جیاوازیەی لە بونەوەرە ئاڵۆزەکاندا دروست کرد کە لە

پێک هاتە سادەکان دا هەموویان یەکسانن ،کەبەقسەی ئەمان ئەم ئاڵۆزانە لەوسادانەوە گەشەیان کردوە.

- هەندێکی تریان دەڵێن کە بنچینەی بەکتریاو وتۆمی هەموو جۆرە زیندە ئۆرگانیەکان وەک یەکە لەناوەرۆکداویەکسانە لە بوونیدا،وەهیچ جیاوازیەکی بنچینەیی و جیابونەوەیەکی خودی لەنێوان ئەوچەشنانە نیە، هەرلە ئەم بۆچوونەوە دەڵێ دەگونجێ کە بەکتریاو تۆم و خانەیەک لەشێوەی چەشنێکەوە بگۆڕێ بۆ چەشنێکی تربەتێپەڕبوونی کات و گۆڕانی ئاوهەواوژینگەوشوێن و حوکمی پێدایستیەکان وزەرورەتەکان و بەجێهێنانی دەسەڵاتی داواکاریە دەرەکیەکان، سەرۆکی ئەم بۆچوونە چارلس داروینە ،بە پێ ی ئەو تیۆریە دەگونجێ ئەسپێ وکێچێک یەک ببێتە فیل بەتێپەڕبوونی کات وەهەروەها فیلیش ببێتە کێچ وئەسپێ.

ئەم تێڕوانینە ڕەت دەکرێتەوە چونکە پێ ی وایە گەشە کردن بەهۆی هێزێکی شاراوەو نادیارو نەناسراو ڕوو دەداو دەڵێ بونەوەرێک بەهۆی ئەم هێزە نامۆیەوە لە پلەیەکەوە بگۆڕێ بۆ پلەیەکی تر کەلە پلەی خۆی زۆرباڵا تربێ، پاشان ئەو هیچ ڕاڤەوشیکاروڕوونکردنەوەیەکیشمان ناداتێ لەبارەی ئەم هێزەسەرسوڕمێنەوە، وە پێمان ناڵێ کە بۆچی ئەم هێزە نامۆیە ئەم هەموو ئاڕاستە جیاوازەی هەیە وهەندێ نزم وهەندێ بەرزدەبن بێ ئەوەی هیچ نەخشە ڕێگاو بەرنامەوڕێساو ڕێنماییەک هەبێ وچاودێریەکی میهرەبانی پەروەردگار هەبێ، بەڵکو هەموو ئەم گۆڕانانە تەنیا بە ڕێکەوتە.

هەروەها ئەفغانی لەبارەی ئەودرەخت وڕوەکانەی کەلەناوئاوخاک وئاووهەوایەکدا ڕواون وگەشەیان کردوەو کرداری زۆربوونیان یان کردوە، مێژووی هەریەکێک لەمانە تەنیابە گومان دیاری کراوەوقەبڵێنراوە،بەیەک هەتاووپلەی گەرمی وهەوا گەورەبوون،کەچی ئەمانە لەڕووی بەرهەم وگوڵ وگەڵاوتام وڕەنگ و قەدوڕەگ وگەشەکردنەوە زۆر جیاوازن.

ئەفغانی لە ڕەخنەکانی ودۆزینەوەی کەم وکوڕی دەیەوێ پێمان بڵێ کەئەم ڕەوتە ڕەوتێکی زانستی تاقیگەیی یەکلابوەوساغ بۆوە نیە،بەڵکو بیرۆکەیەکی دینی سیاسی یەو لە چوارچێوەومندالّدانی دووبەرەکی فکری وسیاسی لە دایک بووەو دەیەوێ ئاڕاستەیەک بەسەر ئاڕاستەیەکی تر بەهەموو شێوەیەکی ڕەواونارەوا سەربخا، بەم شێوە بەرگی زانستی ئەزمونگەری وسەلمێنراوی هاوکێشەیی لەم ڕەوتە دەکاتەوەو بەڕووت وڕەجاڵی لە گۆڕەپانەکە بەجێ ی دێڵێ، ئەو دەڵێ:

کاتێ ماتریالیزمەکان زانیان کە بۆچوونی بیرمەندە ڕابردوەکانیان هەڵەیەو ناتوانێ جوابی پرسیارەئاڵۆزەکانی ئەمڕۆ بداتەوە،چونکت تەنیا ماددەی بێ هەستەوەری

ناتوانرێ بکرێتە چاوگ وژێدەری ئەم بوونەوەرە ڕێک وپێک و پڕ یاساوڕێسا و شێوازە پڕ تەکنیک وداهێنان وئەوقۆناغە پڕ ئەندازەگیریەی پێ یدا تێ پەڕیوە، چونکە ئەم بوونەوەرە لەسێ شتی سەرەکی پێک هاتووە ، کە ئەوانیش بریتین لە :

-متییر= مادە وکەرەستەی خاو

-فورس= وزەو تەزوو وهێزو وتواناوشیان

-ئەنتلیجانس = دەرک کردن وپەی پێ بردن وهزروبیروهۆش.

کەواتە مادە بەوهێزوتواناو وزەی تیایەتی و ئەو دەرک کردن و هزرو تێگەیشتنەی ئاوێتەی بووە وای کردوە کەبەو شێوەو چەشنانە دەربکەوێ، بۆیە کەلەسەرشێوەی لاشەی زیندووی ڕوەکی یان ئۆڕگانی دەردەکەوێ ،چاودێری ئەوەش دەکرێ کە ئەوەندە هەستەوەری پێویستیەتی بۆ مانەوەو خۆپاراستنی ئەو چەشنە تیایدا ڕەنگ بداتەوەئاوێتەی ببێ، بۆیە ئەو دەزگاو ئەندامانەی کە پێویستنی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی چەشن وکەسایەتیەکەی وپارێزرانی لەناوچوون پێ دەبەخشرێ ، ئەم چۆنێتیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتەکان وگۆڕانی وەرزەکانی ساڵ و جیاوازی ئاووهەوای شوێنەکان هەمووی چاودێری دەکرێ، ، ئەمە باشترین گوشراو پوختەی هزروبیریانە بۆ نمایشی بۆچوونەکانیان پاش ئەوەی سەریان بەهەزارکون داکردوەولە هەزارتونێل تێپەڕیون، هەڵبەت ئەم بەش و پشکە دیۆکرتیسیانە لە بن چینەدا کە بۆچوونی دیمۆکریتیسی فەیلەسوفی یۆنانە کەلەسەدەکانی دوو سێ پێش زاین ژیاوەو ئەو گەرد وبەشانەی مادەش بەناوی ئەو نراون چونکە ئەو یەکەم کەس بوە ئەم دابەش بوونەی مادەی بۆ یەکە بچوکەکان باس کردوە، جاچونکە ئەگەر بڵێین کە مادە پێک هاتەیەکی هەستەوەرە ،ئەوە لەسەریان پێویست دەکا کەبڵێین هەریەکەیەکی دیمۆکریتسی ماددە هەستێکی تایبەتی هەیە وهێزو توانایەکی تایبەتی هەیە کەئەم هەست وهێزە لە یەکەکانی تری جیادەکاتەوە، واتە هەرگەردێک هەست وهۆش وهزرو توانایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، لێرەدا لێ یان دەپرسم ،ئەگەر جیهان پێک هاتبێ لە لاشەو دیاردە-جسم وعرض-ئەم عرزە خۆ نابێ بەدوو کەسایەتی جیاوازو بەریەک کەوتوو خۆ ڕانوێنێ وبوونی هەبێ؟ کە شیکردنەوەکەتان ئەوەی لێ دەفامرێتەوە.

هەروا دەپرسم کە ئەو گەردە دیمۆکڕاتیسیانە کە هەستی تایبەتیان هەبێ ،چۆن وازیان لەهەست وشیانەکانی تایبەتی خۆیان بۆ یەکجاری هێناو بوونە بنچینەو پێک هێنەری ئەو تەنانە هەرلە ئەستێرەو مانگ وڕۆژەوتاهەموو بوونەوەرە گیاندارو بێ گیانەکان ،وەلەسەر چ بنچینەیەک هەندێ لەوان بوونە تەن وپێک هاتەی بێ گیانی وەک شاخ وهەندێ بووەڕوەک وهەندێ گیاندار؟؟

وەکە هەست وشیانی سەربەخۆشیان نەبێ ئەم ئەنجومەنی شورای گەردیلانە چۆن تێک گەیشتنیان کردو چۆن کۆبوونەوەو تێک گەیشتن ئەم هەموو بونەوەرە جیاوازانەیان پێک هێناو لەهەر بوونەوەرێکدا دەرک کردن وئەرک وتواناو دەزگای گونجاویان چۆن ئاوێتە بەو بونەوەرەکرد؟

ئەوان دەڵێن زانست بە نەخشێنرانی وێنە ناسراوەکان لە پانتایی جیهاندایە، جاهەروێنەیەکی ناسراویش بەئەندازەی لاشەکەی پانتایی داگیردەکا،،لەسەرئەم بۆچوونەتان -سەید دەڵێ- دەبێ وێنەکانیش بێ کۆتابن ،کە هەریەکێ لەم وێنانە لە گەردەکانی مادە کە یەکەو بەشە بنچینەکانن پێک دێن کە ئەوان لای ئێوە سنوردارن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن لەناوئەوپانتاییە بێ سنورەی بوونەوەر چەندین وێنەی بێ کۆتا بەم وردیلەو گەردە مادیە سنوردارو کۆتایی هاتووانە پێک هاتن؟؟ئەمە هەموو بیروهۆشێک ڕەتی دەکاتەوە کە سنوردار بنچینەو منداڵدانی بێ سنوری بێ.

لەدەروازەی دووەمی کتێبەکەی دا باسی ئەوەدەکا کە ئەم کەسانە کەخۆیان بە حەکیمی جیهان دەزانن ودەیانەوێ بەم بۆچونانەیان ستەم لەسەر مرۆڤایەتی هەڵگرن و هزروهۆشەکان ڕووناک بکەنەوە، بەڵام پێ ی وایە کەلەوبوارانە بەهەرشێوەیەک دەربکەون دەبنە هۆی کارەسات وبەریەک کەوتنی گەورە لەگەڵ وەچەکانی هاوڕەگەزونەتەوەکەیان ودەبنە هەورە تریشقەو بریسوی سوتێنەر بۆ بەرهەم و دەسکەوتی ئوممەتەکانیان و هیچ ئوممەتێک پێتان سەربەرزنابێ وهەر شاخ ولوتکەیەک توشی بەدکاری ئێوەببێ سەری نەوی دەبێ ولەبەریەک هەڵ دەوەشێ وتەخت وبارەگای دەڕوخێ]

جمال الدین لەم دەروازە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە جیاوازیمان لەگەڵ ئەمانە لەبارەی زانستەوە نیە وەک ئەوان وای دەردەخەن لەگەڵ دژەکانیان ،بەڵکو جیاوازیەکە لەبارەی ئەو تێڕوانین وجیهانبینیەیە کە مرۆڤەکان لەسەر چ بنچینەیەک تێڕاوانینەکانیان بۆ گەردوون وبوونەوەرو مرۆڤایەتی بنیات دەنێن؟ کە ئەم تێڕوانینەیە کە ژیار بنیات دەنێ ،ئەم تێڕوانینە کەلەناودینەکان دا لەسەر سێ بنچینە بنیات دەنرێ، :

-باوەڕکردن وبەڕاست دانانی ئەوە کە مرۆڤ پاشای زەویەو باشترین دروستکراوە.

- هەردینێک لەم دینانەش پێ ی وایە کە ئەو ئوممەتەکەی باشترین ئوممەتە، وە هەر ئوممەت ودینێکی دژی ئەو لەسەر گومڕایی وسەرلێ شێوان و ناحەقیە.

-مرۆڤ هاتۆتە ئەم جیهانە تاکو ببێتە بونەوەرێکی تەواوو کامڵ وشەوڕەوی بکاو بەرزببێتەوە بۆ جیهانی تەواوو مەلەکوتی باڵا کەتەواوترە لە م جیهانە ودنیایە.

هەرچەندە گەلەکان بەیەکەوە ژیانیان کردوە لەهەزاران ساڵەوە بەم سێ بیروباوەڕانەوە، ئەو ڕێزگرتنەی کە ئەمڕۆش لە ڕای ئەوی تریاس دەکرێ ئەوە ناگەیەنێ کە هەریەکێ لەو دین وباوەڕو ئایدۆلۆژیایانە لەناخی خۆی دا ئەوی تر بەگومڕاو سەرلێشواو نازانێ، هەموو یەکتر بەناحەق دەزانن، ئەگەر وانەبوایە هەموو مرۆڤایەتی دەبووە یەک دین وئایدۆلۆژیاوتێڕوانین وئەوکاتە ئەو پێشبڕکێ یەی هەیە بۆ گەیشتن بەکەماڵ وتەواوی سست دەبوو یان هەر لەناو دەچوو.

[بەڵام سێ سیفەتە تایبەت مەندیەکە ئەمانەن:

- شەرم کردن کەبریتیە لە وروژان وکارلێک وهەست بەبێزاری کردنی دەروونی مرۆڤ لەهەرکرداروگوفتارێک کە سەرکۆنەوسەرزەنشتی بۆ مرۆڤ دێنێ، و وادەکا خەڵک سەرکۆنەی مرۆڤ بکەن، ئەم شەرمە وادەکا کەتاکەکان هەوڵ دەن خۆلادەن لەهەموو ئەوکارانەی کە دەبنەهۆی کەم وکوڕی لە کەسایەتیان.

ئەم خەسڵەتە ی شەرم وحەیایە والە دەروونی کەسەکە دەکا کە هەمیشە بەتەنگ دەروون وکەسایەتی وناوبانگی خۆیەوەبێ وبەشەریفی بیهێڵێتەوە، ئەم دەروون بەرزیەش هەموو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لەخولگەی خۆی دەخولێنێتەوە، وەزنجیرەی ڕێکخستنی پێوە پەیوەستە، سەکۆی بیروهۆش وعەقڵی ساغەو فرمانەکانی عەقڵ لای کەسی شەرمن ڕەت کردنەوەیان نیە، شەرمنی قەڵای پابەندبوون ووەفاداربوونە بۆ بەڵێن وپەیمانەکان، شەرمنی سەرمایەی متمانەی مرۆڤە لە کردارو گوتاریدا،خوی شەرمنی هاوماناى ئیباو یاخی بوون وپشت هەڵکردنە لە کرداروگوفتارە بەدوناشیرنەکان، هەروەها هاوماناى غیرە و ئیرەیی کردنە، ناوەکانی شەرم بەپێ ی کاریگەری وشوێنەواری لە گێڕانەوەی دەروون لە کردەوەبەدەکان وهەڵنانی لەسەرکردنی کارە جوانەکان دەگۆڕێ، غیرەو وياخی بوون لە بەدکاری وسەرشۆڕی دوو دینەمۆی جوڵێنەری جوڵانەوەکانی گەل و میللەتانن بۆ سودبینین لە زانست وزانیاریەکان وسەرکەوتن بەرەولوتکەی شەرەفمەندی وسەروەری وپەخش کردن وڕاخستنی باڵی مەزنی و وبەردەست کردنی مادەی دەوڵەمەندی وسامانە.

- ڕاستگۆیی: پایەیەکی هەرەگرنگی پێک هاتەی مرۆڤە، کۆڵەکەوپایەی ڕاگری سایەی کەسایەتی وچەشنەکانە،پردی پەیوەندیەکانە لەنێوان تاکەکانی میللەتاندا، هەرگیز هۆگری شارستانی وخێزانی بەبێ ڕاستگۆیی دەستەبەرنابێ، بڕوانە کەکاتێ ئوممەتێک خەسڵەتی ڕاستگۆیی لەدەست دەدا چۆن بەدبەختی وچارەڕەشی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دەداو تەنگی پێ هەڵدەچنێ و چۆن ڕێکخستن و ملوانەکەی پرش وبڵاو دەبێ و یەکگرتویی و یەکێتیەکەی هەڵدەوەشێ.

-ئەمانەت وسپاردەپارێزی ودەست پاکی، شتێکی بەڵگەنەویستە کە مانەوەی مرۆڤایەتی بەستراوە بە هەڵسوکەوت وسەوداو ئاڵوگۆڕو کڕین وفرۆشتن لەو کاروکاڵایانەی سودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە، ڕوح وکرۆکی ئەم سەودایەش بوونی خەسڵەتی ئەمانەت و سپاردە پارێزیە، خۆئەگەر ئەمانەت نەمێنێ پەیوەندیەکانی سەوداومامەڵە تێک دەچن و پەتی ئاڵو گۆڕەکان دەپچڕێ و ڕێکخستنی بژێوی تێک دەچێ و ئەمانەش لەناوچوونی خێرا بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دێنێ، ئەم خەسڵەتەی ئەمانەت پارێزی ئەگەر لەناودام ودەزگاو فەرمانڕەواوحکومەت دا نەبێ ،پڕ دەبێ لەگەندەڵی وبەدکاری ودرۆو چاوبەستەکی وچەواشەکاری وبێ شەرمی.

ئەم خەسڵەتانە کاریگەری وشوێنەواریان زۆر ڕوونە بۆ پێک هێنانی هۆگری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاوبەهێزکردنی وابەستەکۆمەڵایەتیەکان لەنێوانیان داو پەرتەوازەیی ودووبەرەکی ولێک ترازانیان لێ لادەداو ناهێڵێ پێشبڕکێ بکەن لە بێ ڕەوشتی وداوێن ودەست وزمان وچاو پیسی .

ئەفغانی بەم ڕوونکردنەوەی تێڕوانین وجیهانبینی خۆیمان پێ دەڵێ بۆ پێک هاتنی ژیاروشارستانی، دەیەوێ پێمان بڵێ کە هیچ ژیاروشارستانیەکی سەلیم ومرۆڤ دۆست ومیهرەبان بەبێ پیرۆزکردنی بەهاو خەسڵەتە ڕەوشتیەکان وبنەما عەقیدە وبیروباوەڕو دینە کان پێک نایەت.

بەمەش ئەم تێڕوانینەی ڕۆژئاواییەکان ڕاست دەکاتەوە کە پێ یان وایە ژیاروشارستانی تەنیا کەڵەکە بوونی تەکنەلۆژیاوداهێنان وڕۆشنبیری مێژوویی و مرۆڤایەتی و پەی بردنە بەهاوکێشەکانی زانستە مرۆڤایەتی وسروشتیەکان وزیاتر بە هاوکێشە کردن وژێردەست کردنی سروشت ومادەو وتاکە بۆ زیاد کردنی داهات وبەرهەم وچارەسەری نەخۆشی وزۆرکردنی داهێنانی تەکنەلۆژی وخێرابوونی جوڵەو کەڵەکە کردنی سەروەت وسامان و بیناسازی.

ئەمانە ئەگەر بەهاو بیروباوەڕیان لەگەڵ نەبێ دەبنە هۆی قڕی وپڕی وچارەڕەش وبێ ڕەوشتی وگەندەڵی ودەست ودڵ ودەم وچاوو داوێن پیسی وستەم وگەندەڵی وبەدکاری وچارەڕەشی و لەکۆتاییشدا ببێتەهۆی لەناوچوونی نەک هەژیاروشارستانی ،بەڵکو لەناوچوونی مرۆڤ و ئازەڵان وڕوەک ودرەخت و هێلانەی ژیان لەتەواوی گۆی زەوی.

ئەم خەسڵەتانەش ئەفغانی لەتێڕوانینی نبوەت و چەند فەرمودەو بنەمایەکی سونەتی وەرگرتووەو بەم شێوە نمایشی کردوە.

بەشەکانی تری پوختەی کتێبی -الرد علی الدهریین -ی جەمال الدین ئەفغانی لەبەشی داهاتوو تەواودەکەم..

ـدیداری پێنجەم:

بیرمەندوفەیلەسوف ودانیشمەندێکی توێژەر:

پوختەی دەروازەی سێ یەمی شاکاری ئەفغانی-الرد علی الدهریین-

لەم دەروازە ئەفغانی باسی شوێنەواروکاریگەری بیروباوەڕی دەهریەکان دەکا لەسەر کۆمەڵگاکانی میللەتان.

ئەم دەهریانە بنەمای ڕێچکەکەیان لەسەر نکولی کردن لەسەربوون وتواناداری وپایەداداری تاقانە بەدیهێنەرێک بۆ ئەم گەردوونە دەست پێ دەکەن، وەهەوڵ دەدەن بیروباوەڕو خەسڵەت وخوو ڕەوشت وبنەماوڕێسا کۆمەایەتیەکان ڕەت بکەنەوەو دەڵێن ئەمانە چەند بنەمایەکی بەتاڵ و چەند بیرۆکەیەکن کەلەلایەن مرۆڤەکانەوە دانراون، وەدان بەباش بوونی دینێک لە دینێکی ترو شەریعەتێک لە شەریعەتێکی دانانێن، بەڵکو پێ یان وایە کە مرۆڤیش وەکو گیانەوەرو ئاژەڵ وزیندەوەرەکانی تر وایەو هیچ ڕێزوپلەیەکی بەسەرواندا نیە، بەڵکو مرۆڤ لای وان لە زیندەوەرو ئاژەڵان بێ ڕێزترو بێ بەهاترە لە ڕووی دروستکران وهێزوبەرگە گرتن وهێزو بەهێزی هەستەکان وقەبارەو لەمێژینەیی، وە دەڵێن مرۆڤ دوورترە لە خۆڕسک وفیترەت وسروشت .

هەروەها پێ یان وایە کە لەدوای ئەم ژیان وتەمەنە هیچ ژیانەوەو زیندووبونەوەیەک بوونی نیە و نکولی دەکەن لە زیندووبوونەوە.

ئەم نکولی کردن وباوەڕنەبوونە بەوبنەمایانە وای کردوە کە ئەو کۆمەڵگایەی ئەم ڕەوتە بەڕاست بزانن ورەو هیممەتیان ساردوسڕی ڕووی تێ بکا وهەڵپەی هیچ گەیشتن بەهیچ پلەو پایەکی شەریف وڕوحی وعیرفانی نەکەن چونکە لایان جیهانی ڕوح بوونی نیە، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا هەڵسان بەکاری بەدڕەوشتی ودەست ودڵ ودەم وچاوو داوێن پیسی ولەش فرۆشی و بێ هۆشی و خواردنەوەونێربازی وڕەگەزبازی و هەموو ئاکارە بەدەکان کردنیان زۆرئاسان دەبێ چونکە ترۆپکەی بەختیاری لایان خۆش ڕابواردنی جەستەییە و هەست بەتاوان کردن وهەوڵ دان بەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابێ لە خەسڵەتەکۆمەڵایەتیەکانی ولەجل وبەرگ و خواردن وخواردنەوەی وشێوەی ژیانی خێزانداری وکۆمەڵایەتی وسیاسی دادژایەتی سروشتە، دەست درێژی و فێڵ وتەڵەکەو ستەم وڕاووڕووت ئازایەتیە وهیچ لەکەداری نیە، وەک چۆن ڕاونەکردن و مردنی شێر لەبرسان دا شەرمەزاریە،بۆیە کەمرۆڤیش دەست درێژکارنەبێ شەرمەزاریە وتادڕندەتربێ وهەڵپەی گەیشتن بە چێژوڕابواردن بکا

بەهەرشێوەیەک بێ دروست تر،ە، مرۆڤ لە ژێرسایەی دەهریە داروینیەکان هەست بەتاوان ناکاوتابتوانێ بێ ڕەوشتی دەکاوڕادەبوێرێ ودەست درێژی دەکا.

نوشەیریەکان دەیانەوێ هەموو خەسڵەتێکی جیاکراوەیی مرۆڤ لە مرۆڤ داماڵن تامرۆڤ هیچ ڕێزوپایەیەکی نەمێنێ، بۆیە هەوڵ دەدەن پەردەی شەرم کردنی لێ دارنن وشەرمنی بە لەکەداری دەزانن تا کۆمەڵگا بەرەو ئیباحیەت و بێ یاساوڕێسایی ببەن وهەموو جیاکەرەوەکانی ڕەوشت وبەهاکان بڕوخێنن وبەکۆنە پەرستی بزانن،عەقڵ وبیروهۆش وزانایی وعەقڵی مرۆڤ تاجێک نیە بەڵکو تاوانێکە ودەبێ بەئاوی مەی وسەربۆشکەروبێ هۆش کەرەکان بشۆرێتەوەو ئەوکۆرپە زۆڵەی هزروبیروعەقڵ وهۆشە بە حەبی بێ هۆش کەر لەباربرێ.

هەربۆیە لەهەرشوێنێ ئەم تیۆریە لەناودڵی خەڵکی بڵاوببێتەوە هەموو گەندەڵی بەدکاری وبێ ڕەوشتیەک بڵاودەبێتەوە،چونکە کە ئەم تیۆریە مادام پەیوەندی نێوان بەندەو الله ی بەدیهێنەری مرۆڤی پچڕی و باوەڕبوون بە ژیانی دوای مردنی لە کۆمەڵگادا سڕیەوە، کەواتە مرۆڤایەتی وکۆمەڵگا هیچ تێڕوانینێکی تری نامێنێ جگە لە گەیشتن بە ڕابواردنێکی کەمی ئەم ژیانەوگەیشتنە ترۆپکی چێژوەرگرتن وچاونوقاندن لەهەموو ئازارێکی دەروونی و وێژدانی ونکولی لێ کردنی وسەرکوت کردنی هەموو پرسیارە نەمرەکان.

لەگەڵ تەمەنی کورتی مرۆڤ چێژو ڕابواردن وپێشبڕکێ لەو گۆڕەپانە دا دەبێتە مەبەستی هەرە گەورەی مرۆڤایەتی و شانازی بە خۆڕانواندن ونمایشکردنی تاوان وبێ ڕەوشتیەکانی بە ئەندامە وروژێنەرەکانی ژنان وپیاوان وسامان وکارە بەدەکانی دەکاوشانازیان پێوەدەکا،خەڵک ملانێ یانە لەسەر بلێت وکورسی سینەماو ئاهەنگی سەماو خانەی لەش فرۆشی و قومارخانە و مەیخانەو شوێنی ڕابواردنەکان،لەناو ئەم مل ملانێ ی بێ ئاگاییەدا مرۆڤ ئاگای لەبیرکردنەوە لە چارەنوس ولەکوێ وەهاتووم وبۆ کوێ دەچم نامێنێ، کۆمەڵگا گشتیان مل ملانێ لەگەڵ یەک دەکەن ،کۆمەڵگا گەلەگورگەکەی مۆنتیسکۆیە و لەسەر کەلاکی مرداری دنیا شەڕیانە، بۆیە لێرە هەندێ لەبیرمەندانیان گەیشتوونە بیرۆکەی سەپاندنی پەیمانی کۆمەڵایەتی تا هەموویان لەم یاریە بەردەوام بن ودرێژترین کاتی ئەوماوەکورتە چێژ لە کەلاکە مرداربووەوەکە بکەن .

بێ باوەڕی وئیلحاد لەم مل ملانێ بەکۆمەڵە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاڵ دەدا بۆ لەناوچوونی بەکۆمەڵ ، چونکە هەریەکێ لەتاکەکانی بەخۆپەرستیەکی ڕەهاوەدەڕی، پەیوەندیەکانی لەگەڵ تاکەکانی تر هیچ کاریگەری پەیوەندی خزمایەتی ونەتەوایەتی وڕەوشتی ودینی تێدانیە، بەڵکو بەتەنیا پەیوەندی ئاڵوگۆڕی سودوقازانجەکان بۆ گەیشتن بە باشترین بڕی چێژ وەرگرتن ڕەچاودەکا،چونکە هیچ مەبەستێک لەم بونەدا بوونی نیەو مردن وفەنابوون کۆتایی هەموو

شتێکە،نەمانی مەرجەعیەتی ڕوحی مرۆڤ وجیاکەرەوەی عیرفانی وڕەوشت بەرزی ، ئەم تیۆریە داڕنینی قەداسەت وبەپیرۆز زانینە لە مرۆڤ ولەسروشت ،مرۆڤ میکرۆبێکی بزربووە ،ئاژەڵێکی دەستەوستانە، ئەوەندەی هەیە بالەگەڵ ڕەوتە زاڵەکەبێ بۆگەیشتن بەحەزوئارەزوەکانی، ئەم زۆرینەش کەسانی بەهێزو بیر نیچەیی و ڕەگەزپەرستەکان لە سیاسەت مەداروئابووری ناس و میدیاکارەکان بەسەریدا زاڵ دەبن .

کەواتە داخوران و لەناوچوونی پێوەرە ڕەوشتی وکۆمەڵایەتیەکان مرۆڤ والێ دەکەن کە بێ پێوانە و بێ هاوسەنگی بێ، دینێک نەبێ مرۆڤی دینداروبەڕەوشت دروست بکا وای لێ بکا بۆ ژیانی هەمیشەیی بژی، فەلسەفەی ڕەوشت وحیکمەتی فەیلەسوفە ئیلاهیەکان نەبێ کە والەخەڵک بکا بیر بکەنەوە لە ڕابردوو سەرەتاو کۆتایی وداهاتوویان.

بیرۆکەیەکی سەرەکی تر لەم دەروازەدا وروژاندنی ئەو پەیوەندییە کەلە نێوانە نمونەی زانیاری وپێزانینی مرۆڤ و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان هەیە، ئەفغانی پێ ی وایە کە نمونەی زانیاری ڕۆژئاوا لایەنگری ولاسەنگیەکی تەواوی بەلای ماددەدا هەیە وزانست بەسروشت وماددە ڕێساو هێڵی گشتی وسەرەکی یە زانست لەسەر دەروون وڕوح وڕەوشت و عیرفانی مرۆڤ ومرۆڤایەتی بوارێکی لاوەکی و پەراوێزە، لایەنی سروشتی مادەکان و شتەکان وهاوکێشەکانی ژێردەست کردنی مادەو تەنەکان گرنگەو هەربەو شێوەش دەڕوانێتە مرۆڤ کە تۆپەڵێک مادەی کیمیاویەو دەیەوێ بەهەمان هاوکێشەی کە بۆمادەی کارگەو فابریقەو کانەکان دەڕوانێ دەبێ مرۆڤیش وەک مادەکیمیاییە کارلێکی دەزگایی بکاوهەمان پێوەرو کۆنترۆڵی هەبێ کەلە توێژینەوەی دیاردە سروشتیەکان دەکۆڵدرێتەوە، چونکە وەک مالک نەبی دەڵێ:

ڕۆژئاوا مادە بەهۆکارو عیلەتی یەکەم دەزانێ ،کە مادە خودی خۆی بەدی هێناوە، هەرلەومادەشەوە دیاردەکانی سروشتی ڕەنگیان داوەتەوەو پەیدابوون، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم بونەوەرە بە پیرۆزنەزانن و ئەمەش بە تاکە زانست دەزانن کەلەدەرەوەی ئەو ە باوەڕیان بەبوونی هیچ زانستێکی ترنیە، تاکە زانست کە ئەوان باوەڕیان پێ یەتی ڕۆشنبیری چەندایەتی وبڕو کەڵەکەبوونە، پیرۆزی وقەداسەت بوونی نیە، مادام پیرۆزی نیە کەواتە ڕێزلێنان وهەڵبژاردەیی دروستکراوێک بەسەردروستکراوێکی ترو کەسێک بەسەرکەسێکی ترو زمان و شەرع و کتاب ودینێک بەسەر یەکێکی تر بوونی نیە، هەربۆیەش مرۆڤ لە شارستانێتی ڕۆژئاوا مرۆڤایەتی خۆی لەدەست داوەو یان بۆتە دڕندەیەکی ڕاوکەروهەڵدەکوتێتە سەر هەر شتێک کە دێتە بەردەمی، یان بۆتە ئاژەڵێکی گوم بوو وسەرلێشێواولەبیابانێک کەتەنیا دەرگای گەندەڵی وبەدکاری وڕیزپەڕی وڕەگەزبازی ولاڕێ بوون لەفیترەت وسەرگەردانی بۆکراوەتەوە، ئەوەش ئەوقەیرانەیە کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی

تیایدا دەتلێتەوە، بۆیە ئەو مرۆڤەی کەتێڕوانینی ڕۆژئاوا بەرهەمی دێنێ بەتێڕوانینە مادیەکەی تێکدەروڕوخێنەرە، هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە مادیە بەگەندەڵی وبەدکاری گەمارۆدەدرێن، کەس نازانێ کە لەکوێوە بەدکاری هاتۆتە ناودڵی، ناپاکی وفێڵ وتەڵەکە وغەدرکردن ودرۆزنی ودووڕوویی وبێ شەرمی وهەموو لاڕێ بونێک کە موی سەری مرۆڤی لێ گرژ دەبێ، لەناویان بڵاو بۆتەوەوبەئاشکرا دەکرێن.

هەربۆیە ئەفغانی هێرش دەکاتە سەر دەهریەکانی ڕۆژهەڵات وبە گێل وگەوجیان دەزانێ چونکە بۆخۆشیان نازانن چی دەکەن، ئەوان ڕەخنە لە خوڕەوشت وبارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوادەگرن بەبێ وردبینی ،کەچی خۆیان هەمان کۆمەڵگا لێرە بنیات دەنێن و بەرژەوەندی ئوممەتێک بەقوربانی بۆچوونە تێکدەرانەکانیان دەکەن.

دەروازەی چوارەم:چەند بەراوردێکی مێژوویی یە لە قۆناغەکانی ژیانی گەلو ئوممەت وشارستانیەکان ،کە پێش دەرکەوتنی ڕێچکەی دەهریەکان کاروباریان بەهاوسەنگی بەڕێوەچووەودوای پەیدابوونیان دەستیان بەدارمان کردوە، ئەم بەشە شۆڕەواری دەهریەکان لە بارودۆخی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەردەخا، ،ژیار لای ئەفغانی ناکرێ لە دینداری جیابکرێتەوە،چونکە ژیارەکان لەسەربنەمای بەهابڵاکان وڕەوشتەجوانەکان بنیات نراون، شارستان وژیاری یۆنانی چەندین سەدە بە پتەویی ویەک گرتوویی مایەوە، توانی لەبەرامبەر هێرشەکانی فارسەکان خۆڕاگربێ کەلەکاشغەری تورکوستانی چینەوە تائەستەمبوڵ لە ژێردەستیان بوو، ئەم خۆڕاگریەی یۆنان وگریکەکان بەردەوام بوو تا ئەبیقۆرو شۆپن کەوتوانی هاتن ،گوتیان کە مرۆڤ باشترینی دروست کراوەکان نیە، هیچ زیندووبونەوەیەک لە دوای مردن نیە،مرۆڤیش جۆرێکە لەئاژەڵ،ئەوهونەرو پیشانەی مرۆڤ دەیانزانێ هەمووی بەلاسایی کردنەوە فێری بووە، مۆسیقاودەنگ خۆشی لەبولبول وباڵندەکان فێربووە،خانووکردن لە هەنگ فێربووە،بژێوی پاشەکەوت کردن لە مێرولە فێربووە، ئەی بۆچی مرۆڤی لاسایی کەرەوەش وەک مامۆستاکانی نەژی؟ بۆچی شەرم نەی هێڵێ بە کامی دڵی خۆی ڕابوێرێ وەک باڵندەوئاژەڵەکان؟پەردەی شەرمیان لە دڵ ودەروونەکان داڕنی ودڕاندیان، ماڵی خەڵکیان بەحەڵاڵ دەزانی ولەهەرکوێ یەک خواردن وئازوقە هەبووایە گەمارۆیان دەدا وتێریان دەخوارد،بۆیە ناونران بە کۆمەڵەی سەگەکان، لەبازاڕەکان بڵاویان کردەوە کە خەڵکی هەمووهاوبەشن لە ماڵ وسامان، جاکاتێ خەڵکی باوەڕی بە بۆچوونی ئەبیقۆریەکان هێنا، ئەوزانست وزانین وهونەروپیشانەی بەجیاکەرەوەیان دەزانین بۆ مرۆڤ وشانازیان پێوەدەکردن، وردەوەردە وازیان لێ هێنان، گەوجی وگێلی ونەزانی لەناوگریکەکان بڵاو بۆوە، بازاڕی فەلسەفەوحیکمەت چۆڵ وخاڵی بوو،ئەوهەستەی هەیانبوو بەوەی مرۆڤ سەروەرو پاشایە گۆڕابۆ هەست کردن

بەسوک وچروکی وسەرشۆڕی،ئەو خوڕەوشتی ئەمانەت ودەست پاکیەی بەمردنیش دەست بەرداری نەدەبوون گۆڕیان بە پێشبڕکێ لەتەڵەکەو چەواشەکاری وناپاکی، ئەوشەرم وشکۆیەی هەیانبوو گۆڕیان بۆ بەدڕەوشتی و داوێن پیسی، ئازایەتی وجەربەزییان بووبە ترسنۆکی،خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان وبەهاکان بووە خۆشەویستی ڕابواردن وچێژوەرگرتن، هەربەم هۆیەش کەوتنە داوی بەکۆیلە بوون و بەندایەتی بۆ ڕۆمانیە لاتینیەکان، پاش ئەوەی بەبێ بەرامبەر فەرمانڕەوای ئەوروپابوون .

ئەوەی ئەفغانی لەم بەراوردەدا ئاماژەی پێ کردوە ،هەر ئەو ئەبی قۆرە مامۆستای ئەو کەسانە بوو کە ڕەوتی مۆدێرن وحەداسەیان دامەزراند.

تۆماس هۆبز لەم سەردەمە دەڵێ هەموو پاڵنەرو هاندەرەکانی مرۆڤ ئاڕاستەکراون بۆ پاراستنی ژیان و مانەوەی خود بەتەندروستی، بنچینە لە مرۆڤ دا خۆپەرستی وبەدکاریە، هەمیشە حەزدەکابگاتە زۆرترین بڕ لە چێژ وەرگرتن وڕابواردن ئەگەر بە هێزیش بێ، وەتابۆی بکرێ خۆی لە ئازاروئەشکەنجەو ژوارو مەینەتیەکان لادەدا، وەئەوبەشداری وقوربانی دانەش کەهەندێ جارلەگەڵ هەندێ لە هاونیشتمانیانی دەیکاهەر خۆپەرستیەکی ڕووپۆش کراوەومەبەستی گەیشتنە بەگەورەترین بڕی خۆشی وڕابواردن بەکەمترین بڕی ئێش وئازار، چونکە هاوکاری هەندێ ماندووبوونی لەکۆڵ دەکاتەوە، بۆیە ئاشتی هەمیشە خواستی مرۆڤەکانە، لێرە ئەبیقوری پێش زاین پێ ی وایە مرۆڤ ئاشتی بەدنیابەکەم گرتن بەدەست دێنێ چونکە زۆربەی جەنگەکان بەهۆی پلەوپۆست وسامان وژن ودەسەڵاتن، بەڵام هۆبز دەڵێ ئاشتی بە دەست کەوتنی هۆکارەکانی هێزو زاڵ بوون ومل کەچ کردنی هەمووان وبەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەهێز.

جیری بنتام دامەزرێنەری ڕەوتی براگماتی دەڵێ: سروشت بۆ مرۆڤەکان ڕام بووە بە هۆی دوو حوکمی ئازار وچێژوەرگرتن، ئەم دوانە فەرمان دەکەن لەهەر کردارێک کە ئێمە دەیکەین وهەرچی دەیڵێین وهەرچی بیری لێ دەکەینەوە،هەرچی سودی بۆمان نیەو ئازارمان دەدا هەوڵ دەدەین لێ ی دەربازبین، ئەم بۆچوونانەی ئەبیقور کاریگەربوە لەسەر زۆربەی بیرمەندە بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدەونۆزدە، .

کارل مارکس بڕوانامەی دکتۆراکەی لەسەر دیمۆکریتیس وئەبیقۆربووە ،یەکەمیان گەردیلەکانی ماددە بە بنچینەی بوون دەزانێ ودووەمیان چێژو خۆشی بە سەرچاوەی هەموو شتێک دەزانێ، مارکس گەیشتۆتە ئەو پوختەی کە وەک چۆن گەردیلەی دیمۆکریتس هێڵی ڕاستی بەجێهێشت و بازنەیی و بەلاری دەستی بەخواردنەوەکرد،ئاکاری ئەبیقۆریش ئەم هەموو لاربوونەوەو خوار ڕۆیشتن و وازهێنانی لە ڕاستە ڕێ بۆ خۆلادان بوو لە ئێش وئازاروگەیشتن بە

چێژوخۆشیەکان، کەواتە مەبەست وخێروئامانج دوورخستنەوەی ئازارە کەشەڕە وگەیشتنە بەڕابواردن کە خێرە.

مارکس لە دکتۆراکەی دا پشتی ئەبیقۆری دەگرت کاتێ کەلەگەڵ دیمۆکریتس ڕایان بەریەک دەکەوت، چونکە بەشاهێدی مێژوویی ئەبیقۆر پاڵەوانی دژایەتی بیری دینداری بوو لە کۆمەڵگای یۆنان وڕۆمان.

ئەفغانی لەم نمایشە دەیەوێ پێمان بڵێ کە ڕەوتەکانی مۆدێرنی ومارکسی وسۆشیالزمی ئەوروپا کە هەموویان ئەبیقۆریان کردۆتە بنچینەی دامەزرێنەری بۆچونەکانیان بە کەڵکی ئەوەنایەن کەببنە دامەزرێنەری ژیارێکی نوێ ،چونکە ئەبیقۆر ڕوخێنەری هەردوو ژیاری یۆنان وڕۆمانیش بووەو هەمان هۆکاریش بەبەراوردی مێژوویی باس دەکا کە هۆکاری داڕوخانی ژیاروشارستانی فارسیش هەربڵاوبونەوەی بۆچونەکانی بەدڕەوشتی و بێ باوەڕی بووە، بەهەمان بەراورد ئەفغانی هۆی ڕوخانی ژیاروشارستانی ئیسلامیش دەگێڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی بیروبۆچوونی حەشاشی وباتنی وقەرامیتەکان کە پێ یان وابوو دینداری وپەرستشەکان بۆ کەسانی ساویلکەن وکاتێ مرۆڤ گەیشتە پلەی کەمڵ ولە دین تێ گەیی هیچی لەسەر نامێنێ، ئەفغانی لەسەر زمانی حەشاشە تیرۆریزمەکانی حەسەن سەباح دەڵێ[پێ یان وابوو کە کردەوەشەرعیەکانی وەک نوێژوڕۆژوو تەنیا لەسەر ئەوانە یەکە مەحجوب و بێ بەشن لە بینینی حەق ،بەڵام بۆ تۆی کامڵ کە بەحەق گەیشتوی ،وازلە ئەرکە بەدەنیەکان بێنەوکۆڵی خۆتیان پێوە گران مەکە،ئەوئەرکانە تەنیابۆ بێ عەقڵ ودەروون نەخۆشەکانە،تۆی کامڵ لە ناوبۆتەی ئەرکەکان دەرکەوەو حەڵاڵ وحەرام وازلێ بێنە، وەرە بۆ بەرفراوانی ئیباحیەت وڕێ پێ دران ،خۆت لەناو قەفەسی ڕەوشت وئەمانەت وترس لە ناپاکی و پابەندی بەڕاستگۆیی و بەهاکان وخۆلادان لەدرۆو چێژەکان خەریک مەکە،ئەوانە چەند فرمانێکی خەیاڵین لە بیروهۆشی ڕابەروموشید بۆ کەسانی ناتەواودانراون، ]

بەم شێوە ئەفغانی داڕوخانی فەرەنسیەکان وعوسمانیەکانیش بۆ دەرکەوتنی ئەم بۆچوونانە دەگێڕێتەوەو ئەو نوشیریە ڕۆژهەڵاتیان بەگێل دەزانێ کە خەریکن گۆڕێک بۆ ژیارەکەیان هەڵ دەقەنن وخۆیان لەناوگەلان وئومەتان شەرمەزاروبێ ژیاردەکەن.

لە دەروازەی پێنجەم دا ئەفغانی ئەوبەڵگانە دێنێتەوە کە بەختەوەری ڕاستەقینە تەنیا لە دینداری دایەو ڕێچکەی سروشتی هەرگیز نابێتە هۆی دەستەبەرکردنی بەختەوەری،جاکاتێ بەختەوەری مرۆڤ بە گەیشتن بەهەندێ لە ئارەزوەکانی بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەستەبەردەبێ کەمرۆڤ هەموو ژیانی لەهەوڵ دابووە بۆ گەیشتن بەئارەزوەکانی بە هاوسنگی وبۆئەمەش چەند ڕێگەیەکی بەکارهێناوە:

- یان بەهێزو داگیرکردن وتاڵان کەئەمەش دەبێتەهۆی خوێن ڕژان و تێکدان ونەمانی ئەمن وئاسایش و بەختەوەری لەمەدانیە.

-لەڕێ ی دەوڵەتەوە کەزۆربەی دەوڵەتان ستەم کاروخوێن ڕێژو داوێن پیسن وخراپەکارن ودام ودەزگاکانیان پڕە لەگەندەڵی وفێڵ وتەڵەکەوچەواشەکاری وئەمەش دیسان بەختەوەری ناهێنێ.

- نەفس بەرزی وسەرکوت کردنی کە ئەمەش هەر ڕێگایەکی هاوسەنگ نیە.

- بڕوابوون بەبەدیهێنەری گەردوون وپشت پێ بەستنی وداوالێ کردنی کە هاوکاری بێ لە هەردوو دنیاوئارامی ودڵنیایی وبەختەوەری وگەیشتن بە پێویستی وئارەزوەکانی بەهاوسەنگی بۆ دابین بکا کەئەمەباشترین ومسۆگەرترین ڕێگەیە.لەکۆتایی ئەم دەروازە ئەفغانی پێ ی وایە کە دین هەتابەشێواوی ودەستکاری کراویش لە ڕێچکە دەستکردەکان باشترەو زووتر دەتگەیەنێتە بەختەوەری.

لەبەشی دووەم دا ئەفغانی باسی چوار خاڵ دەکا ،کە ئەو خاڵانە ئیسلام وەک دینێکی تەواوو کامڵ لە گشت دینەکانی تر جیادەکاتەوە کەئەمانەن:

- باوەڕبوونی ئیسلام بەتاقانەیی بەدیهێنەری گەردوون گرێنتیە بۆمرۆڤ تانەکەوێتەناوسەرلێ شێوان وگومڕایی و سەرگەردانی و عەقڵ وزیروهۆش وهزری توشی ئەفسانەو بەریەک کەوتن وبەمەش والەمرۆڤ دەکا کەهەرگیز هەست بەبێ هێزی وبێ توانایی وسەرشۆڕی وڕەنجەڕۆیی وبێ خاوەنی نەکاوکەسایەتیەکی دامەزراوو دەرونێکی ساغی هەبێ ودووربێ لە کلکەلەقێ وماستاوچێتی وترسان لە نەمانی بژێوی وپۆست پەرستی وهەموو ئاکارێکی شەرمەزارکەروناپاک.

-تاکە پێوەری شەرەف وڕێزوگەورەیی ڕەوشتی جوان وئاکاری پەسندە لە ئیسلامدا وسامانی زۆرو دەسەڵاتی زۆر پێوەری گەورەیی نین لە ئیسلامدا.

- ئیسلام بەوە جیادەکرێتەوە کەپەیڕەوانی هەڵدەنێ کەهەمیشە بۆ دین ودنیاوهەموو بوارێکی زانین وشارەزایی بەشوێن بەڵگەی دڵنیاکەرەوە بن خۆیان لەگومان ودڵەڕاوکێ و وەهم بپارێزن، بەمەش عەقڵ وبەرچاوڕوونی و دڵ پڕ متمانە ودامەزراودەبێ.

-ئیسلام هەموو ئوممەتی هەڵ ناوەو داواکردنی زانست وزانیاری وشارەزایی لە هەموو بوارەکانی ژیان بەئەرک لەسەرپەیڕەوانی داناوەو سەرکۆنەی نەزانی ونەفامی کردوە.

هەریەکێ لەم پایانە کاریگەری زۆریان هەیە بۆ پایەداری شارستانی و ڕێکی وبەختەوەری مرۆڤایەتی وهۆکاری داڕوخانی مسوڵمانانیش بەهۆی دوورکەوتنەوەیانە لەم پایانە.

بەم چەندە پوختەی ئەم کتێبەی ئەفغانی لێرەدا کۆتایی هات.

لەکاتێکدا ئەفغانی بەهۆی ئەم جەنگە فکری وزانستیە لە هندستان لەبیری چووبوو کە ئەو لە میسریش بەرهەمێکی چاندووەو خەریکە پێ دەگا، بۆیە دوای سێ ساڵ لە دوورخرانەوەی لەمیسرو لەساڵی 1882 شۆڕشی ئەحمەد عەرابی وەزیری جەنگی وەزارەتی محمودسامی بارودی سەرۆک وەزیران لە میسر لەدژی دەست تێوەردان وفراوانخوازیەکانی ئینگلیز دەستی پێ کرد ، هەرلەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشەکە دەسەڵات دارانی ئینگلیز ئەفغانیان لەشاری بۆمبای گواستەوە بۆ شاری کلکتاوکەنارگیریان بەسەردا سەپاندو نەیان هێشت هیچ دەنگو باسێکی جیهان بزانێ ،تاکو شۆڕشەکەی میسریان تێک شکاندو میسریان داگیرکرد وسەرانی شۆڕشەکەیان تەفروتوناکردن ،پاش ئەمە بە ئەفغانیان گووت ئێستا دەتوانی بۆ هەرکوێ یەک بڕۆی کە دەتەوێ ..

. –

دیداری شەشەم:

ڕۆژنامەنووس وگەشتیارودانوستانکارێکی بێ وڵات لەساڵانی :١٨٨٢-١٨٨٦ز.

[من وەکو بازێکم کە بۆشایی ئاسمانی ئەم جیهانە فراوانە بۆ فڕینی من تەنگ دێتە پێش چاوم!!من سەرم لە ئێوە سوڕدەمێنێ!کە دەتانەوێ لەو قەفەسە بچوک وتەنگەدا بەندم بکەن] لەوتەکانی سەید جەمال الدینی ئەفغانی..

لەدوودیداری پێشوو پوختەیەکی توێژینەوەکەی ئەفغانی کەلەسەرداوای خەڵکی هندستان لەبارەی نیتشەریە دەهریەکان نوسیبووی خستەڕوو لەوماوەی دوورخرابۆوە لەنێوان ساڵانی ١٨٧٩-١٨٨٢ ،هەرلەو ماوەدا میسریەکان بەسەرۆکایەتی ئەحمەدعەرابی وەزیری جەنگ لەوەزارەتەکەی محمودسامی بارووودی شۆڕشیان دژی ئینگلیزەکان کردو بەڵام شۆڕشەکەیان تێک شکێنراو عەرابی وبارودی گیران و بۆ دوورگەی سرندیب=سریلانکا دوورخرانەوە، ئەفغانی پاش کۆتایی شۆڕشەکەی میسر مۆڵەتی گەشتی لەهندستان پێدراو هەرلەبەرژەوەندی بەریتانیا نەبوو کە ئەفغانی لەوەزیاترلەهندستان بمێنێتەوە،چونکە بەتوێژینەوەکەی ئەفغانی دەرکەوت کە ئەفغانی دژی پڕۆژەکەی بەریتانیاو ئەحمەدخانەو دژی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی نوشەیریە، مانەوەی لەهند داهاتووی ئەوپڕۆژە دەخاتە مەترسیەوە هەربۆیە کارئاسانی بۆ کراو بۆیەکەم جار ئەفغانی جیهانی ئیسلامی جێ هێشت وچووە پاریس، دیارە هەمیشە دەوڵەتە

داگیرکەرەکان چاویان لەوەبووە کە کەسێکی کاریزماوەک ئەفغانی لەنزیکەوە بیان بینێ وپێ یانەوە مەندەهۆش وسەرسام بێ، بۆیە کە بینیان ئەفغانی لەلای دەوڵەتی عوسمانی وحجازویەمەن ومیسرو ئێران وشام وهند وئەفغان قسەڕۆیشتوە،کە ئەم کەسە بیروڕای بگۆڕێ وشێوازی دەسەڵاتی ئیستعماری قبوڵ بێ بۆ وان زۆر گرنگە، بەتایبەت کە ئەودروستکەرودینەمۆی شۆڕش وسەرهەڵدان و کەسایەتیەکان بوو،ئەفغانی لەساڵی 1882 گەیشتە پارس ولەوێ دەستی کرد بە دەرکردنی بڵاوکراوەی (العروة والوثقی) وبۆئەومەبەستە بانگی شاگردەکەی محمد عبدە کرد کەدوای شۆڕشی عەرابی دوورخرابۆوە بۆ بەیروت، ئەفغانی وعەبدە ئەم بڵاوکراوەیان بەبەرید دەنارد بۆ هەموو پایتەختەکانی جیهانی ئیسلامی تاکو ئەمیروجوتیارو ساماندارو هەژاربیبینێ.

لەپاریس ئەفغانی زۆرێک لە کەسانی بیرمەندو کاریزماو ڕۆشنبیرانی دیت، پردێکی هاوکاری لەنێوان ڕێکخراوەکۆمەڵایەتیەکان وشۆڕشگێڕەکان وکۆمەڵەی نهێنی العروة الوثقی کە وەک کۆمەڵەیەک لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات بۆ دژایەتی ئیستعماردامەزرابوو،وەداوای هاوکاری ئیسلامی وکۆمکاری ئیسلامی دەکردومژدەی نوێ بونەوەوچاکسازی دەدا، ئەفغانی سەرۆکی ئەم کۆمەڵەبوو،ئەم کۆمەڵە گۆڤارێکی عەرەبی لەپاریس دەردەکردو بانگەوازی دەکرد بۆ ئامانجەکانی کۆمەڵەکە ،گۆڤاری العروة الوثقی کە ئەفغانی بەڕێوەبەرو محمد عبدە سکرتێری نوسین بوو کاریگەری وشوێنەوارێکی زۆری هەبوو، وەتەنیا 18 ژمارەی لێ دەرچوو، بەڵام کاتێ بەریتانیا زانی کە گۆڤارەکە کاریگەریەکی زۆر وروژێنەری بۆسەر بەرژەوەندیەکانی داگیرکەر هەیە نەی هێشت بگوازرێتەوە بۆ وڵاتان .

هەرلەپاریس دوای وەستانی گۆڤارەکە ئەفغانی دەستەوستان نەبوو،بەشداری ڕۆژانەی هەبوو لە کۆڕوکۆبونەوەکان ولەڕۆژنامەوگۆڤارەکانی ڕۆژئاوا هەموو هەلێکی دەقۆستەوە بۆ بەرگری لە عروبەو ئیسلام وڕەوش وبەهاکان،لەگەڵ جالیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوڕۆژهەڵات دانوستان وئاڵوگۆڕی بیروڕای دەکرد.

کە ئەفغانی گۆڤاری عروة الوثقی ی دەردەکرد،شۆڕشی مەهدی لە سودان دەستی پێ کرد،ئەفغانی کە دەگوترێ مەهدی یەکێک بووە لە هەوادارەکانی ،زۆر باسی ئەم شۆڕشەی دەکرد، هەڵەوستەم وزۆرو دەست درێژی زۆری جەنەڕاڵ گۆردن ی لە گەڵ خەڵکی سودان ڕوون دەکردەوە،غلادستۆنی وەزیری دەرەوە گرنگی بەم بابەتە دابوو چونکە زۆرلەسەر وڵاتەکەی کەوتبوو و دانی بەهەڵەکانی حکومەتەکەی لە میسروسوداندا نابوو .

محمد المهدي کوڕی عبد الله کوڕی فحل (8 أغسطس 1843 - 21 يونيو 1885) پێشەوایەکی دینی سودانی بوو ،توانی خرتومی پایتەخت ڕزگاربکا،دەڵێن گوایە وێستویەتی جەنەڕاڵ گوردن بە بارمتە بگرێ، تا ئەحمەد عەرابی لە مەنفا

بگێڕدرێتەوەبەرامبەرئازادکرانی گۆردن،بەڵام سەرەنجام جەنەڕاڵ تشارلز غوردونی حاکمی گشتی سودانی لە ساڵی 1885.کوشت ،هەرلەوساڵە مهدیش بەنەخۆشی تیفۆئید مرد ...

گلادستون بۆ گفتوگۆ وئاڵوگۆڕی بیروڕا چەند جار ئەفغانی بانگ کردە بەریتانیابۆ چارەی کێشەی شۆڕشی مەهدی کە خوێندکارێکی ئەفغانی بوو، ئەفغانی لەبەریتانیا چاوی بەگەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە کەوت ،لەوانەش للۆردسالیسبۆری، ئەم لۆردە داوای لە ئەفغانی کرد کە لەلایەنی بەریتانیاوە ببێتە پێشەواوپاشای سودان.

ئەفغانی پێ ی گوت ئەم پێشنیارەت بەڵگەیە لەسەر نەزانیت لە سیاسەت دا،،ئەی لۆردبامن لێت بپرسم ئایا سودان موڵکی ئێوەیە تاکو من دانێن بەپاشا لەسەرسودان؟سودان ومیسر وبۆ سودانی ومیسریەکانن، بەشێکیشن لەدەوڵەتی عوسمانی وئەوەتاسوڵتانەکەی زیندوەوهێزی مادی ومەعنەوی هەیە، دەتوانێ چارەی دەردی خۆی بکا،بەڵام کەبەریتانیا حەزی لە باشکردنی بارودۆخی هاووڵاتیانە،بایەکەم جار ڕوولە ئێرلەندا بکا،چونکە ئەوان لەئێوە نزیکترن و پیوەندی خوێن ودینیش لەنێوانتان هەیە، ئەوەش یارمەتی پێک هاتنتان دەدا،ئەوە بەهێزترەلەو پێک هاتنەی کەدەتەوێ لەگەڵ میسروسودان وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بکەی.

ئەم ووتانەی ئەفغانی هەروەک وتەکانی تری لە هندستان ومیسر هەرایەکی گەورەی لەناو ڕۆژنامەکانی ئەوروپا نایەوە،بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی کە پشتگیری ئێرلەندەیان دەکرد،ئەم گووتانە لەنێوان یانە سیاسیەکانی شۆڕشگێڕوئازادی خواز ئاڵوگۆڕدەکرا،

تەنانەت سوڵتان عبدالحمیدی عوسمانی کە زۆرجار دژی گوتەوهەڵوێستەکانی ئەفغانی بوو ،ستایشی ئەم هەڵوێستەی کرد.

ئەفغانی لەبارەی ئەم دانوستانەوە دەڵێ:بەریتانیا دەیەویست من لەو وەفدوشاندە دابم کەبۆ چارەی کێشەی سودانی دەنێرێ،تا دانوستان لەگەڵ شۆڕشی سودان بکا بۆ گەیشتن بە ڕێک کەوتن، چونکە شۆڕشەکەی هەموو بەریتانیای خەریک کردبوو،منیش لە دڵی خۆم دا پێم باش بوو، تابتوانم خزمەتێک بەکێشەی میسروسودان بکەم ولەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزی دەربێنم،بەڵام بەهۆی مردنی مەهدیەوە ئەو دانوستانە نەکرا.

ئەفغانی تاساڵی ١٨٨٦ هەرلە هاتن و چوون دا بوو لەنێوان لەندەن وپاریس کە چالاکترین دوو دەوڵەتی ئیستعماری بوون ولەڕووی سەربازیشەوە لەهەمووان بەهێزتربوون، لەساڵی ١٨٨٦ بەریتانیا بانگی کردەوە تا لەگەڵ شاندێک بینێرێ تا هەژموونی ئەفغانی بەکاربێنێ لەلای سوڵتان وهاوپەیمانیەکی بەریتانی وعوسمانی

وئەفغانی وئێرانی پێک بێ دژی ڕوسیابەڵام بەریتانیا لە کۆتایی دا ڕای گۆڕی و بۆی دەرکەوت کە دژایەتی عوسمانیە تورکەکان بە عەرەبەکانی حجاز وبەکارهێنانی ئەفغانی لەم کارەدا بەسوود تر بەتایبەت کە دەیزانی کە ئەفغانی ڕاوبۆچوونی وابوو کە دەبێ هەر خیلافەتێکی ئیسلامی هەبێ دەبێ تعریب وبەعەرەبی بکرێ، بۆیە ئەفغانی ناردبۆ حجاز،بەڵام دیارە پەرت پەرتی عەرەبەکان لەنێوان ئیحساوقەسیم وشەریفی مەکەلەلایەک ودڵنیانەبوون لەو بەڵێنەی بەریتانیا ودژایەتی شای ئێران بۆو نەخشە ئەم پلانەی ڕاگرتوەو شای ئێران قەناعەتی بە ئەفغانی کردوەو بەڵێنی چاکسازی گەورەی لە ناوچەکە پێداوە،دیارە مەبەستی شا هەر ڕاگرتنی ئەفغانی و دوورخستنەوەی بووە لە ئەوروپا چونکە بە مەترسی زانیوە کە ئەفغانی لە ئەوروپابێ.

---

دیداری حەوتەم: خەتیبی شۆڕشەکان ودانوستان کەرێکی شەختە شکێن.

لەساڵانی١٨٨٦-١٨٩٢زدا:

لە دیداری پێشوودا گوتمان کە ئەفغانی لەسەرخواستی شای ئێران چوەتاران،

شا (ناصر الدین) لە (20 مایۆ ی ساڵی 1886) پێشوازیەکی گەرمی لێ کردوکردیە ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی،داوای لێ کرد کە پلانێک دانێ بۆ پێشخستنی ئێران،بەڵام ئەوەی زۆربەی دەسەڵات داران دەیانەوێ لەچاکسازی هەر بریتیە لەهەندێک سوراوسپیاوو ڕەش کردنەوەی پرچ وداپۆشینی نیشانەکانی پیری دەوڵەت و جوان کردن وگەنج کردنەوەی ڕوخساری دەرەوەیە ودەستکەوتنی هەندێ ستایش وپێ هەڵگووتنە ولەوە زیاتر زیانیان لێ دەدا.

خەونی مۆدێرنی وهاوچەرخ بوون خەونێکی ناسرشابوودوای سەرسام بوونی بە ڕووکەشە بریقەدارەکانی ئەوروپا،پێ یان گووتبوو کە ئەم بریقەداریەی ڕوخسارە لە دانانی دەستوورەوە دەست پێ دەکا،بۆیە ئەویش دەیەویست دەستورێکی مۆدێرن بۆ وڵاتەکەی دانێ ،بۆیە داوای لە ئەفغانی کرد کە دەستوورێکی بۆ دانێ، ئەفغانیش دەستی بە دانانی دەستوور کرد،بەڵام کاتێ شا خوێندیەوە بینی کە دەسەڵاتە ڕەهاوبێ سنورەکەی سنوردارکراوە،دەبێ گوێ لە ئەنجومەنی پیران ڕابگرێ،بۆهەربڕیارێک ڕەزامەندی بڕی دەنگی پێویستی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بێنێ،بۆیە لە ئەفغانی پرسی:ئەوە چۆن پاشایەتیەکە کەمن وکرێکارێک وەک یەکمان لێ هاتووە؟

سەیدیش وڵامی دایەوە: «ئەی پاشا،دەبێ لەوە دڵنیابی کە تاج وتەخت ودەسەڵات وفەرمانڕەواییت زۆربەهێزتروفراوانتردەبێ بە بوونی ئەم دەستوورە،دڵنیابە زانایان وهونەرمەندان وپیشەکاران وکرێکاران سودیان بۆ وڵات زیاترە لە پلەوپایەی پاشایی، ،ڕاستیەکە لەمن ببیستە ومن چەواشەت ناکەم، فەرمانڕەوای دەستوری هەڵێکی زێڕینە، بالە ئێران دەسەڵاتێکی دەستووری هەبێ،دەسەڵاتی تاکڕەوی وزۆرداری بڕوخێنێ،،ئەی پاشا تۆ زۆرت بینیوەو خوێندۆتەوە لەم جیهانە چەندان ئوممەت وگەل ونەتەوەو وڵات هەن کە بێ پاشاو دەسەڵات دار دەژین وهیچ کێشەیان نیە، بەڵام تۆ پاشایەکت دیوە بێ گەل وژێر دەستەو کارمەند وجەماوەر؟؟ بەڕاستی وێرانی وخراپی ئێران و سەرشۆڕی وبەدبەختی ئێرانیە چارەڕەشەکان هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ خودی دەسەڵات داروپاشاکەیان.

دیارە ئەفغانی لەشا بێ ئومێدبووەو لەمەبەستیشی تێگەیشتوە کەهەر ویستوێەتی لە پرۆژەی چاکسازی دووری بخاتەوە، بۆیە ئەفغانی چۆتە ڕوسیای قەیسەری کەلەوێش مسوڵمانێکی زۆر لەژێردەستی داهەبوون،سەرچاوەکان دەڵێن دووساڵ لەڕوسیابووە، کاری لەسەر هەڵنانی ڕوسەکان دژی ئینگلیزکردوە،چونکە بەریتانیا ویستبوی کە هەوپەیمانیەکی بەرفراوانی بەریتانیاوعوسمانی وئێران دژ بەڕوس پێک بێنێ، ئەفغانی دەیەویست کە ڕوسەکان هان دا کە هندستان کەنزیکە لێ یان لە دەستی بەریتانیا دەربێنن، لەوماوەدا ئەفغانی دیداری لەگەڵ شاژن وبەڕێوەبەری وەزیری دەرەوەی ڕوسی (زنویف)و قەیسەری ڕوسیا نیکۆلا کردوە، قەیسەر پرسیاری لێ کردوە کە هۆی جیاوازی لەگەڵ شای ئێران چیە وبۆ ڕێک نەکەوتون؟

ئەفغانی وڵامی داەتەوە: «پێشنیارم کردوە کە دەبێ دەسەڵاتی پاشا بەدەستورسنوردارىکرێ ،بۆیە نەم توانی هیچ هاوکاریەکی بکەم.».

قەیسەر گووتی: «من حەق دەدەم بەشا لەوەدا،چونکە هیچ فەرمانڕەوایەک ڕازی نابێ کە کاروبارەکەی بداتە دەست جوتیاروکرێکاران».

سەیدیش وڵامی دایەوە: «ئەی ئیمپراتۆر باوەڕم پێ بکە کەئەو ملیۆنان کرێکاروجوتیارە هاوڕێ ی سوڵتە ودەسەڵات بن باشترە لەوەی کە دووژمنی بن، ڕق وقینەکەیان بشارنەوەوچاوەڕێ ی هەڵێک بکەن بۆ تۆڵە سەندنەوە».

ئەم وڵامە وای کرد قەیسەر فرمان بکا کە ئەفغانی لە ڕوسیا دووربخرێتەوە لەڕوسیا تا مسوڵمانانی ڕوسیا لە قەیسەرنەوروژێنێ بۆ شۆڕش کردن.

پاشاکان هەمیشە مزگەرێکیان ویستوە کە مسە ڕەش بوەکەی ڕوی دەوڵەت لەکورەدا بریقەدار بکاتەوەوڕوخساروڕوکەشیان پێهەڵگوتراوو ستایش کراو بێ، لەوە زیاتر هیچ چاکسازیەکی ڕاستەقینەیان مەبەست نەبووە.

ئەفغانی لە دوای ڕوسیا لەساڵی 1889دا چۆتە ئەڵمانیا، لەوێ گوتارێکی بەزمانی ئەڵمانی نوسیوە وباسی ئەو سودو قازانجانەی کردوە کە بەریتانیەکان دەیکەن وئەوزیانانەی بەر ڕوسەکان دەکەوێ بەهۆی دانی ئیمتیاز بەبەشگە بەریتانیەکان لەلایەن ڕوسەکانەوە، مەبەستیشی لەم وتارە هەر وروژاندنی ڕوسەکان بوو بۆئەوەی کاربکەن دژی بەریتانیا،وەدەیەویست کە ڕوسەکان شای ئێران نەهێڵن کە مافی کەشتیوانی ڕوباری کارون بداتە بەریتانیا، دیارە ئەم گوتارە جیاوازیەکی لەنێوان شای ئێران وڕوسیا دروست کرد،بەڵام شا سەردانی ڕوسیادەکاو پەیوەندیەکە چاک دەکاتەوە ولەوەش دا سەرکەوتووبوو.

ئەفغانی لەوسەفەرەی شا ،شای ئێرانی دیوەو شابەڵێنی پێداوە بیکاتە سەرۆک وەزیران وبەم شێوە لەساڵی 1890 گەڕاوەتەوە ئێران، شای ئێران دوای گێڕانەوەی ئەفغانی هیچ پلەیەکی ناداتێ وناهێڵێ ئەفغانی بگەڕێتەوە ئەوروپا، ئەفغانی پێ ی وابوو کە شای ئێران سەرەتانە لەسیپەلاکی ئوممەتی ئیسلامی دا، بۆیە دەیەویست ئەم شەختە بشکێنێ و پێ ی وابوو ئێران پێویستی بەبەرپابوونی شۆڕشە،ئەگەرشۆڕش بەرپانەبێ ئێران لەناودەچێ.

ئەفغانی لەوسەردەمەدا بەبڵێسە ئاگرێک دەچێ لەناو ئەشکەوتێک کەهەرچواردەوری بەستەڵەکەو بەشەختەوسەهۆڵ بەندان دەورە دراوە،هێشتا ئەو تروسکە کزە شاخەکەی نەشکاندوەو نازانێ چەندەنەوت وخەڵوزوغازو کانزای واکەهەم گرەدگرن وهەم یارمەتی سوتان دەدەن لەژێر ئەشکەوتەکەدا لەناخی زەوی داهەن، کەچی تروسکەکە لەبەربێ سوتەمەنی دەترسێ کەبۆ هەمیشە بکوژێتەوە.

ئەفغانی لەم گرتووخانەی شای ئێران دا پەنای بردە بەر مەزاری ئیمامێک لە مەزارەکانی ئەهلی بەیت کە مەزاری عبدالعزیم بوو،لەوێ وتاری بۆ سەردانکەران وگەشتیارانی ئەومەزارە دەداوهانی دەدان لەسەرشۆڕش کردن وياخی بوون،ئەم پەنابردنە چەند مانگی خایاند،تالەشەوێکدا پیاوەکانی شای ئێران هێرشیان کردە سەر مەزارەکەولە شەوێکی ساردوبەبەفردا ئەفغانیان بەنەخۆشی بەسەر بەفردا ڕاکێشاوسواری کەرێکیان کردو بەشارەکانی قوم وکرماشان دا گێڕایان وپاشان لە خانەقین فڕێ یان دا، ئەفغانی بەم حاڵە نالەبارە خۆی گەیاندە بەسرە، ئەمانە دوای ئەوسوکایەتیە بۆیە فڕێ یان دایە خانەقین

کەبەزمانی حاڵ پێ یان گوت بەقین وڕق وتوڕەیی خۆتەوبخنکێ،بەڵام چونی ئەوبۆبەسرە ،ئەوەیە کە ئەفغانی بەسیرەت وچاوڕونی وڕێنمایی دەست کەوت وبەوچاوڕونیە نامە بەناوبانگەکەی بۆ شیرازی مەرجەعی شیعەکان نوسی کەلە سامرا دادەنیشت..

شا لەشۆڕشی ناوخۆ دەترسێ و لەساڵی 1891 شا ئەفغانی دوور خستەوە ودەری کردبۆ عیراق، شا نەیزانی کە خوێنبەری دڵی ئێران لە عیراق دەبڕدرێ نەک لەئەوروپاوڕوسیا.

ئەفغانی گەورەمەرجەعەکانی شیعەی هاندادژی ئاڵقەلەگوێ ی شابۆ ئینگلیزەکان ،ئەم نامەی بۆ ئایەت الله شیرازی نوسی:

[بێگومان الله کورسی وپلەو پایەو سەرکێشی ئێوەی لەناو دڵی یەکەیەکەی خەڵکیدا داناوە،تابینە کۆڵەکەی عەدل ودادگەری و ڕێگابۆ خەڵک ڕۆشن بکەنەوە،ئوممەتی ئیسلامی چاوەکانی لە ئێوەبڕیوە،ئەو ئوممەتە دەزانێ کە بەختەوەری وسەرفرازی وئازادی لە لای ئێوەوە دەدرێ، ،هەموویان هیوایان بە ئێوەیە،،ئێرانیەکان دەپرسن:بۆچی دەبێ حجة الاسلام بێ دەنگ بێ لەبەرامبەرئەوڕوداوانە؟ فرمانی ئێوە لای مسوڵمانان گوێ ڕایەڵی دەکرێ،کەس لەبەرامبەر حوکمی تۆدا ڕاناوەستێ، ،دەتوانی هەموو خەڵکی بەیەک ووشە کۆبکەیەوە بەرامبەر دوژمنانی الله و مسوڵمانان، دەبا کۆتایی بەشەڕوبەدکاری کافران بهێنرێ، دەمسوڵمانان ڕزگار بکە لەم بارودۆخە پڕ مەینەتیە، پێویستە حەق بگوترێ، تۆ پێشەوای شیعەکانی ،تۆ وەکو ڕوح وگیانی لەناولاشەی کۆمەڵگای مسوڵمانان دا،تۆشایانتری بەدانانی بەردی بناغەی یەکبوون ویەکگرتوویی ئیسلامی ، کەسی تر ناتوانێ بەم ئەرکە گرنگە هەڵسێ بێجگە لەتۆ، ئەم ئوممەتە بێجگە لەتۆ متمانەی بەکەسی تر نیە لەم کارەدا،جاکێ هەیە لەوکەسە شایانتربێ لەوپیاوەی کەلەسەدەی 14 الله هەڵی بژاردوە لەناوهەموو خەڵکی دا تابێتە بەڵگەوبوڕهان وحوجەت لەسەر هەموو خەڵکی ]

ئەم نامە وای کرد کەشیرازی فەتوای حەرام بوونی تنباک بدا لەساڵی 1891 دا کە ئەمە دەقەکەیەتی: «بسم الله الرحمن الرحيم اليوم إستعمال التنباكو والتوتون بأي نحو كان في حكم محاربة إمام الزمان صلوات الله وسلامه عليه»=(بسم الله الرحمن الرحيم ئەمڕۆ بەکارهێنانی تنباک وتوتن لە حوکم یاساغ وحەرام و جەنگ کردن لە دژی ئیمامی زەمان دایە علیه السلام)

بەم شێوە ناسرالدین شا ناچار بوو ئیمتیازی کۆمپانیا بەریتانیەکە هەڵ وەشێنێتەوەوقەرەبوەکەشی بدا.

بە کاریگەری ئەوە ئایەت الله شیرازی فەتوای حەرام بوونی تمباکی دەرکردکەشا مافی وەبەرهێنانی ئەم کاڵایەی دابووە کۆمپانیای ئینگلیزی ،بەوهۆیەوە کۆمپانیاکە ڕەنجەڕۆبوو، وەمافی بەرهەم هێنانەکەش هەڵوەشایەوەو شا ناچاربوو قەرەبووی زیانەکەی بدا.

هەردوای ئەم کارەش ئەفغانی عیراقی بەجێ هێشت وڕۆیشتەوە لەندەن.

شا ی ئێران لەدوای سەردانەکەی بۆ ڕوسیا خەریک بوو دەرگای بۆ ڕوسەکان دەخستەسەر پشت ،بەریتانیەکان ئەو پەراوێزکردنەیان پێ قبوڵ نەدەکرا، بۆیە ئە م حاڵەی ئەفغانیان قۆستەوەو گلادستۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەفغانی بانگهێشتی لەندەن کرد،بەڵام ناسرالدین دەیەویست بۆ هیچیان ساغ نەبێتەوەو لەسەر پەت پەتێن بەردەوام بێ، هەرچەندە ئەفغانی بە نەخشەی بەریتانیەکان ڕازی نەبوو ،بەڵام ئەم مانەوەی لەبەریتانیا قۆستەوەو لەوێ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ضیاء الخافقین بە دووزمانی عەرەبی وئینگلیزی دژ بە سیاسەتەکانی شای ئێران ، شای ئێران لەم کارە زۆر پەرێشان بوو ،باڵوێزی ئێران چەند جار سەردانی سوڵتان عبدالحمیدی عوسمانی کردو بە بەڵێنی کۆمکاری ئیسلامی و بەوەی کە سوڵتان هەمیشە داپۆشەری شەرم وشکۆو کەم وکوڕی مسوڵمانانە تکای لە سوڵتان کرد کە ئەفغانی بانگ بکاتەوە بۆ ئەستەمبوڵ وبوونی ئەفغانی لە بەریتانیا بۆ مسوڵمانان نەنگیە ،،،لەم قسانە ،تا سوڵتانی ڕازی کرد بەوەی ئەفغانی بانگ بکابۆ ئەستەمبوڵ، بەڵام عبدالحمید هێندەی ئیزرائیل لە ئەفغانی دەترسا، چونکە هەموو ئەوشوێنانەی کە ئەفغانی پیای دە ڕەت بووبوو پشێوی وشۆڕشی تێ کەوتبوو، دەترسائەم هاتنەی ئەفغانی بۆ ئەستەمبوڵ پیلانێکی بەریتانی بێ، بەریتانیا ئەفغانی بە پیاوی عوسمانیەکان دەزانی و سوڵتانیش ئەفغانی بە پیاوی بەریتانیا دەزانی و پێ ی وابوو کەئەفغانیش وەک حکمەت پاشا هەر پیاوی بەریتانیایە، دیداری داهاتوو دوو کاریزمای سەدەی نۆزدە ئەفغانی وعبدالحمید بەیەکەوە کۆدەبنەوە..

---

دیداری هەشتەم:ئەفغانی داهاتووخوێنەرەوەو پلاندانەرێکی دووربین وچاکسازێکی دینی ڕیشەیی .

لەدیداری پێشوو باسی ئەوەم کرد کە سوڵتان لەگەڵ ئەوەی لەهاتنی ئەفغانی بۆ ئەستەمبوڵ دەترساو بەحکمەت پاشایەکی تری دەزانی، لەلایەکی تریش کەسەیری ڕابردوو وهەڵوێستەکانی ئەفغانی وبوێری ئەفغانی و ڕق بونەوەی ئەفغانی لەبەریتانیاوئێران دەکرد دڵی خۆش بوو،بەڵام لە عەرەب پەروەری ئەفغانی دەترسا،لەساڵی 1892 ئەفغانی لەسەرداوای سوڵتان هاتە ئەستەمبوڵ، سەرەتای

پەیوەندیەکان زۆرباش بوون، ئەفغانی گەشبین بوو،هیوای هەبوو کە هەنگاوی باش بنێ بۆ چاکسازی، کۆمکاری ئیسلامی دروست دەکا ،

لێرە هەندێک لەو گفتوگۆو دایەڵۆکانەی نێوان ئەفغانی وسوڵتان ودەست وپێوەندی سوڵتان لە شانۆگەری سوڵتانی مەزڵومەوە دەگوازمەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەعەرەبی لە ریاز نوسیومە تا دیمەنەکان بۆخوێنەر ڕۆشن بن،ئەم وتانەی لێرە بەشێوەی گفتوگۆدام ناون لە کتێبە مێژوویی ویاداشت ودیکۆمێنتکاری وژیاننامەکانی کەسایەتیەکانی ئەوسەردەمە کۆم کردونەوڵەسەرشێوەی دایەڵۆک دام ناون:

سوڵتان: سەید لەوانەیە سەرکۆنەم بکەی وبڵێ ی میسروتونس وجەزائیرت لە دەست دەرچووەوهیچت نەکرد، بەڵام براکەم بزانە کە باپیرانم دەوڵەتێکی بەرفراوان وفرە دین وفرە ڕەگەزوفرەکێشەیان بۆ بەجێ هێشتووم، دۆستیشیان بۆ خۆیان نەهێشتۆتەوە،هەموویان لەخۆیان کردونە دوژمن،ئەوە ئەرسودۆکس وئەوە کاسۆلیک هەریەکەی دوژمنایەتی سەدان ساڵەمان هەیە،هەروەک دەشزانی پێش ئەوەی لەسەرتەختی سوڵتانی دانیشم، هەڵگەڕاوەکان بەفیتی دەوڵەتە ئیستعماریەکان لەساڵی ١٨٧٦ سوڵتان عبدالعزیزی ماممیان تیرۆرکرد، پاشان مرادی برامیان بۆچەند ڕۆژێک داناوپاشان لێ یان خست، پاشان جەنگێکیان هەڵگیرساند کەزۆری نەمابوو ئەستەمبوڵ داگیربکرێ، ئەوجەنگە باری شانی زۆرگران کردین وکەوتینە ژێرباری قەرزێکی زۆر،هێزی سەربازیمانی زۆرلاوازکرد،ساممان لەدلی دوژمناندانەما،بۆیە کە بەرگریم لەتونس بکردایە سوریام لەدەست دەچوو،کەهەڵوێستم لە میسر تونبدوایە،فەلەستین وعیراقم لەسەردەدا.

ئەفغانی:بەهانەی زۆرم بۆ مەهێنەوە،پێش ئەوەی بتان بینم ناوبانگتان دەزانم،دەڵێن ئەگەرلەگەڵ هەموو داهی ولێزان وحەکیمەکانی سەردەم بکێشرێن لاتای ئێوە قورسترە لە ڕووی زیرەکی ولێهاتوویی و وریایی،بەتایبەتی لە ڕووی ژێرباڕخستنی خەڵک، ئەوەتا ئەمیری مۆنتنیگرۆ وبولغاریا لەگەڵ ئەو هەموو لێهاتوویەشیان دروشمی دەوڵەتەکەتان دەپۆشن وتەربوش دەکەنەسەریان،شانازی بەو پلەسەربازی ومەدەنیانەوە دەکەن کە ئێوە پێ یان دەبەخشن،لە نوێژی جومعەدا بەشداردەبن لەگەڵتان، ئەوروپا بەهۆی سیاسەتە حەکیمەکانتان و بێداریەکەتان تەنگی پێ هەڵ چنراوە،بێ ئومێدبوون لە داگیرکردنی بەڵقان،دڵنیان لەوەی پارچەپارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانی بەبێ لەناوچوونی ئەوروپا ناکرێ، هەموو ئەم سیفەتە باشانەی ئێوە پاڵی پێوەنام کە دەستی بیعەت وبەڵێن دانتان

بۆدرێژبکەم،وەزۆرباش دەزانم کە جیهانی ئیسلامی بەبێ بێداری ئێوەو کۆبوونەوەلەژێرسایەی دەوڵەتەکەتان لەتۆری ئەوروپیەکان دەربازی نابێ .

سوڵتان:من پێم وایە جەنگی خاچ پەرستی هێشتاکۆتایی نەهاتووەوبەردەوامە بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی ،بۆیەدەبێ لەهەرکەنارێکی جیهان بین ،ئیسلام بۆ ئەم مەبەستەکۆمان بکاتەوە،تەنانەت لەگەڵ ئێرانیش،،نەبوونی تێگەیشتن لەنێوان ئێمەوئێران مایەی مخابنیە،ئەگەربمانەوێ هەل نەدەینە دەستی ڕوس وئینگلیزەکان،دەبێ لێک نزیک بونەوەیەکی ئیسلامی هەبێ،چونکە ئێران هەمیشە کارتی فشاربووە بەدەستی دووژمنانی دەوڵەتی عوسمانیەوە،بەتایبەتیش ڕوسیا.

جمال الدین : من هەندێک لە کاربەدەستانی ئێرانم والێ کردون کەباوەڕیان بەم نزیک بوونەوەهەبێ،هەروادەتوانم کە مسوڵمانانی ناوەڕاستی ئاسیا تامیسروسودان بوروژێنم،هەموو هەوڵێکمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەم پرۆژە.

بەڵام ئاماژەتان بەکێشەی میسرکرد،میسر شوێنێکی زۆر ستراتیژیە،هەموو کیشوەرەکان بەیەکەوە دەبەستێ، چۆن لەدەستی خۆتان دا؟ئێوەکە دەتانزانی ئەو دەسەڵاتە مەعنەویەی لەدەستی ئێوەدایە بەسەر ملیۆنان لە مسوڵمانانی ژێردەستی ئینگلیزوبەشێوەیەکی عاقڵانە ئاڕاستەتان بکردایە وبەکارتان بهێنایە ئێستا ئەم کاسی تاڵایی ئارام گرتنەتان بەدەستی بەریتانیەکان نۆش نەدەکرد، میسر گرنگترین شوێنی ئیسلام دوای حجازو شام ولێرەش گرنگترە،کەمیسرت نەبێ نەدەتوانی حجازبپارێزی نەفەلەستین وشام.

سوڵتان:خدێوی ئیسماعیل بە مۆڵەتی مامم سوڵتان عبدالعزیز قەرزێکی زۆری لە دەرەوەکردبوو،ناچاربوو کەناڵی سوێس بفرۆشێ،بەمەش قەرزەکان نەدرانەوە،ناچاربوو فەرمانساوبەریتانیالەحوکمی میسربەشداربکا،ئەمەش بوە هۆی جوڵاندنی هەستی نیشتمانی وبەهۆیەوە ئیسماعیل لێخراوتۆفیق بوەخدێوی میسر،دوای دوورخستنەوەی ئێوە تۆفیق لەژێر پاڵەپەستۆی جەماوەر ئەنجومەنی وەزیرانێکی نیشتمانی دامەزراند،ئەمەش بەریتانیاوفەرمانسای تورەکرد،ئەودووەوڵەتە پێشنیاریان بۆ ئێمە ئەوەبوو کە من هێرشێک بکەمەسەرئەو حکومەتە نیشتمانیە و لەناویان ببەم وبیان کوژم وبیان گرم ،پاشان میسریان وەک نێچیرێک پێشکەش بکەم،بەڵام من ئەمەم بەهەڵبژاردەیەکی دوور لەعەقڵ زانی،من کە نەتوانم قەرزەکانی میسربدەمەوەنەشتوانم بەرگری لێ بکەم، باهەرنەبێ بەشداری داگیرکەران نەکەم بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش گێرە نیشتمانیەکان؟

لەڕاستی دا دەبێ مرۆڤ لەناودەوڵەتان دا دەبێ زۆربەوریایی هەڵس وکەوت لەگەڵ بەریتانیابکا،ئەوانە گەلێکن ڕێزلە بەڵێن وپەیمانەکانیان ناگرن، لۆرد کرانفیل لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1882 بەڵێنی دا کە هەرچی لەوفرمانانەی

لەنێوانماندایە جێ بەجێ ی دەکەن،ئەمیراڵ سیمورلەتەممۆزی ساڵی 1882ڕای گەیاند کەبەریتانیەکان هیچ لە پلانیان دا نیەکە میسر داگیربکەن بەهیچ شێوەیەک، دوفریە ی باڵوێزی بەریتانیا ئەستانبول ڕای گەیاند کە بەریتانیا داوای هیچ ماف وئیمتیازاتێکی سیاسی وبازرگانی لەمیسرناکا، هەتاکە سوپای بەریتانیاش چوەناومیسر هەربەناوی پاراستن وڕێزگرتنی شکۆوناوبانگی خدێوی تۆفیق وە چوو وەک جەنەڕاڵ وۆوسلی بڵاوی کردەوە،،بەڵام دوای ئەوە بەریتانیا هەموو ئەوبەڵێنانەی لەبیرخۆی بردەوە،شکۆوڕێزی نوێنەری باڵاو مەندوبی سامی ئێمەی شکاند، توانی لەمیسر لەهەموو شتێکمان داڕنێ، فەڕەنساش بەم بێ لایەنیەی لەوهەموو ڕوداوو یاریانەی بەریتانیا زۆر سەرسامی کردم،زۆرم هەوڵدا فەڕەنسا دەست تێ وەردان لە میسردابکا،بەڵام هەوڵەکانمان سەری نەگرت،ڕای گشتی جەماوەری فەڕەنسیش دژی خواستی من بوو،کەنەیاندەویست فەڕەنسالەم کێشەی میسر لەدژی بەریتانیابەشداربێ،فەڕەنسیەکان لەمەولا دەبینن ئەوان هیچ هەژموونیان لەمیسرو لەکانالی سویس دا نابێ و هەمووی بۆ بەریتانیادەبێ،

جلال الدینی زاوای سوڵتان:ئەی کوا سندوقی کتێب وکەل وپەلەکانتان؟تا لەوکۆشکەی دانێین کە مەولامان بۆ جەنابتانی تەرخان کردووە.

جمال الدین: من تەنیا دووسندوقم لایە.

جلال الدین:من هیچم لە لای ئێوە نەدیت؟

جمال الدین بە پێکەنینەوە: سندوقی کتێبەکانم لەسنگم دایە وسندوقی جلەکانیشم لەژێر عەباکەم دایە. من دەرویشێکی فانیم ،فەیلەسوفێکم جیهان وەک یاری منداڵان دەبینم ،منداڵێکی چاوبرسیش نیم،لەهیچ شتێ ناترسم، نەلە دەسەڵات ونەلە شەیتان،لاشم زۆر گرنگ نیە تەمەن درێژ بێ یان کورت،هەموو مەبەستم ئەوەیە بگەمە کۆتایی ،کەگەیشتم سوێندبەخاوەنی کەعبە من سەرفرازم.

دەڵێن بۆژن ناهێنی؟ من ئەم جیهانە گەورەم مارەنەکردوەوهاوسەرگیریم لەگەڵ نەکردوە، چۆن هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک بکەم!؟

پێدەچێ ئەفغانی پێ ی وابووبێ کە ئەو کەسانەی نەخشەڕێ یەکی تایبەتیان لە بیروهۆش دایەو ئەو نەخشە ڕێ یەوجیهانبینیە مادام لەجیهانی واقعدا بوونی نیە پێویست ناکا ژن بێنن ومااڵداری بکەن،چونکە ئەوان هەمووکاتێک لە جەربەزەیی

وگیانفیدای وخۆقوربانکردنن بۆ ئەو خەونەیان، مرۆڤی لەوجۆرەش ناتوانن بۆ خێزانداری وژن ومناڵ و سامان وبازرگانی بژین.

سوڵتان:سەید تۆ دەزانی کە جەنگەکان زۆرتر لە پشت بەرەی جەنگ ئیدارە دەکرێن ،نەک لە بەرەی جەنگ، ،جاهەروەک گوتم ئەم ئیمپراتۆریەی باپیرانم بۆیان جێهێشتووم لە باری لێک هەڵوەشان دایە،هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا بۆی لەبۆسەدان، هیچ هەلێک بۆپارچەپارچەکردنی بەفیڕۆنادەن،چەندین کێشەی ناوخۆمان هەیە بەهۆی فرەیی زمان وفرەدینی کە ئیدارەدانی زۆرزەحمەتە،من هیچکەم بەدەستەوەنەماوە تەنیا قۆستنەوەی بەریەک کەوتنەکانی دوژمنەکانم بەوردی بقۆزمەوە لەدژی یەک بەکاریان بێنم ،بۆئەمەش پێویستم بە دەزگایەکی هەواڵگری تۆکمە هەیە، تائەڵمانیا لەبەرامبەر بەریتانیا دانێم.

بەریتانیا لەبەرامبەر چاوچنۆکیەکانی ڕوسیا دانێم، هەوڵ دەم فەڕەنسا بێ لایەن بێ ونەمسا پاڵدەم لەدژی ڕوسیایان ئەڵمانیا، هاوسەنگی وردلەنێوان مەقدۆنیەکان وبولغار بپارێزم،هەروەها لەنێوان سرب ویۆنان لەبەڵقان دا،تەنانەت خزمەتگوزاریە گشتیەکانیشم بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناون، ئەوەتا هێڵی شەمەندەفەر دەدەمە ئەڵمانیا تابەریتانیای پێ بترسێنم بە بەستنی مسوڵمانان بەیەکەوە،

بەریتانیام خەریک کردوە بەگەڕان بەدوای شوێنەوارەکان دا،،من هەموو بەرامبەرەکانم واڕادەگرم کە هەرگیز بێ هیوا نەبن لە هاوپەیمانیم ونەچن هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر بکەن.

وەدوژمنەکەشم هەر لە هیواداری دا دێڵمەوە کە ئەوهاپەیمانیە ڕوو نادا،ئەوە کۆکردنەوەی سامان بۆ پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری دیمەشق ومەککە مەبەستمە کە تێ یان بگەیەنم کە سوڵتان و وڵاتێک هەیە شەوو ڕۆژ لەخەمی ئەوەیە کە پەیوەندیەکانیان نوێ بکاتەوەو تا بەم یارمەتیانە هێمابێ بۆ هۆگری مسوڵمانانی ڕۆژئاواڕۆژهەڵات بە خەلافەتەکەیانەوە.

بە ئەرنائوت وئەلبانەکان هەڕەشە لە نەمساو وڵاتانی بەڵقان دەکەم،بە سوارەکوردەکانی حەمیدیە هەڕەشە لە ڕوسیای قەیسەری دەکەم،بەعەرەب هەڕەشە لە فەڕەنساوبەریتانیادەکەم، ڕاستیەک هەیە کە پێویستە دەرکی پێبەکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە وزەوتوانامان نیە کە جەنگی وڵاتە ئەوروپیەکان بکەین، بەڵام ئەو دەوڵەتە گەورانە چەندان گەلی مسوڵمانیان لە ژێر دەستە لە ئاسیا وەک دەوڵەتی بەریتانیاکە ملیۆنان مسوڵمانی هندوئەفریقیاو وڵاتانی تری لەژێردەستە

،هەروارۆسیاش هەروا،من بەچەکی خلافەت ووابەستەیی ئەوگەلە مسوڵمانانە بە خلافەتەوە ئەو وڵاتانە بەوگەلانە دەترسێنم،هەربۆیە ناتوانن کە بۆ زاڵ بوون بەسەر خەلافەی عوسمانی دا کۆ ببنەوە،منیش ئەم چەکە بەکارناهێنم وتەنیاهەڕەشەی پێ دەکەم ،چونکە دەزانم بەکارهێنانی ئەوچەکە لەبەرژەوەندی برایانی هاودین و وڵاتەکەم دا نیە، بۆیە هەوڵی پاراستنی یەکیەتی مسوڵمانان وپەیوەندی ڕوحیان بەخیلافەتەوە سەلامەت تر ە بۆ هەمووانمان

,بەڵام هیچ ئومێدێک نیە بەبێ یەکگرتوویی ،هەرچەندە ئێستازووە بەڵام هەر کاتی دێ.

من داوام لە سەماحەتی ئێوە هەیە ئەی سەید کەهەموو هەوڵی خۆتان بخەنە کار بۆ یەکخستنی بیروبۆچوونەکانمان ویەکێتیەکی پایە چەسپاو دابمەزرێنین لە گشت گەل ونەتەوەکانی جیهانی ئیسلامی وبرایەتی ئیسلامی لە نێوانمان دا بەهێزبکەین و پیشەسازی و زانستەکان ببوژێنینەوەلە ژێرسایەی سەربەخۆیی نەتەوەیی ویەکێتی ئیسلامی ،من پێم خۆشە کەلەگەڵ من بەشداربن لەهەڵگرتنی ئەوسپاردەی خلافەتە،وشەرەفی هاوبەشیتان لە بەرگری کردن لەم ئوممەتە پێ ببڕێ وسەنگەرێک پڕ بکەنەوە،بۆیە پێم خۆشە کە پۆستی دادگەری سەربازی=قازی عەسکەر، بەئەستۆبگرن، ئەم پۆستە لەگەڵ تواناو هەیبەت وبوێری وگوتاربێژی ئێوە دەگونجێ، جوبەی فراوان وفشوفۆڵی بۆ بپۆشن ،هێماو نیشانەکانی دەوڵەتی عوسمانی پێوە کراون،.

یەکێ لەخزمەت کارەکان جبەکە دێنێ وسوڵتان بۆ ئەفغانی ڕادەنوێنێ .

ئەفغانی بە پێکەنینەوە دەڵێ:

سەبارەت بەداواکاریەکەتان دەبێ بمبورن من هیچ پۆستێک وەرناگرم، پلەوپایەی زانست ودانایی لەهەموو پۆستێک گەورەترە،من نامەوێ وەک ئێستری بەگوڵینک وڕیشووی ڕەنگاوڕەنگ بم،جەمال الدین پێدەکەنێ ویاری بە تەسبیحەکەی دەکا لەبەردەم سوڵتان ودەڵێ:

سوڵتان ،حەزم و ورەبەرزی محمودی باپیرت وەربگرە،پەتی ناپاک و دڕدۆنگان لە ناوتایبەت مەندو پلەدارانت بپچڕێنە، حجاب و خۆشاردنەوەت لەجەماوەر لەسەر خۆت لابە، بۆجەماوەر دەرکەوە، من هەر کرداروگوفتارێک کە شاراوەی پێویست بێ پێم وایە کە بۆیە شاردنەوەی پێویستە چونکەلە ئاشکراکردنی دا شەرمەزاری وحەیاچونێکی تێدایە،کاملّی تەواو لە مرۆڤەکان یان هەرنیە یان دەگمەنە،بەڵام کەماڵی ڕێژەیی مرۆڤەکان کاتێکە کە زۆری کرداروگوتاریان ئاشکرابێ، نەێنی وشاراوەیان کەم بێ، هەردەوڵەتێک کارەکانی لە ئوممەتەکەی بشارێتەوە خێری تێدانیە، ئێوە هەمووکات باسی کێشەی فرەیی زمانەکان لەوڵاتەکەتان دەکەن،

،بەداخەوەکە تورکەکان هیچ پیشەو کارێکی ئەم دنیایە نازانن جەنگ وکوشتارنەبێ،بەڵام کە ئینساف و ویژدان و حەزم و ورەبەرزی بەکاربێنن، دەبێ دەوڵەتی خلافەتی ئیسلام وقورئان بەعەرەبی بکەن ،ئەمە کاری یاوەروسەحابەو خەلیفە یەکەمینەکانە، ڕزگارتان دەکا لە فرەنەتەوەیی وفرەزمانی ،ڕیزەکانت پتەوبکەودادگەری بۆ هەمووان پایەداربکەولەسەرسونەت وڕێ وشوێنی هارون ڕەشید ومائمون بڕۆ ،خۆناڵێم لەسەر ڕێ ی خەلیفەکانی ڕاشد بڕۆ ئەوەبۆتۆ زەحمەتە، دەبینی کە هیچ وڵاتێک لەوڵاتەکەی تۆ دەوڵەمەندترو شکۆدارتروپتەوترنیە،

یەکێک لەوەزیرەکان بە ئەفغانی دەڵێ کەلای سوڵتان یاری بە تەسبیحەکەی نەکا.

ئەفغانی بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ،سبحان الله سوڵتان یاری بە عەقڵ وبیروهۆش وسامانی ملیۆنان خەڵک لەجیهان بکا قەیناکاوکەس پۆزشی نیە،بەڵام جەمال الدین مافی ئەوەی نەبێ تەسبیحەکەشی ڕاوەشێنێ!!

ئەم سوڵتان محمودەی ئەفغانی ئاماژەی پێ دەکا سوپای یەنیچیری ئینکشاری لابردو دەوڵەتی لەدەستیان ڕزگارکردو وسوپای فەرمی دامەزراندو محمد علی پاشای ناردبۆ سەرکوت کردنی یاخی بوونی وەهابیەکانی نەجد.

سەبارەت بە عەرەب کردنی دەوڵەت ،ئەفغانی ئەمەی بەدین دەزانی ،کە ئیسلام حوکم بێ حوکمێکی عەرەبیە،ئەمە یازدەجار لەقورئاندا هاتووە، وەلەزۆر فەرمودەش ئاماژەی پێ کراوە کە ڕق لێ بونەوە لە زمانی عەرەبی مرۆ ڤ دەکاتە کافروبێ باوەڕ،هەروا ئەمە کاری هەرچوارخەلیفەکانی ڕاشدو یاوەران وسەردەمی ئەمەوی وعەباسیەکان وڕاوبۆچوونی زۆربەی سەرمەزهەبوو کۆکەرەوانی فەرموودەو زانایانی تەفسیرو فقهە لەچوار سەدە یەکەمەکانی ئیسلام دا.. زاراوەو دەربڕدراوو وویردو زیکرو پەرستش وهەموو کردەوە کانی کەبەعەرەبی بکرێن وبگوترێن یەقینین وگومانیان تێدا نیە ،کە وەرگێڕدران بۆهەرزمانێکی تر، هەموو وەرگێڕانێک بە قەبڵاندن وتەخمینە، لەکۆندا ڕۆمانیەکان گوتویانە هەموو وەرگێڕو تەرجمەکارێک لە زمانێک بۆ زمانێکی تر درۆزنە، چونکە دەربڕدراوو دەستەواژەکانی هەرزمانێک کەلەسەر کردەوە یان دیاردە یان تایبەتمەندی یان کاڵاوشتێک دانراون هۆکاروبۆنەیەک هەبوە بۆدانانیان بۆیە زمان ونەتەوەکان جیاوازن و وەرگێڕان تەخمین ودرۆی زۆری تێدەکەوێ ،بەتایبەت لەو وشەو چەمکانەی موقەدەس وپیرۆزن و لەویردو پەرستشەکان بەکاردێن ،بۆنمونە وشەکانی نوێژ،ڕۆژوو،بەهەشت، دۆزەخ، یەزدان، خودا ، چەند وشەیەکن هەندێکیان لە ئاڤێستا هاتوون، پێشینانی ئیسلام لە یاوەرو تابیعی و سێ لە چوار ئیمامەکان کە مالک وشافعی وئەحمەدن بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانەیان لە ئیسلام دا بەدروست نەزانیوە .

ئەگەر ئێمە وەرگێڕانیش بەدروست بزانین ،وشەی جەننەت دەبێتە باخچەوبێستان، نەک بەهەشت، ووشەی صلاة دەبێتە دوعاوپاڕانەوەونزاو پەیوەست بوون وپەیوەندی نەک نوێژونماز،وضوءدەبێتە ڕۆشنایی نەک دەست نوێژ،صیام دبێتە خۆگرتنەوە نەک ڕۆژوو، ووشەی رب دەبێتە پەروەردەکاروگۆشکەر، ووشەی الله ، لەسەر مەزهەبی ئەوانەی دەڵێن الله موشتەق وداتاشراوە لە الە واتە معبود ،معبودیش بە پەرستراو وەرگێڕدراوە، هەرچەندە پەرستراو بۆعبادەت زۆر دڵنیا نیەو وشەی وقایە وصیانة وحفظ بۆ پارێزگاری و پەرستن بەکار هاتوون ،کە نازانرێ وشەی پەرستن بۆ کامیان دروستە وڕاستە؟.

بەڵام ئەوانەی کەدەڵێن ووشەی الله جامدەو دانەتاشراوە لە الە کە ئیمامی شافعی یەکێکە لەوان ئەوە دەبێ الله وەک خۆی بەکاربێنین چونکە وشەی جامد چونکە نازانرێ واتاکەی لەچیەوە وەرگیراوە بۆیە لەهەموو زمانەکان دەبێ وەک خۆی بەکار بهێنرێتەوەو نەگۆڕدرێ.

سوڵتان هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گووتی: سەردەمی محمودی باپیرمت بەبیر هێنامەوە، بارودۆخی من وئەو زۆر لێک جیاوازن، ئەو ئەوروپایەی لەسەردەمی ئەودا هەبووجیایە لەوئەوروپایەی سەردەمی من، ئەو هاووڵاتیانەی لە لەسەردەمی ئەودابوون جیاوازن لە وهاووڵاتیانەی لە ژێردەستی منن،،هەروەزیرێکم بە وەزیرێکی دی گۆڕیبێ کاردانەوەوکرداری بەدم ئەوەندە بینیوە کە لە گۆڕینەکەم پەشیمانی کردومەوە،بێجگە لەسەبروئارام گرتن هیچ چارەوپێگۆڕێکم نیە،ان شا الله ئارامیش دەگرم پلە بە پلە،ئەوەتا ئەمن ئیشێکت پێ دەسپێرم تۆ قبوڵی ناکەی وبیانوو دێنیەوە، دەتۆش بیانوم بۆ بێنەوە کە بەخێرایی گۆڕانکاری ناکەم،وەگۆڕانێک ناکەم کە لەگەڵ ئەم سەردەم وشوێنە ناگونجێ، دەبێ کارەساتێک ڕوبداو ئەوروپا خەریک بکاو نەی پەرژێتە سەرئێمە، ئێمەش هەڵەکە بقۆزینەوە کە بارودۆخی خۆمان چاک بکەین وشڕەی خۆمان پینە بکەین ان شا الله.

بەڵام وڵاتەکەمان هەروەک قەڵای پتەوی ئیمان دەبینێتەوە بۆ ئەم دینە ،چونکە کە پێناسەی دینی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی نەمائەوە دەوڵەتەکە بەیەک جاری نامێنێ،زۆر جێ ی داخە لەکۆی زیادلەدووسەد ملیۆن مسوڵمان تەنیا بیست ملیۆنیان لەناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی ماون، بەڵام ئەوەی جێ ی دڵ خۆشیە کە دڵی هەموو مسوڵمانان وابەستەیە بەم دەوڵەتەوە،هەرچەند دوژمنەکانمان بەسەرهێزی مادیمان دا سەرکەوتوون،بەڵام لایەنی مەعنەویمان بەخۆڕاگری ماوەتەوە ،پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتە مسوڵمانەکان بەهێزبکەین ونزیک بونەوەکەمان زۆرلەوە زیاتربێ کە ئێستاهەیە، هیچ ئومێدێکی داهاتوومان نیە مەگەر بە یەکێتی ویەکبوونی ئیسلامیەوە نەبێ، تایەکێتی ئوممەتی ئیسلامی

ویەکێتی مسوڵمانان مابێ واتە فەرەنساوبەریتانیا وڕوسیاهۆڵەندالەژێر هەژموون وکۆنترۆڵی ئێمەدان،،چونکە یەک تاکە فەرمانێک لەخەلیفەوە بەسە بۆ بەرپابوونی جیهادلەهەموو ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی کەلەژێردەستی ئەو وڵاتانەدان کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپابوونی کارەساتێکی سامناک لەوڵاتانی نەسانی ومەسیحی دا،

دەبێ ڕۆژگارێک هەربێ کە کە تیای دا هەموو مسوڵمانانی دنیادا تێکڕا هەڵدەستن وکۆت وبەندەکانیان دەپچڕنن وئەوەتا ٨٥ملیۆن مسوڵمان ئینگلیزحوکمیان دەکاو ٣٠ ملیۆن مسوڵمان هۆڵندا حوکمیان دەکاو ١٠ملیۆن مسوڵمان لە ژێردەستی ڕوسیادان وومسوڵمانانی تر لە ئاسیاوئەفریقیا کە ژمارەی هەموویان دەگاتە ٢٥٠ ملیۆن کەس ،هەموویان چاوەڕوانی سەرکەوتنی الله دەکەن، چاوی ئومێدوهیوایان لە خەلیفەی مسوڵمانان بڕیوە،ئایالەم بارودۆخەدا بۆمان دروستە کەلەبەرامبەردەوڵەتە زلهێزەکان لاوازو بێ هێزبین؟

پێویستە پەیوەندیە ئیسلامیەکانمان پتەوبکەین،بەشێوەیەک کە مسوڵمانانی هیندو چین ووئەفریقیاو جاوە-ئەندەنوسیا- لەگەڵ مسوڵمانانی دیکەی جیهان پشتی یەک بگرن وهاوکاری یەکتربکەن، جێگەی داخە کە تائێستا هیچ جۆرە هاوکاریەک لەنێوان ئێمەو ئێراندا نیە تائێستا،لەسەر ئێران پێویست بوو کە لەگەڵ ئێمە لێک نزیک بین تا نەبینە یاری دەستی ڕوسەکان وبەریتانیەکان.

ئەگەر سەیری یاداشتەکانی سوڵتان عبدالحمید وژیاننامەی بکەی ،گوتاری لەم جۆرەی زۆرە، بەڵام ئەو چەکەی هەربەکارنەهێنائەوخەونەی بردە ژێرگۆڕەوەو هەرگیز نەهاتە دی، هۆی نەهاتنە دی ئەم خەونەش چونکە شێوەی بیرکردنەوەی عبدالحمید بۆ بابەتەکان هەر بیرکردنەوەبوو لە پلەوپایە، ئەو وای دەزانی مانی ئیسلام واتە مانەوەی دەسەڵاتداری بنەماڵەی ئارتوغرڵی تورکی ،با عەرەب وعەرەبایەتی بەوڵات و نەتەوەو کەلەپورەوە ،بە مەکەو مەدینەو یەمەن وقودس وشامەوە هەمووی لەناوبچن ،گرنگ ئەوەیە تورک وئالی عوسمان سەلامەت بن واتە ئیسلام ماوە،وە لای ئەو دەبوو هەموو عەرەب و هیندو مالاوی وفارس ونەتەوەکانی تر هەموو خزمەت کاری تورکن ،وەک ئەوەی قورئان بەتورکی هاتبێ وقیبلەو تێکست و موقەدەساتی ئیسلامی هەموو بەتورکی بن، هەربۆیە الله ئەو دەوڵەتەی ئاوو ئاو بردو خودی تورک وکەمالیەکەکانی کردە گەورەترین دوژمن وناحەزی بنەماڵەی سوڵتانەکانی ئارتوغرل و لەوڵات دەریان کردن و لە ئەوروپا ژیانیان بەسەربرد، ئەوەی ئەوان شانازیا ن پێوەدەکرد دوژمنیان بوو، ئەوەی ئەوان لەگەڵی دەجەنگان بووە پەناو سایە بۆ نەوەکانیان.

جمال الدین: دەگونجێ سونەو شیعە یەک بخرێن ئەگەر هەردووکیان نیازپاکیان نیشان دابەرامبەر یەکتر، لە ڕاستیدا هەندێ لە دەسەڵات دارانی سوننە بۆ هەڵخەڵەتاندن وچەواشەکاری خەڵکی عەوامی سونە کلک وباڵی زۆریان لە شیعە

ناوەو زۆر زیادەڕۆیان لە سامناک کردنیان کردوەو شتی زۆر نامۆ و گێڕانەوەی سەرسوڕمێنیان داونە پاڵ شیعە وبنەماڵەی ئالوبەیت وبنەماڵەی،ئەمەش بۆ مانەوەی هەژموون ودەسەڵاتی خۆیان وپلەوپۆستی خۆیان و مانەوەبەردەوامی بازاڕی حزب حزبێنە ودەستە وتاقمە دژبەیەکەکان ولەشکرکێشی وجەنگ وشەڕی بەردەوام ونەبڕاوە لەنێوان مسوڵمانانداا کەبازاڕی ئەو پاشاوکاربەدەستانە لەوخوێن ڕشتنەدا لەبرەودابووە.

ئەگەر بەچاوێکی بێ لایەنانەو ڕاستەقینە سەیری مل ملانێ یەکە بکەین دەبینین کێشەی هەرسەرەکی لەو بابەتەی چاکتروچاکترینە دایە، باشە کە سوننە بۆ شیعەی بسەلمێنن کە عەلی چاکتربوو ولەپێشتر بە خلافەت لە ئەبوبەکر،ئایا بەم بڕیاردانە هیچ لە بارودۆخی عەجەمەشیعەکان باشتردەبێ؟

یان کە شیعە بێن لەگەڵ سونەو بڵێن دان دەنێین کە ئەبوبکر باشتربوو ولەپێشتربوو بەخەلیفایەتی ئایا ئەمە دەبێتە هۆی بوژانەوەی سوننە وقەوارەی یان دەپارێزێ؟ ئایا ئەوسەرشۆڕی وبێ ئاگایی وبێ سەروبەریەیان لەسەرلادەبا؟

ئەی خەڵکینە سوێندبە گەورەیی حەق ئەمیری ئیمانداران عەلی هەرگیزبەوە ڕازی نابێ کەشیعە لە سەربەباشترزانینی ئەو خەڵکی سوننە بکوژن ودژایەتیان بکەن هەرلەبەرئەوەی هەتاعەلی لە ئەبوبکرچاکتر بزانرێ، هەروا ئەمیری بڕوادارانئەبوبکریش ڕازی نابێ کەسونە بەبیانوی بەرگری لە شیعە بکوژن تا ئەو چاکتربوونە بۆ ئەوبڕیاربدرێ،ئەوە ئەندەزەگیریەکی پەروەردگارە کە پێشدا سەحابەبەتەمەنەکان بوونە خەلیفە وپاشان گەنجەکان، خۆکە یەکەم جار عەلی ببوایە بە خەلیفە ،ئەوە ئەبوبکروعومەروعوسمان وەفاتیان دەکرد،ئەوەهرخەلیفە دەبوو،مسوڵمانان لە حیکمەت ولێزانیان بێ بەش دەبوون، ئەمە حیکمەت ولێزانی اللە یە لە ناودروستکراوەکانی

وان اکرمکم عند اللە اتقاکم.

بابەتی ئەوە کەکام لە سەحابەویاوەران باشترە لەکامیان هەواڵێک نیە لە ئاسمانەوە دابەزیبێ ولە ڕێساگشتیەکان وبنچینەکانی دین بێ وخەڵکی لەسەربکوژرێ، ئەم بابەتە تێگەیشتنە تێگەیشتنیش بەشێک نیە لەدین، هەموو ئەهلی سونە کۆن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر کەسی لەشوێن خۆی دانەناوە،بەڵام مەسەلەی چاکترین بوون، بابەتێکی ڕێژەییەو سنوردارەو هەریەکێ لەتایبەتمەندیەک چاکترینە،ئەوەش پێغەمبەر علیه السلام بەوفەرودەی بڕیاری داوە کە فەرمویەتی: میهرەبانترینی ئوممەتەکەم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرە،توندترین کەسیان بۆفەرمان وداخوازی اللە

عومەرەدادگەرترین و زاناترین کەس بەقەزا عەلیە، ،زاناترینیان لە حەڵاڵوحەرام موعازە، ،زاناترینیان لەمیرات بەش کردن زەیدە،،،،ئابەم شێوە.

دەشبینین ئەم ڕێساگشتیەی ئەم فەرمودە گۆڕانکاری تێدەکەوێ، ئەوەتاعومەری خەلیفە ،هەمان عومەری وەزیری پێغەمبەرنیەو لە فرمان دا تواندنیە، هەروەها مەرج نیە ئەوەی چاکترین بێ لای پەیام بەر علیه السلام لای الله ش باشترین بێ، ،ئەوەتا پێغەمبەر هەرخۆی فەرمویەتی کە خۆشەویسترین کەس لە ژن وپیاوان تێکڕا لام عائیشەیە، ،هەرخۆشی فەرمویەتی باشترین ژنانی جیهان خەدیجەی کچی خویلدوفاتیمەی کچی محمدومریمی کچی عمران وئاسیای کچی مەزاحیمن،

کەواتە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەسێکی چاکترینی لابوو کە فاتیمەیە وکەچی کەسێکی لەخوارئەوەو خۆش ویست ئەمە دەیسەلمێنێ کە خۆشویستنی مفضول لەگەڵ بوونی افضل و محبوب و خۆشەویست تر لای الله بۆ پێغەمبەرودەسەڵاتداری مسوڵمانان دروستە بە پاڵنەری غەریزەو سروشتی مرۆڤایەتی کە پیاو سۆزو میهرەبانی بۆ ژنەکەی هەیە.

جامن زانایانی شیعەوسونە بۆ ئەم بابەتە کۆدەکەمەوە کە جەنابتان عەرزتان کردم ،وەتکاشم لە ئێوە ئەوەیە کە وەک نیازپاکیەک و دەست پێش خەریەک قبوڵ بکەن کە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لەعیراق بدرێتە ژێربەڕێوەبردنی وحکومەتی ئێران و شیعەکان خۆیان ،تابیکەینە مەرج لەسەریان وبەومەرجە بەشداری لە کۆمکاری ئیسلامی دابکەن، وپێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەک دەکەم لە ئەستەنبوڵ کە نوێنەری هەموو حکومەتەکان وگەل ونەتەوە ئیسلامیەکانی تێدابن بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە،وەهەرکێشەو لەمپەرێک لەنێوان مسوڵمانان هەبێ ئەو لێژنە چارەی بکا.

دەبێ ئامانجی ئەم کۆنگرە کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوون ویەکخستی کاروباری فەرمانڕەوا مسوڵمان ودەوڵەتە ئیسلامیەکان بێ لە پرۆژەیەکی پیرۆزی هاوبەش بۆ گێڕانەوەی جیهادو تێکۆشانی موقەدەس وپیرۆزلەتێکڕای دەوڵەتە ئیسلامیەکان لەحاڵەتی دەست درێژی کردنە سەر هەرولاتێکی ئیسلامی ئەندام لەوکۆنگرەدالەلایەن ولاتێکی ئەوروپیەوە،دەبێ هەمووان بە هەمووشێوەیەک یارمەتی بدەن وبایکۆدی کڕینی هەموو کەل وپەل وکاڵایەکی ئەوروپی بکەن، ،بۆ ئەم مەبەستە من پەیام دەنێرم بۆ گشت زانایان وئەدیبان وشۆڕشگێڕان ولەهەموو ولاتانی ئیسلامی بەچەندین زانی جیاوازلە هندستان وئەفانستان تادەگاتە میسرو مەراکش، هەمووان بانگهێشت دەکەم بۆ زیندووکردنەوەبوژاندنەوەی دەوڵەتی ئیسلام ،،

بێ گومان تاکە چارەسەرو دەوای هەموو دەردومەینەتیەکانمان خۆی لە وەدادەبینێتەوە کە دەبێ مسوڵمان تەنهاشوێن ڕێوشوێن وئاڕاستەکردنەکانی قورئان بکەوێ،وە مسوڵمانانی سەردەمی زێڕینی ئیسلام بۆخۆی بکاتە سەرمەشق

وپاککردنەوە ی نیەت وخواستێکی ساغ وساف ،چاکسازی دینی ئیسلام تەنیا لەسەر هێڵەگشتیەکانی قورئان دەبێ لەپێش هەمووشتێک دا،پاشان تێگەیشتن لەقورئان بەشێوەیەکی دروست وئازاد.

لەم قسانەی ئەفغانی لەوەتێ دەگەین کە ئەوەی ئەفغانی پێ تۆمەت باردەکرێ کە ئەو بەڕەچەڵەک شیعەیە بۆیە داوای نزیک خستنەوەی سونەوشیعەی کردوە، ئەوەتا بەئاشکرا دیارە کەسەید ئەم کارەی لەسەر داخوازی سوڵتان کردوە، هەروەها لەم گوتارە ئەوە تێ دەگەین ، کە حاکم وفەرمانڕەواو خەلیفە تەنیا بەئەبوبەکری میهرەبان ناکرێ ئەگەر کەسی توندلەسەرفەرمانی دینی عومەرو دەسەڵاتی دادگەری عەلی و زانستی حەڵاڵ وحەرامی موعازو میرات بەشکردنی زەید و،،نەبێ.

خۆ هەرعومەر کە بریندارببوو گوتی کە ئەبو عوبەیدەو سالم زینوو بان ئەو بێ ڕاوێژدای دەنان بە خەلیفە ،کەواتە ئەم چاکترو چاکترین وڕیزبەندیە کە هەرای زۆری ناوەتەوە ولەخەڵک کراوەتە دین وەک ئەفغانی دەڵێ هیچ پەیوەندێکی بەدینەوە نیەو لەو نەبتە شەیتانیە یە کەمونتن وبۆگەنە ،چونکە هاوارکردنی موهاجیریەک وئەنساریەک بۆ دژایەتی موهاجیروئەنسار بۆگەنە، دەستە دەستەبوونی مسوڵمان وبانگەشەی چاکتربوونی عەلی وئەبوبکرو یەکترکوشتن لەسەرئەوەش هەربۆگەنە ونەفامیە.

سەبارەت بەو کۆنگرە هاوپەیمانیەو کۆمکارە تۆکمەیە وئاماژە بە بایکۆدی ئابووری وهاوپەیمانی سەربازی ولێکدانەوەی قورئان بە تێگەیشتنی دروست وئازاد لەو پێش بینی و ڕێو شوێن وڕێسایانەن کە دەری دەخەن کە ئەفغانی بەڕاستی نوێ کەرەوەو موجەدید وپێشەنگ ودووربین بووەو لەمەولاش لەوتەکانی تری لەم بابەتە زۆرتر دەبینین..

---

سەرگوزەشتەی ژیانی پێشەنگی ڕۆژهەڵات:

جەمال الدینی ئەفغانی (٣)

(١٨٣٩ز/١٢٥٤ک -١٨٩٧ز/١٣١٤ک

---

دیداری نۆیەم:کۆمەڵناس وهزرمەندێکی سیاسی:

---

لەم دیدارەش دایەلۆک وگفتوگۆی نێوان ئەفغانی وسوڵتان عبدالحمید بەردەوام دەبێ ،لەچوارچێوەی ئەم دایەلۆکەش کێشە هەرە گرنگ وبابەتە هزریەکانی تێڕوانین وفەلسەفەی ئەفغانی تاوو توێ دەکەم.

ئەفغانی :ئەم مل ملانێ یەی کەلە نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا هەیە، وەهەریەکەشیان لەم دژایەتیەیان قەڵغان وزرێ ی دینداری وبەرگر لەسەروریەکانی دین-ئیسلام ومەسیحیەت- بەکاردێنن، پەیڕەوانی ئەم دوو دینە وەک ئامێرێکی کەڕو کوێرن بەدەستی ئەو کەس ودەزگایانەی دەیانجوڵێنن،،ئەوەتا هەڵگرانی دینی نەسرانی دین بەکاردێنن لە پێناوی دنیاداودنیای خۆیان بەدینەکەیان بریقەدارەکەن، ئەوانەی بەناوی ئیسلامیشەوە کاردەکەن دنیایەکەیان بەقوربانی دینێکی ساختە کردوەو دینەڕاستەکەیان وەلاناوە، بۆیە ئەمانە نەدینیان هەیەونەدنیا.

جیاوازی نێوان دینەکان لە بنچینەی دینەکان نیە، لەناو کتێبە پیرۆزەکان ڕێنمایی و ڕێ وشوێنی پێغەمبەران هەموو یەکە، ئەم جیاوازیە هەندێک لەسەرانی ئەم دینانە کەخەریکی دنیاخواردنن بەدینەوە وبازرگانی پێوە دەکەن وبەئایەتەکانی دینەکان بەنرخێکی کەم هەرزان فرۆش دەکەن،دروستیان کردوە، ئەگەرنا هەرسێ دینی موسەوی وعیسایی ومحمدی لە بنەماکانیان دا هەموویان یەک بنەمایان هەیەو لە مەبەستەکانی شەریعەت دا هەموویان مەبەستیانە ژیان و دینداری وعەقڵ وماڵ ووەچەی مرۆڤایەتی بپارێزن، بۆیە من ئومێدێکی زۆرم هەیە کە پەیڕەوانی ئەم دینانە لەسەر بابەتە مەبەستی وڕێسابنچینەییەکان یەک بگرن، هەروەک چۆن بنەماو ڕێساو مەبەستەکانی دینەکانیان یەک گرتوون، بەم یەک گرتنەش هەنگاوێکی گەورە بەرەوئاشتەوایی جیهان دەهاوێژرێ لەم ژیانە کورتەدا،بەڵام چەند چاڵێکی قوڵ ولەمپەرێکی گەورە لە پێش ئەم یەکگرتنەی پەیڕەوانی دینەکانن،ئەم دەستەوتاقمانە کەبوونە لەمپەر هەریەکەیان وێنەی حانوت ودوکانێکی دنیادارین،هەر تایفەو مەزهەبێک لەو دینانە وەک کانێکی تواندنەوەی زێڕوزیوو سەرمایەی ئەو بازرگانیە و ئەو پەرتەوازیەو دووبەرەکایەتیەی لە نێوان وئەم دین ومەزهەبانە دایان هێناوەولەخۆیان وکۆمەڵگای مرۆڤایەتیان کردۆتە دین، کردەوەی ئەمانە ئەو بەیتە شیعرەی شاعیری بەسەردا دەچەسپێ کە دەڵێ:

لەوانەیە پیاو بۆ بازرگانی یەکەی ی حانوتێک دانێ

حانوتێکت داناوە بۆ دین وخەڵک بەدیندارت دەزانێ

دینەکەت کردۆتە دالّاشێکو نێچیری پێ دەگری

دالّاشداروڕاوچیەکان سەرفرازنابن لە مەیدانێ

قد يفتح المرء حانوتا لمتجره

وقد فتحت لك الحانوت في الدين

صيرت دينك شاهينا تصيد به

وليس تفلح اصحاب الشواهين

لەکێشەی ڕۆژهەڵات دا تەنیا هۆکاری دین کارا نیە،ئەم کێشەی کەناوی کێشەی ڕۆژهەڵاتە لەوانەیە ئەمڕۆ یاسبەی، دەگاتە خودی تورکیاش، وەهەموو کیشوەرەکە دەگرێتەوە، هەموو حکومەت وفەرمانڕەواکان کە لەشێوەدا هاوشێوەی ئەم حکومەتەی تورکیای عوسمانین، لەشێوەی حوکم کردن وزیادەڕەوویان لەگەڵ حکومەتی تورکیا،هەموویان دەگرێتەوە، ئەوەی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ڕق وقینەو دووبەرەکیەکەی قوڵ کردۆتەوە گرتنی ئەستەمبوڵ بوو لەلایەن مسوڵمانەکانەوە کە ئەوشارە شوێنێکی پیرۆزبوو لای مەسیحیەکان، لەمەوپێشیش لەکاتی وڵام دانەوەی نوسراوێکی زیا پاشا بۆم نوسی کە ئێمە لە ڕووی دینیەوە هیچ سودێکمان لە گرتنی ئەو هەموو کیشوەرو وڵاتە بەرفراوانانە نەکردوە،ئەوەتا نەسرانیەکانی ناودەوڵەتی عوسمانی پابەندترودەمارگیرترن بە مەسیحیەکەیانەوە لە مەسیحیەکانی ئەوروپاوڕوسیا،خۆکە ئەم مەسیحیانەی بەلقان وتورکیا لە ژێردەستی وڵاتە ئەوروپیە مەسیحیەکان بونایە ئێستا مەسیحیەتەکەیان لەبەرچاوان کەوتبوو وشۆڕشێکی فەرەنسیشمان لەناو مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات دەدی،، بەڵام ئێستا هەڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی دینەکەی لاشیرین کردوونەوە.

سوڵتان:ببورە سەید کە قسەکانت پێ دەبڕم، ئێوە لە گوتارەکانتان دا بەریەک کەوتن هەیە،جاری وایە بانگەشەی شۆڕی دینی وجیهاددەکەن وەک ئەوەی لەهندستان کردتان،جاری وایە باسی شۆڕشی مەزهەبی دەکەن ،وەک ئەوەی لە ئێران کردتان،،یان داوای شۆڕشی هەڕێمایەتی دەکەن،وەک ئەوەی لە میسر کردتان، یان داوای شۆڕشی نەتەوەیی عەرەبی دەکەن ، لەهەمووشیان دا ئێوە زۆر بە خۆێن گەرمی داوای دەکەن،،ئایا هەست ناکەن بەریەک کەوتن لەنێوان ئەم بۆچوونانەتان هەیە؟،ئێستا داوای شۆڕشێی مرۆڤایەتی دەکەن ،ئەوەشتان لێ زیادکرد.

بەڵام ئەوە کە دەڵێ ی هۆی دوژمنایەتی ئێمە ومەسیحیەکان ئەستەمبوڵە وانیە، هۆی دوژمنایەتیەکەمان شاری قودسە، تابیت المقدس لە دەستی ئێمەدابێ ئەم جەنگ و ڕقە لەنێوانمان دا بەردەوام دەبێ کەقەت دەستیشی لێ بەرنادەین، کەواتە جەنگیش هەربەردەوام دەبێ.

افغاني: چونکە مرۆڤ گەورەترین نهێنی ئەم گەردونەیە ،لەداهاتووش دا ئەم مرۆڤە بەهۆی ئەو بیروهۆش وزانست ودانایەی زۆر لە نهێنی وشاراوەو نامۆیەکانی ئەم سروشت وگەردوونە دەدۆزێتەوە،ئەوەی کەئێستا خەیاڵەو خەونەو

مەحاڵە،لەمەودوا دەبێتە کارێکی گونجاوو دەستەبەرکراو،ئایا مەحاڵە گالیسکەیەک بدۆزێتەوەو گەشتی سەرمانگ وئەستێرەکانی تری پێ بکا؟؟

زانستی ڕاستەقینە گرێنتیە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی کە مرۆڤ وازلە خوێن ڕشتن وچەوساندنەوەو گەندەڵی وبەدکاری بهێنێ،ئەم ئەندازە زانستە، دوای ئەوزانستە ،هەرچی تر هەیە ئەفسانەو خورافیاتە،زانست نیە،چونکە نابێتە هۆی بەهاداربوون وڕێزداربوونی تاک و کۆمەڵگاوئوممەت وکاڵاکان وداهێنراوە زانستیەکان، هەرئەوەندە ڕێزی ئەوشتانەی لایە بە ئەندازەی سوودو قازانجەکەیان.

تاکە پێشبڕکێ یەک کە دینە ئاسمانیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنیاڕێبازی خێرخوازیەو پێشکەوتنە،ئالەمەدابا پێشبڕکێ کەران پێشبڕکێ بکەن، جاچونکە یەکێتی ویەکگرتوویی مرۆڤایەتی وپێکەوەژیانی بڵندترین وباشترین وپیرۆزترین مەبەستە لەم جیهانە، وەشوێنەوارە مادیەکانیشی گرنگترینن،کە یەکەم زمان ودووەم ڕەوشت وسێ یەم هەرێم ونیشتمان وچوارەم دین ،دین کاریگەرێکی نامادی و ڕیزپەڕە .

بەڵام یەکێتی دینەکان ،هەموو دینەکان بۆ ئەوە هاتوون کە بە مرۆڤایەتی وجیهان بڵێن کە:

-مرۆڤ پاشای سەرزەوی وجێنشینی پەروەردگارەو باشترین وشەریف ترین دروست کراوە.

-هەردینێک لەسێ دینە ئاسمانیەکە-جولەکە ومەسیحی وئیسلام- بە پەیڕەوانیان دەڵێن ئێوە باشترین وهەڵبژاردەترین وجیاکراوەترین ئوممەتن.

- هەموو دینەکان دەڵێن کە هاتن ومانەوەمان بۆئەم زەویە کە جیهانی خەم وخەفەت وکۆشش ودەردوبەڵایە، ئەم مانەوەش بۆ ئەوەیە کەمرۆڤ عروج و بڵندبوون بکاو جارێکی تر بگەڕێتەوە مەلەکوتی ئاسمانی هەمیشەیی وهەتاهەتایی دوورلە دەردوبەڵاوکەم کوڕی وسنورداری ئەم جیهانە کاتیە.

- هەروەها دینەکان هەموویان کۆکن لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاستگۆیی ودەست پاکی وسپاردەوبەڵێن پارێزی وشەرمنی لەناو کۆمەڵگاکانیان ،چونکە ژیان بەبێ ئەم ڕەوشت ونەریتانە لە ژیانی مرۆڤایەتی دەشۆرێ ودەبێتە ژیانێکی ئاژەڵی، بەم شێوە دین بنچینەی شارستانیەتە، کوفروبێ باوەڕیش تێکدەری ئاوەدانیە، بڕوانن بۆ ئەو هەرێمانەی دینەکانیان لێ دەرکەوتووە،،سەیرکەن کە پەرستش وعبادەتەکان چەند گرنگیان بە پێویستی وئاتاجی کۆمەڵگاکانی ئەوهەرێمانە داوە؟،ئەوەتا لە دوورگەکانی جاوەی ئەندەنوسیا پەرستشی خۆپارێزی لە بوڕکان هەیە،لە دوورگەی عەرەبی وشک بە پیرۆززانینی ئاوی زمزم و ڕاکردنی سەفاومەڕوا

یادگاری سەرهەڵدانی ئەو کانیە ئاوەیە، هەروا نوێژی بارانە هەیە، بەهەمان شێوە دینەکانی وڵاتە ساردوبەفراویەکان ئاگر بە پیرۆزدەزانن.

ئێوە دەڵێن کە قودس هۆکاری بەردەوامی مل ملانێکانی نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایە،، باشە ئەی هۆکاری ملانێ ی شیعەو سونە کوێ یە؟ خۆ ئەو ملانێ یەش هێندەی ملانێ ی نێوان مەسیحی ومسوڵمانەکان لێکەوتەی خراپ وزیانی هەیە، ئەوەتا جیهانی مەسیحی لە دوای سەدان ساڵ شەڕی مەزهەبی یەکیان گرتووە، نەک هەرخۆیان، ئەوەتا ئەو جولەکانەشیان لەباوەش گرتووە کە لە ئینجیلەکانیان دا دەڵێن ئەوان هۆکاربوون بۆ لەخاچ دانی مەسیح و لەوەو پێش خەریکی قەڵاچۆکردنیان بوون.

بەڵام مسوڵمانان تائێستا هەر تۆپکڵ وڕووکەش بە پیرۆزدەزانن و کرۆک وجەوهەریان پشت گوێ خستوە،،سوێند بەسەروەری حەق ئەم مەزهەبانەی کردوتانەتە بنچینەی دەوڵەت داری لە سۆفیایەتی و جەعفەری ومالکی و وەهابی بوون هەموویان چەند دوکان وحانوتێکی بازرگانی کردنن بە دینەوە کە اللە هیچ دەسەڵات وسەروەریەکی کەهەنوتی بەو ناوانە دانەبەزاندوە، بەڵام کەمایەتیەک سود لەم مەزهەب گەریە دەبینن ودووبەرەکی وپەرتەوازەیی و وکارەساتیش بەسەر ئوممەتی ئیسلامی دا دێ.

سوڵتان: سەید ئێوە دەزانن کە مرۆڤایەتی لە یەک بنەماڵەوەدەستی پێ کردوە، پاشان بۆتە چەندین بنەماڵەوخێزان لە جیهان دا،هۆکاری ئەم دابەش بوونەشیان گەڕانیان بوەبەدوای بژێوی دا،بەتێپەڕ بوونی کات ئەم بنەماڵانە بوونە خێڵ وتیرەوعەشیرەت،پاشان هەرعەشیرەتەوە بۆ تێک گەیشتن وکارلێک کردن زمانەکەیان پەرە پێداوەو وای لێ هاتووە لە زمانی بنەماڵەوعەشیرەتەکەی کیشوەرەوهەرێمەکەی ترجیابۆتەوە،ئەوانە بەم شێوە بوونە بابلی وئاشوری ونەتەوەی تر.

بەڵام بازنەی دینەکان فراوانترە لەبازنەی نەتەوەکان وزمانەکان،تۆ لەناوبازنەی هەر دینێک دا چەندین زمان ونەتەوەو ڕەگەز دەبینی،هەرچەندە کە دینەکانی پێش ئیسلام نەیان دەهێشت فرەدینی لە ژێرسایەی هەبێ ،ئەوەتا کنیسە بەدرێژایی فەرمانڕەوایەتی خەریکی بنەبڕکردنی ئیسلام وجولەکەبووە، ئیسلام هات و بازنەکەی فراوان کرد، لەناوماڵی ئیسلام دا چەندین ڕەگەزو نەتەوەو دین ومەزهەب حەوانەوە بێ ئەوە جەنگ وهەرابەرپابکەن، چونکە قورئان بناغەی پێکەوەژیانی داناوە،،ئازادی بیروباوەڕو عەقیدەودین وشەرع لە هیچ شوێنێک وەک ناومسوڵمانان وژێرسایەی حوکمی ئیسلامی ڕێزی لێ نەگیراوە،

هیچ ئوممەتێک لە ئوممەتی ئێمەبەڕێزترنیە،چونکە بوینە پەنای زۆر دەرکراوو ئاوارە لە وڵاتانیان ،بەرگەی مەترسی جەنگمان لە دژی ڕوسەکان گرت وپۆڵۆنیەکانمان پەنادان، ئەوەی بۆتە هۆی ڕەتەڵ بردنمان وترازانمان وخلیسکانی هەنگاوەکانمان نەبوونی وەک یەکی وهاوشێوەییە لە نێوان ئەوگەل و نەتەوانەی لە ژێرسایەی ئیمپراتوریەکەمان دەژین ،تەنانەت نەسرانیەکانیش لە چەندین مەزهەب ونەتەوە پێک دێن، سروشتیشە کە ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەر لێک هەڵوەشانی کۆمەڵگا، کەسەیری ئەو وڵاتانەی دەوروبەریشمان بکەین دەبینین کە ئەڵمانیاش بەهەمان دەردی ئێمەوە گیرۆدەیە وهەمان بارودۆخی ئێمەی هەیە.

کۆبونەوەی چەندین دین ومەزهەب ونەتەوەی جیاواز لەناویەک دەوڵەتێک دا دا زیانێکی زۆری هەیە، چونکە پەیڕەوانی ئەم دین ومەزهەبانە مل ملانێ یان هەیە، ئەم مل ملانێ یەش دەسەڵاتی دەوڵەت لاوازدەکا، بەڵام تائێستا کە تۆبەراوردی نێوان خوێندنگاوکنیسەکان لە ناو دەوڵەتی عوسمانی ومیسروئەندەلوس لەگەڵ مزگەوت وحوجرەکانمان ودانیشگاکانمان لەشارانەی کە حەوت سەدە فەرمانڕەوییمان کردوون کە ئەم مێژووە شایەد حاڵی لێ بوردەیی ئێمەو دڕندەیی ئەوانە.

ئەوانەی کە ئێمە بەنالێ بوردەیی تۆمەت باردەکەن، ئەوتۆمەت بارکردنەیان بەڵگەیە لەسەر نەزانی وبێ ئاگایی ئەو تۆمەت بارکارانە ،ئەگەر ئێمە لێبوردەییمان کەم بوایە بارودۆخی وڵاتەکەمان وئیمپراتۆریەکەمان نەدەگەیشتە ئەم حاڵەی ئێستامان،بەڵکو لە بارودۆخێکی پتەوتروبەهێزتردەبوو،خۆئەگەر زۆرلە نامسوڵمانان بکەین بۆ هاتنە ناو ئیسلامەوە ئێستا ئــاخ وداخمان هەڵنەدەکێشا لەسەر فرەدینی وپەرتەوازەیی و دووبەرەکی دینی،بەڵا تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێ ئێمە بەردەوامین لەسەر پێدانی مافەکان و ئیمتیازەکان بەنامسوڵمانەکان ئەوتائەوان بەناوی نیشتمان پەروەری ستەم لەخەڵک دەکەن، وەک ئەوەی کەتەنیا ئەوان نیشتمانیان خۆش دەوێ،جاکە نەسرانیەکان نیشتمانیان خۆش بوێ ،مسوڵمانانیش دینەکەیان خۆش دەوێ کەهەرئەودینە فرمانیان پێ دەکا بە خۆشەویستی نیشتمان، ئائەوە دەمارگیریەیە کە پێ ی تۆمەت باردەکرێین، هەموو مسوڵمانێک شانازی بەدینەکەیەوە دەکا،ئیسلام فرمانی بە یەکسانی نێوان مسوڵمانان و پارێزگاری کردن لە هەژاران و خێرخوازی ودووركەوتنەوە لە ئاشوبەکان و ئەفسانەکان دەکا، ئێمە گەلێکین اللە بە ئیسلام سەربڵندی کردین، ئیمپراتۆری عوسمانی ژمارەیەکی زۆر لە ئوممەتان وگەلانی تێدایە، کەلە تورکەکان وعەرەب وکوردەکان وئەرنائوت وبوڵغارووبۆنان وزنجیەکان پێک هاتووە، پەیوەستی ئیمانی پێکەوەی بەستوون وکردونیە تاکەکانی یەک خێزان ،بۆیە دەبێ خۆمان بە مسوڵمان بزانین پێش ئەوەی خۆ بە عوسمانی بزانین، ،چونکە دین بناغەی سیاسی وکۆمەڵایەتیە بۆ دەوڵەت .

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئینگلیز بە بانگەشە ژەهراویەکانیان توانیویانە تۆمی نەتەوەیی ودەمارگیری لەوڵاتەکەماندا بچێنن، ئەوەتا عەرەبە نەتەوەییەکان لە جزیرەی عەرەب وسوریاو ئەلبانیەکان لە ئەلبانیا .

خەریکە هەندێ لەلاوەکانمان تۆپکڵی ژیاری ئەورووپا لەبەردەکەن، بە گوتنی گوتاری ئاگرین و وروژێنەر لەبارەی خۆشەویستنی نیشتمان ونەتەوەوە،بەڵام دەبێ خۆشەویستی دین پێش خۆشەویستی نشتمان بخەین، نیشتمان پەروەری لە پلەی دوو دێ لەدوای دین کە بازنەی یەکەم وفراوانترە لە نەتەوە.

ئەدی ئەوەنیە کاسۆلیکەکان کەنیسەکەیان وپاپا پێش نیشتمان پەروەری دەخەن؟؟

ئینگلیزەکان کۆششێکی زۆریان کردوە بۆ بانگەشەکردن بۆ هەرێمایەتی لە وڵاتانی ئیسلامی ،بۆ ئەوەی هێزو توانامان لاوازبکەن ،ئەم بانگەشە لەناومان ڕەواجی پەیداکردوە، زۆرخەڵکی پێ هەڵخەڵەتا لە میسروشوێنەکانی تر و دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە ئیسلام وخەلیفەی مسوڵمانان،

یەکێ لە هۆکارەکانیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوژەهرە کردنەوەی خوێندنگای سەربەخۆیانە، ئەم خوێندنگا تایبەتیانە مەترسیەکی زۆری لەسەر وڵاتەکەمان هەیە،هەڵەیەکی زۆر گەورەمان کرد کەلەهەر شوێن وکاتێک ڕێمان دابەهەر لایەنێک چۆنی حەزلێ بێ خوێندنگای تایبەت بکاتەوە، ئەو لێبوردەییەمان زیانی زۆری لێ داوین، هاتن خوێندکارەکانیان فێری هزروفکری دژبە دینەکەیان و وڵاتەکەیان کردن، ئێستا دژایەتی ئەم خوێندنگایانە کارێکی ئاسان نیە چونکە کونسول و باڵوێزخانەی دەوڵەتەکان ئەو خوێندنگایانە دەپارێزن و دەوڵەتان بەهۆی ئەم خوێندنگایانە دەست لەکاروباری ناوخۆمان وەردەدەن،لەوەتی من لەسەر تەخت دانیشتووم ئەم خوێندنگایانە دەهێندە زیادبوون،

لەوڵاتەکەمان ژمارەیەکی زۆر مووچەخۆروکارمەندوسەرباز هەن،بەڵام ئێمە پێویستمان بە کردنەوەوپەرەدانە بەهەندێ پەیمانگا کە ئەمەش کارێکی قورسە چونکە زاناکانمان دەق بەستوو ودەمارگیرن،ئەوەتا میسر ئەزهەریان پەرەپێداوزاناکانی هەستیان بە پێداویستی زانینە هاوچەرخەکان کردبۆیە زۆرێک لەلاوەکانمانی بەلای خۆی دا ڕاکێشا.

لەوانەیە سەید ئێوە زیادەڕەویتان لە بینینی ئایدیالیزم و میسالیەت کردبێ، ئەم بانگەشەی مرۆڤایەتی بوون کۆنە، کاتی خۆی ئەفلاتونیش بانگەشەی بۆ کردوە،فارابیش باسی کردوە، بەڵام ئەم پرۆژانە خەیاڵین ودوورن لە چەسپاندن، بەرجەستەنابن ، تاکە میسالی وئایدیالیزمی بەرجەستەبوو لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سەرسام کەر دەوڵەتی ئیسلامە لەسەردەمی پێغەمبەروچوار جێنشینەکانی.

ئەوەش کە گوتتان کە ئەمە دینی سودبەخشەو دوای ئەوە ئەفسانەیەوداهێنراوە، لەڕاستی دا دینەکان هاتوون تابەبیری ئادەمیزادبێننەوە کە مادام ئەوان بنچینەیان لەیەک خانەوادە هاتووە ،ئەدی ئەم کۆیلە کردن و ستەم کاری هەندێک بۆ زۆرینە لەکوێ وە هات؟؟

بۆیە دینەکان دەیانەوێ مرۆڤایەتی بگێڕنەوەبۆ هەست کردن ودان بنێن کە ئەوان هەموو کوڕی یەک بنەماڵەن،جیاوازی دین و زمانەکان بۆ دەرخستنی بەرفراوانی وبەکترناسینە نەک بۆ دوژمنایەتی وبەکترکوشتن،ئەم ناسنامە ی یەک خێزانیە سەرەتایەکی باشە بۆ یەکێتی وبەکگرتوویی مرۆڤایەتی کە دینەکان بۆ ئەوەهاتوون کە نازیەت وفرەداک وبابی وهەندێک کوڕی خواکان وهەندێک کوڕی ئاژەڵەکان وهەندێک کوڕی دیاردەکانن ڕەت بکاتەوە..

دیداری دەیەم: نوێکەرەوەو موجەدیدی ئیسلام لە سەدەی سێزدەهەم(١٢٥٤ک-١٣٥٤) وڕابەری بەژەهرشەهید وتیرۆرکراو ١٨٩٢-١٨٩٧ز.

لەدیداری پێشوو گوتەکانی ئەفغانی وسوڵتانم وەک دووشاهیدی دەر لەسەر بابەتی تێڕوانینیان بۆ پەیوەندی نێوان دینەکان وشارستانیەکان وبابەتی یەکگرتن وبەکێتی دینەکان خستە ڕوو لەسەر زمانی خۆیان، هەڵبەت دەبێ بڵێم یەکێتی دینەکان یەکێکە لەو بابەتانەی کە هەندێک ئەفغانی پێ تۆمەت باردەکەن و دەڵێن کە بابەتی یەکێتی دینەکان بابەتێکە کە تەنیا ئەوانە دەی وروژێنن کە ماسۆنین، ئەم بابەتە لە دیدارەکانی پاشتر شڕۆڤە دەکەم ولەم دیدارەش پاشماوەی ڕاوبۆچوونەکانی ئەفغانی وسوڵتان دەخەمە ڕوو.

سوڵتان : باڵوێزی عەجەم -ئێران- سێ جار سەردانی کردووم وتکای لێ کردووم کە تکاتان لێ بکەم کە وازلە ڕەخنەگرتن لە شای ئێران بێنن، منیش تکام ئەوەیە کە ئەم بەڵێنەم بدەنێ و چیتر ڕەخنە لە دەسەڵات وشای ئێران نەگرن.

ئەفغاني: وەک گوێ ڕایەڵیەک بۆ فەرمانی خەلیفە ،من لێ بوردنم بۆ شای عەجەم دەرکرد.

بیستومە کە شاندێکی یابانی سەردانیان کردوون وداوایان لێ کردوون کە خەڵکانێکیان بۆ بنێرن کە فێری ئیسلامیان بکەن،من وادەبینم کە زانایانی مسوڵمان کەهۆکاری تۆراندن ودوورخستنەوەی مسوڵمانانن لە ئیسلام ، کەبیان نێرن بۆ ناو کافران باشتریشیان دەتۆرێنن، بۆیە پێم باشە کە چەند دیاریەکی بەنرخ لەگەڵ بەڵێن نامەیەیەک کە لەمەودوا وڵامی داواکەیان دەدەیتەوە بۆ ئیمپراتۆری یابان بنێری، ئەوجارئێمە لێرە هەوڵ دەدەین کە کۆمەڵێک دانشمەندو کۆشش کار بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەین کە بۆ چاکسازی وبانگەواز لەناوئەوان شیاو بن و لە دەروازەی عەقڵ

ولۆژیک بیان دوێنن، هەروا داخوازێکی تریشم لە جەنابتان ئەوەیە کە یەکێک لە خوێندکارە میسریەکانم لە کۆشک دابمەزرێنن.

سوڵتان:هیچ داواکاریەکی ترت هەیە سەید ؟

ئەفغانی:من داواکاریەکانم داواکاری کەسی خۆم نین، هەموو داواکاریەکانم چاک کردنی بارودۆخی ئوممەتە، پێم باشە کە ئێوە شێوەی حوکمی لامەرکەزی هەڵبژێرن،دەوڵەتی عوسمانی دابەش بکەن بۆچەند خدێوی نشینێک،لەسەر هەر ویلایەت وخدێوی نشینێک ئەمیرێکی بنەماڵەی عوسمانی دانێن تا مەشق بکەن لەسەر ئیدارەدان وبەڕێوەبردنی وڵات، لەجیاتی ئەوەی کەلە گەڵ ژنان دانیشن با ئەو ویلایەتانە بەڕێوەببەن،ئێوەش پاشای هەموو ئەو ئەمیروپاشاوخدێویانەدەبن، بەم شێوەش دەزانرێ کێ لەو ئەمیروکوڕانەت باشترەو پێشبڕکێ یەکی شەریفیش لەنێوانیان دروست دەبێ وهەریەکێکیان دەیەوێ چاکسازی وپێشکەوتن لە ویلایەتەکەی خۆی دابکا،هەروەک چۆن دەبینن کە بەریتانیا بۆ بەڕێوەبردن وئیدارەدانی موستەعمەرەکانی ئەم شێوازە بەکاردێنێ.

سوڵتان:ئەی سەید تۆ لەمیسر ژیاوی،میسر هەربە ناو سەربە دەوڵەتی عوسمانیە،هەروەها تونس ومەغریبیش پێش داگیرکرانیان هەروابوون، باشترین نمونەش ئەفغانستانی وڵاتەکەی خۆتانە،کوا هیچ پێشکەوتنێکمان نەدیوە پەلەت نەبێ لە چاک کردنی بارودۆخ،پەلەکردن کۆتاییەکەی باش نیە.

ئەفغانی:ئەو ئوممەتەی حەل وعەقد وئەنجومەنی ڕاوێژونوێنەران، لەکاروبارەکانی دا بەکارنەهێنێ، وەلەبارەی بەرژەوەندیەکانی ڕاوێژنەکا،وەهیچ شوێنەواروکاریگەریەک لە ویست وخواستەکانی بۆ سودوقازانجەگشتیەکانی نەبینرێ،بەڵکو تەنیا مل کەچی یەک حاکم وفەرمانڕەواو یەک فەرمان بێ،ئەو تاک فەرمان ڕەوایە خواستەکەی ببێتە ڕێساویاسا،داواکاریەکەی ببێتە ڕژێم،،هەرچی بیەوێ فرمانی پێ بکا،وەهەرچی ئارەزوی بووئەنجامی بدا،ئەو ئوممەتە ئوممەتێکە کاروباری لەسەر هیچ باریک ئۆقرەناگرێ وڕێڕەوو پەیڕەوی بێ سەروبەردەبێ.

ئەوانەی سیاسەتی وڵات بە دەستور بەڕێوە دەبەن، فیترەت وسروشت وخۆرسکی مرۆڤایەتی دروستیان تێدا بێداردەبێتەوە،کە پاڵیان دەنێ وهانیان دەدا بۆدەربازبوون لە شێوەژیانی ئاژەڵی،ودەیانگەیەنێتە ترۆپکەی پلەکانی کامڵ بوون،وەلەهەڵگرتنی کۆڵی نیری فەرمانڕەوای تاکڕەوی وزۆرداری نەجاتیان دەدا.

دیارە ئەوەی بچێتە میسر دەبێ قەول وڕاوبۆچوونی نوێ ی هەبێ کە جیاوازبێ لە قەولی قەدیم وبۆچوونە کۆنەکانی.

بانگەوازی هاوبەشێتی وسۆشیالیزم ئەگەرچی ئەمڕۆ لایەنگروپشتگیری کەم بن،ڕۆژێک هەردەبێ دەبێتە سەروەری گشت جیهان ،کاتێ زانستی دروست هەموو جیهان بگرێتەوەومرۆڤەکان هەموویان هەست بەوەبکەن هەموویان لە یەک بنچینەن و هەڵگری هەمان ڕوحن،زیادە پێدانی پلەوپایەو داهات وموچە تەنیا بۆ کەسانێکە کەسودیان بۆ کۆمەڵگا زۆرترە، ئەمە مەزهەب وڕەوتی سەروەری مرۆڤایەتیەو ئەو فەرموویەتی باشترینی خەڵک ئەوەیانە کە کاری باشترین بکا،وەفەرموویەتی خێرترین کەس سودبەخشترین کەسە، وەئەو مرۆڤە زاناترین مرۆڤە کەلەهەموویان چاکتر حەق ببینێ،وە خێرخوازترین بەندەی اللە ئەوکەسەیە کە دادوەرترینیانە،وەخۆشەویسترین مرۆڤ بۆ اللە ڕەوشت جوانترینیانە، وەباشترین مسوڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان لەدەست وزمانی ئەمین ودڵنیاوپارێزراوو سەلامەت بن.

ئەگەر هەموو شارستانێتی وخێروباشیەکانی ڕۆژئاوا کۆبکینەوەو لێکدانی دووبەشی بکەین ولە لەسەر تایەکی تەرازووی دانێین، مەینەتیەکانی جەنگەکان وشوێنەوارەکانی لەسەر تاتەرازوەکەی تردانێین، بێ گومان کەلاتای مەینەتیەکانی جەنگەکان تاکەی قورسترە، جەنگ ناشیرین ترە کە مرۆڤ هەڵی دەگیرسێنێ، کەمینەیەکی کەم جەنگ هەڵدەگیرسێنن لەبەر بێ ڕێزی کران بە باڵوێزێک،یان لەسەرپارچەزەویەک،خوێنێکی زۆر دەڕژێ، وڵام نەدانەوەی ئوممەتان بۆ بانگەشەی جەنگ و پێک هاتنیان لە نێوان خۆیان لەسەر گوێ ڕایەڵی عەقڵ وهۆش دەبێتە هۆی پاراستنی مرۆڤ لە مەینەتیەکانی جەنگەکان،وە خەڵک ئاسودەدەکابەئاشتی هەمیشەیی، ئەگەر هەموو سەربازەکانی بەریتانیا کەسانی وەک نیوتن وداروین بن ،ئایا باوەڕتان بەوە هەیە کە لە پۆلەکانی لەشکرکێشی لە بەرەکانی جەنگ وکوشتاردابوەستن؟؟

شۆڕش وسەرهەڵدان دژی ستەم کاروتاکڕەو ان کارێکی پیرۆزو ڕێ پێ دراوە، بەڵام من دژی جەنگ وپشێوی نێوان دەوڵەتانم.

سوڵتان:باشە ئەو هۆکارو دایەڵۆکەی کە دەڵێ ی لەنێوان دەوڵەتان بێ و مرۆڤ لە مەینەتیەکانی جەنگ بپارێزێ، باهەمان دایەڵۆک بێتە نێوان فەرمانڕەواو میللەت وکێشەکانی نێوانیان چارەسەربکا.

خۆ بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتان زۆرجاران بەریەک کەوتەیە، بەڵام کێشەکانی نێوان فەرمانڕەواوگەلەکەی وێکداچوو وپەیوەستە بەیەکەوە، کە ئاشتی هەبێ هەردووکیان سود دەبینن.

جلال الدین: وڵام دانەوەتان لە کتێبی الرد علی الدهریین زۆر ڕەق بوو لەدژی پەیڕەوانی داروینیزم ،بەڵام لەو گفتو گۆیەی کەلە نێوان ئێوەو ئارنست ڕینان دا کرا نەرم بوو، هەتا ئەو لەبارەی ئێوە دەڵێ:وام هاتە پێش چاو کە من لەگەڵ ئیبن سیناووئیبن ڕشدویان یەکێک لە مولحیدە مەزنەکان کە لە چەرخەکۆنەکاندا کاریان کردوە بۆ ئازادکردنی مرۆڤایەتی قسە دەکەم .

بەڵام ئێوە هیچ وڵامێکتان بۆ ئەو سەرکۆنە کردنەی کەلە قاڵبی ستایشدا گوتی نەبوو؟

ئەفغانی: دیارە ئەوپیاوە ئازادیخوازی لە ئیلحاددا دەبینێ،بۆیە بەوشێوە وەسفی کردووم،بەڵام مەزهەبی داروینیش گوتەی کتێبی دهریین قەول وگوتنی کۆن وقەدیمم بوو، قەولی نوێ وجدیدیشم لەبارەیەوە هەیە، مل ملانێ ومانەوە بۆ بەهێزترین لە جیهانی ڕوەکەکان دا هەیە، ڕوەکەکان ملانێ دەکەن بۆ دەستخستنی خۆراک،ئەوڕوەکەی کە بتوانێ خۆراکی زیاترو ودەوڵەمەندتر لە زەوی بکێشێ دەمێنێتەوەوئەوەی لاوازبێ وشک دەبێ ولەناودەچێ،،ئەمە نکولی لێ ناکرێ، تەنانەت لەخانەکانی لاشەش دا خڕۆکەکانی خوێن لە پێشبڕکێ ی بەردەوام دان بۆ دەست خستنی خۆراک،هەرخڕۆکەیەک بەهێزبێ زاڵ دەبێ بەسەر خڕۆکەی لاوازدا سەردەکەوێ، هەتالەناوجیهانی فکرو هزرەکانیشداکە پێش من کەس قسەی لێ نەکردوە، هزر وبیروفکرەکان لەنوێ بونەوەی بەردەوامدان،بیروهۆش وهاوکێشە عەقڵیەکان وشتە بەرعەقڵەکان بە کارلێک لەگەڵ یەکتر کرداری زۆربوون دەکەن، چەند سیفەتێک بەبەهاوبەنرخ دەبن ودەبنە ڕەوشت وبەهاباڵاکان، بەمەش نەوەو شوێن کەوتەکان بەسەر پێشین وباوانیان دا زاڵ دەبن ،خەڵکی وادەزانن ئەمە دیاردەو کردەی سروشتە بەڵام لە ڕاستی دا ئەمە بەرهەم وئاکامی هەوڵ وکۆشش وکردەوەوکارلێکی مرۆڤەکانە.

بەڵام هەڵبژاردنی سروشتی وەک هاوکێشەیەک کاری پێ دەکرێ لەهەڵبژاردنی خێزانەکان و گەڕان لە دایکی نەجیب وباش بۆ منداڵەکان ،یان بۆ چاککردنی ڕەگەزی ئەسپی ڕەسەن ،هەروەها ئەوەی لە بۆچوونی داروینی هەیەکە سەرەتا چەند ئاژەڵێکی کەم وەک ڕەگەزهەبوون وپاشان لق وپۆپیان لێ بۆوەو ئاژەڵ وگیانداروجانەوەری نوێ یان لێ پێک هاتن ولق وڕەچەڵەکی نوێ پەیدابوون، لەڕووی دینەوە باوەڕ کردن پێ ی هیچ زیانێکی نیە.

فارس الاشقر لەگوتارێک بەناونیشانی کەیسەگەرم وگوڕەکانی هزری جەمال الدین ئەفغانی دەڵێ:

ئەفغانی زۆر بابەتی نوێ ی وروژاندن وزۆرکەیسی نوێ ی تەقاندنەوە وەک کەیسی یەکێتی دینە ئاسمانیەکان، ئەم یەکبوونە لەسەر بنچینەی یەکبوونی ئەومەبەستانەی دینەکانی بۆ هاتوون بنیات نراوە،ئەفغانی پێ ی وایە بوونی

جیاوازی وپەرتەوازەیی یە ی لەناو دینەکان هەیە چاوگەکەی ئیلاهی نیەو جیاوازی بۆچوونە سیاسیەکانی ناو نەتەوەوکۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دروستی کردووەو زەقی کردۆتەوەو لەناو ئەسڵی دینەکان دا بوونی نیە،،هەربۆیە داوای یەکێتی دینەکانی کردوە هەروەک چۆن دینەکان لە بنەماکان وڕەسەنایەتی دایەکن،هەروەها داوای کرانەوەی دەرگای ئیجتهادوکۆشش کردن و پەنابردنەبەر عەقڵ وبیروهۆش وهزرو دانایی وزانست بۆ ئاڕاستەکردن ولێکدانەوەی تێکستە دینیەکان.

هەروەها ئەفغانی داوای دامەزرانی کۆمکاری ئیسلامی دەکردبۆ بەرجەستەبوونی یەکێتی مسوڵمانان و دژایەتی کردنیان بۆ ئیستعمار.

ئەوهێڵە گشتیانەی ئەفغانی پێشنیارورداوای کردوون وئەو ڕەوت وئاڕاستانەی ئەفغانی مژدەی داوە بڵاودەبنەوە لەم سەدەیەدا زۆرن وئەم بابەتە لە دیدارەکانی پاشتر باس دەکەم.

ژێدەرە هەواڵگریەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەڵێن کە ئەفغانی پەیام ونامەنوسینی بۆ بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی قورغ کردوە و چەندین نامەی گوتاری ئاگرینی نوسیوەو بۆ مەرجەع وپێشەنگەکانی شیعەی ناردوەورداوای لێ کردوون کە ڕاپەڕن ولەشا ناسرالدین یاخی ببن، دەڵێن یەکێک لەم نامانە کەوتۆتە دەستی کونسوڵی ئێران لە بەغداد ئەویش ناردویەتی بۆ شای ئێران

وڕوونی کردۆتەوە کە سەید جمال الدین لەگەڵ زۆربەی زانایان پێک هاتنێکی کردوە تا وڵاتی ئێران بەبیانوی یەکێتی ئیسلامی ڕادەستی سوڵتانی عوسمانی بکەن، هەربۆیە ناسرشا باڵوێزەکەی لە ئەستەمبوول نارد بۆلای سوڵتانی عوسمانی وداوای لێ دەکا کە سوڵتانی عوسمانی ئەوسێ ئێرانیانە بگرێ کە هاوکاری ئەفغانیان کردوەوئەم نامانەیان نوسیوەتا بیانگرێ و ڕادەستی ئێرانیان بکاتەوە،ئەم سێ زانایانە سوڵتانی عوسمانی ناردنیەوەو شای ئێران لە تەبرێز لەسێدارەی دان.

سەرچاوە مێژوویەکان دەڵێن کە ئەفغانی زانیویەتی بە ڕادەست کران ولەسێدارە دانی ئەمانە لە سوڵتان تورەدەبێ ویەکێ لە خوێندکارەکانی دەنێرێ بەناوی محمد رضا کرماني بۆ کوشتنی شای ئێران، کرمانی لەکاتی کوشتنی دا-هەندێک دەڵێن بەخەنجەروهەندێک دەڵێن بە گوللە - دەچریکێنێ ودەڵێ بگرە لەدەستی جەمال الدینەوە.

لە دوای ئەم ڕوداوە خانی ئەسەدئابادی ئێران نامەیەک بۆ سوڵتان عبدالحمید دەنێرێ وداوادەکا کە جمال الدین هاووڵاتیەکی ئێرانیەو دەبێ ڕادەستی ئێران بکرێتەوە تا لەسێدارەی بدەن،ئەوەش دەکەنە بەڵگە کە جمال الدین شیعەیەکی ئێرانیەو ئەفغانی نیە،هەواڵگری ئەوسای عوسمانی دەڵێ کەجمال الدین هەوڵی

ڕاکردنی داوە بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیاو ئەمەش دەکەنە بەڵگە کە جمال الدین سیخوڕێکی بەریتانیە.

ئیدی زمانی دوژمنانی ئەفغانی دەبێتەوە کە جمال الدین ڕافزی وشیعەیەکی مارق وباتنی وحەشاشیە، تیرۆرستەو پاشماوەی قەرامیتەیە، هاتووە بیروباوەڕی خەڵکی تێک بدا،شەڕوهەراوجەنگێک لە نێوان عوسمانی وئێران دروست بکا، ئەو بەئاشکرا دەڵێ مەزهەبی شیعەوسونە لێک نزیک دەکەمەوەو لەژێرەوەش خەریکی ئاژاوەگێڕی وفیتنە گێڕیە،

هەواڵگری عوسمانیەکان وایان لەسوڵتان گەیاندبووکە چوون و بوونی ئەفغانی لەلەندەن گەورەترین مەترسیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانمان ،ئەو کۆبوونەوەی نهێنی کردوە لەگەڵ هەموو ئیتحادوتەرقیەکان وکۆمەڵەو حیزبە ئیشتراکی و هاوبەشیەکانی فەڕەنسا لە ناوخۆ،ئەوان ئەوەیان تاوتوێ کردوە کە ئایا دەتوانن شۆڕش وکودەتا ئەنجام بدەن بەسەر دەسەڵاتدارەستەم کارەکانی ڕۆژهەڵات و بەرپاکردنی چەند کۆمارێک لە جێ ی وان و چەسپاندنی سۆشیالیزم ؟ بۆیە سوڵتان سەید بانگ دەکاتە ئەستەمبوڵ لەساڵی١٨٩٢،، کەواتە بانگکرانی ئەفغانی بۆ ئەستەمبوڵ بۆ چاکسازی نەبووەلەدەوڵەتی عوسمانیدو بەڵکو بۆ ڕێگرتن بووە لەومەترسیانەی کە دەزگای هەواڵگری سوڵتان هەیبووە لە مانەوەی ئەفغانی لەئەوروپا.

بۆیە ئەفغانی هەرچەندە سوڵتانیشی بێزاردەکرد و ڕەخنەی لێ دەگرت بەڵام سوڵتان بەرگەی گرت و وەک دەڵێن وەک شای ئێران سواری گوێ درێژی نەکرد.

سوڵتان کەهەرلەسەرەتاپێی وابوو ئەفغانی پیاوی بەریتانیایە دەیگووت :،من دەتوانم ئەم بۆمبە بەریتانیە بە هێواشی پوچ بکەمەوە،کوشتنی شای عەجەم بیانوی بەدەستەوە داوم کە شەوو ڕۆژ چاودێری بکەم و جوڵانەوەکانی سنوردارکەم ، کەئەو نەسەب وبنەماڵەی نادیارەو بۆچوونەکانی شێواوەوبیروباوەڕی گومڕایەومەبەستی پیس وبۆگەنە، پێویستە کەسانی وەک ئەو لەژێر دەستمان بن تا کەس بەکاریان نەهێنێ لە دژمان.

سوڵتان لەوسەردەمەدا هەموو ستایشکردنێکی قوڕەیش وئال وبەیتی پێغەمبەری بە هەوڵی کودەتا لەعوسمانیەکان لەقەڵەم دەداو باسی پلەوپایەی زمانی عەرەبی والێک دەدایاوەکەڕەخنەیەلەزمانی تورکی.

ئەفغانی داوای لەسوڵتان کرد کە بەیعەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە چونکە هیچ کام لداوایەکانی جێبەجێ نەکراون.

بەڵام سوڵتان پێی دەڵێ:سبحان الله ئەی سەید بەهۆی ئەم کارە بچوکە بەیەتەکەت هەڵ دەوەشێنیەوە؟ ئەی نابێ عوزرم بۆ بهێنیەوە،پێش ئەوەی بەیەتەکەت هەڵوەشێنی لێم بپرسی بەڵکو عوزرم هەیە؟

ئێ باشە تۆش بەڵێنت دا کەلەشای عەجەم خۆش بووی و کەچی کوشتت.

ئەفغانی دەڵێ:جەلادی ئێران وهەموو ئەوانەی وەک ئەو ناپاک وبێ بڕوان بەدەستووری ئوممەت یان دەبێ سەریان بێ تاجی شاهانەبێ، یان دەبێ تاجی شاهانەیان بێ سەربێ.

سوڵتان:تکات لێ دەکەم کەلە ئەستەمبوڵ دەرنەچی تا جەلادەکانی عەجەم زیانت پێ نەگەیەنن،من دە پاسەوانم بۆت دیاری کردوەکەهەمووکات لەگەڵتان بن.

ئەفغانی:ئەمانە پاسەوانن یان سیخوڕن؟ ئێوەگالیسکەتان داوەبەمن وئەوانیشتان بەپیادە لەگەڵم داناوە،کەخێرابڕۆم ،وەک سەگ هانکەهانکیان پێ دەکەوێ وڕادەکەن بەدوام دا،ئەی بۆ بەزەییتان پێدانایەنەوە؟ گالیسکەیەکیش بۆ ئەوان دابین بکەن.

جلال الدین: زانیومە کەتۆ لەگەڵ خدێوی عباس چاوپێکەوتنت کردوە، دەتەوێ خیلافەت عەباسی بێ؟

ئەفغانی:عەباسیەکان بنەبڕبوون،نەوەکانی عەلی وفاتیمە شایەنترن ئەفەندی،بۆتۆپێت وایە خیلافەت وەک ئەنگوستیلە لەدەستی من دایە ودەتوانم بیدەمە هەر کەسێ کەبمەوێ؟؟

سوڵتان:دیارە ئەمڕۆ سورن کە دانەنیشن.

ئەفغانی:بۆ کاتێکی تربێ، دیارە ئەمڕۆ ئێوە مەشغوڵن بە ڕێکخستنی کۆشکە تازەکەتان،بەڵام پێم خۆشە پێتان بڵێم ترسنۆکی عوسمانیەکان بۆتە خێوو تارمایی ولاوازی وسەرەخۆرە بۆ دەوڵەتەکەیان.

سوڵتان:لەگەڵ هیچ کەسێکی بوێرو ڕاشکاودانەنیشتووم وێنەی ئێوە، وردەوردە خەریکە جورئەت لە ئێوە وەردەگرم.

بەم شێوە لە دوای کوژرانی شای ئێران ئەستەمبوڵ بۆ ئەفغانی بوە بەندیخانەیەکی گەورە،دەگوترێ کە پزیشکی ددان بەبیانوی چارەی ددانی ئەفغانی ،ئەفغانی ژەهرخواردوو کردوەو لە مانگی مارسی ساڵی 1897 وەفاتی کردوە،لەدوای کۆچ کردنی ،دەوڵەتی عوسمانی هەموو نوسراوو دەست نوسەکانی دەست بەسەردا گرتن،بەبێ هیچ ڕێ وڕسمێکی شکۆداری بۆجەنازەکەی بەدزیەوە نێژرالە شوێنێکی نادیاری ئەستەمبوڵ، هەندێ دەڵێن ئەفغانی نەخۆشی شێرپەنجەی ملی هەبووەو بەونەخۆشیە سەری ناوەتەوە، خوشکەزاکەی میرزا لوتف الله خان دەڵێ

کە دەوڵەتی ئێران دوای ئەوەی کە زانی حکومەتی عوسمانی جمال الدینیان ڕادەست ناکەن ،ناسر الملک ناوێکیان ناردوەبۆ ئەستەمبوڵ و ئەو جمال الدینی ژەهرخواردو کردوە، دوای مردنی ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ وتورکیا هیچ باسی مردنیان نەکردوە،بەدزیەوە نێژراوەومەراسیمی جەنازەوپرسەی بۆنەکراوە،لەساڵی ١٩٤٤ دا دوای ٤٧ساڵ لە مردنی لەسەرداوای شانشینی ئەفغانستان تەرمەکەی گێڕدرایەوە بۆ ئەفغانستان ولە ناوحەڕەمی دانیشگای کابول لە مەراسیمێکی شکۆداردا بەخاک سپێردرا.

خوێنەری ئازیز تاکودڵنیابم کە ئەم بابەتەت خوێندۆتەوەو کارلێکت لەگەڵ کردوە ،حەزدەکەم هاوبەشیم بکەی لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بەوڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە :

-ئایا ئەفغانی شای ئێرانی کوشت یان سوڵتان؟

- ئایا ئەفغانی ئێرانی شیعی بوو یان سونی ئەفغانی؟

- ئایا ئەفغانی پیاوی بەریتانیاوماسۆنیەت بوو؟ ئەی بۆ لێ گەڕان بەو شێوە بمرێ؟

- ئایاتۆمەتەکانی کە سوڵتان وپیاوانی داویانەتە پاڵ ئەفغانی تاچەند ڕاستن؟

-ڕۆڵی سوڵتانی عوسمانی لە شەهیدکرانی ئەفغانی چی بوو؟

- ئایا ئەفغانی بە موجەدید ونوێکرەوەی فکری ئیسلامی دەزانی؟

- پێشبینی ئەفغانی بەوەی کە بیری ئیشتراکی وسۆشیالیزم دەبێتە سەروەری جیهان لەکاتێکدا ئەوکاتە ئیشتراکیەت هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو.

تۆش چەند پێشبینیەکی ئەفغانی لە ژیاننامەکەی دەربێنە؟

.

دیداری یازدەهەم:موجاهیدی مەزنی ئیسلام:

جەمال الدینی ئەفغانی. دەقی گوتارێکی شێخ محمد غەزالی.(١٩١٧-١٩٩٦)

بەئەم ناونیشانەی سەرەوە ،شێخ محمد غەزالی(١٩١٧-١٩٩٦) گوتارێکی بەپێزی بۆ بەرگری کردن لە پێشەنگی بوژێنەرەوەوبێدارکەرەوەی گەلانی ڕۆژهەڵات جەمال الدینی ئەفغانی نوسیوە، لەبەربەپێزی وتارەکەی بۆخوێنەرانی واتا دەکەم:

غەزالی دەڵێ:

ئەفغانی ئەو فریادڕەسەبوو کەلەکاتێکی ناهەمواروباروودۆخێکی دژواردا لەمێژووی ئوممەت دا دەرکەوت، ئەو پێشەوایە بەچەندین خەسڵەت وسیفاتی شکۆمەندی و وربەرزی ومتمانەبەخۆبوون وکەسایەتی سەرمەشقی وپێشەوایەتی

ڕازابۆوە،ئەو مەشخەڵی بێدارکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی لەدژی داگیرکەران وەدەسەڵات دارە ستەم کارو داپەڵۆسێنەرەکان هەڵکرد، هەربۆیە ئەوانەی کە تائەمڕۆش ڕەخنە لەوپیاوە دەگرن و ناوبانگی دەڕوشێنن ئەوانە یان دەستنێژان و کلک وچڵپاوخۆرانی داگیرکەرانن،یان ئەو کەسانەن کە لە ڕابردوودا لەچینی کۆنە دەرەبەگ وخوێن مژو داپەڵۆسێنەربوون.

کات وبارودۆخی دەرکەوتنی:

ئوممەتی ئیسلام لەپێش دەرکەوتنی ئەفغانی لە لاوازی بواری سیاسی ودینی وڕۆشنبیری دەتلانەوە،میراتی پیاوە نەخۆشەکە-دەوڵەتی عوسمانی- کە خەریکی گیانەڵابوو ودواهەناسەکانی ژیانی دەدان،هەرپێش مردنی لەسەر بەش کردنی هەرابوو، لەناو دەوڵەتان دا ئەو ناوچە هیچ سام وهەیبەتێکی نەمابوو،دوژمنان وناحەزانی ئەو دەوڵەتە کەسەدان ساڵ دوژمنایەتی کردبوون، لەبوژانەوەو ژیانەوە لە بەرەوپێش چوون دابوون و لەسەردەمی باروت بازیان دابوو گەیشتبوونە سەردەمی هێزی هەڵم، وە ئامادەباشی خۆیان دەکرد تاکوبچنە ناو سەردەمی کارەباو گەردیلە،کەچی مسوڵمانان هەرخەریک بوون تووبەدەست بچێنن وبەئاژەڵ جووت بکەن ونەکەم ونەزۆر هیچ ئاگایان لەو گۆڕانکاریە گەورە نەبوو کەلە ماڵی دوژمنەکانیان ڕووەدا،

بۆچوونە بیروباوەڕی و وڕۆشنبیریە دینیەکەشیان هەرکاوێژیان بەو جوراوە نامۆیە دەکرد کە دووبەرەکی وپەرتەوازەی ئەشعەری وموعتەزیلە وتیروشیر لێک سونی نەزۆک وەجاخ کوێرەکانی نێوان سەلەف وخەلەف کە هۆکاری داڕمانی هەردوو دەوڵەتی عەباسی و داڕزانی پیاوەنەخۆشەکەی عوسمانی بوون کە ئەم دووەوڵەتە یەکەم مامی ئوممەتی عەرەب وئیسلام ودووەمیش وەک زڕباب بوون بۆو ئوممەتە بێ ئاگایەی ئیسلام.

لەبواری فقە وشەرعیش داخەریکی توێکاری وتوێژینەوەو درێژەدادڕی بوون لە لقەکانی فقە وبەدەوری دا خولیان دەخواردو دەنکێکیان دەکردە گردێک،،
ڕۆشنبیری ئیسلامی هیچ گرنگیەکی پێ نەدەدرا،کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتی ووسیاسیەکان تەواو لەبیری خەڵکی دا نەمابوون،ڕاوێژکردن وشیرەت کردن هەم بەواتاو هەم بە بنیات مردبوو، نەلەدڵ ودەروون وهەڵسوکەوتی ناو خەڵک دا مابوو ،نەماڵ ودەزگاودامەزراوەیەک هەبوو کەناوی ماڵی ڕاوێژبێ،
ئیجتهادوکۆشش کردن لەمێژبوو مردبوو ،ببوو بەیادگارێکی مێژینە، وزەی ڕوحی وهزری لەناو تاک وکۆمەڵ و گشتی وتایبەتی دا بەتەواوی کوژابۆوە،مسوڵمانان تەواو لەبەرچاوی خەڵک کەوتبوون.

پێش ئەوەی کە پیاوەنەخۆشەکەی دەوڵەتی عوسمانی ڕادەستی مردن بکرێ و ڕوحی دەرچێ،-وەک ئەو مردوانەی لەسەرەمەرگ بۆ وەسیەت وڕاسپاردە وشەهادەهێنان ئاهێکیان تێدەگەڕێ-

ئەویش بێداریەکی بێ ئومێدی هاتبۆوە بەر، سوڵتان عبدالحمید کە لەزیرەکترین سوڵتانەکانی تورک بوودەیەویست ماسولکە وجومگە لێک هەڵوەشاوەکانی تۆندبکاتەوەوڕوحێکی نوێ بەبەرئەو نەخۆشەدابکاتەوە،هەربۆیە پەنای بردە بەر جەمال الدینی ئەفغانی تا ڕێنمونی بکا بۆژیاندنەوەی کۆمکاری ئیسلامی وگێڕانەوەی مسوڵمانان بۆ ژێدەرە ڕەسەنە یەکەمەکانی.]

بەڵام شێخ غەزالی لەبیری چوە کە لێرە بڵێ ،کە عبدالحمید ئەو ماوەکەمە بەهۆش هاتنەوەی پیاوەنەخۆشەکە بێ تاڕاسپاردەکان وشەهادەی حەق بێنێ وبە ئیمانداری بمرێ ،یاسین خوێن و دانایەکیان بۆ هێنا تا فێری شەهادە هێنانی بکا،کەچی ئەو لەسەر تەختی مردن ئەوبەهۆش هاتنە کورتەی تەرخان کرد کە لەگەڵ دوژمنانی دەست تێکەڵاوبکاو ئەوەی هاتووە تاشەهادەی فێرکاویاسینی بۆ بخوێنێ تا مندار نەبێتەوە ئەو ئەوکەسەی ژەهرخواردو کردو هەربەو ژەهرەی پێغەمبەرعلیه السلام و حەسەنی کوڕی عەلی وعومەری کوڕی عبدالعزیز و زۆرێکی تری پێ شەهیدکران شەهیدی کرد،هەربۆیە کەس نەبوو پیاوە نەخۆشەکە فێری شەهادەهێنان ووەسیەت کردن بکا،کوڕوکچەکانیشی لەمەودوا بوونە نۆکەرو کەنیزەی داگیرکەران وتاڵان کاران.

[ سیفەت وتایبەتمەندیەکانی ئەفغانی:

ئەفغانی لە خەبات وتێکۆشانەکەی دا سێ بەرەو گۆڕەپانی کارای هەبوون:

-بەربەرەکانی چاوچنۆکی داگیرکارو ئیستعمار.

-دژایەتی ستەم وچەوساندنەوەو خوێن مژی .

-دژایەتی کردنی نەزانی ونەفامی وساویلکەیی ونەخوێندەوەری.

پیاوێکی داناوحەکیم و بەرچاوڕۆشن ودووربین و بیرتیژو سروشت تۆندبوو،دیارترین سیفەتی دەروون بەرزی و عزەتی نەفس وشکۆداری وپشت بەستن بە اللە بوو،،کاتێ چوە ئەستەمبوڵ وسوڵتان داوای لێ کردکەوازلەهێرش کردنە سەرشای ئێران بێنێ،سەرەتا بێ دەنگ بوو ووڵامی سوڵتانی نەدایەوە،پاش داواکاری زۆری سوڵتان ،ئەوجار گوتی ،ئەوە لێ بوردنم بۆ دەرکرد، بەم کرداره ئەفغانی سوڵتان و دەست وپێوەندەکەی سەرسام کردن،کێ لەکێ دەبوری؟ ئەوکاتە زانایانی دین لەبەردەرگای سوڵتانەکان ڕیزیان بەستبوو،چاوەڕوانی ئەوەبوون

دەست وپێوەندی پاشاکان ئاوڕێکیان لێ بدەنەوە،دڵۆپەیەکیان لەوڕووبارەی دەروازەی سوڵتانەکان پێ بگا،،ئەم پیاوە ئاوارەودەرکراوو بێ نیشتمانە کێ یە کە مل ملانێ لەگەڵ پاشایان دەکاو لەسەرهەڵەکانیان دادگاییان دەکا؟؟

مێژووناسان دەڵێن، هەرگیز جمال الدین خۆی بەکەمتر نەبینیوەلەپاشاوسوڵتان وخەلیفەکان،،،ئائەو شکۆداری و وڕە بەرزیە ئایا دروستکراوی ماسۆنیەتە یان دەستکەوتی مقام وپایەی تەوەکول وپشت بەستنی ئیماندارێکی دڵ پڕیەقین ومتمانەیە بە پەروەردگارو پێ ڕۆچوولە پلەکانی ئیمان وعیرفان و دینداری؟؟

-شێخی غەزالی دەڵێ- من نازانم کە موتەنەبی شاعیر کە ئەم دێڕە شیعرەی نوسیوە هەردەڵێ ی وەسفی ئەفغانی کردوەو لەسەرزمانی ئەفغانی هاتۆتە دوان کە دەڵێ:

تغرب لا مستعظما غير نفسه .

. ولا قابلا إلا لخالقه حكما

ولا سالكا إلا فؤاد عجاجة.

ولا واجدا إلا لمكرمة طعما

يقولون لى: ما أنت؟ فى كل بلدة .

. وما تبتغى؟ ما ابتغى جل أن يسمى

واته:

مەزن نیە جگەلەعزەتی نەفسی.

لەحوکمی خالق بەولاوە قبوڵ ناکا.

لەڕێی پرتەپوتۆزی سوارچاکان نەبێ ناڕوا

هەرپارویەک ڕێزوشکۆی تێدانەبێ تامی ناکا

پێ ی دەڵێن تۆچی ؟گەڕۆکی شارانی؟

چیت گەرەکە؟ویستی وایە بەلوتکە بگا.

لەگەڵ ئەو هەموو تورەبوون وئازاروئەشکەنجانەی کەلەلایەن دەسەڵات دارانەوە توشی بوو،ئەو هەموو فێڵ وتەڵەکەی قین لەدڵ وناحەزانی بۆیان هەڵ خست،کەچی ئەوپیاوە هەرپابەندبوو بەوەفاداریەکەی، ئەمەکداربۆ دین

وئوممەتەکەی، هەمیشە بوێرو بەجورئەت وچاونەترس بەرامبەردوژمنان و بەرگەی هەموو ئێش وئازارێکی گرت.

زمانی حاڵی دەی گووت:

من ئاوام ئەی دنیا،کە دەتەوێ لام نەمێنی،دەبڕۆ،،

ئەی دەروون دەزیاتردنیام لاسوک ودزێوکە تۆ

هەرساتێک لەتەمەنم نەڕوابێ زیادبوونی عزەت

هیچ چاوێک باهاوڕێم نەبێ کەڕازی بێ بەزیللەت

كذا أنا يا دنيا! فإن شئت فاذهبى .

. ويا نفس زيدى فى كرائهها قدما

فلا عبرت بى ساعة لا تعزنى .

. ولا صحبتنى مهجة تقبل الظلما"

زۆرجاران ئاخ وداخی خەفەتباری هەڵدەکێشاودەی گووت:

ئەگەر ئاستی کۆمەڵایەتی مسوڵمانان باڵاتربوایە ئەوەجەمال الدین هێندە دەرکراوو ئازاردراونەدەبوو لەسەر چاکسازیەکەی،دەبوە دادگەرێکی پشتگیری کراوو زانایەکی پەیڕەوی لێ کراو،نەک ئەوە هەرئەو دەری بکاو ئەو بەندی بکا.

خەبات و شوێنەوارەکانی:

گووتمان کە ئەفغانی لە خەبات وتێکۆشانەکەی دا سێ بەرەو گۆڕەپانی کارای هەبوون:

-بەربەرەکانی چاوچنۆکی داگیرکارو ئیستعمار.

-دژایەتی ستەم وچەوساندنەوەو خوێن مژی .

-دژایەتی کردنی نەزانی ونەفامی وساویلکەیی ونەخوێندەوەری.

نەلە پێش ئەوو نەهاوچەرخی ئەو کەس نەبوو وەک ئەو قین لەدڵی خاچپەرەستانی جیهان ئاشکرابکاوجەماوەری لە دژ بوروژێنێ،کەس نەبوو هێرش وهەڵمەتی شەرمەزارکارو هەتک بەر بکاتە سەر ستەم کارواپەڵۆسێنەران،فوی شکۆداری بەناو کونەلوتە شۆڕو زەلیل و لە قوروچڵپاو چەقیوەکان کردوگەڵانی نیشتوو

وبەکۆیلە کراوی هاندا کە کاری بێ وچان بۆ دین ودنیایان بکەن،بەتەنیاەوپیاوە خاوەنی ئەو دەنگە دلێرەبوو.

ئەفغانی دەرکی بە بنچینەی دەردەکەکرد،کە نەزانی ودواکەوتویی بوو،چونکە چاکسازە مەزنەکان بەو کێشەلاوەکی وسادانەوە نانوسێن کە زۆرینەی خەڵکی پێوە خەریکن، ئەوان لە شوێنی هەڵقوڵینی ئاوەکە دەست بەچاکسازی دەکەن نەک لە شوێنی ڕێژنەی ئاوەکە، جەمال الدینیش وای کرد،پەیڕەوانی ئەویش هەروابوون،

ئەو سەیری بارودۆخی مسوڵمانانی کردلەسەردەمە جیاوازەکاندا،بۆیە دەردەکەی ناسی و دەستی بەچارەکرد،هەستێکی ڕاستی هەبوو،هزری ئیسلامی وهزری جیهانی بەدووریەکی زۆرجیاوازن،،ئەفغانی بۆئیسلام توڕەبوو،داخ لەدڵیش بوو بۆئەوانەی ئیسلامیان لاوازولاڕێ کردوە،،زۆربەتوندی ئەوەی ڕەت دەکردەوە کە ئیسلام وعەقڵ دووچەمکی لێک جیابن،هەروا دژی ئەوانەبوو کە جیاوازیان دەخستە نێوان ڕاوێژو فەرمانڕەوایی وحوکم کردن، لای ئەو مرۆڤ وئازادی بەیەکەوە نوسابوون وجیانەدەکرانەوە،زۆربەتوندی زەکات وپاکانەی ڕوح وپەرستشەکانی بەیەکەوە پەیوەست دەکردن،وە تەوەکول بە الله وزوهدودنیابەکەم گری و خۆبواردن لەهاوڕێ یەتی دەسەڵات داران بۆمەبەستی پاتاڵی دنیای بەیەک هاوکێشە دەزانین.

لەسەرجەمال الدین وپەیڕەوانی پێویست بوو کە دواکەوتویی ڕیشە کێش بکەن وئوممەت بگێڕنەوە بۆڕاستە شەقام،وەکارێکی ئاساییە کە کاربکەن بۆ کۆمکاری ئیسلامی وەک کۆکەرەوەی چەشن، بەبێ دەمارگیری ڕەگەزی.

وەعەقڵ وبیروهۆش پێشەنگیان بێ دوورلە دەمارگیری مەزهەبی،ئەڤغانی دەیزانی چ ئەفسانەو چ وەهمێک لەگۆڕێ یە لەجیهانی مسوڵمانانی دەروون بەزیو و بێ متمانەبوو بە دینەکەیان، وەدەی زانی کە ئەوبێداربونەوەی ئەوروپا چەندە ناحەقی وئارەزووپەرستی وستەمی لەخۆگرتووە، بۆیە ئیسلامی بەشێوەیەک نمایش دەکردتا سەرکووتی هەڵخەڵەتاوان بکاوچەوساوان بوژێنێتەوە.

ئەفغانی یەکەم کەسێک بوو کە هەستی بە ڕق وقینەی مێژوویی داگیرکارانی ڕۆژئاواکرد،بۆیە بەمسوڵمانانی گوت کەتائێستاش ئەوروپا هەڵگری دەمارگیری وڕق وقینەی بوتروسی ناسکە لەهەڵسو کەوتی لەگەڵ مسوڵمانان،بۆیە ڕقی لە دەمارگیری ئەوروپی بوو وجەماوەری ڕۆژهەڵاتی لە مەینەتیەکانی ئەم دەمارگیریە بێدارەدەکردەوە.

ئەفغانی پێ ی وابوو کە دەوڵەت ودەسەڵات دارەکانی ئیسلامی لەوسەردەمەی ئەودا سەری مارەکەن وئەسڵی مەینەتی ودەردوپەتایەکەن،بۆیە هێرشی توندی دەکردنەسەرولەگەڵیان کەوتە جەنگی یا سەرکەوتن یاخودمردن، پاشانیش هەموو

شارەزایی خۆی کۆکردەوە وکەوتە مل ملانێ یەکی جانبازانە لەگەڵ ئەوفەرمانڕەوایانەی کەگەلەکەنیان دەچەوسێننەوە،هەروەها دژی ئەو دەست وپێوەندانەی سەرشۆڕیان بۆ دەسەڵات داران پەسندکردبوو.

دەستی کردبەنمایش کردنی ئیسلام وەک بزوتنەوەیەکی عەقڵانی وياخی بونێکی ئازادی خوازی،وەتایبەتمەندیەسەرەکیەکانی ژیاری ئیسلامی دەردەخست کە هزرێکی درەوشاوەوژیانێکی بوێروسەربەرزانە و تواناداربوون لەسەرئەنجامدانی گۆڕانکاری تێدایە.

شێوازی کارەکەی ئەوەبوو کە بەدوو شێوازولەسەردوو ڕێبازکاربکا:

یەکیان لەگەڵ فەرمان ڕەواو دەسەڵات داران، کەهەوڵی دەدا زۆربوێرانە وبێ ماستاوکردن ئامۆژگاریان بکاوتێ یان بگەیەنێ ئەوان موچە خۆرو نیوەکاری گەلەکانیانن وگەلەکانیان بەکرێیان گرتوون بۆیە دەبێ دەسەڵات دارە نیوەکارەکان ڕاوێژ لەگەڵ گەلەکانیان بکەن کە خاوەنی کێڵگەوباخەکانن.

ئاڕاستەی دووەم هەوڵی بوژاندنەوەی ئوممەت وڕەواندنەوەی خەواڵی وخاوو خلیسکی زانستی وڕەوشتی ئوممەت بوو،وەبێدارکردنەوەی ئەوبوو کە ئەو وەک ئوممەت لەم پێشبڕکێ جیهانیەی ئەدەب وشارستانیە حسابی نەبوو و مردوی بۆدەکرێ.

ئەفغانی ئیمانێکی دامەزراوی بە لێوەشاوەیی ئیسلام هەبوو بۆ دووبارە دەست پێ کردنەوەی پەیامەکەی ونوێ کردنەوەی ژیارەکەی.

بۆیە کاتێک لەگەڵ محمدعبدە گۆڤاری العروة الوثقی یان دەرکرد،ئەو وەک ڕۆژنامەنوسێک نەبوو کەهەرتەنیا خەمی بڵاوکردنەوەبێ،،بەڵکو مەبەستی لەم گۆڤارەڕێ خۆشکردن بوو، بۆ پێک هێنانی کۆمەڵانێک کەیەکتر ڕابسپێرن لەسەرسەرخستنی ئیسلام وپەیمان وبەڵێن دان بەوەی دۆستایەتی وگوێ ڕایەڵی بۆو کۆمەڵە لەگوێ ڕایەڵی بۆ باوک ودایک لەپێشتربێ، وەلەسەر توێژینەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکە کۆبێتەوە تاکو بنچینەکانی کۆمکاری ئیسلامی داڕێژێ و تەندروستی بگێڕێتەوەبۆ لاشەی نەساخ.

شێخ غەزالی حەسرەتی زۆردەردەبڕێ ودەڵێ:

هەوڵ وکۆششەکانی ئەفغانی نەگەیشتە ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ،دەنگ دانەوەیەکی زۆرگەورەی لە دوای خۆی بەجێ هێشت بەڵام شتێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا،بەڕاستی سەرکەوتووبوو لەوروژاندنی جەماوەر دژی داگیرکەرانی جیهانی.

گومانی تێدانیە کە خوێندنگای مەنارو وئیبن بادیس لەجەزائیر وخوێندنگای قاسمی وکەواکبی لەشام وزۆرێکی تر لە خوێندنگاوبزوتنەوەکانی جیهانی ئیسلامی کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەبوولەسەرشۆڕشی هزری و پەروەردەیی کە جمال الدین بەردی بناغەی بۆدانابەڵام لە ژیانی خۆ دا نەی توانی واقیعی ژیانی ئیسلامی پێ بگۆڕێ.

جمال الدین و تیۆدۆر هرتزل لەیەک سەردەم دا ژیاون،کەیسەکەشیان هاوشێوەبوو،جمال الدین کۆششی دەکرد بۆ گێڕانەوی ژیان وزیندەگی بۆ ئیسلامی دروست و دەیەویست ئەوگورگانەی خەریکی ونجڕونجڕکردنی لاشەی نەخۆشێکن تاروماربکاوببێتە پزیشک وچارەسازبۆی.

بەڵام دووەم هەڵی هاتە پێش ولەهیچەوە دەوڵەتێکی دروست کردو لە وەهمێکەوە قەوارەیەکی پێک هێنا،لەبەر ڕۆشنایی بەڵێنەکانی تەورات گەیشتە ئاواتی خۆی،بەڵام جمال الدین پێش ئەوەی بگاتەمەبەستەکەی کوژرا،بەڵام هرتزل ئێستا ئێمە تاڵی نێژراوەکەی ئەودەنۆشین.

شێخی غەزالی ئەدیب بوەلە نمایشەکەی بەڵام دیسان لێرەش وەک شایەد حاڵێک خۆدەبوێرێ و پێمان ناڵێ کە یوسفەکەی ئێمە گورگە برسیەکان کە هێرشیان بۆسەرلاشە نەخۆشەکە هێنابوو دکتۆرونوشدارەکەیان نەخوارد، بەڵام نەخۆشەکە خۆی هاوکاری گورگەکانی کردو دکتۆرەکەی دەرماندواوکرد،یۆنان خۆی یارمەتی داگیرکەرانی داوکاسەی ژەهری دایە سوقراتی ئوممەت، دنیا ویستان و لە ئاوی لێڵ دا ڕاوکەران کاسەی ژەهریان دایە حەسەنی کوڕی فاتیمەو عومەری کوڕی عبدالعزیزی خەلیفەی پێنجەم وشەشەمی ڕاشید.

وەشێخ لەبەراوردەکەی دا باسی ئەوەناکا کەبۆچی سوڵتان وشای تورک وعەجەم ئەڤغانیان ژەهرخواردوو کرد،چونکە ئەودەیەویست درەختی ئیسلام هەڵپەردێوێ وببیاتەوە سەر شاڕێ ی زمان وتێگەیشتن وگوفتاروکرداری قورئان و پێغەمبەرو سونەتەکەی کە عەرەبیە، وە غەزالی ئەوەش ناڵێ کە هرتزل چۆن سەرکەوت؟، ئەو سەرکەوت چونکە هەموو جولەکەکانی ئەوروپاو ئاسیاوئەفریقیا هەموویان تێکڕا زمان ونەتەوەو کەلتورونیشتمان وهەموو تایبەتمەندیەکی هەزاران ساڵیان خستە ژێرپێ وتەنیا ڕێ وشوێنی تەورات وزمان ونەتەوەی تەورات و کەلتوری تەوراتیان هەڵبژاردو وازیان لە هەزاران زمان هێنا بۆ زمانی عبری تەورات وموسی و وازیان لە سەدان نیشتمان هێنا بۆ تاکە نیشتمانی ئەرزی بەڵێن ومیعادی تەوراتی، گەلێک کەبەوشێوە قوربانی دەرو بوێرو گوێڕایەڵ وتامەزرۆی پەیامی پێغەمبەرەکەیان بن بێگومان هەموو وەهمێک دەکەنە حەقیقەتێکی بەرجەستە.

تانەدەران لەجمال الدین:

غەزالی دەڵێ:

دۆست ودوژمنانی جەماڵی دین لەناوگوتارونوسراوو کردارەکانی دا گەڕان،هیچیان بێجگە لە دۆستایەتی بۆ ئیسلام وپێشینە چاکەکانی گەردیلەیەک دۆستایەتیان بۆ کەسی ترنەدۆزیەوە،بێجگە لە بڵێسەی خوێن گەرمی بۆ گێڕانەوەی بەربەیان بۆ خۆرێک کەخەریکی ئاوابوون بوو،بۆ ئوممەتێکی بێ چارە کە خەریکی گیانەڵابوو،هیچی تریان بەدی نەکرد.

تاوانی ئەوەڵ وئاخیری ئەفغانی بریتی بوو لە پەردەهەڵماڵین لە گیانی پڕقین وتۆڵەی خاچ پەرستی جیهانی کەلە ئیستعماری ڕۆژئاواداهەبوو، وەلە داگیرکاریەکی تورک کە ڕوپۆسی ئیسلامی کردبوو بەڵام لە دوای ڕووپۆشەکە جەنگیزخان وهۆلاکۆو تەیموری لەنگ هەبوون.

تاوانێکی تری ئەفغانی ئەو دەیەویست خەڵکی بگێڕێتەوە سەر ئیسلامێکی بێ مەزهەب وبێ جەدەل وبێ چەنەبازی وئاخنراو بە ئەفسانە ولق وپۆپی زۆر،ئەودەیەویست لوت بەرزی کۆمەڵێک نان خۆر بەناوی دینەوە بخاتە ژێرپێ کەوەک مشەخۆر چەندین سەدەیە بەناوی دین خۆیان بەخەڵکی بەخێودەکەن.

هەربۆیەش ئەم لایەن وڕەوتانە دووچاوی سەریان بە جەمال الدین وڕێ وشوێنەکانی هەڵ نایە، چڵپاوخۆران وکاسەلێسان وئاڵقەلەگوێکانی ئیستعمارو کەسانی دەمارگیرو دەقبەستوی مەزهەبگەری ، هەرچەندە کەبەڕواڵەت وئاڕاستە هێندەی ئاسمان وڕێسمان لێک دوورن،بەڵام لەسەر دژایەتی ئفغانی یەک بەرەن.

سەیرە هەندێ لە نوسەرو ڕەخنەگران کەباسی ئیسلام بکرێ زمان درێژن، کەچی بۆ باسی دینەکانی تر بەهیچ شێوەیەک زمانی ڕەخنەو تەنانەت تانەی عەقڵیشیان لێ نادەن، تەنانەت لە باسی کارو بۆچوونە بێ سەروبەرەکانی بەرهەمی وبوزیش ڕەخنەناگرن، بەڵام ئەفغانی کە هەموو ڕۆژهەڵات وجیهانی سێ یەم قەرزداریەتی و کاریگەری لەسەر هەموو بزاڤە نیشتمانی ونەتەوەیی و ئازادی خوازەکان هەیە.

سەلەفیەکان زۆر ڕەخنە لە ئەفغانی و شاگردانی دەگرن و گومانی خراپ وتۆمەتی کافربوونیان دەدەنە پاڵ :

دەڵێن کە سەربە یەکێک لە مەحفەلەکانی ماسۆنیەت بووە، باشە لە سەردەمی پێش ئەفغانی کێ هاتبوو تاوانی چونە ناوماسۆنیەت بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوەومسوڵمانانی لێ بترسێنێ؟، ئەفغانی کە دروشمەکانی برایەتی ویەکسانی وئازادی بینی ،بەم دروشمانە هەڵخەڵەتا وەک چۆن ئوممەتەکەمان هەڵخەڵەتاوە بەم

دامەزراوە زۆرانەی جیهان وئەوناوە بریقەدارانەی کەهەموو چەندین دامەزراوو دام ودەزگایان هەیە.

ئەوەتا ئەفغانی لەوەتی دەرکەوتوەوبە نەخۆشی یان بەژەهرمردوە هیچ کەسێ نەی دیوە کە هیچ کە س ولایەنێک ببوژێنێتەوە بێجگە لە ئیسلام ومسوڵمانان،ئەفغانی ئەم شەرەفەی بەسە.

لەڕاستی دائەفغانی کاتێ دەیبینی مەحفەلی ماسۆنی ئێرلەندی بەریتانی دروشمی برایەتی وئازادی وسەربەستیان بەرز کردۆتەوە کە دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسی بوون وکۆمەڵێکی زۆری ڕۆشنبیرونوسەرانی لەهەموو نەتەوەو چین ودین ومەزهەب ونەتەوەکان لێ کۆ بۆتەوە ویستی ئەمانیش بۆ ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی پارتی نیشتمانی بەکاربێنێ، واتە ئەفغانی نەچۆتە ناوماسۆنیەت بەڵکو ویستی ماسۆنیەت بێنێتە ناو پارتەکەی و بۆ چالاکیەکانی ببێتە بەردەباز.

بەڵام کاتێ بینی ئەمانە بەبەرژەوەندیەکانی ئیستعمارو داگیرکەرانەوە گرێ دراون وئەو دروشمانە دزراون وساختەن وتەنیا دروشمی بێ ناوەرۆکن، وەگوتیان ئەوان تێکەڵاوی سیاسەت نابن، ئەفغانی کە بە شێوازی گوتارو دایەڵۆک زۆربەی ئەندامانی ئەو مەحفەلەی لە خەوی بێ ئاگایی وهەڵخەڵەتان وچاوبەستەکی و هەڵ خەڵەتاندن بێدار کردەوە و ویژدانی ڕاچڵەکاندن وپێ ی گوتن:

ئەوەی کە وای لێ کردم کە حەزم لەنزیک بونەوەبێ لێتان ناوەکەتان-بنیاتی ئازادی=ماسۆن- کە ناوێکی گەورەومەترسی دارە،وەدروشمەکانتان-ئازادی ویەکسانی وبرایەتی- بەڵام پێشبینیم دەکرد لەمیسر هەموو شتێکی سەرسوڕمێن ببینم ،بەڵام چاوەڕێ ی ئەوەنەبووم کە ببینم ئەوانەی خۆیان ناوناوە ماسۆنی ئەوەندە ترسنۆک بن، جاکە ماسۆنیەت دەست لەکاروباری سیاسەتی جیهان وەرنەدا کە بنیاتی سەربەستی وئازادی لەوێ وە دروست دەکرێ وتەخت وتاراجی ستەم کاران لەوێوە دەڕوخێنرێ ،ئەوە هەرگیز ئەو دەستانەی ئازادی خوازان گورزهەڵناگرێ وئەو بیناو بنیاتەی باسی دەکەن هەرگیز گۆشەیەک لەم جیهانە پڕ ناکاتەوە]

ئەی بۆ ناڵێن پێش بینیەکەی ئەفغانی وەک نەخشی هەڵکۆڵراو هاتەدی وتائێستاش ماسۆنی هەر هەندێ دەروون بەزیو باسیان دەکەن ولەڕاستی دا وەهمێکن وهەربوونیان نیە.

بۆیە کاتێ چوە ناومەحفەلەکە بەتەنیاچوو بەڵام کاتێ مەحفەلی ماسۆنیەتی بەجێ هێشت نیوەی مەحفەلەکە لەگەڵی دەرچوون و ئینشیقاق و پەرت بوونێک لە مەحفەلەکە ڕووی دا، ئەمە خۆی لەخۆی دا هەڵگەڕانەوەو کودەتاو شۆڕشێکی سەرکەوتوو بوو بەسەر ئەو ڕۆتین وبارودۆخە ڕۆتینی ودەق بەستوەی کەهەیە.

ئەفغانی مەحفەلێکی سەربەخۆی دامەزراند بەناوی محفلی ئەستێرەی ڕۆژهەڵات لەساڵی(1395هـ=1878م خۆی سەرۆکی یانەکەبوو،لەناومەحفەلەکەی دا بۆهەر وەزارەتێکی حوکمەت بەشێک وشارەزایەکی دیاری کردبوو،

بەم کەسانە ی کەلە مەحفەلەکە جیای کردنەوە تاکو هەست بەبەتاڵی نەکەن ونەچنەوە ناو مەحفەلە کۆنەکەوە ،وەلەم مەحفەلە سەربەخۆیەدا یاریەکی سیاسی کارامەی دەکرد،کەدەیبینی بەریتانیەکان چاوچنۆکن و چاویان بڕیوەتە وڵاتە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەم لەگەڵ هاوبڕکێ فەرەنسیەکانیان ڕێک کەوتنی دەکرد، هەموو ئەمانەی گوتم ڕێک لەگەڵ سیاسەتی شەرعی پێغەمبەردا علیه السلام دێتەوە وهەرچەندە ڕەخنە گران بەم هۆیانە ئەفغانیان مولحید کردوە بەڵام کە گوایە بەکارهێنانی ماسۆنیەت و مەحفەل و دروشمەکانیان ئیلحادە.

جاخۆ کە ماسۆنیەت بگەڕێتەوە سەدەمی سلێمان وئەو دای مەزراندبێ، ئەوە قورئان ئەوەندەی باسی موسای کردوە باسی محمدوئیبراهیم ونوحی ئەوەندە نەکردوە،ئەوەندەی وەسفی تەورات لەقورئان کراوە،وەسفی قورئانیش بەوشێوە نەکراوە، لەلایەکی تر ئەوە تۆپی پێ کە وەک پەرستش بۆ ئەپۆلۆو جۆبیتێرکراوە، لای شاخی ئۆلۆمپ کە عەرشی جۆپیتیرە ،دەوڵەتی ڕۆمان هەرکەبووبە مەسیحی لەسەردەمی قوستەنتین لە ساڵی ٣٠٠ز تا سەدەی نۆزدە ئەم یاریەی بە دیاردەیەکی جۆپیترپەرستی دەزانی، ئەوە سەدساڵێکە ئەم یاریە گەڕاوەتەوە ،ئەی بۆ ئەم خەڵکە بۆ ئەویاریانە ویانەکانیان پێشبڕکێ دەکەن ،ئەوەباسی ئەو بزاڤە بەناو دیمکراتی ولیبڕاڵیانە هەرناکەم کە ملیۆن جار لەماسۆنیەت زیاتر زیانیان گەیاندوەوکەچی زۆر لە بەناوخەڵکی زاناودینداریش لەخزمەتیان دان..

غەزالی دەڵێ:

گومان بوون لەوەی جمال الدین ئەفغانی بێ یان ئێرانی بێ یان سودانی بێ چ بەهایەکی هەیە؟ئایاشەرەف وگەورەیی پیاو لەو وڵاتەوەیە کەلێ ی لە دایک بووە؟نەخێر بەڵکوگەورەییەکەی لەکاروشوێنەوارەکانیەتی، بۆ شیعەیی وسونەییش ،ئەوەتاگوتەوکردەوەکانی جمال الدین دەیسەلمینن کە ئەفغانی تەنیا شیعەو دەستەی ئیسلام وپێشینە چاکەکان بووە وژیانی لەسەرداناوە.

قسەی ئەمانە وەک تۆمەت بارکردنی مارکسە بەوەی بەکرێ گیراوی سەرمایەداریەو چەپڕەویەکەی ڕوپۆشێکە بۆ خۆشاردنەوەی.

کۆتاقسەی غەزالی ئەوەیەکەئەوئوممەتانەی باسی چاکەکان ولایەنەئەرێنیەکانی گەورەکانیان بە زەقی دەکەن وکەمکوڕی وگوناهێکیان لێ وەشابێتەوە

دەیشارنەوەولەگەڵ مردوەکە دەینێژن،ئەوەدەبنە خاوەنی مێژوو،بەڵام ئەوگەل وئوممەتانە ی کەچاکەی گەورەکانیان لەگەڵ گەورەکان بنێژن وهەرخەریکی کەم وکوڕیەکانیان بن وکەنەشیان بێ بۆیان هەڵبەستن وبوختانیان بۆبکەن،لەئاکام دائەمانە مێژوو ودێروکێکیان نابێ.]

کۆتایی ئەم دیدارە بەچەند چوارینێک دێنم کەلەساڵی ١٩٩٠دا بۆ ئەفغانیم نوسیون لەچوارچێوەی چوارینەکانی چەند ڕازێک بۆ ڕابەروڕێبوارەکان.

- بۆجەماله الدینی ئەفغانی زەعیمی ڕۆژهەڵات

دەنگی هاوسەنگی بۆتەی ئەزموون
بریای سوتاوی پەڕاوی گەردوون
باوەشی دادو هاناو سکاڵای
بەقەدباڵای حەق تۆ بەرزەباڵای

هۆکۆڵ بەکۆڵی کۆچەری هۆبە
وەکوجارانت،هەربەرزەگۆبە
خۆواهەرشەوەونەهات کازیوە
دوژمن تا ئێستاش بوونمانی دزیوە

ئێستاش مێژوو ڕەژووی بن ژیلکە
ئێستاش ڕۆژهەڵات وەک جاران کلکە
نوزەوزریکەی گەلی ڕەش وڕووت
نەخشاندوویانە مەزنی ئاسۆت

ئوستازی مەزن،پشکۆی مێژوو
تارمایی درێژی دەشتی ڕابردوو

تائێستاش ستەم والەسەرشانی
گەلی بێ بەشی ئێران ئەفغانی

ڕژانی خوێن بووە لافاوێ
ویژدان لەداخاپەل بۆکوێ باوێ؟
بەچ بنوسێ؟خامەی نوک شکاو
بەخوێنی شەهیدیان ئابڕوی تکاو؟

—

دیداری دوازدەهەم:

———

بەراوردێک لە نێوان بێدارکەرەوەی ڕۆژهەڵات جمال الدینی ئەفغانی (1838-1897)و عبدالرحمانی ئیبن خەلدون (732ک، 1332ز/ 808ک، 1406ز)دامەزرێنەری زانستە مرۆڤایەتیەکان.

دەقی توێژینەوەیەکی شێخ عبدالقادر مەغریبی

(1867- 1956ز)بەدەستکاریەوە.

پێشەنگانی ڕۆژئاواوڕۆژهەڵات،ئیبن خلدون وئەفغانی:

بەم ناونیشانە نوسەروڕۆژنامەنوسی ی مەغریبی محمدسنوسی لەسەر هەڵسەنگاندنێکی شێخ عبدالقادرمغریبی لەسەر ئەفغانی گوتارێکی بەپێزی نوسیوە.

شێخی مەغریبی (1867- 1956ز) زانایەکی سوری بوە، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی زانیاری عەرەبی بووە لە دیمەشق، زانابووە لەبواری شەرع وزمانی عەرەبی ،خوێندکاری شێخ حسین جسری خاوەنی کتێبی چیرۆکی ئیمان بووە،،پاشان لە ئەستەمبوڵ ئەفغانی بینیوەو بۆ ساڵێک لەخزمەتی دابووە،شێخ مەغریبی یەکێک بووە لە ئەمەکدارانی خوێندنگای ئەفغانی ،کتێبێکی لەسەر ژیان و بۆچوونەکانی مامۆستاکەی نوسیوە بەناونیشانی

(جمال الدين الأفغاني.. ذكريات وأحاديث=جەمال الدینی ئەفغانی ..یادگاریەکان وڕووداوەکان)،لەم کتێبە داژیان وهزرو کاریگەری ئەفغانی باس دەکا ،لە دەروازەیەکی ئەم کتێبە بەراوردێکی کردوە لەنێوان بێدارکەرەوەی ڕۆژهەڵات جمال الدینی ئەفغانی (1838- 1897)و عبدالرحمانی ئیبن خەلدون (732ک،

1332ز/ 808ک، 1406ز)دامەزرێنەری زانستە مرۆڤایەتیەکان،لەم گوتارە باسی ئەو ڕووە هاوبەشانە دەکا کە لەنێوان ئەم دوو چاکسازە گەورەدا هەبووە لە هەموو بوارەکانی زانست وهزروژیاننامەیان.

ئەفغانی وئیبن خلدون بەیەک دەچن لەو زانستانەی کەخوێندویانە،لە بواری سیاسی دا کە ژیانی خۆیان بۆ بەخت کرد،لە سیفەت وتایبەت مەندی دەروونی وڕەوشتی وکەسایەتی کە هەیان بووە،لە وێک چوونی ئەو بارودۆخەی کە تیای دا ژیاون و ویستویانە بیگۆڕن وچاکسازی تێدابکەن،وێک چوون لەو دوژمن ونەیارە دەق بەستوو وبیروشکانەی بەرەوڕویان بوونەوە، بەیەکتر چوونیان لە شێوەی مردنیان لە دوورلەوڵاتی وبەغەریبی وبێ پرسەو بێ جەنازەی شکۆدار..

هەردووکیان زانستەئیسلامیەکانیان خوێندوون،هەردووکیان پێش هاوچەرخەکانیان کەوتوونەوە لە زانست ودانایی ومێژوو وکۆمەڵناسی وفەلسەفەدا.

ئەوەتا ئیبن خلدون بە دامەزرێنەری زانستی عمران و ئاوەدانی دادەنرێ،هەروا ئەفغانیش لە گۆڤاری (العروة الوثقی)- باسی سونەتە ئیلاهیەکانی ناودروستکراوەکان وکۆمەڵگاکان دەکا،گوتاری بەناونیشانی سونەتە ئیلاهیەکان لە بەرێوەچوونی ئوممەتانداو چەسپاندنی لەسەر مسوڵمانانداونوسیوە.

هەردووکیان لەپاڵ زانستی شەرعی وکۆمەڵناسی بە بواری سیاسیشەوە خەریک بوون و ئازاری زۆریان لە وەرگێڕوداگێڕەکانی سیاسەت و فێڵ وتەڵەکەکانی دا کرد.

هەریەک لەم دوو چاکسازانە بەچاوی عەقڵ وبیروهۆش لە دەقەکانی ئیسلامیان دەڕوانی،موجتەهیدو کۆشش کارێکی سەربەخۆبوون ولاسایی کردنەوەوتقلیدیان لاپەسندنەبوو،هەردووکیان گرنگیان دەدابەدەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەگشتیەکانی مسوڵمانان،وەسووربوون لەسەر چاکسازی کردن لە کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا ئەویش لە ڕێگەی گونجاندن وهەموارکردنی ڕێسابنچینەییە دروستەکانی ئیسلام ولەنێوان ڕێساوبنچینە کۆمەڵایەتیە داهێنراوەکانی کەبۆڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی وڕێکخستنی بارودۆخی کۆمەڵگا سودی لێ وەرگیراوە.

هەروەهاسیفەت وخەسڵەتە دەروونی وڕەوشتیەکان دا هەردووکیان دڵ ودەروون ودەست پاک بوون، هەردووکیان سروشت توند بوون زووکارلێکیان لەگەڵ بارودۆخەکان دەکردوهەڵدەچوون وزووش دەهاتنەوە ودادەمرکانەوە.

لسان الدینی هاوڕێ ی ئیبن خلدون دەڵێ :ئیبن خەلدون دووربوو لە نەرم ونیانی، هەرئەوەش وای کردتووشی مەینەتی بێ و پیاوانی دەوڵەت لەگەڵی هەڵنەکەن.

هەروەها محمد عبده دەڵێ:لەگەڵ ئەفغانی کە خەریکی دەرکردنی گۆڤارەکەو دانوستان بوون لەگەڵ جەمسەرەکانی سیاسی ئەوروپا بۆ دەست خستنی هاوکاری وتێک گەیشتن لە خواستەکانی ڕۆژهەڵاتیەکان،بەڵام کە ئەفغانی لەکاتی دەمەتەقێ لەگەڵیان تووڕە دەبوو،بۆنمونە لەگەڵ گلادستۆنی وەزیری دەرەوە،لە ئەنجامی ئەوتووڕەبوونە ،هەموو ئەوەی دەستیان کەوتوە هەڵدەوەشێتەوە،بۆیە زۆرجاران ئەوەی دووربینی دای دەمەزراند تووڕەیی دەی ڕوخاند.

هەردووکیان هەوڵیان دا بیروبۆچوون وفەلسەفەکەیان بەسەر جیهان دا بچەسپێنن بەبێ پێچ وپەنا،هەروەها هەردووکیان دژی ئەو ئەفسانەوخورافانە بوون کەبە دینەوە لکێنراون،ئەمەش وادەکرد کە ناحەزیان زۆربێ،

هەردووکیان دژو پێش بڕکێ کەرو کەسانی حەسودو بە ئیرەیی لەدەوروبەریان زۆربوون،لەهەرکۆشک ولای هەرسوڵتانێکەوە بانگ کرابان کەسانی دەست وپێوەندی ئەو شوێنانە لە غرناتەو فاس وتونس وقاهیرە بۆ ئیبن خلدون ولە کابول وهند وتاران وئەستانەوقاهرە بۆ جەمال الدین دوای ٥٠٠سالٌ مێژوو خۆی دووبارەکردەوە.

مەغریبی باسی ئەو شێخە وشک وجامیانە دەکا کە هەردوو مامۆستاکە پێ یانەوە گیرۆدەبوون،شێخ عەلیش ناوێک بەخۆوگۆپاڵەکەیەوە هەڕەشەی لە ئەفغانی و قوتابیەکانی دەکرد کەلە گۆشەکانی زانکۆی ئەزهەردا ئاڵقەیاندەبەست وفەلسەفەیان دەخوێند،هەروا ئیبن خلدونیش توشی شێخێکی جامی بووبوو بەناوی کوڕی عەرەفە، کە زۆرئیرەیی بە ئیبن خلدون دەبردکە قوتابیان لەدەوری ئاڵقەیان دەبەست و دەسەڵات دارانی لە دژیان هان دەدا.

تەنانەت ئەم بەیەک چوونە لە بابەتە دنیایەکانیشدا هاوشێوەن، ئەوەتا پاشای ئیسپانیاوسوڵتان عبدالحمیدهەردوکیان داوالەم دووموسلیحە دەکەن کە کۆشک و ژن وکەنیزەیان دەدەنێ و واز لەم زاهیدی ودەروێشی وبانگەوازو نوسین وداهێنانە بێنن وتەنیابۆ ژیانی تایبەتی خۆیان بژین.

بەیەک چونەکە گەیشتوتە کۆچی دوایی کردنیشیان ،ئیبن خلدون بەغەریبی ونامۆیی لە میسر مردولە گۆڕستانی سۆفیەکان لەدەرەوەی دەروازەی نەسرنێژراوەو کەس گۆڕەکەی پێ نازانێ ،هەروەک ئەوغەریب ودەربەدەرانەی دوورلە زێدونیشتمان وکەس کاریان دەمرن.

هەروا جمال الدینیش لە ئەستەمبوڵ مرد بە غەریبی وبێ پرسەو مەراسیمی جەماوەری وبەدزیەوە لە گۆڕستانی (شیخلر مزارلغي) لە نشانطاش نێژرابوو، خەریک بوو کە گۆڕەکەی هەربزربێ هەتا لەساڵی ١٩٤٤ داگوازرایەوە بۆ دانشگای کابوولولەوێ نێژرا.

هەروەها ئەو بارودۆخەش کە ئەم دووپیاوەی تێدا دەژیا هاوشێوەبوون، وەک شێخی مەغریبی لە فین فیزندوک ی ڕۆژهەڵات ناس دەگوازێتەوەکە سەردەمی ئیبن خەلدوون تاریکترین سەردەمی ئیسلامی بووەلە ڕووی بێ لایەنی وسەربەخۆیی وبواری سیاسەوە ئومەتی ئیسلامی داڕمابوو،هەربۆیە ئیبن خلدون وەک خۆرێکی پڕشنگ داروابوو کەوتاریکاییە ئەنگوستەچاوەی ڕۆشن کردەوەو پاشان ئاوابوو.

ئیبن خلدون مسوڵمانێکی بەغەیرەت وبەپەرۆش بوولەسەردینەکەی و فەرمانڕەوایەتی نەتەوەکەی،کاتێ ئەو دەوڵەت وئیمپراتۆریەی دی کە لێک هەڵوەشاوو لەبەریەک ترازاولاوازوخاووخلیسک بوو،هەرلە ناوەڕاستی ئاسیاوەتاباکوری ئەفریقیا عەجەم وگەلانی جگەلە عەرەب فەرمانڕەوای بوون،چەندە دەوڵەتۆکە وکانتۆنێکی مەغولی وتورکی وبەربەری هەبوون کەلەسەر دارودیواری داڕوخاوی عەرەبی پەتی بنیاتی خۆیان دانابوو،ئیبن خەلدون لەودەوڵەتانە زۆرگەڕا،هەرلە ئەشبیلیای ئەندەلوس وڕۆژئاوای ئەورۆئەفریقیاهەتا حجازو شام لە ڕۆژهەڵات .

بەچاوەکانی خۆی بینی کە تەیمورلەنگی مەغۆلی جینۆسایدی خەڵکی ڕۆژهەڵات و دووڕوباروشامی کرد،هەروەهای پترۆی ئیسپانی بینی کەخەریکە غرناتەی دوا پێگەی دەوڵەتی ئیسلامی عەرەبی لەسەرخاکی ئەوروپا دەپێچێتەوەو قوتی دەدا.

ئەم مەشخەڵە کوژایەوە،ئیبن خەلدون لەم تایکە ئەنگوستەچاوەدا چاوەکانی لێک ناکۆچی دوایی کرد،پاش تێپەڕبوونی پێنج سەدساڵ بەسەرمردنی دا،دووبارە گەڕایەوەوژیایەوەولەگۆڕەکەی هاتەوەدەرلەسەرشێوەی لاشەوکەسایەتی جەمال الدینی ئەفغانی.

جەمال الدین لەو شوێنەی ئیبن خەلدون چاوەکانی لێک نابوون پێش پێنج سەدساڵ، هەرلەوئاڵقەی چیرۆکەکە چاوەکانی کردەوە،هەرچی ئیبن خلدون بینیبووی پێش پێنج سەدە، جمال الدینیش بینی،ئەویش وەک ئیبن خلدون لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای جیهان گەڕاوگەشتی کرد،،لە کابول وهندستانەوەبۆ مەککە ومیسروتەهران وبەسرەو وئەستەمبوڵ تا پترۆسبۆرگ وڤیەننا‌ولەندەن وپاریس،،، لە لایەکی جیهان مردنی بینی ولەلاکەی تر ژیانی بینی، لە خوارەوەی جیهان خۆخۆری وتەوەزەلی بینی ولەسەرەوەش هەوڵ وکۆشش و چەلەنگی بینی،

لەخوارەوە نەفامی وبێ کاری ولەسەرەوەش دانایی وکارکردنی بینی، نمونەی شێخ علێش و شێخ حەسەن فەهمی ئەفەندی لە میسرو ئەستەمبوڵ کەدژی کارەکانی جمال الدین بون،هەروەک چۆن پێش پێنج سەدە ئیبن عرفە وبساتی لەقاهرەوتونس دژی ئیبن خلدون بوون، مێژوو ڕوداوەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە هەروەک دەڵێن!!

دوای ئەوبەراوردە کەخاڵیش نەبوو لە چێژوو خۆشی وداهێنان دەتوانین بڵێین:

ئەمە هەریەک کاروانە کەهەموو چاکسازونوێ کەرەوان پێ ی دا
تێپەڕدەبن،هەروەک چۆن ئێمە لە ژیانی ئەم دوو چاکسازە هەمان دیمەن
ودیاردەمان بینی،سەرەڕای پێنج سەدە لەنێوانیان، ئەو لایەن وبەرەی جەنگ
ودوژمنانەی خۆیان بەسەر چاکەخوازو موسڵیحان دا دەسەپێنن هاوشێوەی
یەکن،ئەگەرلەهەموو شتێکیش بەیەک نەچن، بەرەو سەنگەرەکانی ناوخۆ لەگەڵ
جامی و بیر چەق بەستووودەسەڵات دارە کورت بین ودڕدۆنگ وقرچۆک
وترسنۆک وگەمژەکان وڵاتۆکە کانتۆنیە پەرتەوازەکان،،بەرەوسەنگەرەکانی
دەرەوەش دوژمنانی خۆمەڵاس دەرلەبۆسەداو هەر هەڵێکیان لەهەربوارێک بۆ
هەڵ بکەوێ دەی قۆزنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش پێویستە ئەوسیفەتانەی کە چاکخواز وڕیفۆرم خوازان خۆی
پێ چەکداربکەن ئەویش هەر پێک دەچن،ئەگەر هەرهەمان شت نەبن:

-زاهدی وخۆشیەکانی دنیا بەکەم گرتن وسامان ودارایی بەسوک سەیرکردن.

-دەرک کردن بەسونەتەکانی گۆڕانکاری و کۆمەڵناسی.

- سووربوون وچۆک نەدان ووربەرزی بۆگەیشتنە مەبەست وکۆشش کردن
وبەکارهێنانی هەموو وزەیەک وماندوو نەبوون وهەمیشە گەشبینی .

کۆتا گوتەی شێخی مەغریبی ئەمەیە کەدەڵێ:

الله بەسەر هەموو ئەمروبڕیارو فرمانەکانی دازاڵە، وەتەنیا لەو پاداشت
وەردەگیرێ وتاکە پشتیوان هەرئەوە...

ئەم بەراوردەی مەغریبی بەراوردێکی پەیکەری دەرەوەی نێوان ژیان وبارودۆخ
ودیاردەوڕوداوەکانی ژیانی ئیبن خلدون وجمال الدین بوو،، لەبەشی دابێ هەرلە
درێژەی ئەم بەراوردەی نێوان ئەم دوو ڕیفۆرم خوازە دا تیشک دەخەمە سەر:

- بیردۆزە دەمار گیریەکەی ئیبن خەلدون بۆ دروست بوونی دەوڵەت،لەگەڵ سێ
هاوکێشە عەقیدەیی وسێ ڕەوشتەکۆمەڵایەتیەکە کەبەشەش دیواری کۆنکرێتی
تێڕوانینی ئەفغانی دادەنرێن بۆ بنیات نان ودارمان.

-هاوکێشەی لای ئیبن خلدوون[الحضارة مفسدة للعمران=ژیار تێکدەرو
گەندەڵکەری ئاوەدانیە] بەڵام لای ئەفغانی [الكفر مفسدة للعمران= کوفرو ئیلحاد
تێکدەرو گەندەڵکەری ئاوەدانیە]

-بۆچوونی ئیبن خەلدون بۆ وەحی وپێغەمبەرێتی ،بەبراورد لەگەڵ بۆچوونی ئەفغانی، ئایالای کامیان مقام وپلەوپایەی هەواڵ پێدران ونبووەت بە هەوڵ وتێکۆشانی مرۆڤ دێتە دی؟؟

- ئیبن خلدون چۆن دەڕوانێتە تیۆری پەرەسەندن وبازدان وهەڵبژاردنی سروشتی؟ ئایا ڕای لەگەڵ ئەفغانی لێک نزیکە؟

- ئیبن خەلدون لەوانەیە کە دەڵێن کەسێک بەناوی محمدی مەهدی بۆمەرامێکی سیاسی ڕەواجی پێدراوە، ئەم بۆچوونە لای شاگردەکانی ئەڤغانیش باس کراوە هەرچەندە خودی ئەفغانی باسی نەکردوە.

ئەمەو چەندبابەتێکی کرۆک وجەوهەری ئەو دووتەرازوە هەڵدەسەنگێنم..

—

دیداری سێزدەهەم:

هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی هاوسەنگ لەنێوان ئیبن خەلدونی پێشەنگی هەڵسێنەرەوە ی هزروبیری ئیسلام دوای نسکۆی تەتەروخاچپەرستەکان و ئەفغانی بوژێنەرەوی هزروبیری دوای نسکۆی ئیمپریالزمی نوێ.

ئەوبەراوردەی مەغریبی لە دیداری دوزدە خوێندتانەوە،بەراوردێکی پەیکەری ڕووکەشی دەرەوەی نێوان ژیان وبارودۆخ ودیاردەوڕوداوەکانی ژیانی ئیبن خلدون وجمال الدین بوو،، لەم بەشە دا هەرلە درێژەی ئەم بەراوردەی نێوان ئەم دوو ڕیفۆرم خوازە دا تیشک دەخەمە سەر:

- بیردۆزە دەمار گیریەکەی ئیبن خەلدون بۆ دروست بوونی دەوڵەت،لەگەڵ سێ هاوکێشە عەقیدەیی وسێ ڕەوشتەکۆمەڵایەتیەکە کەبەشەش دیواری کۆنکرێتی تێڕوانینی ئەفغانی دادەنرێن بۆ بنیات نان وداڕمان.

-هاوکێشەی لای ئیبن خلدوون[الحضارة مفسدة للعمران=ژیار تێکدەرو گەندەڵکەری ئاوەدانیە] بەڵام لای ئەڤغانی [الكفر مفسدة للعمران= کوفرو ئیلحاد تێکدەرو گەندەڵکەری ئاوەدانیە]

-بۆچوونی ئیبن خەلدون بۆ وەحی وپێغەمبەرێتی ،بەبراورد لەگەڵ بۆچوونی ئەفغانی، ئایا لای کامیان مقام وپلەوپایەی هەواڵ پێدران ونبووەت بە هەوڵ وتێکۆشانی مرۆڤ دێتە دی؟؟ ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێ.

- ئیبن خلدون چۆن دەڕوانێتە تیۆری پەرەسەندن وبازدان وهەڵبژاردنی سروشتی؟ ئایا ڕای لەگەڵ ئەفغانی لێک نزیکە؟

پوخت کردنەوەی بۆچوونی ئیبن خلدون لەوبابەتانە:

ئیبن خلدون دەڵێ:

﴿ لەو چین وجۆرە کەسانەی دەرک بە شاراوەوغەیب دەکەن لە مرۆڤەکان ﴾

ئەم مرۆڤانە یان بە فیترەت ئەم زانست وهەواڵانە دەزانن،یان بە وەرزش وهەوڵ وکۆشش وخۆماندووکردن.

پێغەمبەران کە بە فیترەت گەیشتوونە ئەو زانستە ودەرک کردنە وبۆ ڕێنمایی مرۆڤان هاتوون بە چەند جیاکەرەوەیەک جیادەکرێنەوە، لەو جیاکەرەوانە:

- لەکاتی هاتنی وەحی بۆیان جۆرە ئاگالەخۆنەمان ولەهۆش خۆچونێکیان هەیە،ئەوانەی لایانن وادەزانن کە بوراونەوە،بەڵام لەڕاستیدابورانەوە نیە، بەڵکو ئەو حاڵەتە ڕوحانیە ئەوەندە زاڵ دەبێ وبەهێزدەبێ کەئەم پێغەمبەرانە لەوحاڵەتی هاتنی وەحیە لەهەموو هەستە مرۆڤایەتیەکان و هەست وخواستە دەرونیەکان دادەڕنێ ،تا هیچ هەست وخواستێکی دەرونی کەسەکە تێکەڵی وەحیەکە نەبێ وشەیتان لەو دەلاقەوە هەڵێکی دەست نەکەوێ ،بۆیە ئەم حاڵەتە ناودەنرێ بە حاڵەتی ئیستغراق و گرتنەوەی گشتگیری مەلەکی وەحی ،کەهەموو دەرک کراوە مرۆڤایەتیەکان لەکاردەکەون ولێ یان دادەڕنرێن وخەڵک وادەزانێ کە بوراونەوە،ئەم ڕوحە لەم حاڵە داڕنراوو دابڕدراوە دا بەچەند هەواڵێکی شاراوەو بنەمایەکی شەرع ودین و حکمەت ولێزانی بارگاوی دەکرێ ودەئاخنرێ، پاشان حاڵەتی ئیستغراقی مەلەکی وەحی و ئینفسامەکە وردە وردە پێغەمبەرەکە بەردەدا، پێغەمبەرەکە دەگەڕێتەوە حاڵەتی مرۆڤایەتی و دەرککردنە مرۆڤیەکان وهەست وهۆشەکانی بۆ دەگەڕێتەوەوبەوهەست وهۆشە مرۆڤایەتیانە ئەو وەحیەی کە ڕوحی پێ ئاخنراوەوبارگاوی کراوە دەردەبڕێ و دەیگەیەنێتە ئوممەتەکەی و حەواری ویاوەرو شاگردوشوێن کەوتوانی.

ئیبن خلدون لەم بڕگە بەڵگەی زۆرلە قورئان وفەرمودەو سیرەی ژیانی پێغەمبەر علیه السلام دێنێ بۆ سەلماندنی ئەم تێڕوانینە .

هەروا ئیبن خلدون بێجگە لە جیاکەرەوەی وەحی ،باسی چەندین جیاکەرەوەی تر دەکا لە جیاکەرەوەی ڕەوشتی ودەروونی وکەسایەتی وزانستی کەهەموشی بەبەڵگە سەلماندوە.

بۆ تەفسیرو شرۆڤەی حەقیقەت وڕاستە قینەی نبووەت وپێغەمبەرایەتی وجیاکرانەوەی ئەم پایە لە پایەی کاهن وسحروجادوو ، ئیبن خلدون دەڵێ:

ئێمە ئەم جیهانی بینراوو شەهادە کە لەپێشمانە،هەرچی کە تیای دایە لەدروست کراو، هەمووی مەحکەم وپڕ جوانکاری وڕێزبەندی وڕژێم وڕێک وپێکیە،پەیوەستی هۆکارەکان بە هۆیەکان وبونەوەرەکان بەیەکتروکارلێک کردنیان بەشێوەیەکی سەرسام کار.

من لێرە لەجیهانی بەرجەستە دەست پێدەکەم، ئەوتا جیهانی بینراوو شەهادە پلە بە پلە وەک کۆشکێک لەسەریەک دانراوە،زەمینی ڕەق وەک بناغە چڕو بەرجەستەوبینراوە،پاشان ئاو کەلە چینی ڕەق زەڵاڵتر وڕوونترە، چینی سێ یەم هەوایە کەلە ئاویش ڕوونترو بڵاوترەوهەربەحاڵ هەستی پێ دەکرێ بەڵام بەبینین نابەڵکو بە بیستن وبەرکەوتن وبۆن،چینی چوارەم ئاگروتیشکە ئەمانە هەندێکیان بە هەندێکەوە نوساون.

من تێبینیم لەم ڕیزبەندیەی ئیبن خلدون هەیە وپێم وایە کە ئاگر دوای چینی ڕەقی دێ چونکە بەهەستی بینین وبیستن وبۆن ودەست لێدان تەواوهەستی پێ دەکرێ، بەڵام ئاو بێ ڕەنگە وباش نابینرێ ،دەست لێدانیشی لەئاگرسادەترە، بۆیە پێم وایە ئاوسێ یەم وباوبەرگەهەواچوارەم وبۆشایی کە هاوشێوەی هەوایە پێنجەم بێ.

ئیبن خلدون دەڵێ:ئەم چینانە هەریەکەو دەگۆڕێ ودەبێتە ئەوەی سەروخۆی، گڵ وردەوردە دەگۆڕێ بۆ ئاو،ئاوودەریاوزەریاکان دەگۆڕێن بۆ هەواوهەوابۆ ئاگر، لەڕاستیدا ئەوەی من گوتم لەمەش ڕاستترە، چینی ڕەق وگڵ دەبێتە کانزاوخەڵوزو داروتەختەوپوش وپەڵاش و سوتەمەنیەو چینی دوەم ئاگرە، ئاگرهەوروهەڵم دروست دەکاو ئاودێنێ،ئاودرەخت وگیاو قەوزە دەڕوێنێ وهەوادێنێ.

ئیبن خلدون دەڵێ کە چینی سەرەوە لەتیف ونەرم ترە لە چینی ژێرەوەتادەگاتە جیهانی خولگەکان،هەستەکان تەنیا دەرک بەجوڵەیان دەکەن،بەم جوڵانە پسپۆران ئەندازەووبوارەکانی ئەم چینانە دەزانن.

پاش ئەم پەیکەرەی چوار توخمەکان ئیبن خلدون دەڵێ:

پاشان سەیری ڕیزبەندی پێکهاتەکان بکە، لە کانزاکانەوە دەست پێ دەکا کەچڕترین وڕەقترین وبەرجەستەترین پێک هاتەن،چینی دووەم دووای کانزاکان

ڕوەکەکانن،هەڵبەت درەختەکانیش هەرڕوەکن، چینی سێ یەم چینی زیندەوەروئاژەڵوگیانەوەرانە.

دوائاسۆی گەشەکردنی کانزاکان پەیوەستە بە جۆرەسەرەتاو نزمەکانی ڕوەکەکانەوە وەک گژوگیاکان و ڕوەکەپێتوەکان، پاشان ڕوەک هەرگەشەی کردوەوڵە بەرزترین ئاسۆی گەشەکردن وەک دارخورماگەیشتوتە پلەی نزم ویەکەم چینی زیندەوەران وەک حەلەزون وسەدەف -هێلکە شەیتانە کە زیندەوەرێکی سەرەتاییە- ئەم دوو زیندەوەرە تەنیا هەستی بەریەککەوتنیان هەیە، کە دەڵێین لە ئاسۆی بەرزیان پەیوەندیان بەچینی سەروخۆیان هەیە،واتە ئەوئاسۆی هەرەبڵندی چینی ژێرەوە بە ئامادەبوونێکی نامۆو غەریب دەتوانێ بازبداو بگۆڕێ بۆ نزمترین جۆری چینی سەروخۆی ،

بەم شێوە جیهانی گیانەوەران فراوان بوو،چەشنەکانیان زۆربوو،لەپلە بەپلە بەرزبوونەوە بەردەوام بوو تا ئەم بڵندبوونەی پلەبەپلە بە پێک هاتنی مرۆڤی خاوەنی هزرووبیروبۆچوون گەیشتە دوا تڕۆپکە،یەکەم و نزمترین ئاسۆی مرۆڤیش تەنیا هەست ودەرک کردنی هەبوو، ورده ورده گەیشتە پلەی هزروبیروبۆچوون ئەمە دوا مەبەستی بینراومانە.

پاشان ئێمە لەم جیهانە لێک جیاوازانە چەندین شوێنەواری هەمەچەشن دەبینین:

ئەوەتالە جیهانی هەستەوەری دا چەندشوێنەواری لە جوڵانەوەکانی ڕێڕەوی ئەستێرەکان وچوارتوخمەکان دەبینین،وەلەجیهانی پێک هاتەکانی کانزاوڕوەک وگیانداریش چەند شوێنەوارێک لە جوڵەو گەشەودەرک کردن هەن،هەموو ئەمانە شایەتحاڵی ئەوەن کە ئەوان کارتێکەرێکیان هەیە کەئەو کارتێکەرە لە دەرەوەی جیهانی مادەو لاشەکانە.

ئەوکارتێکەرە ڕوحانیە وپەیوەندی بەم پێک هاتانەوە دەکاچونکە ئەم جیهانە لەبوونی خۆی دا پەیوەستی پێوەهەیە،چونکەئەو خودو دەروونی دەرک کەرو جوڵێنەرە، دەبێ ئەم ڕوحە جوڵێنەرو دەرک کەرە دەبێ پەیوەست بێ بەجیهانێکی تر‌ەوە کە دەرک کردن وجوڵێنەری پێ ببەخشێ، دەبێ ئەو جیهانەو چینە دەبێ دەرک کرنێکی داڕنراوو خاڵس و و جیهانێکی عەقڵ وهزرو هۆشێکی پەتی بێ، کە ئەویش جیهانی مەلائیکەو فریشتەکانە.

ئەمە وا پێویست دەکا کە ئەم نەفس ودەرون وڕوحە ئامادەیی تێدابێ کە بەپلە پلەیی بگۆڕێ و بەیەکجاری خۆی لە مرۆڤایەتی داڕنێ وبۆ ئەوەی بە تەواوی ببێتە ڕەگەزی مەلائیکەوفریشتە لە کاتێک لەکاتەکان ولە چاوتروکانێک لە چاوتروکانەکان،،ئەمەش دوای ئەوەی ئەم مرۆڤە خودی ڕوحانی بەتەواوی کامڵ

بوو،بۆیە پەیوەندی بە ئاسۆی چینی دوای خۆی دەکا،هەروەک چۆن لە چینەکانی تریش هەروابوو کە باسمان کرد.

ئەم مرۆڤە لەهەردوو ئاسۆی بەرزی ڕوحی ونزمی جەستەیی بەدووجیهانی جیاوازپەیوەستە.

لەخوارەوە پەیوەستە بەلاشە وبەهۆی لاشەوە دەرک پێ کردنە هەستەوەریەکان دەستەبەردەکاوبەوهۆیەوە دەتوانی عەقڵ وهۆشی دەست بکەوێ .

لە ئاسۆی بڵندی ڕوح ئەم مرۆڤە لە چەشنی خۆی بازی داوەو پەیوەندی بە ئاسۆی نزمی مەلائیکەوە کردوەولەوێشەوە دەرکی زانستەکان وجیهانی شاراوە دەکاچونکە جیهانی ڕوداوەکان لای فریشتەکانیش هەیە لە عەقڵ وهزریان دا بەبێ بوونی کات وزەمان.

ئەم ڕوحە هەرچەندە بەچاویش نابینرێ، بەڵام لەناو هەموو ئەندامەکانی لاشەداشوێنەواری هەیەئەوهەموو خانەوشانەکانی لاشەو چالاکیەکانی بەڕێوە دەبا.

ئیبن خلدون بەدرێژی باسی ئەو ئاوێتەی ڕوح ولاشەو شێوەو کاریگەریەکانی کردوەوجۆرەکانی جوڵێنەرو قسەکەرودەرک کەرو هەریەک لەمانە بە چ بەشێکی دەماغ پەیوەستن وچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی جوڵەکان، هەستەکان، خەیاڵەکان ،،هتد ئاڕاستەدەکەن،، کەمن لێرە کورت بڕیم کرد.

پاشان باسی ئەو ڕوح چالاک ولەفترەت نزیکانەو نزیکترانە باس دەکا کە داماڵینی سروشتی مرۆڤایەتی وگەیشتن بەسروشتی فریشتە لایان ئاسانەو لە ئاسۆی خوارەوەی مرۆڤ هەرنەماون ئەوەچ جای ئەوە لەو چینی مرۆڤیەش دابەزن بۆ ئاسۆی بەرزی ئاژەڵەکان، ئەم چینە پێغەمبەروحەواری و یاوەران وئەولیا خاوەن کەرامەتەکانن، ئیبن خلدون باسی سێ جۆر لەو چینە برزانە دەکا کە پەیام بەران و عارفان و دانایانن من لێرە بە کورتی باسم کرد.

ئەم چەند پەرەگرافەی موقدیمەی ئیبن خلدون دەی سەلمێنێ کە بیرو تیۆری بازدان وهەڵبژاردنی فیتری سروشتی و پەرەسەندن بیرۆکەی لامارک وسبنسرو چارلس داروین نیە و ئەوەتا ئیبن خلدون زۆر بەڕاشکاوی باسی ئەم بابەتەی لەچەندین شوێنی موقەدیمەکەی کردوەو لە کاتی باسی دابەش کردنی حەوت هەرێم وئیقلیمەکەی جیهانیش دووبارە زۆربەڕاشکاوی باسی ئەم بابەتە دەکاتەوەو هۆی ئەوە کە بۆچی پێغەمبەرایەتی زۆربەی زانایان لە ناوچەی هەرێمی مامناوەندو موعتەدیلن وتەواوترین زمانەکان ونەتەوەکان وفەلسەفەکان وشێوەکان وشەرع ویاساوڕەوشت وئەدەب ودین وشارستانی وژیارەکان لەو ناوچەن کە لای ئیبن خلدون ئەمانە لەوکۆمەڵگایەن کە لە ئاسۆی خوارەوەی ئاژەڵو مرۆڤ زۆردووركەوتونەوەو لە ئاسۆی هەرەبەرزی مرۆڤ ونزیکی فیشتەن، وەئاماژە بۆ

مرۆڤەکانی هەندێ هەرێمەکانی تردەکاو کە دوا هەرێم بە مرۆڤەکانیان دەڵێ تەواو لە ئاسۆی ئاژەڵی نزیکن بەهەڵس وکەوت و ڕەوشتیان وهەربەشێوە مرۆڤن.

لێرە باسی خەون دەکەم لای ئیبن خلدون.

بنچینەو حەقیقەتی خەون بریتیە لە پەی بردنی لۆژیکی دەرون لە سەر شیوە ڕوحانیەکەی ,بە چەند چاوتروکانیك بە ڕوداوو پیشهاتەکان,چونکە ئەو دەرونە لە کاتیکدا کە لە سەرشیوەی ڕوحە ,وینەی ڕوداوو پیش هاتەکان هەمووی لەو ڕوحەدا هەیە, ,چونکە هەموو زاتە ڕوحانیەکان ئەم ڕوداوانەیان بە کردەوەو فعلی تیدا هەیە, ئینسانیش بەوەدەبێتە مرۆڤیکی ڕوحانی کە لە کەرەستە جسمانیەکانی و دەرك کردنە بەدەنیەکانی خۆی داماڵێ,جا ئەم چاوتروکانە ,کە لەکاتی نوستن بۆی ببێ، ئەوە خەونە, - دیارە لای ئیبن خەلدون دەکرێ ئەم چاوتروکانە لە حالەتی نەخەوتنیش بۆی بێ وەک کەشف وکەراماتی عیرفانی- جالەم لمحەو چاوتروکانە ئەو کەسە زانستێک پەی پێ دەباکە عەودال و خولیایەتی لە بارەی ئایندە،یان هەربابەتێکی تر وەردەگرێ,و دەی هینیتەوە بۆ خەزینەی پەی پێ براوەکانی، جا کە ئەم وەرگرتنە لاوازو شاراوە بوو بەوەی کە لەسەر شیوەی پەند و گێڕانەوە بوو,ئەوە پیویستی بە لیکدانەوەو تەعبیر هەیە , جاری واشە وەرگرتنەکە بەهیزەو هیچ خەیال و ئەندیشەو پەندی پیوە نەلکاوە و پیویستی بە تەعبیر کردن و ڕاڤە کردن نیە – واتە وەك چۆن خەونەکەی دیوە، دیتەدی-

هۆی ڕودانی ئەم چاوتروکانەش بۆ نەفس ، چونکە نەفس بونەوەریکی ڕوحانیە بەشیان وتوانا,بەلام بەهۆ ی لاشەو دەرك پێ کراوەکانی لاشە تەواو ی کەمالەکەی دەر دەکەوێ.

هەتا کو ئەم شیانی ڕوح و دەر ک کردنە بەدەنیە لە شیوەی عەقلیکی صافی دەردەکەوێ، ئەم شیانە ڕوحانیە بوونی خۆی تەواو دەکا بەکرداری و دەبیتە زاتێکی ڕوحانی و دەرك کەر بە هەندێ زانیاری بەبی بەکار هێنانی ئامرازە بەدەنیەکان ,جا ئەم ئامادەکاریە ,هەندێ جار بۆ ی دەست دەکەوێ ئەوەندەی ئەو ڕوحە لەو لاشە دا بێ, وە ک هەندێ توانای تایبەت بە ڕوحی ئەولیاوعارفان هەیە, وەهەندێ جاریش هەموو مرۆڤایەتی بەشدارن لەو پەی بردنە وەك ئەو خەونانەی کە دەیبینن.

بەلام ئەو توانایە لای پەیامبەران توانای دامالرانی گشتگیرە لە مرۆڤایەتی یەوە بەرەو فریشتەیی,کە ئەمەش ترۆپکەی هەرەبەرزی ڕوحانیاتە,ئەم حالەتەلای پەیام بەران هەمو جارێ لەکاتی هاتنی وەحی دا بۆیان دوبارە دەبێتەوە , کاتێ

پەیامبەرەکە لە دەرك کردنە بەدەنیەکانی عروج دەکابەرەو عەرش بڵند
دەبێ  ودەربازی دەبێ لەو کاتەدا هەست بە دەرك کردنی نزیك لە حالەتی نوستن
دەکا ,,بەلام ئەم حالە لە کاتی نوستن زۆر بەهیزترە,,جا بۆیەفەرمودەکە خەون بە
بەشیك لە چل وشەش بەشی پیغەمبەرایەتی دەزانێ,وەلە هەندێ گێڕانەوە چل وسێ
ولە هەندیکی تر حەفتا بەش .

وە ئەوەی هەندیك کەس لەم فەرمودە باسیان کردوە کە ماوەی پیغەمبەرایەتی چل
وشەش نیو سالەو شەش مانگی بۆ خەونە، زۆر دوورە لە ڕاستی,چونکە ئەوە لە
یەك پیغەمبەردا هاتۆتەدی و چۆن بزانین کە ئەم  ڕێژەونیسبەتە لای پەیامبەرانی
تریش بزانین؟!وە ئەم بۆچونە زەمەنێکی دیاری کراو دەداتە خەون ,بەلام
فەرمودەکە باسی ریژەی ڕاستەقینەی خەون دەکا لە وەحی و پیغەمبەرایەتی دا,جا
کە ئەوەت زانی کە باسمان کرد کە واتای ئەو بەشە بریتیە لەو ئامادیی یە ڕوحیەی
کە ئامادەبونیکی مرۆڤە دەروون خۆڕسک و فیترەت سەلیمەکانە کە
پیغەمبەرانن,هەرچەندە ئەم فیترەتە سەلیمە لە بنچینە هەمو مرۆڤەکان تیای دا
بەشداربوون بەلام چەند لەمپەرو ڕێگر نەی هیشت ئەم ئامادەیی یە بۆ جگە لە
پەیام بەران بمینیتەوە,

وەگەورەترین ریگریش لەبەردەم ئەم ئامادەیی یە ڕوحیە حجاب وپەردەی
هەستەکانە, جا کاتێ ئەم حجاب وپەردەی هەستەکان لەکاتی خەودا لەلای هەندێک
لە مرۆڤان هەل دەگیرێ, وە نفس وروح لە ئامرازە هەستەوەری وشعوری
وحەواسیەکان دەربازی دەبێ و لەکاتی بڵند بونی دا لە جیهانی حەق ئەو حەقیقەتانە
دەبینێ کە بۆی عەودالە ,,ئەوەش ئەو چاو تروکان و لەمحەیە کە پەی پێ دەبا و لە
فەرمودەدا ئەمە بە مژدەدەرو موبەشیرات ناسراوە کە دەفەرموێ: هیچ بەشیك لە
پیغەمبەرایەتی نەماوە تەنیا مژدەکان ومبشرات نەبێ , مژدەکانیش ئەو
خەونەباشانەیە کە مرۆڤی باش بۆخۆی دەبینێ، یان خەلکی تر خەونی باشی پێوە
دەبینن,]

لێرەئیبن خەلدوون چەند سەد ساڵ پێش فرۆیدو هەربارت وجرجستۆن، ئاماژەی بە
بوونی جیهانی ئەو دیو هەستەوەری وشعور کردوەو کاریگەری ئەو جیهانی
ئەودیوهەستەوەری زۆرە لەسەر خەونەکان وخەونەکان چەند لە لاشعور نزیک بن
ئەوەندە ڕاستترو زیاتر بە وەحی ونیگا دادەنرێن ..

ئیبن خەلدوون لەدرێژەی بۆچونەکانی دەڵێ:

[بەڵام هۆی هەڵگیرانی پەردەوحجابی هەستەکان لە کاتی خەودا ,لە بەر ئەوەیە کە نەفس و ڕوحی ناتق و قسەکەر هەمو هێزو شیانەکانی بە ڕوحی حەیوانی و جسمانیەوەیە, ئەم ڕوحە هەڵمێکی لەتیف و بێ ڕەنگە و بنکەکەی لای چەپی دڵە هەروەك جالینۆس باسی کردوە,ئەم ڕوح ونەفسە ناتق و بوێژەوبێژەرو قسەکەرە ,لەگەڵ خوینبەرەکان ودەمارەکاندا لەگەڵ خوین دێ ,ئەم ڕوحە ونەفسە ناتقەیە کە هەست وجوڵە و هیز دەداتە هەمو ئەندامانی لاشە ,وە لەتیفی وزوڵاڵی و بێ ڕەنگیەکەی هەڵدەکشێ بۆ ناو میشك و گەرمی وزەی پێ دەدا,جا نەفسی ناتق و بوێژ بەهۆی ئەم ڕوحە هەڵمیەوە دەرك دەکا وعەقلی بەشتەکان دەشکێ, حکمەتی پیك هاتەی مرۆڤ وای پیویست کردوە کەئەو نەفسە هۆگری ئەو ڕوحە هەڵمیە بێ، ئەمە لە کاتیکدا کە شیانی لەتیف و زوڵاڵی ،کەم وایە بتوانێ کاریگەری لەسەر پێك هاتەی چڕ و خەست هەبێ ,بەڵام ئەم بەدەنە جسمانیە لە ئەو جیاوازیەش کە هۆگری نەفسی بویژو ناتقەو نەفسیش هۆگری ئەم ڕوحەیە، بەم شیوە کاریگەری لەسەر لاشە بەهۆی ئەم ناوەندگیریە پەیدا بوە,گوتمان دەرك کردنی ئەو نەفسة ناتقە بە دوو ڕێگەیە,

-دەرك کردنیکی ئاشکراو دەرەکی کە بە ڕێ ی پینج هەستەوەرەکەوە دەبێ,

- دەرك کردنیکی ناوەکی کە ئەمە بەڕێ ی توانا دەماغی و زەینیەکانەوە دەبێ,بێ گومان ئەم دوو ڕێگە دەرك کردنەش هەردوکیان لەمپەرن و دووری دەخەنەوە لە دەرك کردن بەتوانای ڕوحانی کە مرۆڤ لە خۆڕسکی دا هەیەتی و بە گەشەکردن و بەتوانابونی هیزە دەماغی و هەستەوەریەکان دەپوکیتەوە, جا چونکە هەستەوەرە دەرەکیەکان لاشەیی و جسمانین و ئەوەی توشی لاشە دەبێ، لە نەخۆشی و بێ توانا بوون و لەکار کەوتن وماندووبوون و دەستەوستانی،توشی ئەوانیش دەبێ, جابۆ مانەوەی ئەم هەستە دەرەکیانە لە حاڵەی تەواو دا ،بۆیە اللە بواری نوێ بونەوەی شەوانەی پێ بەخشیون تا کو نوێ ببنەوە,ئەمەش بە کوژانەوەو دامرکانی ڕوحی حەیوانی لە هەستە دەرەکیەکان و گەرانەوەی ئەو ڕوحە لە کاتی شەو کە پلەی گەرمی لەش دادەبەزێ ,جا ڕوح لەو کاتەدا لەهەستەوەرەدەرەکیەکان خۆی دادەماڵێ ودەچێتەوە ناوەوە , ئالەم کاتەدا کە ڕوح لە بەربەستە هەستەوەرەکان دەربازی دەبێ وگەرایەوە، ئەو حاڵە پاریزکارەی پێ زانیەنەکانی بەر لە ئاویتەبوونی لاشەو ڕوحیانەتی صافی پێدەدرێ، ,ئالەوساتە دا چەند وینەو شیوەو ئەندیشەیەك کەلە کاتی کەلەگەڵ هەستەکان بوو، تۆزێك لەمەو پیش هەستەکان زۆر بە ئیلحاح بەدوای ئەو لمحەو چاو تروکانە ی پێ زانینەدا وێڵ بوون ,ئەم ڕوحە لەم حالەتی دامالینە لەهەستەکان و گەڕانەوەی بۆ حافزەی یەکەمی ئەو پیزانینانە دەستەبەر دەکا, پاشان هێزی خەیاڵ و ئەندیشە ئەم وێنانە لە ڕوح وەر دەگرێ و بە دوو شیوە ڕادەستی هەستەوەرەدیارەکانی دەکا ,یان بەشیوەی حەقیقەت و دەقاو دەق کە ئەمە خەونی جەلی و ڕوونی پێ دەڵێن, یان بە شیوەی گێرانەوەو

پەند هینانەوە،ئەم جۆرە خەونە پیویستی بەلێك دانەوە هەیە, وەلە فەرمودەی صەحیح دا هاتوە کە نبی الله صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی,خەون سێ بەشە :خەونیك لە الله وەیە ,خەونی دوەم لە فریشتەو مەلایکەوەیە ,خەونی سێ یەم لە شەیتانەوەیە, ئەم فەرمودە ڕێکە لەگەڵ ئەوەی گوتمان که خەونی ڕوون وجەلی لە الله وەیە ,خەونی کە دەبێ لێك بدریتەوە لە فریشتەو مەلەکەوەیە,خەونی دەرچو لە غەریزەی لاشەیی لە شەیتانەوەیە,

ئەمە خەون و جۆرەکانیەتی کە دیاردەیەکە کە هەموو تاکەکانی مرۆڤایەتی ئەم حاڵەتانەیان لەگەڵە, چەندەها جار خەونمان بینیوە وپاش ماوەیەك دیومانە، وەك خۆی هاتۆتە دی ,بەمەش بۆمان دەرکەوتوە کە نەفس دەتوانێ لە خەودا شتیك لە غەیب دەرك بکا,وەمادام لە خەودا بتوانێ غەیب دەرك بکا لە حاڵی تری بیجگە لە خەونیش دەتوانی دەرکی بکا, چونکە ئەو روحە هەر هەمان روحە و تایبەتمەندیەکانی لە هەموو حاڵێکی خەو وبیداری دا گشتی وکۆگیرن,وەهەر بەتەنیا الله هادی ورینمایی کەرە بۆ شارێبازی راستە قینە]] مقدمة ابن خلدون لاپەڕە 141-138

ئیبن خەلدون بۆچەند جار وبە پەیڕەوێکی ئاشکراتر لەوەی فرۆید توانیویەتی پەنجە بخاتە سەر گرێ کوێرەکانی مل ملانێ ی هەستەکان وشعور،لەگەڵ جیهانی ڕوح ولاشعور،ئەم پەیڕەوەشیکاریە زۆر لە شیکاری دەرونی فرۆید ڕۆشن ترە.

بە وتەی ئیبن خەلدون زانستی تا ویل و لیکدانەوەی یوسفی تەنیا بۆ یەك لەسەر سێ ی خەونەکان پێویستە، دووبەشەکەی تر پیویستیان بە لیکدانەوەو تەفسیر وتەعبیر نیە ,چونکە بەشی یەکەم وەك خۆیان دینە دی و بەشی دوەمیش هەلقولاوی غەریزەن و ئارەزوی کپ کراو دروستی کردون و تەعبیریان نیە,

هەرلە فەرمودەیەکی تر دا هاتوە کە (راستگۆترینتان لە قسەو گوفتاری دا راستبینترینتانە لە خەون دا) ئەم فەرمودە ,ئەگەر بڵێین خەونی جەلی و ڕون وئاشکرا وەك خەونی پەیام بەران کە وەك گزنگی بەیان –فەلەقی صبح- دەهاتنە دی ,چونکە ئەو جۆرەکەسانە کە بیر لە مەسەلەی فەلسەفی و سەرەتای گەردون بکەنەوە,یا بیر لە کۆتایی بکەنەوە ,یا بیر لە کیشەی کۆمەلگای مرۆڤ یان هەر بونەوەریکی تر و چارەسەری بکەنەوە ,یان بیر لە مردن وروح و چارەنوس بکەنەوە ,وەروحیان ئاوێتەی دەلاقەی غەیبی بێ لەو بابەتانە,الله ئەو پێ زانینەی دەیداتە ئەم راستگۆیانە ,جیایە لەوخەونانەی دەی داتە کەسانی بە قۆلت و پێچ ودرۆزن و فیلباز ,چونکە راستگۆکان وەك دەشتن ,دەشت کە مۆمیکی بچوکی لەم سەر دانێ ی، لە ئەو پەڕیەوە ڕوناکی مۆمەکە دیارە,بەلام کەسانی نامۆو بە پێچ وپەنا و ئاڵۆز ,وەك شاخن ,ئەوەندەیان لۆف وقۆڵت وپێچ هەیە، نەك مۆمیك، صەد

هەزار چراخان و گڵۆپ بەشی ئەشکەوت و شیوو دۆڵ و بەرزی و نزمی وکەندو لۆفەکانیان ناکا,

ئەم لەمحەی ئەفلاتون و ئیبن خەلدون لە فەرمودەدا هاتوە ,لە و کاتەی اللە رو حەکانی لەسەر بەری دەستی بۆ ئادەم هیناو پیشانی دان ،فەرموی ئەمانە روحی ڕۆڵەکانتن ,ئەمانە روحی پیش ئاویتەی لاشە بوون,کە چی ئادەم کە بینینی زانی ئەوانە لە لاشەدا ناتەواوو شەل و شکست و نەخۆشیان لەناودایە ,وەکاتێ پرسیاری هۆکارەکەی کرد ,اللە فەرموی :چونکە من پێم خۆشە کە بەندەکانم شوکرو سوپاسم بکەن لە سەر نیعمەت وبەهرەکان و لیم بپارینەوە لە کاتی تەنگاویەکان, وەلەناو هەموو ڕۆڵە پەیام بەرەکانی ,ئادەم تەنیا داودی بە جیا کراوە زانی کە نوری لە نیوچاوانی بوو,کەچی هیچ جیاکەرەوەیەکی بۆ پەیامبەرانی ئولو العزم نوح وئیبراهیم وموسی وعیسی ومحمد علیهم السلام نەکرد ,هۆکەشی ئەو ئەندازەوقەدەرە هاوبەشەیە کەلە نیوان داود وئادەم دا هەیە ,لە قورئاندا اللە بە کەسی نە فەرموە کردومیە خەلیفە,تەنیا بە ئادەم وداود نەبێ,وە هەردو کیشیان بەهۆی زیادە خۆشەویستی ژن توشی سەرپێچی اللە بوون, بۆیە ئادەم داودی بە جیا کراوە بینی و لە تەمەنی خۆی بەشی دا و پاشانیش نکولی لەوەکرد کە تەمەنی دابێتێ ,جا کە ئادەم دەشت ودەر بێ و داود شاخ بێ ,ئەوە شاخەکان لە سەدا شەشی وشکانی بلاو بونەوەو ئەو بەشەیان لە سەر ڕوی ئەدیمی زەوی پیدراوە.

داهێنراوو دەرک پێکراوەکان لای زانایانی ئیمانداربوون، بەڵام دەقبەستویی وئاسۆتەنگی ئەم داهێنانانەی تۆڕ هەڵدان ولەبازنەی ئیمان دەری کردن، ئەو دەق بەستوانە جوغزێکی تەسک وتروسکیان بۆ ئیمان ودین کێشاو هەرچی لەدەرەوەی ئەوبازنەبوو ئیمانیان لێ سەندەوە، بۆیە داهێنانەکانی ئیبن خەلدون وئیبن مسکویە وئیبن حوقل وئیبن ڕوشد بەرگی ئیلحادو بێ ئیمانی وتیۆری ڕوخێنەری لەبەرکراو بوبە منالێکی زەندیق وتیۆرێکی گومڕاو وەک یوسف لە ماڵی پێغەمبەرانەوە فڕێ دراو بوە خزمەتکاری شاژنە بێ باوەڕەکان و لەوێش بەتۆمەتی داوێن پیسی زیندانی کرا.

-هاوکێشەی لای ئیبن خلدوون[الحضارة مفسدة للعمران=ژیار تێکدەرو گەندەڵکەری ئاوەدانیە] بەڵام لای ئەڤغانی [الكفر مفسدة للعمران= کوفرو ئیلحاد تێکدەرو گەندەڵکەری ئاوەدانیە]

مرۆڤ هەربە سروشت بونەوەرێکی شارستانیە،مەبەست لەم وتە ئەوەنیە کە لە بنەڕەت دا مرۆڤ شاری وخوێندەوارو زانا بێ ،بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ وەک بونەوەروئاژەڵانی تر ناتوانێ بەتەنیا بژی و خۆی بپارێزێ، واتە مرۆڤ هەرلەسروشت دا بونەوەرێکی هۆگربەکۆبوونەوەیە،چونکە مرۆڤ وهیچ

زیندەوەرێک بێ خۆراک وبژێووی ناژی، بەڵام خۆراکی مرۆڤ بەبێ کۆبونەوەی مرۆڤەکان دەست ناخرێ،وەکو ئالیکی ئاژەڵانی ترنیەوخواردنی مرۆڤ ئاڵۆزە، کەواتە سروشتی مانەوەی ئاژەڵ زۆر بەهێزترە لەمانەوەی مرۆڤ ،چونکە ئاژەڵەکان لە مرۆڤەکان بەهێزترن، پێویستیان بە ڕستن وچنین ودوورین نیە تابەرگ لەبەرکەن، پێویستیان بە جوتیارو ودروێنەکارو پشتوکێش وسەپان وپاڵەو شەن وکەوو سایلۆو ئاشەوان ونانەواو کابان وئاگرو وقاپ وقاچاغ نیە بۆئەوەی بخۆن، پێویستیان بە بازاڕێکی هەمەڕەنگ ودەیان فێرکەرودکتۆرو دام ودەزگانیە تا فێربین ببارێنن و ڕاوبکەن وتەندروست بن، ئەوتەنیا مرۆڤە،بونەوەرە لاوازەکەیە کەهەمووئەمانەی پێویستە.

بەڵام عەقڵ وبیروهۆشی مرۆڤ هەموو ئەمانەی بۆ قەرەبووکردەوەو مرۆڤەکان کۆبونەوەو ڕم وشمشێریان کردەنێوک وجل وبەرگ وخانوو وئاگریان بۆ خۆپاراستن لەسەرما بەکارهێنا.

بەڵام ئەم کۆبوونەوە پێویستی بەکاروبار ڕێکخەرهەیە تایاساو ڕژێمی ناوکۆمەڵگابپارێزێ،ئەو ڕێکخەرەش مرۆڤێکی دەسەڵات دارو خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی وڕوحی یە وفرمانەکانی جێ بەجێ کراوو گوێ ڕایەڵ کراوە.

ئەم خاوەنداری ودەسەڵات داری وپاشایەتیە هەرچەندە لەناو هەندێ زیندەوەر بەشێوەیەکی سادە هەیە،بەڵام هی وان خۆڕسک وڕێنماییە، نەک بەفکروهزروسیاسەت بێ.

ئالێرەدا هەندێک لە فەیلەسوفەکان هاتوون کەبڵێن پێغەمبەرایەتی وەک ڕێبەروکاریزمای کۆمەڵگا بەبەڵگەی عەقڵی ،چونکە ئەم ڕێکخەرە ڕۆڵی پێغەمبەرانە، بەڵام مێژوو ئەم گوتەیان بۆ ناسەلمێنێ چونکە زۆر کۆمەڵگای گەورەبۆ هەزاران ساڵ ڕێکخەرو شەرع ویاساشیان هەبوون وپێغەمبەریش نەبوون، کۆمەڵگا مەجوسیەکانی ڕۆژهەڵات زۆر لەپەیڕەوانی دینەکان زۆرترن.

بێگومان بۆچوونی فەیلەسوفەکان لە بۆچوونی ئیبن خلدون ڕاستترە، چونکە مەجوسیش دینێکە ولەناو ئەودینەش سەدان پەیامبەر هەبووەوکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکانیش لە بوزیوجانی وبەرهەمی و کۆنفشیۆسی ولوتی و،،هتد یان لە لقەکانی سابئەن ،یان هی مەجوسن.سابئە دینی ئادەمەو مەجوسیش دینی ئیبراهیم ونوحە ،یان بە پێچەوانەوە،چونکە ڕێکخستنی پەیوەندی خێزانی مەجوسیەکان لە ڕێکخستنی شەریعەتی ئادەم دەچێ کە خوشک وبرا بۆیەکتر دروست بوون.

بەکورتی ئیبن خلدون پێ ی وایە دەمارگیری خوێن وزمان لە هی دین کۆنترە، وەنمونەی مێژوویی زۆردێنێ کە ئەو ڕێبازومەزهەب وبانگەوازانەی دەمارگیری تیرەگەری پشتگیری نەکردوون پوکاونەوە،بەڵام ئەم بۆچوونانە بەچەندنمونەیەکی

مێژووی نوێ ناتوانرێ بکرێنە ڕێسایەکی هەمیشەیی، بەڵێ زۆرجار دەمارگیری زاڵ بەئاگروئاسن حوکمیان کرد،ڕاستیەکانیان گۆڕی، مێژوویان لاڕێ کرد،کتێبە پیرۆزەکانیان دەستکارکرد، بەڵام ئەو مافە وڕاستیەی کە هەبوو هەرنەمرد،ئەو ستەم لێ کراوە هەرلەبیرنەچووەوە.

ئیبن خلدون دەڵێ وەک چۆن کەسەکان تەمەنیان دیاری کراوە، دەوڵەتانیش تەمەنیان دیاری کراوە، ئەوتەمەنی کەسەکان بە حەفتاتاسەدوبیست ساڵ دادەنێ، وە تەمەنی دەوڵەتیش بە سێ وەچە دادەنێ ،هەروەچەیەکیش بە چل ساڵ دادەنێ واتە لەوەچەی یەکەم -قۆناغی گیان وهەڵکشان-کۆمەڵێک دەشتەکی وخێڵەکی کە دەمارگیریەک کۆیان دەکاتەوە داوای قەوارەیەک دەکەن، لە وەچەی دووەم - قۆناغی ئاسۆیی عەقڵ-دەگەنە خۆش ڕابواردن و دەمارگیریەکە کەم دەبێتەوەو دەست کەوت جێ ی دەگرێتەوە، چینی سێ یەم-قۆناغی لێزبوونەوە و ڕابواردن-دەمارگیری نامێنێ، دەست کەوتیش کەم دەبێ ،زاڵ بوون وتاک ڕەوی و مل ملانێ دەوڵەتەکە پیردەکەن ودەمرێ وکۆمەڵێک خێڵەکی تر لە دەشت دێن و جێ یان دەگرنەوە ،ئەم بۆچونە وای کرد کەزۆر لەدەوڵەتانی نوێ هەوڵ دەن دەشتەکی ودێکان ودەمارگیری قەڵاچۆبکەن تا کە دەسەڵاتەکەش پیربوو ،دەمارگیری نوێ نەبێ کە جێ یان بگرێتەوە.

لێرەدا بۆچوونی ئیبن خەلدونم خستەڕوو،لەدیداری چواردە ۆچوونی ئەفغانیش لەسەرهەمان بابەت باس دەکەم .

دیداری چواردە هەم:

تیشک خستنە سەرجیهانبینی تێڕوانینی لۆژیکیانەی ئیبن خەلدون لەمقدەمەکەیدا وجیهانبینی تێڕوانینی کۆنکرێت ئاسای هزری ئەفغانی لە شاکاری بەرپەرچدانەوەی دەهریەکاندا.

کە تێڕوانینی ئیبن خەلدون لەسەر ڕوداوەمێژوویەکان وڕێساو خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکان بنیات نرابێ کە زانین گەلێکی ڕێژەییین ولە کات وشوێنێک بۆکات وشوێنێکی تر گۆڕانکاریان تێدەکەوێ،بەڵام تێڕوانینەکۆنکرێتیەکەی ئەفغانی لەسەر شەش بنەمابنیات نراوە، سێ لەوبنەمایانە عەقیدەیی و بیروباوەڕی ولاهووتی دینی فەلسەفین، سێ یەکەی تر سێ بەهاو ڕەوشت و تایبەتمەندی تاکی کەسایەتی کاریزماو سەرکەوتوو و پێشەنگ وسەرمەشقن لەهەموو کات وشوێن

ودینێک وفەلسەفەیەکدا داواکراوو سەرنج ڕاکێشن ونەمانی ئەم شەش بنەماکۆنکرێتیە داڕمانی بەدوادادێ.

هەرلەسەرئەم بنەمایەش هاوکێشەکەی ئیبن خلدون کە ژیارو ڕابواردن ونەمانی دەشتەکی وتیرەگەری ودەمارگیری بەلەناوبەردەزانێ، بەڵام هاوکێشەکەی ئەفغانی بیروباوەڕوگرێبەستی عەقەدی وئیمانیەو

[الكفر -الالحاد-العبث-- مفسدة للعمران=

بە بڵاوبوونەوەی کوفر=بێ باوەڕی -ئیلحاد=باوەڕنەبوون بە بەدیهێنەرێک بۆگەردوون- -العبث=بێ هودەیی وبێ ئامانجی ژیان وبوون لەکۆمەڵگادا ئاوەدانی وشارستانی دادەڕمێ وگەندەڵ دەبێ.]

کەواتە ئەفغانی کوفرو بێ باوەڕی وبێ هودەیی بەلەناوبەری دەوڵەت وکۆمەڵگا دەزانێ.

لێرە هەوڵ دەدەم پوختەی تێڕوانینی ئەفغانی بخەمەڕوو:

ئەفغانی دەڵێ :ئەوجیهانبینیەی مرۆڤ کردویەتیە بنچینە بۆ بنیاتنانی ژیاروشارستانی بریتیە لەم سێ بنەمایانە :

١- زۆربەی دین وئایدۆلۆژیە بنیاتنەرەکان پێیان وایە باوەڕکردن وبەڕاست دانانی ئەوە کە مرۆڤ پاشای زەویەو باشترین دروستکراوە.

ئەم بنچینە وبیروباوەڕە گەورەترین گێڕەوەو ڕێگرە بەوەی کە مرۆڤ وەک کەرەکێوی وگای ناوگاڕان و دڕندەکانی دارستان نەژی وهەمیشە لەئاکارە ئاژەڵیەکان خۆی بەدووربگرێ وبە ڕەوشت وئاکارە جیاکەرەوە مرۆڤایەتیەکان خۆی بڕازێنێتەوەوبەهیچ شێوەیەک هیچ هەڵس وکەوتێک لەخۆی نەوەشێنێتەوە کە لە پاشای سەرزەوی جێ نشینی پەروەردگارناوەشێتەوە.

٢- هەموو دین وئایدۆلۆژی وفەلسەفەکان پێ یان وایە کە ئوممەتەکەیان باشترین ئوممەتە، وەهەموویان پێیان وایە کەجگەلەخۆیان هەموو ئوممەت ودینێکی دژی ئەوان لەسەر گومڕایی وسەرلێ شێوان و ناحەقیە.

ئەم بیروباوەڕەش لایەنە ئەرێنیەکانی ئەوەیە کەئەوئوممەتە وتاکەکانی مادام خۆیان بەباشترین مرۆڤە پاشاکە دەزانن هەوڵ دەدەن کە هەرچی ڕێکاروڕەوشت وبەهاو جیاکەرەوەی جوان وبەرزە لە خوو ڕەوشت ولە دام ودەزگاولەناو ڕەوشت وڕێساکۆمەڵایەتیەکانی خۆیانی کۆبکەنەوە، وەهەرچی ببێتەهۆی شکاندنی ناوو

ناوبانگ وڕەوشت وخوی کۆمەڵگاکەیان بەهەموو شێوەیەک لێ ی دوورەکەونەوە.

ئەم بیروباوەڕە بەدرۆ نابێ کە بەدرۆ داهێنان وڕەوشت وجوانیەکانی گەل ودینەکانی تر بنوسیەوە بەدرۆ بۆخۆتیان بڕیاربدەی وخراپیەکانی ناوئوممەتەکەی خۆشت بەدرۆ لەسەر ئوممەتە ناحەزەکانت حساب بکەی ،چونکە مێژوو بەدرۆت دەخاتەوە وڕەحمت پێ ناکا.

٣- هەموو فەلسەفەودینەکان دەڵێن کە مرۆڤ هاتۆتە ئەم جیهانە تاکو ببێتە بونەوەرێکی تەواوو کامڵ وشەوڕەوی بکاو بەرزببێتەوە بۆ جیهانی تەواوو مەلەکوتی باڵا کەتەواوترە لە م جیهانە ودنیایە وبچێتەوە ژیانی هەمیشەیی بەهەشت-نیرفانا-ئایدیا.....

ئەم بیروباوەڕوبنەمایە وادەکا کەئەو گەلە ئەم جیهانە بە ڕەوشتە بڵندەکان و زانستەبەرزەکان بڕازێننەوە تالە پێش هەموو گەل وئوممەتان بچنە ناومەلەکوتی باڵاو لەهەموو گەلانی ترشایانتربن کە ئەو میعراج وشەوڕەویە بکەن و هانیان دەدا کە بەهەموشێوەیەک دووربن لە کردەوە بەدو نزمەکان.

ئەم باوەڕانە باشترین پاڵنەری ئوممەتان وکۆمەڵگاکانن بۆ پێشبڕکێ کردن لەشارستانی وڕەوشت وبەهاکان ودادگەری وهاوسەنگی ودووركەوتنەوەیان لە هەموو ئاکارە نەشیاوو هەتک بەرەکان.

لە دوای سەدان ساڵ لەکۆچی ئەفغانی زۆرێک لەوبنەمایانە لە ئەوروپا هاتونە دی ،ڕاپۆرتی ڕێکخراوێکی مەدەنی لەسەر مافی مرۆڤ لە کوێ پێشێل دەکرێ ولە کوێ ڕێزی دەگیرێ،لەسەرداهاتی تاک ،لەهەموو بوارەکان کاریگەری لەسەر ناوبانگ وبرەودان بە ئەو گەل و نەتەوانە هەیە.

هەرچەندە گەلەکان بەیەکەوە ژیانیان کردوە لەهەزاران ساڵەوە بەم سێ بیروباوەڕانەوە، ئەو ڕێزگرتنەی کە ئەمڕۆش لە ڕای ئەوی تربۆس دەکرێ ئەوە ناگەیەنێ کە هەریەکێ لەو دین وباوڕو ئایدۆلۆژیایانە لەناخی خۆی دا ئەوی تر بەگومڕاو سەرلێشواو نازانێ، هەموو یەکتر بەناحەق دەزانن، ئەگەر وانەبوایە هەموو مرۆڤایەتی دەبووە یەک دین وئایدۆلۆژیاوتێڕوانین.

ئەوکاتە ئەو پێشبڕکێ یەی هەیە بۆ گەیشتن بەکەماڵ وتەواوی سست دەبوو یان هەر لەناو دەچوو.

[ وەسێ سیفەتە تایبەت مەندیەکە ش کەلای ئەفغانی شەش بنەمایەکە تەواو دەکەن ئەمانەن:

١- شەرم کردن کەبریتیە لە وروژان وکارلێک وهەست بەبێزاری کردنی دەروونی مرۆڤ لەهەرکداروگوفتارێک کە سەرکۆنەوسەرزەنشتی بۆ مرۆڤ دێنێ، و وادەکا خەڵک سەرکۆنەی مرۆڤ بکەن، ئەم شەرمە وادەکا کەتاکەکان هەوڵ دەن خۆلادەن لەهەموو ئەوکارانەی کە دەبنەهۆی کەم وکوڕی لە کەسایەتیان.

ئەم خەسڵەتە ی شەرم وحەیایە والە دەروونی کەسەکە دەکا کە هەمیشە بەتەنگ دەروون وکەسایەتی وناوبانگی خۆیەوەبێ وبەشەریفی بیهێڵێتەوە، ئەم دەروون بەرزیەش هەموو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لەخولگەی خۆی دەخولێنێتەوە، وەزنجیرەی ڕێکخستنی پێوە پەیوەستە، سەکۆی بیروهۆش وعەقڵی ساغەو فرمانەکانی عەقڵ لای کەسی شەرمن ڕەت کردنەوەیان نیە، شەرمنی قەڵای پابەندبوون ووەفاداربوونە بۆ بەڵێن وپەیمانەکان، شەرمنی سەرمایەی متمانەی مرۆڤە لە کردارو گوتاریدا،خوی شەرمنی هاوماناى ئیباو یاخی بوون وپشت هەڵکردنە لە کرداروگوفتارە بەدوناشیرنەکان، هەروەها هاوماناى غیرە و ئیرەیی کردنە، ناوەکانی شەرم بەپێ ی کاریگەری وشوێنەواری لە گێڕانەوەی دەروون لە کردەوەبەدەکان وهەڵنانی لەسەرکردنی کارە جوانەکان دەگۆڕێ، غیرەو وياخی بوون لە بەدکاری وسەرشۆڕی دوو دینەمۆی جوڵێنەری جوڵانەوەکانی گەل و میللەتانن بۆ سودبینین لە زانست وزانیاریەکان وسەرکەوتن بەرەولوتکەی شەرەفمەندی وسەروەری وپەخش کردن وڕاخستنی باڵی مەزنی و وبەردەست کردنی مادەی دەوڵەمەندی مادی ومەعنەویەکان.

مرۆڤی بێ شەرم لەهیچ بەدکرداری وبەدگوتاری ونیازێکی خراپ ناگەڕێتەوەو لەگەڵ ئاژەڵەکان پێش بڕکێ دەکا لەداوێن پیسی و بەدڕەوشتی ودڕندەیی و دزی ورۆزنی و،،هتد هەروەک لەفەرمودەدا هاتووە ،،ئەگەر شەرمت نەکرد،هەرچی دەتەوێ بیکە.

٢- ڕاستگۆیی: پایەیەکی هەرەگرنگی پێک هاتەی مرۆڤە، کۆڵەکەوپایەی ڕاگری سایەی کەسایەتی وچەشنەکانە،پردی پەیوەندیەکانە لەنێوان تاکەکانی میللەتاندا، هەرگیز هۆگری شارستانی وخێزانی بەبێ ڕاستگۆیی دەستەبەرنابێ، بڕوانە کەکاتێ ئوممەتێک خەسڵەتی ڕاستگۆیی لەدەست دەدا چۆن بەدبەختی وچارەڕەشی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دەداو تەنگی پێ هەڵدەچنێ و چۆن ڕێکخستن و ملوانەکەی پرش وبڵاو دەبێ و یەکگرتویی و یەکێتیەکەی هەڵدەوەشێ.

٣-ئەمانەت وسپاردەپارێزی ودەست پاکی، شتێکی بەڵگەنەویستە کە مانەوەی مرۆڤایەتی بەستراوە بە هەڵسوکەوت وسەوداو ئاڵوگۆڕو کڕین وفرۆشتن لەو کاروکاڵایانەی سودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە، ڕوح وکرۆکی ئەم سەودایەش بوونی خەسڵەتی ئەمانەت و سپاردە پارێزیە، خۆئەگەر ئەمانەت نەمێنێ پەیوەندیەکانی

سەوداومامەڵە تێک دەچن و پەتی ئاڵو گۆڕەکان دەپچڕێ و ڕێکخستنی بژێوی تێک دەچێ و ئەمانەش لەناوچوونی خێرا بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دێنێ، ئەم خەسڵەتەی ئەمانەت پارێزی ئەگەر لەناودام ودەزگاو فەرمانڕەواوحکومەت دا نەبێ ،پڕ دەبێ لەگەندەڵی وبەدکاری ودرۆو چاوبەستەکی وچەواشەکاری وبێ شەرمی.

ئەم سێ خەسڵەتانەی باسمان کردن، کاریگەری وشوێنەواریان زۆر ڕوونە بۆ پێک هێنانی هۆگری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاوبەهێزکردنی
وابەستەکۆمەڵایەتیەکان لەنێوانیان داو پەرتەوازەیی ودووبەرەکی ولێک ترازانیان لێ لادەداو ناهێڵێ پێشبڕکێ بکەن لە بێ ڕەوشتی وداوێن ودەست وزمان وچاو پیسی .

ئەفغانی بەم ڕوونکردنەوەی تێڕوانین وجیهانبینی خۆیمان پێ دەڵێ بۆ پێک هاتنی ژیاروشارستانی، دەیەوێ پێمان بڵێ کە هیچ ژیاروشارستانیەکی سەلیم ومرۆڤ دۆست ومیهرەبان بەبێ پیرۆزکردنی بەهاو خەسڵەتە ڕەوشتیەکان وبنەما عەقیدە وبیروباوەڕو دینە کان پێک نایەت.

بەمەش ئەم تێڕوانینەی ڕۆژئاواییەکان ڕاست دەکاتەوە کە پێ یان وایە ژیاروشارستانی تەنیا کەڵەکە بوونی تەکنەلۆژیاوداهێنان وڕۆشنبیری مێژوویی و مرۆڤایەتی و پەی بردنە بەهاوکێشەکانی زانستە مرۆڤایەتی وسروشتیەکان وزیاتر بە هاوکێشە کردن وژێردەست کردنی سروشت ومادەو وتاکە بۆ زیاد کردنی داهات وبەرهەم وچارەسەری نەخۆشی وزۆرکردنی داهێنانی تەکنەلۆژی وخێرابوونی جوڵەو کەڵەکە کردنی سەروەت وسامان و بیناسازی.

ئەمانە ئەگەر بەهاو بیروباوەڕیان لەگەڵ نەبێ دەبنە هۆی قڕی وپڕی وچارەڕەش وبێ ڕەوشتی وگەندەڵی ودەست ودڵ ودەم وچاوو داوێن پیسی وستەم وگەندەڵی وبەدکاری وچارەڕەشی و لەکۆتاییشدا ببێتەهۆی لەناوچوونی نەک هەر ژیاروشارستانی ،بەڵکو لەناوچوونی مرۆڤ و ئاژەڵان وڕوەک ودرەخت و هێلانەی ژیان لەتەواوی گۆی زەوی.

ئەم خەسڵەتانەش ئەفغانی لەتێڕوانینی نبوەت و چەند فەرمودەو بنەمایەکی سونەتی وەرگرتووەو بەم شێوە نمایشی کردوە.

پاشان ئەفغانی باسی شۆڕشەواروکاریگەری بیروباوەڕی دەهریەکان دەکا لەسەر کۆمەڵگاکانی میللەتان.

ئەم دەهریانە بنەمای ڕێچکەکەیان لەسەر نکولی کردن لەسەربوون وتوانداری وپایەداداری تاقانە بەدیهێنەرێک بۆ ئەم گەردوونە دەست پێ دەکەن، وەهەوڵ دەدەن بیروباوەڕو خەسڵەت وخوو ڕەوشت وبنەماوڕێسا کۆمەایەتیەکان ڕەت بکەنەوەو دەڵێن ئەمانە چەند بنەمایەکی بەتاڵ و چەند بیرۆکەیەکن کەلەلایەن مرۆڤەکانەوە دانراون، وەدان بەباشتر بوونی دینێک لە دینێکی ترو شەریعەتێک لە شەریعەتێکی دانانێن، بەڵکو پێ یان وایە کە مرۆڤیش وەکو گیانەوەرو ئاژەڵ وزیندەوەرەکانی تر وایەو هیچ ڕێزوپلەیەکی بەسەرواندا نیە، بەڵکو مرۆڤ لای وان لە زیندەوەرو ئاژەڵان بێ ڕێزترو بێ بەهاترە لە ڕووی دروستکران وهێزوبەرگە گرتن وهێزو بەهێزی هەستەکان وقەبارەو لەمێژینەیی، وە دەڵێن مرۆڤ دوورترە لە خۆڕسک وفیترەت وسروشت .

هەروەها پێ یان وایە کە لەدوای ئەم ژیان وتەمەنە هیچ ژیانەوەو زیندووبونەوەیەک بوونی نیە و نکولی دەکەن لە زیندووبوونەوە.

ئەم نکولی کردن وباوەڕنەبوونە بەوبنەمایانە وای کردوە کە ئەو کۆمەڵگایەی ئەم ڕەوتە بەڕاست بزانن ورەو هیممەتیان ساردوسڕی ڕووی تێ بکا وهەڵپەی هیچ گەیشتن بەهیچ پلەو پایەکی شەریف وڕوحی وعیرفانی نەکەن چونکە لایان جیهانی ڕوح بوونی نیە، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا هەڵسان بەکاری بەدڕەوشتی ودەست ودڵ ودەم وچاوو داوێن پیسی ولەش فرۆشی و بێ هۆشی و خواردنەوەو هەموو ئاکارە بەدەکان کردنیان زۆرئاسان دەبێ چونکە ترۆپکەی بەختیاری لایان خۆش ڕابواردنی جەستەییە و هەست بەتاوان کردن وهەوڵ دان بەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابێ لە خەسڵەتەکۆمەڵایەتیەکانی ولەجل وبەرگ و خواردن وخواردنەوەی وشێوەی ژیانی خێزانداری وکۆمەڵایەتی وسیاسی دادژایەتی سروشتە، دەست درێژی و فێڵ وتەڵەکەو ستەم وڕاووڕووت ئازایەتیە وهیچ لەکەداری نیە، وەک چۆن ڕاونەکردن و مردنی شێر لەبرسان دا شەرمەزاریە،بۆیە کەمرۆڤیش دەست درێژکارنەبێ شەرمەزاریە وتادڕندەتربێ وهەڵپەی گەیشتن بە چێژوڕابواردن بکا بەهەرشێوەیەک بێ دروست تر، مرۆڤ لە ژێرسایەی دەهریە داروینیەکان هەست بەتاوان ناکاوتابتوانێ بێ ڕەوشتی دەکاوڕادەبوێرێ ودەست درێژی دەکا.

نوشەیریەکان دەیانەوێ هەموو خەسڵەتێکی جیاکراوەیی مرۆڤ لە مرۆڤ داماڵن تامرۆڤ هیچ ڕێزوپایەیەکی نەمێنێ، بۆیە هەوڵ دەدەن پەردەی شەرم کردنی لێ دارنن وشەرمنی بە لەکەداری دەزانن تا کۆمەڵگا بەرەو ئیباحیەت و بێ یاساوڕێسایی ببەن وهەموو جیاکەرەوەکانی ڕەوشت وبەهاکان بڕوخێنن وبەکۆنە پەرستی بزانن،عەقڵ وبیروهۆش وزانایی مرۆڤ تاجێک نیە بەڵکو تاوانێکە ودەبێ

بەئاوی مەی وسەرخۆشکەروبێ هۆش کەرەکان بشۆرێتەوەو ئەوکۆرپە زۆڵەی ناوی هزروبیروعەقڵ وهۆشە بە حەبی بێ هۆش کەر لەباربرێ.

هەربۆیە لەهەرشوێنێ ئەم تیۆریە لەناودڵی خەڵکی بڵاوببێتەوە هەموو گەندەڵی بەدکاری وبێ ڕەوشتیەک بڵاودەبێتەوە،چونکە کە ئەم تیۆریە مادام پەیوەندی نێوان بەندەو الله ی بەدیهێنەری مرۆڤی پچڕی و باوەڕبوون بە ژیانی دوای مردنی لە کۆمەڵگادا سڕیەوە، کەواتە مرۆڤایەتی وکۆمەڵگا هیچ تێڕوانینێکی تری نامێنێ جگە لە گەیشتن بە ڕابواردنێکی کەمی ئەم ژیانەوگەیشتنە ترۆپکی چێژوەرگرتن وچاونوقاندن لەهەموو ئازارێکی دەروونی و ویژدانی ونکولی لێ کردنی وسەرکوت کردنی هەموو پرسیارە نەمرەکان.

لەگەڵ تەمەنی کورتی مرۆڤ چێژو ڕابواردن وپێشبڕکێ لەو گۆڕەپانە دا دەبێتە مەبەستی هەرە گەورەی مرۆڤایەتی و شانازی بە خۆڕانواندن ونمایشکردنی تاوان وبێ ڕەوشتیەکانی بە ئەندامە وروژێنەرەکانی ژنان وپیاوان وسامان وکارە بەدەکانی دەکاوشانازیان پێوەدەکا،خەڵک ملانێ یانە لەسەر بلێت وکورسی سینەماو ئاهەنگی سەماو خانەی لەش فرۆشی و قومارخانە و مەیخانەو شوێنی ڕابواردنەکان،لەناو ئەم مل ملانێ ی بێ ئاگاییەدا مرۆڤ ئاگای لەبیرکردنەوە لە چارەنوس ولەکوێ وەهاتووم وبۆ کوێ دەچم نامێنێ، کۆمەڵگا گشتیان مل ملانێ لەگەڵ یەک دەکەن ،کۆمەڵگا گەلەگورگەکەی مۆنتیسکۆیە و لەسەر کەلاکی مرداری دنیا شەڕیانە، بۆیە لێرە هەندێ لەبیرمەندانیان گەیشتوونە بیرۆکەی سەپاندنی پەیمانی کۆمەڵایەتی تا هەموویان لەم یاریە بەردەوام بن ودرێژترین کاتی ئەوماوەکورتە چێژ لە کەلاکە مرداربووەووەکە بکەن .

بێ باوەڕی وئیلحاد لەم مل ملانێ بەکۆمەڵە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاڵ دەدا بۆ لەناوچوونی بەکۆمەڵ ، چونکە هەریەکێ لەتاکەکانی بەخۆپەرستیەکی ڕەهاوەدەڕی، پەیوەندیەکانی لەگەڵ تاکەکانی تر هیچ کاریگەری پەیوەندی خزمایەتی ونەتەوایەتی وڕەوشتی ودینی تێدانیە، بەڵکو بەتەنیا پەیوەندی ئاڵوگۆڕی سودوقازانجەکان بۆ گەیشتن بە باشترین بڕی چێژ وەرگرتن ڕەچاودەکا،چونکە هیچ مەبەستێک لەم بونەدا بوونی نیەو مردن وفەنابوون کۆتایی هەموو شتێکە،نەمانی مەرجەعیەتی ڕوحی مرۆڤ وجیاکەرەوەی عیرفانی وڕەوشت بەرزی ، ئەم تیۆریە داڕنینی قەداسەت وبەپیرۆز زانینە لە مرۆڤ ولەسروشت ،مرۆڤ میکرۆبێکی بزربووە ،ئاژەڵێکی دەستەوستانە، ئەوەندەی هەیە بالەگەڵ ڕەوتە زاڵەکەبێ بۆگەیشتن بەحەزوئارەزوەکانی، ئەم زۆرینەش کەسانی بەهێزو بیر نیچەیی و ڕەگەزپەرستەکان لە سیاسەت مەداروئابووری ناس و میدیاکارەکان بەسەریدا زاڵ دەبن .

کەواتە داخوران و لەناوچوونی پێوەرە ڕەوشتی وکۆمەڵایەتیەکان مرۆڤ والێ دەکەن کە بێ پێوانە و بێ هاوسەنگی بێ، دینێک نەبێ مرۆڤی دینداروبەڕەوشت دروست بکا وای لێ بکا بۆ ژیانی هەمیشەیی بژی، فەلسەفەی ڕەوشت وحیکمەتی فەیلەسوفە ئیلاهیەکان نەبێ کە والەخەڵک بکا بیر بکەنەوله ڕابردوو سەرەتاو کۆتایی وداهاتوویان.

بیرۆکەیەکی سەرەکی تر لەم دەروازەدا وروژاندنی ئەو پەیوەندیەیە کەله نێوان نمونەی زانیاری وپێزانینی مرۆڤ و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان هەیە، ئەفغانی پێ ی وایە کە نمونەی زانیاری ڕۆژئاوا لایەنگری ولاسەنگیەکی تەواوی بەلای ماددەدا هەیە وزانست بەسروشت ومادە ڕێساو هێڵی گشتی وسەرەکی یە،بەڵام زانست لەسەر دەروون وڕوح وڕەوشت و عیرفانی مرۆڤ ومرۆڤایەتی بوارێکی لاوەکی و پەراوێزە، لایەنی سروشتی مادەکان و شتەکان وهاوکێشەکانی ژێردەست کردنی مادەو تەنەکان گرنگەو هەربەو شێوەش دەڕوانێتە مرۆڤ کە تۆپەڵێک مادەی کیمیاویەو دەیەوێ بەهەمان هاوکێشەی کە بۆمادەی کارگەو فابریقەو کانەکان دەڕوانێ دەبێ مرۆڤیش وەک مادەکیمیاییە کارلێکی دەزگایی بکاوهەمان پێوەرو کۆنترۆڵی هەبێ کەله توێژینەوەی دیارده سروشتیەکان دەکۆڵدرێتەوە، چونکە وەک مالک نەبی دەڵێ:

ڕۆژئاوا مادە بەهۆکارو عیلەتی یەکەم دەزانێ ،کە مادە خودی خۆی بەدی هێناوە، هەرلەومادەشەوە دیاردەکانی سروشتی ڕەنگیان داوەتەوەو پەیدابوون، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم بونەوەرە بە پیرۆزنەزانن و ئەمەش بە تاکە زانست دەزانن کەلەدەرەوەی ئەو مادە باوەڕیان بەبوونی هیچ زانستێکی ترنیە، تاکە زانست کە ئەوان باوەڕیان پێ یەتی ڕۆشنبیری چەندایەتی وبڕو کەڵەکەبوونە، پیرۆزی وقەداسەت بوونی نیە، مادام پیرۆزی نیە کەواتە ڕێزلێنان وهەڵبژاردەیی دروستکراوێک بەسەردروستکراوێکی ترو کەسێک بەسەرکەسێکی ترو زمان و شەرع و کتاب ودینێک بەسەر یەکێکی تر بوونی نیە، هەربۆیەش مرۆڤ لە شارستانێتی ڕۆژئاوا مرۆڤایەتی خۆی لەدەست داوەو یان بۆتە دڕندەیەکی ڕاوکەروهەڵدەکوتێتە سەر هەر شتێک کە دێتە بەردەمی، یان بۆتە ئاژەڵێکی گوم بوو وسەرلێشێواولەبیابانێک کەتەنیا دەرگای گەندەڵی وبەدکاری وڕیزپەڕی وڕەگەزبازی ولاڕێ بوون لەفیترەت وسەرگەردانی بۆکراوەتەوە، ئەوەش ئەوقەیرانەیە کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی تیایدا دەتلێتەوە، بۆیە ئەو مرۆڤەی کەتێڕوانینی ڕۆژئاوا بەرهەمی دێنێ بەتێڕوانینە مادیەکەی تێکدەروڕوخێنەرە، هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە مادیە بەگەندەڵی وبەدکاری گەمارۆدەدرێن، کەس نازانێ کە لەکوێوە بەدکاری هاتۆتە ناودڵی، ناپاکی وفێڵ وتەڵەکە وغەدرکردن ودرۆزنی ودووڕوویی وبێ شەرمی وهەموو لاڕێ بونێک کە موی سەری مرۆڤی لێ گرژ دەبێ، لەناویان بڵاو بۆتەوەوبەئاشکرا دەکرێن.

هەربۆیە ئەفغانی هێرش دەکاتە سەر دەهریەکانی ڕۆژهەڵات وبە گێل وگەوجیان دەزانێ چونکە بۆخۆشیان نازانن چی دەکەن، ئەوان ڕەخنە لە خوڕەوشت وبارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوادەگرن بەبێ وردبینی ،کەچی خۆیان هەمان کۆمەڵگا لێرە بنیات دەنێن و بەرژەوەندی ئوممەتێک بەقوربانی بۆچوونە تێکدەرانەکانیان دەکەن.

ئەفغانی لە دەروازەی چوارەمی کتێبی ڕەتدانەوەی دەهریەکان، چەند بەراوردێکی مێژوویی دەکا لە قۆناغەکانی ژیانی گەلو ئوممەت وشارستانیەکان ،کە پێش دەرکەوتنی ڕێچکەی دەهریەکان کاروباریان بەهاوسەنگی بەڕێوەچووەودوای پەیدابوونی عەبەس ودەهری بوون دەستیان بەدارمان کردوە، ئەم بەشە شوێنەواری دەهریەکان لە بارودۆخی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەردەخا، ،ژیار لای ئەفغانی ناکرێ لە دینداری جیابکرێتەوە،چونکە ژیارەکان لەسەربنەمای بەهاباڵاکان وڕەوشتەجوانەکان بنیات نراون، شارستان وژیاری یۆنانی چەندین سەدە بە پتەویی وەیەک گرتوویی مایەوە، توانی لەبەرامبەر هێرشەکانی فارسەکان خۆڕاگربێ کەلەکاشغەری تورکوستانی چینەوە تائەستەمبوڵ لە ژێردەستیان بوو، ئەم خۆڕاگریەی یۆنان وگریکەکان بەردەوام بوو تا ئەبیقۆرو شوێن کەوتوانی هاتن ،گوتیان کە مرۆڤ باشترینی دروست کراوەکان نیە، هیچ زیندووبونەوەیەک لە دوای مردن نیە،مرۆڤیش جۆرێکە لەئاژەڵ،ئەوهونەرو پیشانەی مرۆڤ دەیانزانێ هەمووی بەلاسایی کردنەوە فێری بووە، مۆسیقاودەنگ خۆشی لەبولبول وباڵندەکان فێربووە،خانووکردن لە هەنگ فێربووە،بژێوی پاشەکەوت کردن لە مێرولە فێربووە، ئەی بۆچی مرۆڤی لاسایی کەرەوەش وەک مامۆستاکانی نەژی؟ بۆچی شەرم نەی هێڵێ بە کامی دڵی خۆی ڕابوێرێ وەک باڵندەوئاژەڵەکان؟پەردەی شەرمیان لە دڵ ودەروونەکان داڕنی ودڕاندیان، ماڵی خەڵکیان بەحەڵاڵ دەزانی ولەهەرکوێ یەک خواردن وئازوقە هەبووایە گەمارۆیان دەدا وتێریان دەخوارد،بۆیە ناونران بە کۆمەڵەی سەگەکان، لەبازاڕەکان بڵاویان کردەوە کە خەڵکی هەمووهاوبەشن لە ماڵ وسامان، جاکاتێ خەڵکی باوەڕی بە بۆچوونی ئەبیقۆریەکان هێنا، ئەوزانست وزانین وهونەروپیشانەی بەجیاکەرەوەیان دەزانین بۆ مرۆڤ وشانازیان پێوەدەکردن، وردەوەردە وازیان لێ هێنان، گەوجی وگێلی ونەزانی لەناوگریکەکان بڵاو بۆوە، بازاڕی فەلسەفەوحیکمەت چۆڵ وخاڵی بوو،ئەوهەستەی هەیانبوو بەوەی مرۆڤ سەروەرو پاشایە گۆڕابۆ هەست کردن بەسوک وچروکی وسەرشۆڕی،ئەو خوڕەوشتی ئەمانەت ودەست پاکیەی بەمردنیش دەست بەرداری نەدەبوون گۆڕیان بە پێشبڕکێ لەتەڵەکەو چەواشەکاری وناپاکی، ئەوشەرم وشکۆیەی هەیانبوو گۆڕیان بۆ بەدڕەوشتی و داوێن پیسی، ئازایەتی وجەربەزییان بووبە ترسنۆکی،خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان وبەهاکان بووە خۆشەویستی ڕابواردن وچێژوەرگرتن، هەربەم هۆیەش کەوتنە داوی بەکۆیلە

بوون و بەندایەتی بۆ ڕۆمانیە لاتینیەکان، پاش ئەوەی بەبێ بەرامبەر فەرمانڕەوای ئەوروپابوون .

ئەوەی ئەفغانی لەم بەراوردەدا ئاماژەی پێ کردوە ،هەر ئەو ئەبی قۆرە مامۆستای ئەو کەسانە بوو کە ڕەوتی مۆدێرن وحەداسەیان دامەزراند.

تۆماس هۆبز لەم سەردەمە دەڵێ هەموو پاڵنەرو هاندەرەکانی مرۆڤ ئاڕاستەکراون بۆ پاراستنی ژیان و مانەوەی خود بەتەندروستی، بنچینە لە مرۆڤ دا خۆپەرستی وبەدکاریە، هەمیشە حەزدەکابگاتە زۆرترین بڕ لە چێژ وەرگرتن وڕابواردن ئەگەر بە هێزیش بێ، وەتابۆی بکرێ خۆی لە ئازاروئەشکەنجەو ژوارو مەینەتیەکان لادەدا، وەئەوبەشداری وقوربانی دانەش کەهەندێ جارلەگەڵ هەندێ لە هاونیشتمانیانی دەیکاهەر خۆپەرستیەکی ڕووپۆش کراوەومەبەستی گەیشتنە بەگەورەترین بڕی خۆشی وڕابواردن بەکەمترین بڕی ئێش وئازار، چونکە هاوکاری هەندێ ماندووبوونی لەکۆڵ دەکاتەوە، بۆیە ئاشتی هەمیشە خواستی مرۆڤەکانە، لێرە ئەبیقوری پێش زاین پێ ی وایە مرۆڤ ئاشتی بەدنیابەکەم گرتن بەدەست دێنێ چونکە زۆربەی جەنگەکان بەهۆی پلەوپۆست وسامان وژن ودەسەڵاتن، بەڵام هۆبز دەڵێ ئاشتی بە دەست کەوتنی هۆکارەکانی هێزو زاڵ بوون ومل کەچ کردنی هەمووان وبەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەهێز.

جیری بنتام دامەزرێنەری ڕەوتی براگماتی دەڵێ: سروشت بۆ مرۆڤەکان ڕام بووە بە هۆی دوو حوکمی ئازار وچێژوەرگرتن، ئەم دوانە فەرمان دەکەن لەهەر کرداریک کە ئێمە دەیکەین وهەرچی دەیڵێین وهەرچی بیری لێ دەکەینەوە،هەرچی سودی بۆمان نیەو ئازارمان دەدا هەوڵ دەدەین لێ ی دەربازبین، ئەم بۆچوونانەی ئەبیقور کاریگەربوە لەسەر زۆربەی بیرمەندە بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدەونۆزدە، .

کارل مارکس بڕوانامەی دکتۆراکەی لەسەر دیمۆکریتیس وئەبیقۆربووە ،یەکەمیان گەردیلەکانی ماددە بە بنچینەی بوون دەزانێ ودووەمیان چێژو خۆشی بە سەرچاوەی هەموو شتێک دەزانێ، مارکس گەیشتۆتە ئەو پوختەی کە وەک چۆن گەردیلەی دیمۆکریتس هێڵی ڕاستی بەجێهێشت و بازنەیی و بەلاری دەستی بەخولانەوەکرد،ئاکاری ئەبیقۆریش ئەم هەموو لاربوونەوەو خوار ڕۆیشتن و وازهێنانی لە ڕاستە ڕێ بۆ خۆلادان بوو لە ئێش وئازاروگەیشتن بە چێژوخۆشیەکان، کەواتە مەبەست وخێروئامانج دوورخستنەوەی ئازارە کەشەڕە وگەیشتنە بەڕابواردن کە خێرە.

مارکس لە دکتۆراکەی دا پشتی ئەبیقۆری دەگرت کاتێ کەلەگەڵ دیمۆکریتس ڕایان بەریەک دەکەوت، چونکە بەشاهێدی مێژوویی ئەبیقۆر پاڵەوانی دژایەتی بیری دینداری بوو لە کۆمەڵگای یۆنان وڕۆمان.

ئەفغانی لەم نمایشە دەیەوێ پێمان بڵێ کە ڕەوتەکانی مۆدێرنی ومارکسی وسۆشیالزمی ئەوروپا کە هەموویان ئەبیقۆریان کردۆتە بنچینەی دامەزرێنەری بۆچونەکانیان بە کەڵکی ئەوەنایەن کەببنە دامەزرێنەری ژیارێکی نوێ ،چونکە ئەبیقۆر ڕوخێنەری هەردوو ژیاری یۆنان وڕۆمانیش بووەو هەمان هۆکاریش بەبەراوردی مێژوویی باس دەکا کە هۆکاری داڕوخانی ژیاروشارستانی فارسیش هەربڵاوبونەوەی بۆچونەکانی بەدڕەوشتی و بێ باوەڕی بووەمەزدەکیەکان بووە.

بەهەمان بەراورد ئەفغانی هۆی ڕوخانی ژیاروشارستانی ئیسلامیش دەگێڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی بیروبۆچوونی حەشاشی وباتنی وقەرامیتەکان کە پێ یان وابوو دینداری وپەرستشەکان بۆ کەسانی ساویلکەن وکاتێ مرۆڤ گەیشتە پلەی کەمڵ ولە دین تێ گەیی هیچی لەسەر نامێنێ، ئەفغانی لەسەر زمانی حەشاشە تیرۆریزمەکانی حەسەن سەباح دەڵێ[پێ یان وابوو کە کردەوەشەرعیەکانی وەک نوێژوڕۆژوو تەنیا لەسەر ئەوانە یەکە مەحجوب و بێ بەشن لە بینینی حەق ،بەڵام بۆ تۆی کامڵ کە بەحەق گەیشتوی ،وازلە ئەرکە بەدەنیەکان بێنەوکۆڵی خۆتیان پێوە سەرگران مەکە،ئەوئەرکانە تەنیابۆ بێ عەقڵ ودەروون نەخۆشەکانە،تۆی کامڵ لە ناوبۆتەی ئەرکەکان دەرکەوەو حەڵاڵ وحەرام وازلێ بێنە، وەرە بۆ بەرفراوانی ئیباحیەت وڕێ پێ دران ،خۆت لەناو قەفەسی ڕەوشت وئەمانەت وترس لە ناپاکی و پابەندی بەڕاستگۆیی و بەهاکان وخۆلادان لەدرۆو چێژەەکان خەریک مەکە،ئەوانە چەند فرمانێکی خەیاڵین لە بیروهۆشی ڕابەروموڕشید بۆ کەسانی ناتەواودانراون، ]

بەم شێوە ئەفغانی داڕوخانی فەرەنسیەکان وعوسمانیەکانیش بۆ دەرکەوتنی ئەم بۆچوونانە دەگێڕێتەوەو ئەو نوشیریە ڕۆژهەڵاتیان بەگێل دەزانێ کە خەریکن گۆڕێک بۆ ژیارەکەیان هەڵ دەقەنن وخۆیان لەناوگەلان وئومەتان شەرمەزاروبێ ژیاردەکەن.

ئەم ڕانواندنەی مێژووی ژیارەکان بۆ ئەوەبوو تا پێمان بسەلمێنێ کە هەموژیاروشارستانیەکانی میللەتان لەسەر ئەو شەش بنچینە کۆنکرێتیە بنیات دەنرێن کە ئەفغانی لەسەرەتاداباسی کردن، وە تائەو شەش بنچینە بە پایەداری بمێننەوەونەڕوخێن هەرگیز هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێ ئەوشارستانی وژیارە بڕوخێنێ، لێرەدا من پێم وایە کەتێڕوانینی ئەفغانی بۆدروست بوون وپایەداربوون ومانەوەی دەوڵەت وهۆکارەکانی داڕوخانی لە بۆچوونەکەی ئیبن خلدون وتوێنیبی بەهێزترە و ئەم بۆچوونانەی ئەفغانی زۆردەوڵەت ودام ودەزگای جیهانی وسیاسی نێودەوڵەتی سودیان لێ بینیوەو چەسپاندویانە، بەڵام باسی ئەفغانیان نەکردوە.

لە دەروازەی پێنجەم دا ئەفغانی ئەوبەڵگانە دێنێتەوە کە بەختەوەری ڕاستەقینە تەنیا لە دینداری دایەو ڕێچکەی سروشتی هەرگیز نابێتە هۆی دەستەبەرکردنی

بەختەوەری،جاکاتێ بەختەوەری مرۆڤ بە گەیشتن بەهەندێ لە ئارەزوەکانی بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەستەبەردەبێ کەمرۆڤ هەموو ژیانی لەهەوڵ دابووە بۆ گەیشتن بەئارەزوەکانی بە هاوسنگی وبۆئەمەش چەند ڕێگەیەکی بەکارهێناوە:

- یان بەهێزو داگیرکردن وتاڵان کەئەمەش دەبێتەهۆی خوێن ڕژان و تێکدان ونەمانی ئەمن وئاسایش و بەختەوەری لەمەدانیە.

-لەڕێ ی دەوڵەتەوە کەزۆربەی دەوڵەتان ستەم کاروخوێن ڕێژو داوێن پیسن وخراپەکارن ودام ودەزگاکانیان پڕە لەگەندەڵی وفێڵ وتەڵەکەوچەواشەکاری وئەمەش دیسان بەختەوەری ناهێنێ.

- نەفس بەرزی وسەرکوت کردنی کە ئەمەش هەر ڕێگایەکی هاوسەنگ نیە.

- بڕوابوون بەبەدیهێنەری گەردوون وپشت پێ بەستنی وداوالێ کردنی کە هاوکاری بێ لە هەردوو دنیاوئارامی ودڵنیایی وبەختەوەری وگەیشتن بە پێویستی وئارەزوەکانی بەهاوسەنگی بۆ دابین بکا کەئەمەباشترین ومسۆگەرترین ڕێگەیە.لەکۆتایی ئەم دەروازە ئەفغانی پێ ی وایە کە دین هەتابەشێواوی ودەستکاری کراویش لە ڕێچکە دەستکردەکان باشترەو زووتر دەتگەیەنێتە بەختەوەری.

لەبەشی دووەم دا ئەفغانی باسی چوار خاڵ دەکا ،کە ئەو خاڵانە ئیسلام وەک دینێکی تەواوو کامڵ لە گشت دینەکانی تر جیادەکاتەوە کەئەمانەن:

باوەڕبوونی ئیسلام بەتاقانەیی بەدیهێنەری گەردوون گرێنتیە بۆمرۆڤ تانەکەوێتەناوسەرلێ شێوان وگومڕایی و سەرگەردانی و عەقڵ وزیروهۆش وهزری توشی ئەفسانەو بەریەک کەوتن وبەمەش والەمرۆڤ دەکا کەهەرگیز هەست بەبێ هێزی وبێ توانایی وسەرشۆڕی وڕەنجەڕۆیی وبێ خاوەنی نەکاوکەسایەتیەکی دامەزراوو دەرونێکی ساغی هەبێ ودووربێ لە کلکەلەقێ وماستاوچێتی وترسان لە نەمانی بژێوی وپۆست پەرستی وهەموو ئاکارێکی شەرمەزارکەروناپاک.

-تاکە پێوەری شەرەف وڕێزوگەورەیی ڕەوشتی جوان وئاکاری پەسندە لە ئیسلامدا وسامانی زۆرو دەسەڵاتی زۆر پێوەری گەورەیی نین لە ئیسلامدا.

- ئیسلام بەوە جیادەکرێتەوە کەپەیڕەوانی هەڵدەنێ کەهەمیشە بۆ دین ودنیاوهەموو بوارێکی زانین وشارەزایی بەشوێن بەڵگەی دڵنیاکەرەوە بن خۆیان لەگومان ودڵەڕاوکێ و وەهم بپارێزن، بەمەش عەقڵ وبەرچاوڕوونی و دڵ متمانە ودامەزراودەبێ.

-ئیسلام هەموو ئوممەتی هەڵ ناوەو داواکردنی زانست وزانیاری وشارەزایی لە هەموو بوارەکانی ژیان بەئەرک لەسەرپەیرەوانی داناوەو سەرکۆنەی نەزانی ونەفامی کردوە.

هەریەکێ لەم پایانە کاریگەری زۆریان هەیە بۆ پایەداری شارستانی و ڕێکی وبەختەوەری مرۆڤایەتی وهۆکاری داڕوخانی مسوڵمانانیش بەهۆی دوورکەوتنەوەیانە لەم پایانە..

———

دیداری پازدەهەم:

کەسایەتی جەمال الدینی ئەفغانی لەئاوێنەی گوتەو ئامۆژگاریە بەپێزەکانیەوە:

١-لا أمة بدون أخلاق ولا أخلاق بدون عقيدة ولا عقيدة بدون فهم.

-هیچ ئوممەتێک نیە بێ ڕەوشت بێ، وەهەموو خوڕەوشتێکیش بەبێ بنەمای عەقیدەوباوەڕنابێ، بنەمای عەقیدەش بەبێ تێگەیشتن وفام کردن دانامەزرێ.

کەواتەئوممەت= بیروباوەڕ+ ڕەوشت +تێگەیشتن.

٢-العبيد هم الذين يهربون من الحرية فإذا طردهم سيد بحثوا عن سيد آخر.

کۆیلەکان ئەوانەن کەلەئازادی هەڵدێن، هەرکاتێ ئاغایەک لەنۆکەری دەریان دەکا،دەچن لەئاغایەکی دیکەدەگەڕێن تاکوببنەخزمەتکاری.

٤-الشرقي متواضع، قنوع، جزوع، كثير الذكاء، سريع التقلب، قليل الصبر.

خەڵکی ڕۆژهەڵات زۆرخۆبەکەمگروچاوتێرن،بەڵام زۆریش بەنوزەنوزوسکاڵاکارن لەکاتی نەهامەتیەکان،زۆرزیرەکن،بەڵام خێرا دەگۆڕێن وبێ سەبروئارامن.

٥-صورة الإسلام من صورة المنتسبين إليه

وێنەی ئیسلام بەهۆی وێنەی مسوڵمانان شێوێنراوە.

٦-لن تنبعث شرارة الاصلاح الحقيقي في وسط هذا الظلام الحالك الا اذا تعلمت الشعوب العربية وعرفت حقوقها ، ودافعت عنها بالثورة القائمة على العلم والعقل.

چاکسازی ڕاستەقینە لەم تاریکیە ئەنگوستەچاوە بەرپانابێ هەتا گەلانی عەرەب ڕێگەی فێربوونی زانست نەگرنەبەر ومافەکانی خۆیان نەناسن،جاکە مافەکانیان ناسی وزانابوون ئەوکاتە ئامادەن بۆبەدەست هێنانی مافەداگیرکراوەکانیان شۆڕشێکی زانستی وعەقڵانی بەرپابکەن.

٧-العار الذي لا يمحوه كر الدهر هو أن تسعى الأمة أو أحد رجالها أو طائفة منهم لتمكين أيدي العدو من نواصيهم، إما غفلة عن شئونهم أو رغبة في نفع وقتي.

ئەو هەتک بەریەی هەرگیز ناشۆرێتەوە ئەوەیە کە گەل ومیللەت وکەسانی ناودار یان دەستەوتاقمێک لەمیللەت هەموو کۆششێکیان بۆئەوەبێ کە دەستی دوژمنیان بکێشن تادەسەڵاتی بەسەریانداهەبێ،ئەم گەمژەییەش یان بەهۆی بێ ئاگاییانە یان لەبەرچاوبرسێتی یە بۆ گەیشتن بەچەندسودێکی کاتی.

٨-حذار أن تركن إلى صديق خذلك ساعة الضيق

وریابە هەرگیزپشت بەوهاوڕێیە مەبەستەکەلەکاتی تەنگانەداپشتی بەرداوی.

٩-ما أجملك أيها الإنسان المعجب بنفسه في مرآة نفسك , وما أقبحك في مرآة غيرك.

ئەی مرۆڤی سەرسام بەخۆت تۆزۆرجوانی لەئاوێنەی خۆتدا،بەڵام زۆرناشیرینی لە ئاوێنەی کەسانی دیکەدا.

١٠-الجاهل الحي ميت، والعالم الميت حي.

نەزان زیندووش بێ مردووە،زانا بشمرێ هەرزیندووە.

١١-قالوا لجمال الدين الأفغاني : إن المستعمرين ذئاب , فقال : لو لم يجدوكم نعاجاً لما كانوا ذئابا.

بە جەمال الدینیان گووت: داگیرکەران گورگن،گوتی:کەئێوەمەڕوبزن نەبوونایە ئەوانیش نەدەبوونە گورگ.

١٢-تبلغ المراة بضعفها ، ما لا يبلغه الرجل بقوته.

ژن بەولاوازیەی دەگاتە دەستکەوتی زۆرگەورە کە پیاوانی بەهێزیش پێی ناگەن.

١٣-الأديب في الشرق يموت حياً، ويحيا ميتاً.

کەسانی ئەدیب و هەڵکەوتوو لەئەدەب لەڕۆژهەڵاتداهەربەزیندوویی مردون،بەڵام دوای مردنیان زیندوون لا خەڵک.

١٤-أفضل وسيلة لإقناع الغربيين بالإسلام , أن نقنعهم أولاً بأننا لسنا مسلمين كما ينبغي.

باشترین هۆکاروشێوازبۆ بانگکردنی ڕۆژئاواییەکان بۆناوئیسلام ئەوەیە کەیەکەم جار باوەڕیان پێ بێنین کە ئێمە وەکو پێویست مسوڵمان نین.

١٥-لا جامعة لقوم لا لسان لهم، ولا لسان لقوم لا تاريخ لهم، ولا تاريخ لقوم إذا لم يقم منهم أساطين يحمون ذخائر بلادهم ويحيون مآثر رجالهم.

هیچ کۆدەنگیە لەناوگەلێک ڕووناداکەزمانێک نەبێ کۆیان کاتەوە،وە ئەوزمانە کۆکەرەوەش بۆو گەلانە نابێ کە مێژوویان نیە، وەگەل نابێتە خاوەن مێژوو هەتا ڕۆڵە ئازاکانیان بەدڵ وگیان گەنجینەی وڵاتەکەیان نەپارێزن و یاداوەری قوربانیدانی ڕۆڵەکانیان زیندووڕانەگرن.

١٦-من عجز عن إصلاح نفسه، كيف يكون مصلحاً لغيره؟

هەرکەسێ نەتوانێ خۆی چاک بکا،ناتوانێ کەسانی جگەلەخۆی چاک بکا.

١٧-أمة تطعن حاكمها سرا وتعبده جهرا لا تستحق الحياة.

گەلێک لەپاشەملە بەسەر فەرمانڕەوایەکەیدا دەڕشێتەوەوڕەخنەی لێ دەگرێ ولەبەرەوڕووش دەیپرستێ ئەوگەلە شایانی ژیان نیە.

١٨-خائن الوطن من يكون سببا في خطوة يخطوها العدو في أرض الوطن.

ئەوکەسە ناپاکە بەوڵاتەکەی کەبەهۆی ئەوەوە دوژمنەکەی یەک هەنگاو هاتۆتە ناو نیشتمانەکەی.

١٩-بالضغط والتضييق تلتحم الأجزاء المبعثرة.

بە پەستان وتەنگ کردنەوەی بوار بەشە پارچەپارچەبووەکان کۆدەکرێنەوە.

٢٠-إن الدين قوام الأمم، وفيه سعادتها، وبه فلاحها.

دینداری هۆکاری پایەدڵری میللەتانە،هۆکاری بەختەوەریانە وهەربەویش دەگەنە سەرفرازی.

٢١-الأزمة تلد الهمة.

قەیرانەکان دەبنەهۆی لەدایکبوونی ووردەبەرزی.

٢٢-لا يؤمن بربوبية القوة إلا شبح الضعف.

تەنیا ئەوانەی تارمایی لاوازین بڕوا بە پەرستن وبەپەوەردگارزانینی بەهێزەکانن.

٢٣-ذا سَلِمْتَ في كتابة خاطراتك من خطر الطاغية وطواغيته، فستُصادف من أهل الجمود عنتًا وتخرصًا وقلبًا للحقائق.

ئەگەرلەنوسینی یاداشتەکانت لە کاریگەری تاغوتەکان سەلامەت بووی ،ئەوە بێ مێشکی وگەمژەیی کەسانی دەقبەستوو و گەمژە یەخەت پێ دەگرێ.

٢٥-الحيوان شجرة قُطعت رجلها من الأرض فهي تمشي، والشجرة حيوان ساخت رجلاه في الأرض، فهو قائم في مكانه يأكل ويشرب، وإن كان لا ينام ولا يغفل.

ئاژەڵەکان ئەودرەختانەن کەقاچیان لەزەوی هەڵکەناوەبۆیە بەردەوام ڕێدەکەن،بەڵام درەختەکان ئەوئاژەڵانەن کەقاچیان لەخاک چەقیوەو،بۆیە هەمیشە لەجێی خۆیان ڕاوەستاون وبەردەوام دەخۆن ودەخۆنەوە،هەرچەندە هەرگیز نانون وبێ ئاگانابن.

لو يُحاسب الإنسان نفسه كما يُحاسب غيره، لقلّ خطؤه وقرُب من الكمال.

ئەگەر مرۆڤ لێپێچینەوە لەگەڵ خۆی بکا وەک لێپێچینەوە لەگەڵ خەڵکی دیکە دەکا،هەڵەکانی زۆر کەم دەبۆوەو زۆرلە کامڵ بوون نزیک دەبووەوە.

لا يكون المرء صاحب حق ما لم يدافع عنه.

پیاونابێتە خاوەن ماف تاکو بەرگری لە مافەکانی نەکا.

---

لەسەرەتای -عروة الوثقى- ئەفغانی دەڵێ:

قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (الممتحنة 4 )

ئەی ئیمانداران، بەڕاستی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی چاکتان خراوەتە بەرچاو، کاتێك کە بە قەومەکەی خۆیانیان وت: دوای ساڵەها بانگەواز، ئێمە بەرین لە ئێوە و لەو شتانەش کە لەجیاتی الله دەیپەرستن، ئێمە باوەڕمان بەو دین و ئاینەی ئێوە نیە، ئیتر دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی لەنێوانماندا بەرپا بووە تا ئەو کاتەی کە باوەڕ بە الله ی تاك و تەنها دەهێنن، جگە لەو بەڵێنەی ئیبراهیم دای بە باوکی و وتی: بێگومان داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم، دەسەڵاتی الله م نیە ئەگەر کارەساتێکت بەسەر بهێنێت، ئینجا وتی: پەروەردگارا، هەر

پشتمان بە تۆ بەستووە و هەر بۆ لای تۆش گەڕاوینەتەوە، سەرەنجامیش هەر بۆ لای تۆیە.

چاودێری وسەرپەرشتی پەروەردێنمان ئەوەندەبواری هێناوینە پێش کە بەرگری لە مافەکانی ڕۆژهەڵات بکەین،تاکە پشتیوانمان تەنها اللە یە بۆسەرکەوتنی ئەم ئەرکە،سەردەمانێک چاوی چاوچنۆکان کوێربووبوو،بەڵام ئێستا چاویان بزکردوە و چاویان لەخێروبێرەکانمانە وچەندەها ڕێگایان گرتۆتە بەربۆدوژمنایەتیمان،ئەو پیلانەی کەچەندین سەدە لەناوهزریان دابوو ئێستا خەریکن دەیکەنە کردەوە وهەمووهەوڵێک دەدەن بۆ ڕیشەکێش کردنمان ودەستبەسەراگرتنمان.

دوژمنانمان پێیان وایەکەهێزی ئامێروچەکی کەلەدەستی کەمینەش دابێ دەتوانێ دەنگی زوڵاڵی زۆرینەی مرۆڤایەتی بێ دەنگ بکا چونکە بێ چەکن،پێیان وایە کە کەمینەی چەکداری بەهێزبۆیان هەیە ببنە شوان وخێروبێری زۆرینەی مرۆڤایەتی بۆئەوان بێ ئەگەرئەوزۆرینە یەکگرتوش بن.

ئەم بۆچوونە هەموو بیروهۆشێک ڕەتی دەکاتەوەو هیچ پێوان وکێشانێک پشتی ناگرێ،

مێژوو بەئەزموون سەلماندویەتی کەزۆرجاران کەمینە لەناو زۆرینەدابەیەکجاری تواوەتوەو ناووڕابردووی خۆی بیرچۆتەوە،بەڵام نەمان زانیوە کە کەمینەیەکی کەم بتوانن بەهێز زۆرینەیەک بسڕنەوە هەرچەندە زۆریش بەهێزبووبن.

بەڵکو ئەومیللەتانەی کەزۆر وپەرتەوازەن وبێ ئاگان وزۆر خوویان بەپاڵدانەواوڕابواردنەوە گرتووە،بەڵام لەکاتی هێرشی دوژمنی دەرەکیدا

ڕای دەچڵەکێنێ ولەوبێ ئاگاییە بەئاگای دێنێ و ڕایدەپەڕێنێ تا بەرگری لەوسەروەریە بکاکەماویەتی وئەوسەروەریەش بستێنێتەوە کەبەبێ ئاگایی لەدەستی داوە وبەهەموو شێوەیەک بۆئەوئامانجە تێکۆشاوە.

جائەم میللەتە پەرتەوازە لەم بەئاگاهاتن ویەکگرتنەداهەستی بەهێزوشیانی خۆی کردوە، پاڵنەری زگماک وهۆش وبیروئەزموونی ڕابردووان وچیرۆکی باب وباپیران بوونە مەشخەڵی بەردەوامی ئەو یەکگرتوویە.

لەکاتی تەنگانەدا گورگەکانیش دەبنەشێر،ڕێویەکانیش وەک پڵنگ هەڵمەت دەبەن،هەموویان تەنیابیر لە ڕزگڵرکردنی داهاتوویان دەکەنەوە بۆیە ئەم گیانی دڵۆسی وتەباییە ڕێنماییان دەکا

ئەگەرلە مێژووداجارێکیش بەهۆی هەڵەکانی بازنەی نەهامەتی گەمارۆی بدا،بەڵام ئەم گەمارۆی نەهامەتیە لەداهاتوویدادەبێتە وانەیەکی بەکەڵک و جارێکی

ترناکەوێتە هەمان تەڵەوە وبۆهەنگاوەکانی داهاتووی پەندی لێ وەردەگرێ ولەڕووبەڕووبونەوەی داهاتووداسەردەکەوێ.

خوو نەریتی میلەتان وایە کە بۆئەو هێزانە مل کەچ نابن کە تێڕوانین وداب ونەریتیان لەوان جیایە،ئەگەرئەوهێزە جیاوازە داوای کاری زۆریشی نەبێ ،هەر ڕەتی دەکاتەوە، خۆکە ئەوهێزە داپەڵۆسەرە داوای کاری لەسەروتوانای خۆی بەسەردابسەپێنێ،ئەوەبەشێوەیەک ڕەتی دەکاتەوە هەروەک ئەو دەمەی کەناوکی میوەکە دەردەفرتێنێتە دەرەوەوفڕێی دەدا، چونکە ئەو هێزەهەرچەندبەهێزیش بێ ناتوانرێ سروشتی ژێردەستەکانی بگۆڕێ، بۆیە ئەوژێردەستانە بە تەوژم لەودیاردە دوورەدەکەونەوەودژایەتی سروشتیان بۆوداوایە داواکەیان لا بچوک دەکاتەوەویەکگرتنیان لا پتاودەکاوناکۆکیەکانیان دەسڕێتەوە هەموو حزبایەتی وچینایەتیەک لەبەرمبەرئەم مەترسیە دەرەکیە دەسڕێنەوە چونکە کۆبونەوەی ناکۆکەکان دژی ئاکارێک کە پێچەوانەی سروشتیانە زۆر بەهێزترە لەکۆبوونەوەیان لەسەر سودوقازانجێک..

ئەوانەی نەفرەت لێکراون:

(١) لەئاینی پیرۆزی ئیسلام دا ، نەفرەت کراوە لەوکەسەی گەلەکەی دەچەوسێنێتەوەو دەیخاتە سجن وبەندوتەڵەو برسیەتیەوە ،

(٢) نەفرەت لەوکەسە سەرکوتی بیرڕاکان دەکات لەپێناومانەوەی خۆیدا ،

(٣) نەفرەت لەوکەسە بەقەمچی گەلەکەی دادەکوتێت وزەلیلی دەکات لەپێناو دەستەوتاقمی خۆیدا ،

(٤) نەعلەت لەوکەسە دەنگی حەق دەخنکێنێت لەپێناو نۆکەرایەتیدا :

(٥)نەعلەت لەوکەسە بەندی خانەکان پردەکات

لەگەلەکەی لەسەربیروڕایی جیاواز !

(٦) نەفرەت لەوکەسەی کەهەڵگری ئاڵای زوڵم وسەرکەشی و ستەمکاریە واش دەزانێت کاری باشی کردوەو لەسەرحەقە !!؟؟

(٧) لەهەم وئایینەئاسمانیەکان

لەعنەت ونەفرەت کراوە لەوکەسەی مافی ڕەوای مرۆڤەکان زەوت دەکات بانوێژخوێن و ڕۆژوگرو باهەمیشە لەخزمەتی قورئان دابێت :

دیداری شازدەهەم:

نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئایندەبینی و پێشبینەکانی ئەفغانی بۆ داهاتووی جیهان ومرۆڤایەتی:

گرنگترین ئەو پێشبینیانەی کە جمال الدین لەنوسین وگوتارەکانی ئاماژەی پێ کردوون ولەپاش چەندین دەیە ساڵ لەپاش کۆچی دوایی جمال الدین بەشێوەیەک لەشێوەکان هاتوونە دی.:

١- پڕۆژەی بەعەرەب کردنی وڵاتانی ئیسلام وسەربەخۆیی و ئازادی عەرەبەکان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی.

ئەمەش یەکێک بوو لە خواست وداواکاری وئامانجەکانی ئەفغانی، ئەم کۆڕپەلە وەک ئەفغانی دەیویست بەدایک وباوک لەدایک نەبوو، بەڵکو بەبیڕوویی لە دایک بوو، هەرلە پێکهاتنی شەریف ومکماهۆن لە١٩١٦تاشۆڕشە یەک لە دوایی یەکەکانی بیست وسی وچلەکان لەهەموو بستێکی ئەو وڵاتە پارچەپارچەکراوەی عەرەبەکان کە هەرلە مەغریب تاجەزائیرو لیباویەمەن ومیسروسودان وقەرنی ئەفزیقی وحجازو عیراق لەدژی دەیان چەشن لە ئیستعمارو‌داگیرکاران شۆڕش کران وخوێنێکی زۆر ڕژا،بەڵام هەم شۆڕشی گەورەی عەرەب وهەم کۆمکاری عربی لە ١٩٤٥دا پیلانێکی بەریتانی و ڕۆژئاوایی بوون تا بە پێ ی توانا عەرەبەکان کەهەم خاوەنی باگراوندێکی دینی شۆڕشگێڕی هەژارپەروەرن،هەم وڵاتەکەیان لە هەموو‌ڕوەکانی
جوگرافی،مێژوویی،ڕوحی،دینی،ئابووری،سەربازی،،هتد زۆرگرنگە، بۆیە ڕۆژئاوا ویستی عەرەبەکان عەرەبانەوپاشکۆی ڕۆژئاوابن و نەبنە بەشێک لە پرۆژەی چەپ وبەڵشەفی وماوی و نەبشبنە سەرکێشی بزوتنەوەبێ لایەنەکانیش، بۆیە عەرەب لەماوەی حەفتاساڵ نەتوانیان ژێرخانێکی ئەوتۆی ئابوری وسیاسی وسەربازی وپیشەسازی بنیات نێن ،وەنە توانیان مەکینەو جوڵێنەرەکە بە عەرەبانەکە بخەن ولە پاشکۆیی نەجاتیان بێ، تەنانەت دەوڵەتە
بەناوئیشتراکیەکانیشیان چاوبەستەکی وچەواشەکاری ڕۆژئاواییەکان بوو بۆ چین وسۆڤیەت لەلایەک وبۆ نەهێشتنی یەک پارچەیی عەرەبەکانیش بوو کە نەیان دەویست عەرەب لەقاڵبێکی کۆنەپەرستیشدا یەک بن ،بۆیە پێویست بوو هەندێکیان چەپێکی ساختەو سۆشیالزمێکی هەڵبەستراوبن.

ئەفغانی بە سوڵتانی گووت تورک جگەلەهونەری جەنگ هیچی ترنازانن،هەرواش بوو تورکەکان نەهونەرونەئەدەب ونەڕوحانیەت ونەئابووری ونەزمانەکەیان ئەو ڕەوانبێژی و جوانیەی تێدایە کە شایانی زمانی ژیارو ئیمپراتوری بن، چونکە تورانیەکان ئەوگەلەن کە زوالقرنین لەو دیوی شوراکە جێ ی هێشتن و وەک

قورئان دەفەرموێ :لا یکادون یفقهون قولا= ئەوان لە بەرنەزانیان خەریک بوو کە لەواتای هیچ وتەیەک تێنە دەگەیشتن.

بۆیە هەمیشە ئەفغانی سوڵتانی عوسمانی هەڵدەنا لەسەربەعەرەبکردنی دەوڵەتەکەی ودەیگووت کەبەعەرەبکردنی ئەودەوڵەتە هەموو بنەبڕکردنی پارچەپارچەیی دەوڵەتەکەو زاڵبوونەبەسەرئاوپەرتەوازەنەتەوەییەی کەدەوڵەتەکەی پارچەپارچەوبێ هێزکردبوو،وەمل ملانێی زمان ونەتەوەکان زۆرجاردەبووبەهۆی کەدەوڵەتە داگیرکارەفراوانخوازەئەوروپییەکان لەنانەوەی دووبەرەکی وپەرتەوازەیی مسوڵمانان سەرکەوتووبن.

بەعەربکردنی دەوڵەتی ئیسلام هەم نزیکبوونەوەلەبوو لەتێگەیشتن لەقورئان وفەرمودەوهەم ڕێبازی چوارسەدەی یەکەمی ئیسلام وهەم ڕاوبۆچوونی ئیمام مالیک وئیمامی شافیعی وئیمامی بوخاری وئیبن تەیمیە وشێخی گەیلانی ولەدوای ئەفغانیش ئیمام حسن بەناهەرلەسەر ئەوپەڕەوەبوو، لەهەریەک لە کتێبی بیست بنچینەکە و دەڕاسپاردەکە ئاماژەی پێکردووە..

٢- ئەفغانی لەگوتاروئاڕاستەکردن و ڕاوێژکردنەکانی بە پاشاوسوڵتان وسیاسەتمەدارەکان، هەواڵی ئەوەی دابوو کە پرۆژەی سەروەریەکی هاوبەشی وسۆشیالیزم بۆ جیهان بەڕێوەبە، ئەو لەئاکامی ئەوهەموستەمەی کەلەسەدەکانی هەژدەونۆزدە کرابوو لە میللەتان بەناوی ئیستعمارو ئاوەدانیەوە بەم هەواڵە گەیشتبوو نوسراوو ڕێ وشوێن وبورکانە شۆڕشەکانی گەلان وجەماوەری تینوی بۆ ئەم شۆڕەشە لەهەموو جیهان بینی بوو لەناو فەرمودەو ئایەت ودەقە دینیەکانیشدا مەشخەڵ وڕوناکی وڕێنوێنی ئەم شۆڕشەی بەدی کردبوو،ناحەزو دووژمنەکانیشی زۆرجاربەم تۆمەتە تۆمەت باریان دەکرد،بەڵام شۆڕش وسەرهەڵدانە هاوبەشیەکەی ئەفغانی بێ ئیمان و مولحیدنەبوو ،پڕەنسیپ و پاگراوندەکانی ،ئیمانی بوون، پاڵنەروڕێساو هێڵەگشتیەکانی ڕەبانی وپڕ میهرەبانی بوون، دیکتاتۆریەت وتاکرەوی و جینۆسایدوشمولیەتی ئاگروئاسن نەبوو، ئەوخەونە دەکرا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ، لەجیاتی ئەوەی لە ڕوسیاوچین بێ، بەڵام ئەم خەونەش بردراو لە ڕێ لادراو دزراو بۆیەی بێ باوەڕی لێدرا، وەخێروخۆشیشی بۆکەس نەهێناو کارەساتێک بوو بۆ زۆرلە میللەتان.

ئەفغانی لەگوتاروئاڕاستەکردن و ڕاوێژکردنەکانی بە پاشاوسوڵتان وسیاسەتمەدارەکان، هەواڵی ئەوەی دابوو کە پرۆژەی سەروەریەکی هەرەوەزی وهاوکاری هاوبەشی وسۆشیالیزمی بۆ جیهان بەڕێوەبە، ئەو ژیانی سۆشیالزم وهەرەوەزەی کەخۆزگەوبریاو خەونی هەموو مرۆڤایەتی وکاریزماودیندارو پێشەنگە ئیماندارەکان بووە، کەچی لەوان دزراوەو کراوەتە خەون وخۆزگەی ماركس ولینین .

ئەڤغانیش یەکێک بوو لەوانەی پێشبینی هاتنی پڕۆژەیەکی سۆشیالزمی جیهانی کردبوو کەلە لەئاکامی ئەوهەموستەمەی کەلەسەدەکانی هەژدەونۆزدە کرابوو لە میللەتان بەناوی ئیستعمارو ئاوەدانیەوە بەم هەواڵە گەیشتبوو نوسراوو ڕێ وشوێن وبورکانە شۆڕشەکانی گەلان وجەماوەری تینوی بۆ ئەم شۆڕشە لەهەموو جیهان بینی بوو لەناو فەرمودەو ئایەت ودەقە دینیەکانیشدا مەشخەڵ وڕوناکی وڕێنوێنی ئەم شۆڕشەی بەدی کردبوو،دینەکان وبەتایبەت ئیسلام کە بۆ بەرقەرارکردنی ژیانی پڕادوپێکەوەژیان وهاوکاری وهەرەوەزی وهاوبەشی کۆمەڵگا
لەسەرپارێزرانی مافی ژیانیان وپارێزرانی بیروباوەڕوسەربەخۆیی وئازادییان لە هەڵبژاردنی دین وپاراستنی چالاکی عەقڵ وبیروهۆش و ماڵ وسەروەت وسامان و وەچەو بنەماڵەوناموسیان وبەرهەم وبەها مادی ومەعنەوی وپیشەییەکانیان وپاراستنی پاکێتی ژینەگەو وڵات ودەوروبەریان وسەروەری نەتەوەونیشتمانیان ودەستەبەرکردنی دادوعەدالەت بۆ هەمووان هاتوون، بۆیە پڕۆژەی سۆشیالیزمی کۆمەڵایەتی وئابووری وپیشەیی زۆر لە ڕوحی دینەکان وبەهائاسمانیەکان نزیکترە لە بنەما ئیلحادی وبێ باوەڕیەکان ،ئیلحادەکان زۆردوورن لە هەرەوەزی وهاوبەشی ،چونکە مولحد کەسێکی خۆپەرستە ،هەرەوەزی وهاوبەشێتیش پێویستی بەڕووحی خۆنەویستی ولەخۆبوورەدەیی وخۆنەبوێری هەیە، کە ئەمە لەناو دینەکان وبەتایبەت ئیسلام دا هەیە کە:

- خەڵکی کە هەموویان لە یەک دایک وباوکن لە ڕەچەڵەکدا کە ئەمەش ڕێ لەهەموجیاکاریەکی نەژادی وڕەگەزپەرستیەک دەگرێ، وەهەموویان یەک بەدیهێنەریان هەیە کە ئەمەش ڕێ لەهەموو جۆرەکۆیلایەتیەکی مرۆڤەکان بۆ مرۆڤێکی تریان بۆ دیاردەو هەر دروستکراوێکی تردەگرێ..

- سامان ودارایی لە بنەڕەت دا هی پەروەردگاری بەدیهێنەرەو مرۆڤەکان خاوەنی ڕاستەقینە نین وجێ نشینن ،ئابەم شێوەش جیاوازی چینایەتی ودەوڵەمەندی وهەژاری دەبێتە هەڵێک کە بقۆزرێتەوە بۆ یارمەتی ودەستگیرۆیی وکەس لەسەر بنچینەی دەوڵەمەندی تەقدیس ناکرێ.

- هەڵنان وپاداشت دانان وخۆشەویست بوونی چاکەکارو بەخشندەو قوربانیدەران بەسەروماڵ وکات وزانست ولێهاتوویی لای پەروەردگاریان وادەکەن کە ژیانی تاکەکان وچینەکانی کۆمەڵگا یەک پارچە ببێتە هەوڵ وکۆشش وپێشبڕکێ لە چاکەوبەخشین وقوربانی دان دا.

- ئەوهەڕەشەو بەسوک سەیرکردن وقێزەون کردن وبێزاندنی سیفەتەکانی حەسودی وئیرەیی وچروکی وپیسکەیی وڕەزیلی ودەست پان کردنەوەوچاوپیسی وخانەگومانی وخۆپەرستی وبێ وەفایی وچاوچنۆکی وهەموو سیفەتە بەدو

نەخۆشیە هەوڵوەشێنەرەکانی ناوکۆمەڵگا لەڕوانگەی دینەوە وەدەکا کە دین ڕێگای هەرەوەزی ودۆستایەتی لەباربکا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی مرۆڤایەتی..

- ستایشکران وبەبەڕێز ڕاگرتنی سیفەتەکانی ڕاستگۆیی وچاوتێری وبەخشندەیی وداوێن پاکی وڕەوشت بەرزی وفیداکاری لای دینەکان هێڵەکانی ژیانی هەرەوەزی وهاوکاری وژیانی هاوبەش بەهێزو پتەودەکا..

..--

بەڵام ناحەزو دووژمنەکانی ئەڤغانی زۆرجاربەم تۆمەتە تۆمەت باریان دەکرد،بەڵام شۆڕش وسەرهەڵدانە هاوبەشیەکەی ئەفغانی بێ ئیمان و مولحیدنەبوو ،پەرەنسیپ و پاگراوندەکانی ،ئیمانی بوون، پاڵنەروڕێساو هێڵەگشتیەکانی ڕەبانی وپڕ میهرەبانی بوون،لەو ئایەت وفەرموودانەوە هێڵە گشتیەکانی داڕشتبوو کە باسی هاوبەشی هەموو ئوممەت وگەل ونەتەوەدەکەن لە ئاووسەرچاوەئاویەکان وئاگروسەرچاوەکانی وزەو لەوەڕگاوشاخ وداخ ودارستان وسامانی سروشتی.

ئەو فەرمودانەی باسی ئەوەدەکەن کە مرۆڤەکان خاوەن سامان نین وتەنیابریکارن،هەموو شاروگەڕەکێک لە مردنی هەژارێک بەرپرسن کە لەبرسان بمرێ، ئەو فەرمودانەی کەباسی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ پشت وبارەبەری زیادی هەبێ دەبێ بیداتە ئەوانەی بارەبەریان نیە ،کە خانووی زیاد وئافرەت وکار دابین بکرێ بۆ ئەوانەی خانوو وژن وکاریان نیە ،زەکات وبەخشین وسەرانە کەلە سەردەوڵەمەندان دانراوە پاکانەیەکە بۆیان ودەبێ سوپاسی ئەو هەژارانە بکەن کە لێ یان وەردەگرن..

دیکتاتۆریەت وتاکڕەوی و جینۆساید وشمولیەتی ئاگروئاسن نەبوو، ئەوخەونە دەکرا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ، لەجیاتی ئەوەی لە ڕوسیاوچین بێ، بەڵام ئەم خەونەش بردراو لە ڕێ لادراو دزراو بۆیەی بێ باوەڕی لێدرا، وەخێروخۆشیشی بۆکەس نەهێناو کارەساتێک بوو بۆ زۆرلە میللەتان.

من سەرم لە دوو دەستەواژە سوڕماوە.

لە ناونانی بیری گۆڕانی ڕیشەیی بەچەپ و ناونانی ڕەوتی گۆڕانی سست وهێواش وبەش بەش بە ڕاست!!

دەستی ڕاست لە مرۆڤ دا هەمیشە گۆڕین وکردارەکانی ڕیشەیین وشمولی وگشتگیرن ،دەستی ڕاست دەستی شمشێرو تفەنگ و شوفێری ونوسین ولێدان وپێ کێشانە،بۆ دەبێ شۆڕش بدرێتە چەپ کە دەستێکی دەستەوستانە؟؟

وەسەرم لەوەش سوڕماوە کە بۆچی بیرۆکەو گرگۆێ ی ئیلحادو بێ باوەڕی سواری شەپۆلی هەرەوەزی وهاوکاری ودەستبارلەگەڵ یەکگرتن وهاوبەشێتی بووە کە ئەم جۆرە ژیان وهەڵس وکەوتە کاکڵ وڕوحی ئیماندارانە ودینەکان فرمانیان پێ کردووە؟ بەڵکو مرۆڤی بێ باوەڕ هەرئەوەی لێ دەوەشێتەوە کەسواری سەرمایەداری بەرژەوەندی پەرست ومەسڵەحەت چێتی وخۆپەرستی و دیماگۆجیەت ومیکیاڤیلی وخۆپەرستی ببێ وببێتە مشەخۆری جیهان !!

بۆیە ئەو چەمک وتێگەیشتنانە لەوانەن کە پێویستە ڕاست بکرێنەوەو چی تر ئەم هەڵە تێگەیشتن وبەکارهێنانە نەمێنێ.

٣- گەورەترین ڕەخنەوتۆمەت وئیلحادوماسۆنی بوون ئاڕاستەی ئەفغانی کراوە چونکە ئەوباسی ئەوەی کردوە کەدینەکان هەموویان بۆ کۆمەڵە مەبەست وئاکامێکی وەک یەک هاتوون وئەم جیاوازی دووبەرەکایەتی وپەرتەوازەیی وجەنگانە تێگەیشتنی بەهەڵەو ڕاڤەولێکدانەوەوئاڕاستەکردنی بەرژەوەندی پەرستان ناوبەتیەوە.

یەک بوونی بنچینەی دینەکان لە ئایەت وفەرمودەش باس کراوە کەهەموو پەیام بەران وشەریعەتەکان داوای ئیسلام ومل کەچی وگوێ ڕایەڵی تاکەکان وکۆمەڵگان بۆ ڕێساکانی دین و شەریعەت، فەرموودەش دەفەرموێ ،پێغەمبەران هەموویان لەیەک بنەماڵەن وباوک بران، دایکەکانیان جیان وهەموویان یەک باوکیان هەیە.

ئەم پێش بینیەش پاش دووجەنگی گەورەی جیهانی وسەدان جەنگی هەرێمی ،ئەم دیزاین وداهێنانەی ئەفغانی پێشنیارورداوای کردبوو کەلە ئەستەمبوڵ وتاران وقاهرە بکرێ و ئەوان لەسەرئەوە بە بێ باوەڕیان دانا، کەچی هەموو جیهان ئەم دیزاینەرەیان لەسەرشێوەی ئەنجومەنی ئاسایش داڕشت کەهەموو جیهان وزمان ودینەکان وبێ دینەکان تیای دا بەشدارن، ئەوبڕیارو ڕاسپاردەوداواکاری وئاڕاستەکردنانەی ئەو ئەنجومەنەولیژنە پەروەردەیی وئابووری و هونەری و وەرزشی وئەدەبی وزانستی وياسايی وکۆمەڵایەتی و،،،هتد کە ئەم نوێنەرانە بیدەن ،ئەوە شەرعیەت و تاکەیاسای پەیڕەوکراوی نێودەوڵەتیە وڕەت کردنەوەی بۆنیەو لە پێناوی بڕیاروبنەماکانی دا دەوڵەتانی ئەندام چەندەها دەقی تەورات وئینجیل وقورئانیان گۆڕیوە،بڕیاری ئەو ئەنجومەنە کەیەکێتی دین ویاساوشەرعەکانی جیهان دەنوێنێ، بەسەرمەکەومەدینەو فاتیکان وقودس و هەموو ئاین وئاینزاکان دەچەسپێنرێ، ئەدی هەرئەوە یەکێتی دینەکان نیە کە ئەڤغانی پێشنیاری کردبوو؟ ئەی بۆ داواکەی ئەو کوفربوو، کەچی کە لەوستێنراو شەرەفی پێشنیارو دامەزراندنەکە درابە مستەرخواجەیەک لەحەج وعەمرە فەرزتربوو؟ کە یەکێتی دینەکان کوفرە بۆ ئەوە دەیان ساڵە ئەودەوڵەتانە هەر زیاتر لەسەری سوورن و

ئامادەنین بە هیچ شێوەیەک بت ونوێنەری خۆیان لەو بتخانە جیهانیە بکێشنەوە؟ هەموو ئەوانەی کە گوتەو پێشنیارەکانی ئەفغانیان بە زەندەقەوکوفردەزانین ،ئێستا هەرخۆیان لە ژێرسایەی دا پاروی چەوردەخۆن؟؟

٤- پێشنیارێکی تری ئەڤغانی بۆ سوڵتان عبدالحمید لەدوای بەعەرەبی کردنی دەوڵەت ،چونکە لەناوزمانە ئیسلامیەکان عەرەبی لە هەموویان فراوانترەو لەهەمووشیان نزیکترەلە چەمکەکانی دینەکە دەوڵەتی خلافەت ولەهەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش شیاوترە بۆ ئەوەی زمانی ژیاروشارستانیەکی بەرفراوان بێ ،هەروا ئەو دەوڵەتە دابەشی چەند خدێوی و کۆنفیدرالی و ویلایەت و کۆماریکی نیمچە سەربەخۆی وەک میسربکرێ ، ئەم پێشنیارە لە پێش ئەفغانی ولەدوای ئەویش زۆر دەوڵەت پەیڕەویان کردووە،بەنموونە زۆرێک لەوڵاتان لە ئەفریقیاوئەمریکای لاتین وئاسیاوئوسترالیا زمانی ئینگلیزی وفەڕەنسی وڕووسی وچینی وتورکیان کردۆتە زمانی یەکەم وزمانەخۆماڵیەکان بەلانراون، وڵاتە ویلایەتەکان بەشێوەی نامەرکەزی بەڕێوە دەبرێن.

٥- لەوبابەتانەی کەهەردووک چاکساز ئەفغانی وئیبن خلدون باسیان کردوە ئەوەیە کە مرۆڤ بونەوەرێکە لە فریشتەکان بەرەژێرترەو فریشتەکان لە مرۆڤەکان باشترن ،وەک چۆن مرۆڤ لە ئاژەڵ باشترە، ئاژەڵیش لە ڕوەک باشترە ،ڕوەک لەکانزا بێ گیانەکان باشترە، کەواتە فریشتەکانیش لە مرۆڤەکان باشترن.

بەڵام دەقەکانی تەورات وقورئان ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە، جارێ مەرج نیە ئاژەڵ لە ڕوەک ودرەخت چاکتربن، وەمەرجیش نیە درەخت لە کانزاوبێ گیان چاکتربن، بەڵێ لەوانەیە ڕوەک وگیاندار بۆمرۆڤ بەسودتربن ،ئەویش تەنیابۆ مرۆڤ، بەڵام چاکتروباشتربوون ئەوە بوارێکی تر‌ە، فریشتەکان لە مرۆڤەکان بێ تاوان ترن چونکە شەهوەتیان نیە، بەڵام ئەوەتائادەم لە هەموو فریشتەکان زاناترە، هەموویان کرنوشی بۆدەبەن، کەواتە لە بڵندبوونمان بۆ مەلەکوتی باڵابۆئەوە نیە ببینە فریشتەو دوای مردنیش مرۆڤەکان نابنە فریشتەوکەچی لە فریشتەش بەڕێزترن، فریشتە خزمەت کاری مرۆڤە.

ئایەتەکەی سورەتی ئیسراکە باسی باشتربوونی ئادەمیزاددەکا،بەڵام ناڵێ لە هەموو دروست کراوەکان،دەفەرموێ لە زۆربەی دروست کراوەکان باشترن، کەواتە درواستکراوانێک هەن لە مرۆڤیش باشترن، بەڵام فریشتەکان نین،چونکە مرۆڤ لە فریشتەوپەریە جنەکان باشترن.

٦- دامەزراندنی کۆمکاری ئیسلامی کە ٧٢ساڵ لەدوای کۆچی دوایی ئەفغانی ولەساڵی ١٩٦٩دامەزرا بەڵام ئەو کۆمکارە وریاوزرنگ وبوێروچالاک

وسەربەخۆیە نەبوو کە ئەفغانی نەخشەی بۆ کێشابوو ،بەڵکو ڕوکەشێک وپەیکەرێک بوو بەمەبەستی بەرگرتن لە پرۆژەی چەپڕەوی کە ئەم پرۆژە بەپلە یەک هەڕەشە بوو بۆسەر بەرژەوەندی وبازاڕو کەرەستەخاوو وچاوچنۆکی جیهانی سەرمایەداری ،کۆمەڵە شێخ وبەگ وسوڵتانێکی کۆنەپەرستی ناوچەکە بە پیلانی ئیمپریالزمی سەرمەیەداری وبۆ بەرگری لە پرۆژەکانی ئەوان دەیان مەزراند، بەم جۆرە ئەم پرۆژەوخواست وخەونەی ئەفغانی بەڕفێنراوی ودزراوی وکۆیلەکراوی لەدایک بوو.

۷- ئەو گوتەی کە ئارنست ڕینان بە ئەڤغانی دەڵێ کە من وادەزانم لەگەڵ ئیبن سیناو ڕازی و یەکێ لە مولحیدەکانی کەهەموو تەمەنیان بۆ ئازادی مرۆڤ بەخت کردوە گفتوگۆدەکەم ،وڵامی ئەفغانیش کە ئەم گەلە تڕۆپکەی ئازادیخوازی لە ئیلحاددا دەبینن،هەروەک چۆن لەگەڵ ئەوەی کە ساحر لەهەموو دینەکاندا کافرەوچەواشە کارە، بەڵام چونکە ساحر لەمیسری کۆندا بەواتای پرۆفیسۆڕو تایبەتمەندو دانیشمەندو بلیمەت وزانادەهات بۆیە لای موسی علیه السلام زۆر ئاسایی بوو کە پێ یان دەگووت :ئەی ساحیرەکە.

لەمەوە تێ دەگەین کە ئەوان کەسانی وەک ئیبن سیناوئیبن ڕوشدو ڕازی بەمولحید دەزانن چونکە ئەوانە لە هەوڵی ئازادکردنی مرۆڤایەتی دابوون، ئێمەدەزانین ئەمانە مولحید نەبوون ،بەڵام مولحید لە لای کنیسە بوون، ئێمە بەکەسێک کەهەوڵ بدا کە خەڵکی ئازادبکا لەوسنورانەی کە کۆمەڵێک ڕاڤەکەری دەقبەستوو وسنوردارکەر بۆ دروست کاروبەدیهێنەری بونەوەرو بۆ تێگەیشتن وچەمکی پەرستش و هەڵس وکەوتی دینی بەرەو ئەو بەدیهێنەرە ڕەهاوبێ سنورەی ئەفلاتون وفیساگۆرس ناڵێین مولحید ،وە پێمان وانیە کە کەسانی وەک ئەفلاتونیش مولحیدبن ،بۆیە چەمکی مولحیدو مسقۆف وهەرتەقەی مەسیحیان مەرج نیە بێ باوەڕو مولحید بێ لە تێڕوانینی لاهووتی ڕاستەقینەی ئەهلی عیرفاندا،هەربەو پێوەرەش من ڤۆڵتێرومۆنتیسکۆو ڕۆسۆ و هەموو هەواداران و شاگردانی مولحیدەکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای ئیسلام لە تێڕوانینی کنیسە دا کە ئیبن ڕوشدو ئیبن خلدون وکندی وفارابی وئبن سیناوڕازین بە مولحید نازانم و ئەوانیش درێژە پێدەری ڕێبازی مامۆستاکانیانن، بەڵام ئەوە کەهەندێک دەق بەستوی ئیمان کەنەسی ناو ئیسلام وڕۆژهەڵاتیش دەچن کە مۆنتسکۆو ڕۆسۆوڤۆڵتێرو کانت وهیگڵ و،،،هتد فەیلەسوف وداهێنەران هەموو لەبازنەی ئیمان بەدەردەنێن ودەیان دەنە کەسانی دوور لەدین و خۆیان وداهێناوو دیزاینەرو پرۆژەکانیان بەبەرۆکی کوفرو ئیلحاد و ماسۆنیەتدا دەکەن ئەوانە خۆرەوگەورەترین دوژمنی ماڵی ئیمان وئیماندارانن وهەرئەوانیش بوون زۆرێک لە داهێنەرو موجتەهدو مامۆستایانی لێ وەشاوەی شارستانی ئیسلامیشیان بە کافرو مولحید وزەندیق کردوەو من تمنتق تزندق

وهەموو مەنتیق زانێکیان بەزندیق داناوە،بۆیە کەسانی وەک مارکس و داروینیش لەم سنوردارى ودەقبەستوویەی ئەوان ڕایان کردوە.

بەدەربڕینێکی دیکە ،قورئان و هەموو ئەو دین ودەقانەی کە تێڕوانینێکی کراوەو ڕەها بۆ مرۆڤایەتی لەسەردووپایەی هەردوو جیهانی غەیب وشەهادەت= شاراوەو ئاشکرا ،نادیارودیار،نەناسراوو ناسراو مجهول ومعلوم،مونکەرو مەعروف دادەمەزرێنن، ئەوان کۆمەڵگاکان هەڵ دەنێن کە ئاپورای گشتی وپێشەنگە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ گەلان ڕام بکەن کە فرمان بە ناسراوو معروف و ڕێگربن لە مونکەر،چونکە ئاپورای گشتی ئەوەیان بۆ شیاوەو لاسایی کەرەوەن، وەئەوانەی کچێنی ئەم مونکەرە دەسمن و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەن ومندااڵی نوێ و پرۆژەی نوێ لە جیهانی مونکەرەوە دەگوازنەوە بۆ جیهانی مەعروف هەمیشە کەمینەن وهەرسەدسااڵ جارێک یەکێک دێ ودین وتێڕوانین بۆ دەقەکانی دین وچەمک و زاراوەکانی نوێ دەکاتەوە، ،بۆیە دەق ودینەکان پێمان دەڵێن کە ئەو مەعروفەی ئێمە فرمانمان پێ کراوە فرمانی پێ بکەین ڕۆژێک لە ڕۆژان هەمووی مونکەرو نەناسراوو پەی پێ نەبراوبووە، ئەم مەعروفەی ئەمڕۆ هەیە ،کە پێغەمبەران و چاکسازو داهێنەران وفەیلەسوف وحەکیمان هەریەکەی بەشێکیان لەم پەی پێ براوو دەرک کراوانە هێناوە، ئێمە باوەڕمان پێ ی هەیە، ئایا ئەو مەعروفانە هاوکێشە گەلێکی ڕێژەییین یان ڕەهاو موتڵەقن،؟؟ نەخێر ئەوانە ڕەها نین ، عورف ونەریت وباوو هاوکێشە کۆمەڵایەتی وتەنانەت زانینەکانیش ڕێژەییین، دەکرێ بگۆڕدرێن، ئەمەش تاکو مەعروف وعرفان نەبێتە فیرعەون وتاغوت ونەڵێ هەرمن هەم ،ئەم جۆگەلەی پەی پێ بردنە لەلایەن کە مینەی داهێنەران هەربەردەوام بووەو بەردەوام دەبێ، خەرمانی پڕ بەرەکەتی مەعروفیش هەر لە زیادبوون دایە ،هەندێ مەعروف ئاوادەبن ودەچنە مۆزەخانە، هەندێکی ترکەتادوێنێ مونکەربوون لە دایک دەبن ،ڕێ وشوێنیان بۆدادەنرێ ودەبنە مەعروف ،بۆیە ئێمە کەفرمانمان پێکراوە بەرگری لە مەعروف بکەین ،بەڵام دەق بەستو نەبین ،کەسانێک دێن بە بنچینەو ڕێسا لەم جیهانی شاراوەوە هەندێ مونکەری نوێ دەکەنە مەعروف ،هەندێ مەعروفی کۆن دەکوژن دەبێ ئیمانمان بە ئەوانیش هەبێ، گۆڕانکاری و پەرەسەندن نیشانەی زیندوێتی و مایەی مانەوەی بونەوەرە، زیندوویی ومانەوەوگۆڕانکاری بەردەوامی بوونەوەر ئاوێنەیەکە کە نەمری وهەمیشەیی وهەتاهەتایی وڕەهایی وبێ سنوری ودیاری نەکراوی بەدیهێنەرو دروست کارو پەروەردگاری ئەم بونەوەرەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەمەیە کە پێش قیامەت بانگەوازکاربانگی کارێکی نوکرونەناسراودەکاوەک لەسورەتی قەمەرهاتووە،ئەوکاتە دەقبەستوەکان بەچاوشۆڕی ودڕدۆنگی وگومان وسەرگەردانی وسەراسیمەبوون لە پرۆژەکە دەڕوانن، اللە قەدەمی قەدیمی و ناسراوەسنوردارەکۆنەکانی دەخاتە ناوجەحیمی مەحجوم ،تەنیا ئەو کەسانە بۆ

هەتاهەتایە لە جەحیم دەمێنن کە هەمیشە دەقبەستوو بوون وباوەڕی یان بە سنورداری وقەبارەداری ودیاری کراوی چەمک وبەهاو پیرۆزیەکان هەبووە، لەسەرئەم ژێرخانە ی جەحیم وجرم وقەبارەداریە جیهانی ڕەهای بێ سنوری هەمیشەیی بنیات دەنرێ ،گورگ وبزن ومارو منااڵ وهەموو ئەوانەی بەهۆی تێک نەگەیشتن هەمیشە لەشەڕوجەنگ وهەرادابوون هەموویان بەیەکەوەژیان دەکەن، دەزانن کەجەنگەکەی وان کە دەیانگووت لە پێناوی کوفرو ئیمانە، هۆکەی تێک نەگەیشتن وجیاوازی وگەورەوبچوکی ئەو پەنجەرانە بوو کە لێ یانەوە دەڕوانیە بونەوەروبەدیهێنەری بوونەوەر. کوێرەکان لەسەر ئەوشەڕیان بوو کە هەریەکەیان بەشێکی فیلەکەی بەهەموو فیلەکە دەزانی ودەیەویست ئەوبەشە گشتگیربکاو بەسەرهەموو ئەوانی دیکەی دابسەپێنێ.

کاتێ ئەوەیان زانی هەموویان ڕێک دەکەون وبەیەکەوە ژیانی دژەکان دەست پێ دەکا..

لەفەرمودەکان دا هەندێک جار بەچاکە وهەندێک جار بەخراپە ،چونکە هەموو باشێک ڕوویەکی خراپی هەیە، هەموو خراپێکیش ڕوویەکی باشی هەیە.هەموو سەدەیەک موجەدیدێک ونوێ کەڕەوێەک دێ کەهەموو سەدەیەک چاوەڕێ ی دەکەین هەموو کەس بریادەخوازێ کەئەوبێ، بەڵام ڕووە بەدەکەی ئەوەیە کە هەموو سەدەیەکیش دەجاڵێک دێ ودەڵێ من هەواڵ پێدراوو نەبیم ومافی بەمەعروف کردنی هەندێک مونکەرم پێ دراوە، مەهدی گەورە کەسەرقافڵەی نوێ کەڕەوانە زۆرترین مونکەردەکاتە مەعروف ولەوانەیە زۆربەی ناسراوو زانراوەکۆنەکان خانەنشین بکا، چونکە ئەو لە جیهانی مەلەکوت ڕوح وبەرجەستەبووی عەرشە کە دروستکراوێکی گەورەیە، هەوردروست دەکاوباران دەبارێنێ و دەستکاری بۆماوەی ئاژەڵ ودرەخت دەکاو هەموو شت بەفەڕو زیادەدەبێ وگەنجینەو کانزاکانی زەوی دەردێنێ و بەسەرخەڵکی دادابەشی دەکا، بەڵام هەرئەویش دەجالی گەورەیە.

٨-ئەوەتا خودی ئەفغانی لە کتێبی دەهریین قۆڵتێرو مۆنتسکۆوڕۆسۆو ئەبی قۆروماركس ومانی و هەموو ئیباحی ونوشەیریەکان بەیەکەوە حەشردەکاو بە تێکدەری شارستانیەکان وبنەماکانی ئیمان ودەوڵەتی ئیلحادیان دەزانێ، لەکاتێکدا بەم شێوە ستەم لەمانە دەکرێ و ئەوانە لە دەقبەستویی وسنورداری بەدیهێنەرو خوداکان ڕایان کردوە.

٩-ئەفغانی ودوای ئەویش شاگردەکانی لە هۆگریان بۆ بەستنەوەی قورئان وئیسلام بە عەرەب وعربی زیادەڕویان زیادلە پێویست کردوە، ئەوەتا لە ناو لقەکانی قوتابخانەی ئەفغانی وعبدە کەسانی وەک ئەمین خولی هەن کەباوەڕیان وایە کە

مەیداندارى وتەحداى كە بەهێنانى كتێبێكى وەک قورئان یان چەندسورەتێک یان تەنیا سورەتێک لە قورئان تەنیا بۆ عەرەبە، بەڵام لە ڕاستى دا ئەم مەیدان داریە تەنیا بۆ عەرەب وبگرە تەنیا بۆ مرۆڤایەتى وجن نیە وهەرچى لە گەردوون وبونەوەردایە لە مرۆڤایەتى وجن وفریشتە هەموویان کۆببنەوە ناتوانن وەک قورئان دانێن، کەواتە موعجیزەکە ڕەوانبێژى نیە وهیچ پەیوەندى بەلایەنى زمانەوە نیە ،بەڵکو موعجیزەکە پەیوەندى بە واتاو هەواڵى ڕابردوو وداهاتووى قورئان لەبارەى بونەوەر وبنەما شەرعى وفەلسەفى وڕەوشتى وياسايى وزمانەوانى و،،،هتد هەیە.

سەبارەت بەبوون ونوێ بوونەوەى تەفسیروئاڕاستەکردنى واتاى قورئان لە هەرچاخ وسەردەمێکدا بۆوبابەتانەى لەوسەردەمە دا باون، ئەگەر بەمێژوودا بچینەوە هەروابوە ،ئەوەتا دەبینین کە ڕازى بۆچوونە گەردوونى و فەرهەنگیەکانى لەتەفسیرەکەى دا دەخوێنێتەوە، ئالوسى هێماو ئاماژە سۆفى وعیرفانیەکان لە ڕوح المعانى دا دەخوێنێتەوە، سعود العمادى بابەتە عەقڵیەکان و ئەبوحیان بابەتە ڕێزمانیەکان و،،،هتد وەک دەگوترێ قورئان حمال الاوجه و هەڵگرى چەندەها ئاڕاستە وڕوگەیە، بۆهەرسەردەمێک قسەى خۆى هەیە، بۆ سەردەمى بوژانەوەى زمانەوانى وڕەوانبێژى لە تڕۆپکەدایە، لەسەردەمى بوژانەوەى تەزکیەو عیرفان هەرلە تڕۆپکەدایە،لەسەردەمى بوژانەوەى ڕەوشت وکۆمەڵناسى وسیاسەت وشەرع ویاسا هەرلە تڕۆپکەدایە، لەسەردەمى بوژانەوەى دەروونناس وڕوحانیات هەرلەتڕۆپکەدایە، لەسەردەمى بوژانەى جیهنگیرى و مرۆڤایەتى و مافى تاکو وکۆو ژن ومنداڵ و،،هتد هەرلە تڕۆپکەدایە، لەسەردەمى بوژانەى نوژدارى وتەندروستى وپزیشکى هەرلە تڕۆپکەدایە ،لەسەردەمى زانستى گەردوونناسى و فەلەک هەر لە تڕۆپکەدایە، لەسەردەمى بوژانەوەى تیۆرو چۆنێتى دەستپێکى گەردوون ومرۆڤ وژیان هەرلەتڕۆپکەدایە، زانستى ئیعجازى قورئانى نوێش هەرجۆرێکە لەو خوێندنەوانە ،قورئان لە فکروهزروپەروەردە وئابووریدا هێڵەگشتیەکانى جوانترین وباشترین پەیڕەوومیتۆدى تێدایە ،تەفسیرەکانیش لەم بوارانە یان دانراون یان لەمەولا دەنوسرێن، ئوممەت لەهەوڵى بەردەوام دایە، چەندان زاناوپشکنەرو داهێنەر بەهۆى ئایەتێک وداهێنانێک ودۆزینەوەیک ڕۆژانە مسوڵمان بوونى خۆیان ڕادەگەیەنن، ئەو بەڵێنى داوە کە هەم لە زانستى دەروون ناسى ولاشەو خودناسى وهەم لە ئاسۆى فەلەک وبونەوەرو جوگرافیاوگەردوون ناسى ئایەت وبەڵگەونیشانەکانى پیشانى مرۆڤایەتى دەدا ودەیسەلمێنێ کە کتابێکى حەق وڕاستە، ئەوەتا هەرلە بیردۆزى بیک بن تاپێک هاتنى ژیان تاوردەکاریەکانى ڕوح وگیان ودیاردەکانى زەوى وئاسمان، هەموودۆزینەوەداهێناوێک کە دۆزراوەتەوەودەدۆزرێتەوە ئاماژەیەکى قورئانى

تێداهەبووە وهۆی سستی ونەزانی ئێمەی مسوڵمانە کە نەمان توانیوە داهێنانەکە بکەین وکەسانی دیکە پێ ی هەڵساون..

١٠- پەلەکردنی هەندێک سەرسام بوو کە هەموو تێوریەکە کە بەناوی زانستەوە گەڵاڵە دەبن وهێشتا لەقۆناغی قەبڵاندن وتخمین دان هەمووی بەڕاست دەزانێ و واش دەزانێ بەریەک کەوتن هەیە لەنێوان ڕێساوهاوکێشەکانی قورئان وئەو تێوریە هاوچەرخانە ،کەئەمە وانیە، کاتێ تێوریەکە تەخمین وقەبڵانندن وگومانەکانی لێ دەبنەوەو دەبێتە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگری ڕێژەیی ڕوون وئاشکرا ئەوسا دەبینی لەگەڵ هێڵ وڕێساگشتیەکانی قورئان دەگونجێ وهیچ بەریەک کەوتنێک نیە ،بۆیەهەندێ جار بەریەک کەوتنەکە لەنێوان ڕۆشنبیری و تێگەیشتنە بەهەڵە کەڵەکەبوەکەی کۆمەڵگایە لەدەقەکە لەگەڵ ڕاستیە زانستیەکە وکۆمەڵگا سەدان ساڵە شێوەیەکی دەقبەستوی بۆ دەقەکان لەسەرخۆی فەرزکردوەوکردویەتیە زیندانێک ودەڵێ ئەوە دەقەکەیە ودەرچوون لەوە کافربوونە ،دەقەکە لەم زیندانە بەریە، ئەمە کێشەی کنیسەو تەورات بوو لەکاتی داهێنراوە زانستیەکان کە زاناکانیان سوتاندن، ئایا دەلالەتی زمان ودەستەواژەو دەربڕدراو لەسەر واتاومەعنا ئەزەلی وبێ سنورەکان چەندە؟ زمانەکان لەدایک دەبن ،پیردەبن دەمرن ،بەڵام بەهاو واتاو مەعناکان هەرلە جێ ی خۆیانن نەپیردەبن ونەدەمرن، بۆنمونە پێش ئەوەی ئادەم وجن وفریشتەو زمان وژیارەکان هەبن الله حەکیم بوو، بەڵام ئەوحیکمەتە چ دەربڕدراوو دەستەواژەیەکی پێ دەگوترا؟ ئەم ناوی حیکمەتە دوای چەند هەزار ناوی تر بۆ بەهای حکمەت ؟ دوای ئەوەش ئەم بەهایە دوای مردنی زمانی عەرەبی وزمانەسامیەکان چەند ناوی تری لێ دەنرێن؟ کەواتە دەلالەی ئەلفازودەربڕدراو لەسەر واتاکان و مەعانی زۆر ڕێژەییە دەبێ بیزانی.

ئەمە نەک هەربۆ بەهاکان، بۆ شتەمادیەکانیش هەروایە ،ڕۆژوشاخ دوودیاردەی تەمەن ملیۆنان ساڵن کە بەدواداچوون بکەی وبزانی ئەم دوو دیاردە چەند ناوی یان لێ نراوەومردوون، وەچەند ناوی تریان لێ دەنرێ ودەمرن؟، هەروەها لە جۆری بوون و وجودەکان ،وجودی زهنی و دەستەواژەیی ونوسراوی وبەرجەستەیی کە ئیبن تەیمیە لە درئی تعارزوئیبن قەیم لەنونیە ودکتۆرمحمد تکریتی لە ئاسۆی بێ سنور باسیان کردوە .

ئەم زیادەڕەویەی هەندێک لە دەقبەستوەکان دەیڵێن کە دەبێ زمانێک کە دەقێکی پیرۆزی پێ هات ئەو زمانە بەو شێوەیە قەدیم وئەزەلی وئەبەدی بێ ،لەولاش زمانناسێک دەڵێ زمانونەتەوەکان نەبوون وهەتاهەتایش نین ،ئالێرە کەسانی وەک حامد نەسرئەبوزەیدو محمد ئارگون دەڵێن قورئان وتەورات وئینجیل

دیاردەیەکی ئینسانین ،چونکە بەچەند زمانێک هاتوون ئەو زمانانە کاتێک بوو کەنەبوون ،وەکاتێکیش دێ کەنامێنن، هەڵبەت کەسانێک کەباوەڕیان بە کەلامی قەدیمی الله هەیە ئەم کەسە تکفیر دەکەن، ئەوەنازانن کە کەلامی نەفسی چیە ،قورئانی عەلەم وئالّا کەدوای ڕحمان کرایە علم ،ئەوەلەلەوحی
پارێزراووشاراوەبوو ،ئەمە کەی کرا؟ ئایا قورئانی عەلەم هەمان قورئانی گێڕدراوو مەجعولە بەعەرەبی؟ ئایا دابەزاندنی قورئان لە لەوحەوە بۆ بیت المعمور بەشەوێکی هەزار مانگی واتای چی؟ ئایا بیت المعمور چەندسالّی تیشکی لەئێمە دوورەو لە کام بورج وکەشکەشانە؟ ئایا چەند ملیۆن سالّ لەوێ ماوەتەوە؟ ئەی کەی دابەزینی دووەم بۆ بیت العزەی ئاسمانی یەکەم کرا؟ئایا ئاسمانی یەکەم وحەوتەم چەندە لێک دوورن؟ ئایا کام لەم نوسخانە گێڕدرابە عەرەبی ؟ هەڵبەت ئەم قورئانە کە گێڕدرابە حوکمێکی عەرەبی ئەو ڕۆژەبوو کەلە بەیت العزە بەماوەی بیست سالّ هێنرایەخوار بۆسەردڵی محمد علیه السلام ،ئەوەی کردی بەعەرەبی جبریل بوو علیه السلام بە فرمان وئاڕاستە کردن وعلمی الله ،ئەم نوسخەی قورئانە ماوەیەک معرب وشیکارو دیارو دەرک پێ کراوو ئاشکرادەبێ ،پاشان ئەم سفرە ڕبانیە هەڵدەگیرێتەوەو دەبێتەوە مەکنون وشاراوەو
مونکەرونەناسراوومجهول وەک لە فەرمودەکان هاتووە، کەشارایەوە واتە عەربی نامێنێ،بەدەربڕینێکی دیکە کەمکنون شاراوەبێ واتە عەرەبی نەبوو، کەعەرەبی بێ واتە مکنون نیە،چونکە هەربەعەرەب وبەیان کراوێک واتە پەی پێ براوو ناسراوو مەعروفە، کە عەرەبی نەبێ وانیە،بۆیە عەرەب بەجگەلەخۆیان دەڵێن عەجەم واتە لاڵ ،چونکە عەجەمەکان ناتوانن ئەوەی لە دەروون وناخیان داهەیە وەک -هاوشێوەی عەرەبێک-وەک پێویست دەری ببڕن وبیڵێن وڕوونی بکەنەوە،بۆیە وەک لاڵ وعەجماو ئاژەڵی بێ زمان بن وایە.

بەڵام زمانی عەرەبیش وەک هەرزمانێکی تر لەدایک بوون ومردنی هەیە ،ئەمە بۆ هەموو کتێبە ئاسمانیەکان وایە ، بۆیە زیادەڕەوی مرۆڤەکان لەدەق وزمان ونەتەوەیەکی سنوردار کاتێ دەیانەوێ بێ سنور لەسنوردارد کورت هەڵبێنن تووشی ئەو سەرگەردانیە دەبن کەنەسرانیەکان لەبارەی مەسیح تووشی بوون کەویستیان خالقێکی بێ سنوروڕەها لە مەخلوقێکی وەک مەسیح سنورداروجوزئی دا چڕ بکەنەوە . ..

١١-هەڵێنجانی هێڵە گشتیەکانی ڕێنیسانس وبوژانەوەی هەرمیللەت وئوممەتێک لە نمونە مێژوویەکەی ڕێنیسانس وبوژانەوەی ئەوروپا کەلە ژیاندنەوەی ئەدەب و وێژەکان وهونەرەکانی ڕۆمان ویۆنان دەستی پێکردو شیعروشانۆومۆسیقاو پەیکەرتاشی بوژانەوە،پاشان فەلسەفەوئابووری بوژایەوە، دوای ئەمانە بیری ناسۆنیالستی و چاکسازی دینی هاتن، واتە هونەروئەدەب بناغەبوون،تەختی

شانۆبوون ،ئابووری وفەلسەفە وپەیکەرتاشی وبیناسازی دیوارەکان بوون، چاکسازی دینی بن میچ وسەربان وسایەی بینای ڕێنیسانس بووکە کاڤن ومارتن لۆتەر کردیان.

کە ئێمە بمانەوێ ئەم هەنگاوانە لە ژیانی هەرئوممەتێک دوبارە بکەینەوە دەبێ سەدساڵ خەریکی بناغەکە بین وسەدساڵیش دیوارەکان ،تا لۆتەرێک بێ سەربانێکی ئاوێتەی لەچاکسازی دینی+نەتەوەیی+ئابووری لەسەر ئەم دیوارانە دانێ

-نمونەی دوەم دەبێ موهەلهەل و ئەمرئو القیس ودەشاعیرەکانی موعەلەقاتی حەوت ودەیە ببنە بناغەو مەککە ودارالندوە ببنە ماڵی گوتارو بازاڕی عوکاز ببنە بناغەو دیوارەکان ی بوژانەوەی عەرەب تامحمدێک بێ چاکسازیە دینیە نەتەوەییە ئابورسیاسیەکە تەواوبکا وسەربان وبنمیچێک لەسەر ئەم سەربانە دانێ..

هەربۆیەش ئەودووسەدساڵەی ڕابردووبەوڕوحەوە خۆیان خەرکی ئەدەبیات ومێژوو وڕەوانبێژی وکەلەپوورو هونەرەکانی ڕابردوان کردو بە بوژاندنەوەی بیروباوەڕو کەلام وعەقیدەوزانستەکانی تروهەڵسانەوەی ئابووری دیواریان کرد،ڕەوتی ئەم دووسەدساڵەی عەرەب وئیسلامیش وەک هەمان سەردەمی دووسەدەی پێش هاتنی ئیسلام وپێش ڕووداتی ڕێنیسانس پڕبووە لەشەڕو جەنگ ومل ملانێ ی درێژخایەن وناسەقامگیری سیاسی وسەربازی، کە سەیری هەردوو نمونە مێژوییەکە بکەین دەبێ بۆجاری سێ یەمیش چاوەڕێ ی مارتن لۆتەرو موحەمەدێک بکەین کە سەربان وبنمیچێک لەسەر ئەم دیوارانە دانێ وبنیاتەکە بەرەوەتەواوی بباو پەیکەرەکە لە وێرانەییەوە بکاتە کۆشک وتەلارودیوەخانێکی بەرچاو..

-١٢

ئەوەی کە عەرەب قورئانیان پەسندکرد،لەڕووی مێژوورییەوە قورئان سێزدەسال لەناو ڕەوانبێژترین کەسانی عەرەب کە قوڕەیش بوون گیری خواردوکەمێکی کەم نەبێ باوەڕیان پێ نەهێنا، هەروەها دوای قوڕەیش ومەکە تائیف ویەمەن لە مەدینە فەسیح تربوون ،کەچی ئیمانیان بەقورئان نەهێنا، نەجدیەکان زمانەکەیان لە هەموو عەرەب پاکتر وڕەوانبێژتربوو چونکە دوورلەشاربوون بەڵام سەرسەختترین دوژمنی قورئان بوون، ئەوس وخەزرج کەسانێکی پلە شەش وحەوت بوون لەعەرەبایەتیەکەیان ، بەڵام ئەوەی ئەوانی والێ کرد بڕوابێنن، هەواڵ دانی تەورات ویەهودەکان بوو بەهاتنی ئەم دینە نەک سەلیقەوڕەوانبێژی عەرەبی.

عەرەبەکان دوای مسوڵمان بوونیش هەرچەندە شانازیان بە زمانی عەرەبییەوە دەکرد، بەڵام ئەوەی هەستی بەوجوانی وڕەوانبێژی وجوان وڕێکییەی زمانی عەرەبی کرد،ئەو عەرەبە زمان پاراوانە نەبوون ، بەڵکو کەسانێک بوون کە کەدیان ساڵ بە خزمەتی ڕێزمانی زمانەکانیان خەریک بوون وهیچیان لێ هەڵنەکراند، بەڵام کاتێ فێری عەرەبی بوون، وەک ئەوکەسەی لە ژێرزەمین وزیندانێکی تاریکەوەبێتە دەرەوەوڕووناکی ناوباخ وبێستان ببینێ وابوو، هاتن ئەوڕێزمانەی سەدان ساڵ بۆ خزمەتی سریانی وئارامی وپەهلەوی وڕۆمی و،،هتد بەکاریان هێنابوو بەڵام بێ ئاکام بوو،بەڵام کاتێ هاتن ئەم ڕێساوڕێزمانەیان بەسەرزمانی شیرین وڕەوانی عەرەبی دا چەسپاند زانیان ئەوە ئەو گەوهەرومرواریەیە کەتەرازووی زانستی زمان بۆ پێوانەی ئەم زمانە دروست کراوە.

بۆچی خالقی ئەم بونەوەرە ئەم زمانەپاراوەی دایە ئەم گەل ونەتەوە نەخوێندەوارە کە هەستیان بەجوانیەکەی نەکردو ڕێساوڕێزمانیان بۆدانەنا، بۆ دوو مەبەست:

مەبەستی یەکەم ،تابیسەلمێنێ کەدیاردەی زمان دیاردەیەکی ڕبانیە ومرۆڤ کرد نیە، کەمرۆڤ کردبوایە ئەم گەوهەرە نەدەکەوتە سەرزمانی گەلە نەخوێندەوارەکە.

مەبەستی دووەم:بۆئەوەی لە مرۆڤایەتی بگەیەنێ کە ئەو زانست وزانیاری لەهەربواریک دابێ بەدەستی ئەوەو ئەو دابەشی دەکا ئەمەش بوە موعجیزەو گەلانی جگەلەعەرەب لەفارس وتورک وئەرمەن وسریان وعبران وقبیت وئازەری وئەمازیغ وکورد ،،هتد زۆر زیاد لەعەرەب بوونە خزمەتکاری قورئان وزمانی عەرەبی.

هەروا عەرەب ئەوکاتە زۆرکەم بوون لەبەشێکی دوورگەی عەرەب بوون، بەڵام لەدوای ئەوەی ٢٤ساڵی پێغەمبەرایەتی ودووساڵی خەلافەتی ئەبوبکریش ئیسلامیان گیرۆکرد،بەبیست وشەش ساڵ ئیسلام سێ شاری هەبوون ،بەڵام تەنیا لەدەساڵی سەردەمی عومەر ئیسلام وڵاتی کیسرای هەموو قووت دا کە وڵاتێکی عەرەب نشین نەبوو سەدان شاری وەک مەکەو مەدینەی تێدابوو، هەروەها وڵاتی شام ومیسروتونس کەهەم بەڕوبەروهەم بەژمارە دەیان جارلە وڵاتی عەرەب وژمارەی عەرەب زۆرتربوون، تا سەردەمی عوسمان کۆتایی هات ئیسلام لەچینەوەبۆزەریای ئەتڵەس وبۆسەرسنوری ئەوروپا پەخشان بوو ،٢٢ساڵ لەناو خەڵکانی ناعەرەب بەرهەمەکەی زۆرفراوانتربوو لە٢٦ساڵی کە عەرەب ئیسلامەتیان لەناوشیوی ئەبوتالب ومااڵێ ئەرقەم ومکەومەدینەدا گەمارۆداو ئەوڕوناکیە درەخشانەیان شاردەوە،بەڵام کاتێ سەردەمی٢٢ساڵی عومەروعوسمانیان بینی کەچۆن خەڵکانی ناعەرەب لەوان لێوەشاوەوزمان

پاراوترو لەعەرەبی دا ڕەوانبێژتربوون، هەرخودی عەرەبە بەسەلیقە کانی کە خولی دەڵێ قورئانیان وەرگرت، ئەم ڕەوتە پڕشنگدارەیان دووبارە ڕاگرتەوەو وشەڕێکی ناوخۆیان هەڵگیرساندو یاوەرانیان شەهیدکردن وخەلیفەکانیان سەربڕین،خۆکە ئەم شەڕە خۆکوژیە نەبوایە ئیسلام وقورئان وعەرەبایەتی ئیماندار نەک عەرەبایەتی نەفامی زۆربەی هەرەزۆری جیهانی کۆنی دەگرتەوە هەرلەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین...

زۆر عەرەبی شارەزا لەوانەی دەستێکی باڵایان لە عەرەبی داهەبووە بەڵام جولەکەو مەسیحی وسابئی و درزی و،،هتد بوون هیچ خزمەتێکیان بەقورئان وەک دەقێکی ئەدەبی نەکردوە، بەڵام کەسانی وەک زنجانی وفیروزئابادی و ئەسبەهانی و بوخاری وماوەردی وسێبەویە و،،،هتد هەرلەبەر دینەکەیان فێری عەرەبی بوون وزمان وکەلتوری خۆیان بەلاناوەو خزمەتی زمان وئەدەب وفەرهەنگ وڕێزمانی عەرەبیان کردوە..

جمال الدین ئەفغانی لە پێش ئەمین خولی باسی ئەوەی کردوە کە دەسەڵاتی عروبەوزمان ونەتەوە لە دەسەڵات دین وڕوحانیەت وبیروباوەڕ بەهێزترە ،کاتێ روشدی پاشای سەدر ئەعزەمی عوسمانی کتێبێک دەنوسێ وتیایدا باس لەوهەموو تەمەە درێژو ئەو هەموو ویلایەت و وڵاتە دەکا کەعوسمانیەکان گرتویانە وپاشان بەراوردی دەکا بە ئەندەلوس کە عەرەب چەند سەدەیک دەستیان بەسەرداگرت ولە بەراوردەکەی دابۆی دەردەکەوێ کە ئەو شوێنەوارانەی عەرەب لەو وڵاتانە بە جێ یان هێشتوە لەو وڵاتانە زۆر زیاترە لەو وڵاتانەی کە عوسمانیەکان دەستیان بەسەردا گرتوون .

لێرەدا جمال الدین وڵامی ئەم کتێبەی ڕوشدی بەوەدەداتەوە کە :دەسەڵاتی عروبەوعەرەبایەتی بەهێزترە لە دەسەڵاتی بیروباوەڕی ڕوحی،ئەوەتا مەسیحی ومسوڵمان وجولەکە لە شام وعیراق ومیسر دادەژین وپێش هەموو شتێک هەریەکەیان عەرەبایەتی خۆی دەپارێزێ ودەڵێ من عەرەبیم ،چونکە هیچ گەلێک کۆڕاوکۆبونەوەیان بۆ دروست نابێ کە زمانێکیان نەبێ کۆیان کاتەوە، وەئەوگەلەش کە زمانەکەی خۆیان وێژەو ئەدەبێکیان نەبێ ،ئەوە وەک ئەوە وایە هەربێ زمان بن، وەهیچ گەلێک نابنە خاوەن سەروەری تا مێژووەکەیان کۆنەکەنەوەو نەی پارێزن .

بەڵام هەر ئەفغانی لەو وڵامەدا هۆگری بوون بە زمانی عەرەبی وەک دیاردەیەکی دینی سەیردەکاودەڵێ کە سوڵتان محمدی فاتحکەلە١٤٩٠حوکمی دەکرد وسوڵتان یاوزسەلیمی عوسمانی کە لە ١٥٢٠حوکمی دەکرد یەکەمیان قوستەنتینیەی گرت

ودوەمیان لەمرج دابق وچاڵ دیران دا لەعیراق تامیسری گرت هەردووکیان ویستویانە سوڵتان نشینی عوسمانی بکەنە سوڵتان نشینێکی عەرەبی .

لەگوتەیەکی تردا ئەفغانی دەڵێ:چەندین نەتەوەمان دی کە کەوتونە ژێردەستی داگیرکەران ونەتەوەی دیکە بۆماوەیەکی درێژحوکمیان کردوون ،بەڵام ئەم ژێردەستانە لەم ژێردەستیە زمانی خۆیان پاراستوە و چاوەڕێ ی هەلێکیان کردوە وهەرکەهەلیان بۆڕەخساوە دوای چەندین سەدە هەڵساونەو بۆژاونەوە، خۆکەئەمانە زمانەکەیان نەپاراستایە مێژوو وسەروەریە وبوونیشیان لە دەست دەدا.

لە کۆتایی دا دەڵێم کە من کاتێک بڕیارم دا لەسەر بابەتی ژیانی کەسێک وەک جمال الدین بنوسم ،یان تەفسیرێکی نوێ بۆ قورئان وفەرمودە بنوسم یان باسی بابەتێکی مێژوویی یان یاسایی وفقهی و هەربابەتێکی تر، دەبێ جمال الدین یەک ،تێڕوانین وخوێندنەوەو ڕیزبەندی وجیهان بینیەکی نوێ لەناخم دا هەبێ وئەونەناسراوو مونکەرە بیەوێ ببێتە ناسراوو مەعروف ومەعلوم ،ئەگەرنا کتێب وبابەت وتوێژینەوە دانان وکۆکردنەوە هیچ سودێکی نیە کە هەردووبارەکردنەوەی ڕای کەسانی دیکەبێ، یان بچی ڕای خەڵکی بدزی وببیەیەپاڵ خۆت ،ئەوەتا جیهان ڕاکانی ئەفغانیان دزین بەڵام نەگەیشتنە ژیانێک کە جەماڵ وجوانی دینی تێدابێ....

_____

کـــۆتـــــایـــــی..